# ئەوەی دیتم و بیستم

پێشکەش بە ڕوح و گیانی قەتنەحەساوەی
هاوژینی فیداکارم
میناخانمی وەفا (گەنج عەلی).
هیوادارم لە دونیای دیکەدا خودا بیحەسێنێتەوە.

# ئەوەی دیتم و بیستم

بیرەوەرییەکانی

**عومەر قازی**

نڤیسار و ئێدیتۆر:

**شیرین قازی ـ جوانـمێر**

٢٠٢٢

ناوی کتێب: **ئەوەی دیتم و بیستم (بەرگی یەکەم)**
نووسەر: عومەر قازی
پێداچوونەوە: شیرین قازی ـ جوانمێر
چاپ: یەکەم، ٢٠٢٢
چاپەمەنی: ٤٩کتێب

## ناوەرۆک:


پێشەکی .......................................... ٩

ئەوەی دیتم و بیستم ................................ ١٢

ساڵی تەیارە ڕەشەکەی ................................ ١٨

ئاوپڕژێنی شەقامەکانی شاری مەهاباد ................ ٢٢

سەرهەڵدانەوەی بزاڤی ڕزگاری خوازی ................ ٢٤

شەهید قازی فەتاح .................................. ٣٣

ڕووداوی عەزیز خانی کرمانج (عەزیزبەگی یاسیکەند) ............... ٣٦

کڵاولەسەرنانی قەواموسەڵتەنە ........................ ٣٧

میرمیرێن .......................................... ٤٠

شەهیدانی کۆمار .................................... ٤٢

هاتوچووی شار و قازیئاوا ............................. ٤٦

خۆپێشاندان دژی سەرتیپ خەتیب شەهیدی ............... ٦٢

لە قازیئاوا چۆنم گوزەراند ............................ ٦٨

وەرگرتنی دیپلۆم .................................... ٧٣

ئەو جاریش کاک ئەحمەد بە هانامەوە هات ................ ٧٨

پێشنیاری کاک سەعد موهتەدی ........................... ٩٢

بیست تمەنەکەی مامۆستا .............................. ٩٤

هەڵەی مەلاقادری لاچینی .............................. ٩٦

هیپنۆتیزم .......................................... ٩٩

عیشقی حەسەنئاغا ................................... ١٠٢

نەشتەرگەری بۆ مینەشەم ........................ ١٠٥
سواره ئێلخانی‌زاده ................................ ١٠٧
کۆکردنەوەی یارمەتی .............................. ١١٠
سەفەری مرادی مامە سووره بۆ ئەو دیو ..................... ١١٢
ناردنی دوو نامە بۆ خوێندکارانی زانکۆی تاران........... ١١٤
باسێک لە سەرپەیوەندی ئێران و شۆڕشی بارزانی.......... ١١٨
بارزانی و فیداییەکانی ڕۆژهەڵات ................... ١٢٣
یارمەتی مەلا محەممەدی عەباسی ...................... ١٢٧
سەید ڕەحیمی جەعفەری .......................... ١٢٩
هەڵسەنگاندنی بابم لە مەڕ سەید ڕەسووڵی بابی گەوره (دێهقان) ... ١٣٢
لێدانی سەدی مەهاباد ............................ ١٣٤
بووم بە مامۆستای قوتابخانە........................ ١٣٦
زیندانی قزل قەلعە(قزڵ قەڵا) ........................ ١٤٥
ناسیۆنالیستی دوو کوڵ.................................. ١٥٨
خەبەری کوژرانی مەلامحەممەدی لاچینی (خوڕخوڕه)......... ١٦٠
خەیانەت قەت ناشێردرێتەوه ....................... ١٦٣
زیندانی قەسر.......................................... ١٧٩
خوێندکارەکانی سۆڤییەت........................... ١٨٣
ڕەشکوژەکانی کاخی مەڕمەڕ .......................... ١٩٢
چەند هەواڵی سەیروسەمەڕه ......................... ١٩٤
محەممەدعەلی مەنسوور .............................. ١٩٨
پارێزەری دیاریکراو ............................... ٢٠٣

ساواک و هەڵاتووەکانی حیزبی شیووعی ئێراق.................... ٢٠٥
ئازادی ............................................................ ٢١٠
حیزبی ڕزگاری................................................... ٢١٤
تێکهەڵچوونی جووتیارانی عەمبار و ئاغاواتی بۆکان ............... ٢١٦
مەلا سەعیدی کامەمی و ڕەدووکەوتنی ژنێکی خزمی ............... ٢٢١
داواکاری کاک ئەمیری قازی ...................................... ٢٢٢
بۆمبارانی شیمیایی شاری قەلادزێ ................................ ٢٢٤
داواکارییەکەی شەهید سمایلی شەریفزادە ........................... ٢٢٧
خۆ شیرین‌کردنی چەکدارەکانی شا ................................. ٢٣٠
ئاکامی تەمەنێک تێکۆشان چ بوو؟.................................. ٢٣٢
هەڵوێستی کاک کەریمی حیسامی سەبارەت بە ئەحمەدتۆفیق ....... ٢٣٥
کاک عەزیز یۆسفی .................................................. ٢٣٨
دیاری‌کردنی پارێزەر ................................................ ٢٤٧
خزمەتی بەرچاوی ڕادیۆ پەیکی ئێران و کاک کەریمی حیسامی..... ٢٥٢
گەڕانەوەی هەڵاتووەکانی ڕژیمی پەهلەوی............................ ٢٥٥
وتووێژ لەگەڵ تیمسار پزیشکپوور فەرماندەی پادگانی مەهاباد ...... ٢٦٣
ئاڵبۆمی وێنە ........................................................ ٢٦٧

## پێشەکی

خوێنەری هێژا ئەم کتێبەی ئێستا لە بەر دەستاندایە، کۆمەڵێک بیرەوەری و بیر و بۆچوونی جۆراوجۆری خۆمە کە لە ماوەی ژیانمدا دیتوومە ولە ناو کۆمەڵدا لەخڵکم بیستووە وخۆشم بەکردەوە تەجرەبەم کردووە. ڕەنگە لە زۆر بابەتانەوە بەتایبەتی بەشی بیرەوەرییەکەی هێندێک قسەوباس بێنێتە گۆڕێ، تەنانەت ڕێی تێدەچێ دڵی تاقمێکیش بێشێنێ. من بڕوام وایە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هێندێک داب و نەریتی چەقبەستووی کۆمەڵگای دواکەوتووی عەشیرەیی کە زۆر بەداخەوە لە کوردەواریدا وا باوە ڕاستەوخۆ قەت نەتوانی باسی کەس بکەی، بەڵام لە پاشملە هەرچییەکی دڵت دەخوازێ دەتوانی بیڵێی. بەڵام من زۆر بە ڕاشکاوی و بە بێ درۆ لەو دابە ناشیرینە لامداوە. ئەویش نەک بۆ پاش مەرگی خۆم، بەڵکوو بە سەری زیندوویی ئەو شتانەی دیتوومە و زانیومە لە بارەی هەر کەسەوە بووبێ نەغدوپوخت کوتوومە و بەلاشمەوە گرینگ نەبووە کێ دڵی دێشێ و کێ پێی خۆش دەبێ. پێموایە دەبێ ئێمەش بەو مەسەلەیە ڕابێین و لە کۆمەڵگای خۆماندا پەرەی پێ بدەین هەتا بەرەی داهاتوو سەری لێ نەشێوێ و چەواشە نەبێ. ئەوەی ڕاستەقینەیە و بۆ کۆمەڵگا سوودی هەیە لە بارەی هەر کەسەوە بێ، دەق‌ودۆغری و بە بێ شاردنەوە باسی بکەین. بەکورتی باسی چاکەی مردووە چاکەکانم کردووە کە ئیتر چیان لە دەست نایە، خراپەی

زیندووە خەراپەکانیشم کوتووە.

لە بـــاری کتێبەکەشـــەوە تەنیـــا ئەوەی دەڵــێم تـــاوتۆ و لێکـــۆڵینەوەی ڕووداوەکـــان پێوەنـــدی ڕاســـتەوخۆی هەیە دەگەڵ هەل و مەرج و کەش و هەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی کات و شـوێنی خـۆی. ئەو کتێـبە بـریتییە لە چەند قۆناغی سەربەخۆی ژیانم کە لە ڕاستیدا پەیوەندی تەواویان بە یەکەوە هەیە، هەر بەو هۆیەش لێکم جیا نەکردوونەوە. تائێستا لەناو کورددا ئینسانی بەهۆشوگۆشـــی وامـــان بەداخەوە لــێ هەڵنەکەوتـــووە کە بەشـــێوەی ڕۆژانە وڕێک وپێک ڕووداوەکـانی ژیـانی بنووسـێتەوە، تـا پاشـان ئەگەر ویسـتی سەربەهۆردەی ژیانی بنووسـێتەوە، کەڵکیـان لــێ وەرگـرێ. منیش لەسـەر ویســـتی دۆســـتان وهاوڕێیـــان دەســـتم داوەتە ئەوکـــارە، بەرە بەرە ئەو بیرەوەرییـــانەم وەبیـــر هـــاتۆنەوە وکوتـــومە بینووســـن. بەدڵنیـــاییەوە مێـــژوو وڕێکەوتـــی ڕووداوەکـــان پـــاش وپێشـــیان تێکەوتـــووە، لای مـــن گێـــڕانەوە وبیستنی ڕووداوەکان بۆنەتەوەکەم گرینگ بـووە. هیـوادارم ئەگەر سـوودی زۆری نەبێ یـان کەم بـێ، لانـیکەم زیـانی نەبـێ و بتـوانێ ڕوونـکەرەوەی بەشـێک لە ڕاســتەتی ڕووداوەکـــانی ئەو ســـەردەمەی ژیـــانی کۆمەڵگـــای کوردەواریمان بێ.

پێویستە ئەوەش ڕابگەیەنم بە هۆی ئەوە کە لە زیندان تووشی نەخۆشـی و سـەکتە و گەلـێ نەهـامەتی دیـکە هـاتم، بەداخەوە دەسـتەکانم توانـایی نووسینیان نەماوە و لای چەپی لەشـم هەر بەتەواوی لەکـار کەوتـووە. هەر بەو هۆیەش بۆ نووسینی ئەو کتێبە تا ئێسـتا دوو کەس لە دۆسـتانی نیـزیکم

زەحمەت داوە، ئەمن بە زمان گوتوومە و ئەوانیش هێناویانەتە سەر کـاغەز، دواتر بۆ دڵنیایی خۆم خوێندوومەتەوە. بەو شێوەیە بۆتە ئەو کتێبەی کە ئێستا لەبەردەستاندایە. بەپێویستی دەزانم پڕ بە دڵ سپاسیان بکەم.

بە هیــوای ئەو ڕۆژەی کە کۆمەڵگــا و دەســەڵات ترســیان لە چــاپ و بڵاوبوونەوەی هیچ کتێب و نووسراوەیەک نەبێ، ئەگەر تێبینیەکیش هەبێ بە بەڵگە و نووسراوە وەڵامی ڕەخنە و بیر و بۆچوونی یەکـدی بـدرێتەوە، نەک بە زەبر و زەنگ و زرموکوت و دڵێشان.

مەهاباد ١٣٨٥هەتاوی

عومەری قازی

## ئەوەی دیتم و بیستم

ناوم عومەرە، لە ڕۆژی حەوتی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣١٣ هەتاوی لە دایک بووم، زۆر جار بە شۆخی یان بە ڕاستی ئاماژەم بە وە کردووە، ئەگەر خەڵکی پشتیان بە سێزدەیەکەوە چەماوە، من گیرۆدەی چەند سێزدانم کە دوویان ڕێکەوتی لەدایکبوونمە و چەن سێزدەی دی کە دواتر باسیان دەکەم. دوور نییە ئاخر ماڵاواییم سێزدەیەکی تر بگرێتەوە و بە فەڕمی ببێتە سێ سێزدە.

کوڕی خوالێخۆشبوو میرزا وەهابی قازی لە بنەماڵەی قازییەکانی مەهابادم. مەڕحوومی بابم لە نێو جەماوەردا بە مامە ناسرابوو و بە قەولی خۆی مامی هەمووان بوو. زۆر قسەخۆش و وردبین بوو، هەرچەند قسەکانی لە چوارچێوەی شۆخیدا بوون، بەڵام زۆربەی وەدیهاتوون و ئێستاش لە مەجلیسی ناسیاواندا دەیگێڕنەوە و دەبێتە مایەی خۆشی و پێکەنین. میرزا وەهابی باوکم ڕۆژووی نەدەگرت. ئەگەر لێیان دەپرسی بۆ ڕۆژوان ناگری؟ دەیگوت: ئەمن چای نەخۆمەوە سەرم لێ وەژان دەکەوێ، ئۆقرەم لێهەڵدەگیرێ. بەڵام بۆ بەربانگ میوانی چاکی دەدا، مەلا وفەقێی ئەو دەور وبەرانەی بانگهێشتن دەکرد. جارێک لەسەر حەوزی حەساری لەکاتی دەسنوێژ هەڵگرتندا، فەقێیەک تەماشا دەکا میرزا وەهاب لاگووپی هەڵمساوە وملچەی دێ. فەقێ لێی دەپرسێ مامە ئەوە بەڕۆژوو نی؟ ئەویش دەڵێ: کوڕە بزانە ئەو بوختانەشم بۆ هەڵنابەستی! ئەوە قەیسیە قەیسی ویشککراوە، لە ئێستاوە لە گووپم ناوە بخووسێ بۆ بەربانگێ!

لە لایەن دایکمەوە، خەجیج خانمی قازی، دەبـم بە نەوەی مەرحـوومی «میرزا فەتاحی قازی» شەهید، دواتر کورتە باسێکی لەسەر دەنووسم.

لە شارۆچکەی مەهاباد لەدایک بووم.لەو شارەیدا کە سەری مارەکەیـە، لە شاری شەهیدان، لە شاری شەهید پێشـەوا، لە شـاری موعینییەکـان، لەو شارەی کە قەرار بوو بکرێتە جێ بێستانی یارەڵماسـی، بەڵام بە پـێچەوانەی ویستی نەیاران نەک هەر نەکرا بە جێ بێستانی یارەڵماسی، بەڵکـوو وەکـوو ئۆختاپووس بۆ دوژمنانی گەل، بۆ ئەمـلا و ئەولادا خووشـیوە، لە لایەکەوە بەرەو شـارویران ڕۆیشـتووە، لە کەڵکـی بەگـزادان وەسـەر کەوتـووە و لە لایەکی دیکەوە دۆڵ و دەڕەکانی لای مەنگوڕایەتی تێکەوە پێچاوە و لـک و پۆپی بەرەو ناوچە شاخاویەکانی مەنگوڕان هاویشتووە و بەمجۆرە لە قـالبی شارۆچکە هـاتۆتە دەرێ و بـۆتە شـارێکی تەواو. دەڵێـی سروشـی غەیبـی شتێکی بە گوێیدا چرپاندووە کە خۆی بـۆ ڕۆژی دیـاریکراو تەیـار بکـا تـا بەمجۆرە لە سولەیمانی و دیاربەکر دوا نەکەوێ.

لە تەمەنی شەش‌ساڵی ناردیانمە مەدرەسە. ئەگەرچی مەدرەسەکە کوڕانە بوو بەڵام نێوی پەروین بوو! ئەوەی زۆر بە ڕوونی لەبیرم مابێ لەو زەمانی و ئێستاش لەبەر چاومە کـوڕیکمان دەگەڵ بـوو هەرچەنـد لە مـن و زۆربەی منداڵەکان بە قەڵافەت گەورەتر بوو، بەڵام لەبەر دسنەکەرەوەیی چـووکترین و بێ‌تاقەترین منداڵیش زۆریی لێدەکرد و قەت بەرگری لە خۆی نەدەکـرد. هەمیشـە هـانم دەا کە دەس بکـاتەوە بەڵام سـوودێکی نەبـوو. ئەمنـیش کە هەمیشـە لایەنگـری کەسـانی لاواز و بێدسـەڵات بـووم، نەک خـۆم هەر تێنەدەگەیاند بەڵکوو بە منداڵەکانی تریشم دەسپارد کە ئەگەر ئـازاری بـدەن لەگەڵ من ڕووبەڕوو دەبن، بەوجۆرە تا من لەو مەدرەسە بووم حەسابۆوە.

دەستی ڕۆژگار پاش ساڵەهای‌ساڵ کاتێک لە زیندانی کۆماری ئیسلامی ئازاد بووم، لە دەفتەرخانەی ئاغای سەلیمی چاومان بە چاوی یەکتر کەوتەوە. ئاغای سەلیمی پێی دەگوت: دایکت فەقیرە، پیرە و تاقەتی نەماوە، ناتوانێ وەدووی ئەو جوورە کارانە کەوێ. لە وەڵامدا گوتی: ئەمن ناتوانم دەبێ بۆخۆی بچێ. نازانم بۆ کوێی دەنارد و چی دەکرد؟ بەڵام وا دیاربوو زۆر دەترسا. قسەی ئەو کاتم بۆ ئاغای سەلیمی گێڕاوە، ئەویش گوتی: ئێستاش هەر وایە. دیاربوو ڕاستە دەڵێن خوویەکی بیگری بە شیری، بەریناەدی بە پیری.

بە خۆشیەوە من چاوم بە قوتابخانەی کاتی کۆماریش کەوتووە، لە زەمانی کۆماری کوردستاندا قوتابخانەیەک دامەزرا بە ناوی گەلاوێژ. دامەزراندنی ئەو قوتابخانەیە هاوکات بوو لەگەڵ تێکشکانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی مەلامستەفا بارزانی، کوردێکی زۆر دەگەڵ بارزانیەکان پەنایان بۆ کۆماری کوردستان هێنابوو، جگە لە مامۆستاکانی پێشووی خۆمان چەند مامۆستای باشووریشمان هەبوو وەک بەڕێزان «تۆفیق وردی، کەریم زەند و عوسمان دانیش» کە دەرسیان دەگوتەوە و دەرسەکان هەمووی بە کوردی بوون. چەند قوتابی باشووریش هەر لەو قوتابخانەیە دەرسیان دەخوێند. لە نێو ئەمانەدا کوڕێکیان بەقەڵافەت و تەمەن لە هەموان گەورەتر بوو، هەمیشە زۆر کۆک و پۆشتە و جاشباڵتۆیەکی[1] سپی خاوێنی لەبەر دەکرد بەڵام کوڕێکی نەحاواوە و شەڕانی بوو هێمنایەتی قوتابخانەی تەواو تێکدابوو. کوڕە باشوورییەکانی تر زۆری بە دەوردا دەهاتن و

---

[1]. باڵتۆی قوڵە؛ کاپشەن.

دەچوون و حورمەتیان دەگرت. جا نازانم لە کوڕەکانی مەلامستەفا بوو یـان نا، بەڵام لەگەڵ هەرکەس بەشەڕ هاتبا کوڕە باشووریەکانی تر دایـدەگژانێ. کوڕە مەهابادییەکان دەستیان لەبەر نەدەکردنەوە و ئەویـش خـۆی بە شـتێک دەزانی. دەسنەکردنەوەی منداڵەکان و شوولێهەڵکێشانی ئەو کوڕە، هەسـتی منـی برینـدار کردبـوو و هـانی دام تـا بە گژیـدا بچـمەوە بەو هیـوایە کە ئاڵوگۆڕییەکی بەسەردا بێ. چەنـد جـار بە تونـدی و بە گـرژی دەورەم دا، بەڵام هـیچ وەسـەر خـۆی نەدەهێنـا، ئـاخری ڕۆژێـک دایهـاتمێ و زۆر بە توندی لە عەرزیم ڕاکێشا و خوریشۆر کوتام بەپێچەوانەی جارەکانی دیـکە کوڕە باشووریەکان هیچ خۆیان تێنەگەیاند، دیـاربوو لێیـان حـاڵی ببـوو کە تەڕەفی ئەوجارەیان لەگەڵ جارەکانی پێشوو جیاوازی هەیە. کوڕەش خـودا بتحەسێنێتەوە بەجارێک گۆڕا و بوو بە کوڕێکی دیکە، هەم کوڵوکۆی خۆم پـێدامرکانـد، هەم منـداڵەکانی دیکەشـم حەسـاندەوە و ئیـتر هەر کەسـەو خەریکی دەرس خوێندنی خۆمان بووین.

هەر لەو زەمەنەدا ڕۆژێک لەگەڵ چەنـد منـداڵێک بەرەو نەخۆشـخانەی شێروخورشید دەڕۆیشـتین، مەرحـوومی پێشـەوا قـازی لە مـاڵە خـۆیڕا بە تاقیتەنێ بەرەو ستاد دەهات. بە دیتنی پێشەوا منداڵەکان سامیان ڕێنیشـت، هێندێک خۆیان لە کووچان و هێندێک خۆیان لە مێشەی تەنیشت شەقامەکە هاویشـت. تەنیـا مـن مـامەوە و بە تـاقیتەنـێ بەرەوڕووی ڕۆیشـتم ئەگەر گەیشتمە کنی بۆخۆی سڵاوی کرد و دیاربوو بە هەڵاتنی منداڵەکانی دیـکە حەبەسابوو. فەرمووی کوڕەکانی دی چییـان لێهـات؟! عەرزم کـرد: لە تـۆ ترسان و هەڵاتن! بە پێکەنینەوە فەرمـووی: «ئەدی تـۆ نەترسـای؟» دیسـان عەرزم کرد: نەخێر من نەترسام هەڵیشنەهاتم. زۆری پێخۆش بوو دەستی بە

سـەرمدا هێنـا و فەرمـووی: «ئـافەرین قەت لە کەس و لە هـیچ شـتێک مەترسیَ!» لە پاشان بە دەستی مەبارەکی خۆی ئاڵای سێڕەنگی کۆماری لە یەخەم دا و فەرموویان: «ئەوەش جایزەی تۆ».

ئەو دیـارییەی کە لەو ڕۆژەدا لە پێشـەوای نەمـر وەرمگـرت، وەک گەورەتـرین میـداڵی ژیـانم پڕبـایەخترین و باشـترین دیـاری بـوو و هەتـا ماوەیەکی زۆر هەر ڕامگرتبوو، بەڵام هەڵات هەڵاتی ژیان وگـوێزە گـوێزی ماڵ لە دەستی دەرهێنام و لێم بزر بوو.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم باسی یەکەم مامۆستای زانا و بـویری یادگـاری دەورانی زێڕینی کۆماری کوردسـتان، شاسـوڵتان خـانمی قـازی نـاسراو بە باجی خانم بکەم. سـاڵی ١٣٠٩ هەتـاوی لە شـاری مهابـاد لەدایـک بـووە. لەپاش دامەزراندنی قوتابخانەی نـویَ لە مهابـاد، بـاوکم خوشـکمی وەبەر خوێندن ناوە ولە ڕیزی هەوەڵین کچانی شار وناوچەی مهاباد بووە کە چۆتە قوتابخانە، دەرسی خوێندووە ودیپلۆمی شەشـومی سـەرەتایی وەرگرتـووە. شاسوڵتان خانمی ئاشقی فێر بوون وخۆیندن وهـۆگری زانسـت، جـگە لە گوتنەوەی دەرسی قوتابخانە لە دەرەوەی ئەو بازنەیەش ، کتێبی خوێندونەوە ولێکـۆلینەوەی کـردووە، وەک یەکەم ژن چەنـد نووسـینی لە ڕۆژنـامەی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە. ئەم هەوڵانە بـۆتە هـۆی ئەوەی کە ڕێـژەی سـەواد وزانیاری سەروتر لە دیپلۆمی سـەرەتایی بـکەویَ. لە کەس شـاراوە نیـیە کە جەنابی پێشەوا قازی محەمەد گرینگیەکی تایبەتی بەکار وڕەوتی فێـر بـوون وپەروەردەی منداڵی کورد داوە. لەم بەستێنەدا لەهیچ هەوڵ وتێکۆشانێک بۆ گەلی خۆی کۆتایی نەکردووە. لەکـاتی کۆمـاردا داوای یـارمەتی لە گشـت خوێنـدەوارانی کوردسـتان کـردووە کە لەمەیـدانی فێرکـردن وبارهێنانـدا

هاوکاری حکـومەت بـکەن. هەر بە پێـی ئەو داخـوازییە شاسـوڵتان خـانم دەکرێتە مامۆستای قوتابخانەکانی سەردەمی کۆمار وئەم شانازییەی پێدەبڕێ وەک یەکێک لەهەوەڵین مامۆستایانی ژن بەشـێوەی خۆبەخشـانە ئەم ئەرکە پیرۆزە بەڕێوە بەرێ. لە کاتێک دا زۆربەی ژن وکچی کورد تەنـانەت لە لای باوک وبـراش رووی خۆیـان دەگـرت چ بگـا بەوەی لەلای پیـاوی بێگـانە دانیشن وقسان بکەن. زۆرجار بە پێکەنینەوە دەیگێـڕاوە ڕۆژەکـانی هەوەڵـی قوتابخـــانە لە قوتابیەکـــانی زۆرترســـاوە! چـــونکە ئەو کچـــۆڵەیەکی تازەپێگەیشتووبووە وقوتابیەکانی زۆربەیـان پیـاوی سـمێڵ قەوی وگەلێـک لەخۆی بە تەمەن تر بوون.

## ساڵی تەیارە ڕەشەکەی

لە خەرمانانی١٣٢٠دا، فڕۆکەیەکی ڕەش چەند خولێکی بەسەر ئاسمانی شاری مەهابادا لێدا و لەپڕ گرمەیەکی لێهات و تەپوتۆزێکی زۆر لە بازاڕی خمگەران هەستا. ئێمە ئەوکات ئاگاداری بۆمباران نەبووین، پاشان بۆمان دەرکەوت کە تەیارەکە بۆمبێکی بەو شوێنەداداوە و ئەو گرم و تۆزە ئاکامی ئەو بۆمبارانە بووە. پاش چەند دەقیقەیەک بۆمبێکی دیکەی لە نیزیکی کاروانسەرای سەیدعەلی لە گەڕەکی خڕێ دا و کونێکی بە گەورەیی یەک میتر لە یەک میتر پێکهێنا. پاش ماوەیەکی دیکە گرمەی سێهەمی هات و بۆمبێکی لە بانی شارەداری دا کە لەتکێکی گەورە بە قەدرایی بەردێکی سێ‌چوار کیلۆیی لەو بۆمبە هات لە حەساری ئێمەوە لە پەنای دارە هەنجیرەکە وەعەرزی کەوت. بەوجۆرە بوو کە خەڵک لە هێرشی ڕووسەکان بۆ سەر ئێران ئاگادار بوون و نێوبانگی بە ساڵی تەیارە ڕەش دەرکرد. ئەو کات ڕۆژنامە و گۆڤار زۆر کەم هەبوون و ڕادیۆش تازە دانە دانە لە شار پەیدا ببوو بۆیەش خەڵک ئاگاداری شەڕ و هێرشی هێزە یەکگرتووەکان بۆ سەر ئێران نەبوون دانیشتووانی شار بەو فڕۆکە ڕەشە و بۆمبارانە ئاگاداری هێرشەکە ببوونەوە. پاش ئەو بۆمبارانە ئەرتەشی ڕووس هاتە نێو شار و بە هۆی ئەوە کە ئەرتەشی ئێران پادگانی چۆل کردبوو و سەربازەکان ڕایانکردبوو ڕووسەکان لەو شوێنە نیشتەجێ بوون. خەڵک لە بیریان بوو کە چۆن لە شەڕی نێونەتەوەیی یەکەم هێزی ڕووس زۆر دڕندانە خەڵکیان قەلاچۆ کرد، بۆیەش ترسیان هەبوو ئەوجاریش کارەساتێکی ئەوتۆ

ڕووبداتەوە، خەڵک لە شار وەدەر کەوتن و هەرکەسە ڕووی لە لایەک کرد.

ئەوکات ئێمە خاوەنی ئاوایی کۆنەدێ بووین، کوێخـایەکی لێبـوو پێیـان دەگوت میرزاکوێرە، بابم ڕایسپاردبوو کە میرزاکوێرە ئەسپ و وڵاغنمان بـۆ بنێرێتە باغی قۆپی تا بارکەین و بـڕۆینە کـۆنەدێ. پێشـتر ڕاخەر و هێنـدێک کەل‌وپەلی پێویست نـاردرابوو بـۆ بـاغی قـۆپێ. لە ڕۆژی دیـاریکراو وڵاغ گەیبوونێ و ئێمەش بەپێیان چووینە باغی. وڵاغ لە نێو باغیـدا بـڵاو بـوون، جەماعەتێکی زۆریش خۆیان لە نێو دارانـدا حەشـاردابوو. هەرچەنـد بـابم تانووتی لە پیاوەکان دا کە کەران وەخـڕکەن تـا بـارکەین و بـڕۆین، کەس لە ترسی تەیارە ڕەش زاتی نەدەکـرد لە بـن داران وەدەرکەوێ. چـونکە تـاقەتی بیستنی تانووت و لۆمەی بابم نەما، هەرچەنـد لەگەڵ منیشـی نەبـوو، لەپـڕ وەک شەیتانی سەر مسقوفی لە بن داران دەرپەڕیم و بە قوڵەدارێک وڵاغنم وەخڕکردن، ئەو کات تەمەنم هەر حەوت ساڵ دەبوو. وڵاغ بارکران و دایکم سواری ئەسپێک بوو و ئەمنیشیان لە پاش تەرکی سـوار کـرد. کـاکم و دوو خوشکەکانم و بابم بەپێیان وەپێش کەوتن، پیاوێکیش جـڵەوی ئەسـپەکەی ڕادەکێشا و بە خـڕێ‌سـنجواندا بەرەو کـۆنەدێ وەسـەرکەوتین. کە چـووین کۆنەدێ چ کۆنەدێ! خودا هەڵناگرێ نێوی خۆی بە خۆیەوە بوو! ئاواییەکی چکـۆڵەی بـێ دار و درەختـی ئیشـکارۆ، چەنـد مـاڵێکی ڕەش و ڕووت و خانووبەرەی تێکتەپیو. زبڵ‌وزاڵێکی زۆر لە بەر دەرکان هەڵ ڕژابوو و مـێش و مێرووڵەی دنیایەی تێهاڵابوو کۆنەدێ دەتگوت سەگی گڕوێیە لە بەر تاوێ هەڵتووتەکاوە. مزگەوتێکی مۆرە قەڵەشاوی بێ دەرک و پەنجەرە، کە لەوەتـا دروست کرابوو کەس تێیدا سەری بە فەڕزی خۆدایدا نەدابـوو. لە میچـی‌ڕا هەتـا عەرزی جاڵجـاڵۆکە هەمـووی تەنیبـوو. کە وەژوور کەوتـین داوی

جاڵجاڵۆکە پسا و تەپوتۆز لە حەوا کەوت، چـاو چـاوی نەدەدیـت وەبیـر بۆمباران و تەپوتۆزەکەی شار کەوتینەوە بە هەزاران جاڵجاڵۆکە و هەڵەپەزە و پیرێژنۆکە و سریـلە و جرۆجـانەوەر وەجموجـۆڵ کەوتـن، تێمانهـاڵان و دەیانهاژاند. دوو سەگی خوێڕی کە لە برسان ئێسک و پرووسـکی لەشـیان دەبژێردرا، لە بەر دەرکی مزگەوتێ کەوتبوون شەوانە بە دەیان جار لاقمان بە سەریاندا هەڵدەهێنانەوە و وەدەر دەکەوتین یان دەهـاتینەوە ژوور بەڵام قەت حەپەیان لێوەنەهات. بابم چەنـد جـار بە میـرزا کـوێرەی ئەسـپار کە وڵات نائەمنە کێشک دابنێ نەوەک بە سەرماندادەن، میرزاکوێرە دەیکـوت ئەوەنـی ئاغا ئەو دوو سـەگە زەلامە لە بەر دەرکەی کەوتـوون. ئەو دمەقـڕەیە چەنـد جارلە نێوان بابم ومیرزا دووپات بۆوە بەڵام بێکەلک بـوو کوێخـا کێشـکی هەر دانەنا. تێفکـرین بەوجـۆرە لە کـۆنەدێ گـوزەران نـابێ، بـابم ڕووی لە کوێخای کرد و کوتی بڕۆ پیاوان سازکە، دەڕۆین بۆ قازیئاوا. دووبـارە کەر و ئەسـپ لە بەر دەرکـی مـزگەوت کـۆ کـرانەوە و بەرەو قـازیئـاوا وەڕێکەوتین. قازیئاوا گوندێکی ئاوەدان، خاوێن، خۆش و خاوەن مێشـە و شیناوەردێکی یەکجار چڕ و گۆم و کانیاوی کەللەتەزێن بـوو و چـۆمێکی گەورەش بە بەر ماڵاندا ڕادەبرد. کە گەیشتینێ دیتمان چەند ماڵێکی دیکەش لە شارڕا هاتوونەتە ئەوێ. چەند ڕۆژێکیش لە قازیئاوا ماینەوە. لەو نێـوەدا بەرپرسانی ڕووس دەچن بۆ لای پێشـەوا و داوای لێـدەکەن بەڕێـوبەرایەتی شار بەدەستەوە بگرێ و هەروەتر لە لایان ئەوانەوە بەڵێنی بە خەڵـک بـدرێ کە گیان و ماڵییان پاراستراوە و مەترسیەکیان لەسـەر نـیە و داوا لە خەڵـک بکـات کە بێـنەوە سـەر مـاڵ و حـاڵی خۆیـان. بەرەبەرە خەبەر دەهـات کە ڕووسەکان ئەو جار خۆ لە کەس ناگەیەنن و شار ئەمـن و ئەمانـە. ماڵەکـان

لەبەر ئەوە کە دڵنیا بوون هیچ مەترسییەک لە گۆڕێدا نییە بەرەو شار ڕۆیشتنەوە و ئێمەش ڕۆژێک بارمان کرد و چووینەوە شار.

بەوجۆرە دووکان و بازاڕ کراوە و شار ئاوەدان بۆوە و خەڵک دەستیان بە کار و کاسپی کردەوە. بەڵام هێندێک پیاوخراپ و هەڵپەرەست کە هەستیان بە نەبوونی دەسەڵات کردبوو خەریکی خراپە و ئازاری خەڵک بوون، جا هەر لەبەر ئەوە هەست بەوە کرا کە دەبێ ڕێکخراوەیەک دروست بکرێ کە بە سەر بارودۆخی شاردا ڕابگا و هێمنایەتی خەڵک بپارێزێ. چەند ئینسانێکی تێگەیشتوو کە هەستی نەتەوایەتییان بەتین بوو، کۆمەڵەی (ژکاف)یان پێک هێنا. بەڵام بەرەبەرە هەستیان بەوە کرد کە دەبێ ڕەنگی سیاسی پێبدەن. تا ئەوکات کەس لەبەر زوڵم و زۆری بنەماڵەی پەهلەوی نەیدەوێرا بە ئاشکرا باس لە سیاسەت و چەوسانەوەی خەڵکی کورد بکا. بە نەمانی پەهلەوی ئەو پەردە ڕەشە دڕا و ناوەندێکی سیاسی پێکهات کە بناغەکەی لە باغی حاجی داود بە بەشداری مەلای حەجووکی و میرزا قاسمی قادر قازی و عەبدوڕەحمان زەبیحی و عەزیز زەندی و دوکتور عەلەوی و حوسێن فرووهەر «زیڕینگەران» و چەند کەسێکی دی پێکهات کە بانگەشەی یەکگرتن و ڕێککەوتنیان دەکرد و نەهیان لە کێشە و دووبەرەکی و خراپە دەکرد و باسی نەتەوایەتیشیان نێوئاخن کردبوو.من زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە نادوێم چوون لە زۆر کتێب و وتاراندا بە وردی باس لەسەر چۆنێتی پێکهاتنی کۆمەڵەی ژێکاف و ئەندامەکانی و لە دایکبوونی حیزبی دیموکڕات لەو کۆمەڵەیە کراوە هەرچی بیڵێم دەبێتە دووپاتە کردنەوەی دووپاتەکان.

## ئاوپڕژێنی شەقامەکانی شاری مەهاباد

زەمانی زوو شارەداری چەند کرێکاری هەبوو کە مەشکەیەکیان لە خۆیان دەبەست، بە سەتڵان ئاوی چۆمیان لەو مەشکانە دەکردن و بە بڕە شەقامێکی شاردا هەڵیاندەپڕژاند. بەرەبەرە کە پێشکەوتن بەدی هات، شارەداری ماشێنێکی ئاوپڕژێنی کڕی کە سیگناڵێکی لە سەر بوو، ئاهەنگێکی تایبەتی لێدەدا و لەگەڵ ئەوەی کە کوڕوکاڵ هەڵبەستێکیان بۆ ساز کردبوو یەکتریان دەگرتەوە.ئاهەنگەکە ئاوا بوو:

دادوو دادوو سەیزادە

ئاوم پێیە خۆت لادە

عەزیزی مشیری...

ئەوکات مەهاباد شارۆچکەیەکی زۆر چکۆلە بوو کە تەنیا دوو شەقامی هەبوو. یەکیان لە مەلاجامیڕا دەستی پێدەکرد تا دەگەیشتە شێروخورشیدی قەدیم، ئەوەی دیکەش لە چوارچراڕا دەڕۆیی بەرەو قەبرستان، بۆیەش ناوەکانیانم نەبردوون هەر ڕژیمەی دێتە سەر کار ناوی شەقامەکانی شار دەگۆڕێ و ناوی یەکێک لە مۆرەکانی خۆی لە سەر دادەنێ. بە هاتنی تیمسار وەرەهرام کە هەم فەرمانـدەی سپا و هەم شارەدار و هەم ڕەئیسی وەزارەتی ڕێگەوبان و دادگوستەری و خۆلاسە هەمەکارەی شاری بوو، ئەو شەقامانەی ئێستا لە شاردا هەن، زۆربەی یادگاری ئەون و خوداهەڵناگرێ بەجارێک شاری ئاوەدان کردەوە و بەرەو پێشی برد. وەختایەک کە شا بۆ دیتنێک هاتە مەهاباد، جەماوەر بۆ نیشاندانی خزمەتەکانی ناوبراو، هەر

دروشمی بژی وەرەهرامیان دەدا و لەسەر شانیان دانا، بەڵام شا ئەوەنـدە ڕق لەزگ و لەخۆبـایی بـوو تەنـانەت خۆشەویسـتی یەکێـک لە وەفـاداران و کاربەدەستانی ڕژیمی خۆشی پێ قبووڵ نەدەکرا، وەرەهرامی دوور کـردەوە و لە جەریانی ئینقیلابدا کە دەیزانی وەرەهرام لە لای جەماوەر خۆشەویستە، بۆ گۆڕانی بیر و ڕای خەڵک دیسان ناردییەوە بۆ مەهاباد. بەڵام تـازە کـار لە کار ترازابوو و گلۆڵەی شـا وا کەوتبـووە لێـژی تەنـانەت کاربەدەسـتەتان و نیزیکانی ڕژیمی شاش هەستیان دەکـرد ڕژیـم لە مەترسـیدایە، لە دژی شـا ڕژابونە سەر شەقامەکان.

پاش بۆمبارانی خەرمانان و هاتنی هێزە یەکگرتووەکان، نرخـی هێنـدێک کەل وپەل بەرز بۆوە. دەوڵەتی وەخت بۆ بەربەرەکـانی لەگەڵ ئەو گرانییـە، چەند کۆپینێکی دانابوو کە بـڕە کوتاڵێـک و قەنـد و شـەکریان بە نرخێکـی هەرزانتر لە بازاڕ پێدەدا. بەڵام وەکـوو هەمـوو ڕەوتێک،کاتێـک ئـاڵوگۆڕی بەدی دێ ودەور دەگۆڕێ، مرۆڤی هەلپەرست پەیدا دەبن و لە بـارووودۆخی نالەباری وڵات کەلکی خراپ وەردەگـرن. لەو بارەشـەوە کەسـانێک پەیـدا بـوون کە هەر بـنە دار و بەردێـک، دۆڵ و دەڕڕەیەکیـان بە نـاوی ئـاوەدانی دەناساند و سجیلی مردوو و زیندوویان دەبرد ئەو شتانەیان پێ وەردەگـرت. دەوڵەتیش ئەو هێز و کۆنترۆڵەی نەبوو کە پێشـی ئەو جـوورە شـتانەی پـێ بگیرێ. سجیلی واهەبوو بە سەدان جار شتی پێ وەرگیرابوو.

## سەرهەڵدانەوەی بزاڤی ڕزگاری خوازی

پاش تێکچوونی کۆمار، مەدرەسەی گەلاوێژ بوو بە مەدرەسەی خەیام و چەند دانە لە وەتاغەکانی هەر بەتاڵ بوون. بەرپرسی ئەو مەدرەسەیە کەسێک بوو بە ناوی مەلاحەسەنی مودەڕیسی کە زۆری پێخۆش بوو گەشە بە فەرهەنگی شاری مەهاباد بدا. لەو پێیەدا هەستی بە بەرپرسیارەتیەکی زۆر دەکرد و بە جۆرێکیش بەربەرەکانی لەگەڵ ئاغای مەجدی بەرپرسی دەبیرستانی محەممەد ڕەزاشا دەکرد. مامۆستایەکمان هەبوو سەید ساڵح کە تەبیعەتێکی تایبەت بە خۆی هەبوو، ئەوزەمان خوالێخۆشبوو «سەید عەبدوڵلای ئیسحاقی» مەشهوور بە «ئەحمەدتەوفیق» کە لە دوای تێک چوونی کۆمار ببوو بە بەرپرسی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خودا هەڵناگرێ ئازایەتی و دڵسۆزییەکەی لە حەد و حیساب بەدەر بوو. ڕۆژێک بە هەڕەمە هات ئەمن و کاک محەممەدی کەریمی بردە گۆشەیەک گوتی:

«سەیدساڵح پیاوی ڕوکنی دووە و بەرهەڵستیمان دەکا، قسەشی بە کوڕی ڕەش گوتووە و ئەخلاقیشی خراپە، دەبێ تەمبێ بکرێ!»

ئەو مامۆستایەش عادەتی وابوو لە کلاسدا دەگەڕا و دەستی بە سەری هێندێک لە منداڵەکان دادەهێنا. یەکیان لەوانە کوڕێک بوو بە ناوی «مەحموود» کە پەیتاپەیتا خۆی دەگەیاندێ و دەستێکی بە سەری دادێنا. مەحموود لەگەڵ کاک محەممەد خزمایەتی هەبوو، بانگمان

کرد پێمان گوت:

«ئەوجار ئەگەر مامۆستا دەستی بە سەرتدا هێنا دەبێ لێیدەی»

گوتی: «حەی جاچۆن شتی وادەبێ؟ ئەو مامۆستایە، جگە لەوەش پێی‌ناوێرم.»

ئێمەش گوتمان: «ئەتۆ کارت بە پێوێران نەبێ، هەرکە دەستی بە سەرتدا هێنا زللەیەکی لێدە و هاوار بکە ئێمە بۆخۆمان دەزانین چبکەین.»

کاک محەممەدی کەریمی و خودالێخۆشبوو سمایل نمەشیری و ئەمن و کاک مستەفا گەڕووسی و کاک مەحموودی عەزیزی پاش زەنگی حەسانەوە خۆمان لە ڕاڕەوی کلاسەکە حەشاردا، چاوەڕوانی هاواری مەحموود بووین. هێندەی پێنەچوو مەحموود هاواری لێهەستا، ئێمەش خۆمان لە کلاسێ ڕاکرد. یەک یەخە و یەک گڕاوات و یەک کۆتەکەی ڕادەکێشا و یەک دوو کەسیشمان لە پشتەوەڕا زۆر چاکمان لێدا. دوایەش ڕەکێش‌ڕەکێش بەرەو حەسارێ هێنامان، بۆ ئەوەی نەیبەینە حەسارێ و قوتابیەکانی دیکە لەو حاڵ وڕۆژەدا نەیبینن دەستی بە سەردەرانەی پەنجەرەوە گرتبوو، ئێستاش قامکە تووکنەکانی هەر لە بەر چاومە. بەڵام بێ‌فایدە بوو ئەو پیاوێکی چکۆلە و ئێمەش چەند قوتابی ملهوڕ بووین. لە حەسارێش ڕامانەگرت و ڕفاندمان بۆ سەر شەقام، لەوبەری شەقامەکە ئیدارەی فەرهەنگ لە کاروانسەرای سەیدعەلیدا بوو. ئەوکات کەسێک بە ناوی ئاغای موحسین بەرپرسی ئیدارەکە بوو، دروست لەو کاتەدا سەرگورد ڕادپوور کە ڕەییسی دیژبان بوو بە خۆی و چەند دیژبانەوە گەیشتە بەر دەرکی قوتابخانە، کە چاوی بەو بارووەدۆخە کەوت بە دیژبانێکی گوت:

تێیانهەڵدەن لەو توودەییە خائینانە!

دیژبانمـان وەسـەرگەڕان، هەمـوو قوتابیەکـانی قوتابخـانە داڕژانە سـەر شەقام، خەبەرەکە وەک کارەبا لە نێـو شـاردا بـڵاو بـۆوە و دووکـان و بـازاڕ قەپات کران، ژن و منداڵ لە ماڵان وەدەرکەوتن. سەید عەوڵای ئیسحاقی و قوتابیەکانی دەبیرسـتانی محەمـەد ڕەزاشـا، گەیشـتنە جـێ و داوروکـانە دیژبانـان. هەر دیژبـانەو بە دەس چەنـد نەفەرانەوە تێیهەڵـدەدرا. دیژبانێـک نازانم چۆن بوو چەکـوچێکی بە دەسـتەوە بـوو دایهێنـامێ و لە بـرۆی لای چەپەمی دا، بەحاڵ قرینجا و چەند دڵۆپە خوێنێک بە سەر لیباسەکەمدا هاتە خوارێ. سەیدعەوڵا کە چاوی پێم کەوت، خۆی گەیانـدە دەواخـانەیەک و بەستەیەکی لۆکە لە سەتڵێک میرکۆڕکڕۆم هەڵکێشـا و هێنـای لە نێوچـاوانی بەستم. میرکۆڕکڕۆم بە لیباسەکانمدا هاتە خوارێ، ژن و منـداڵ کە چاویـان بەو دیمەنە کەوت پێیان وابوو خوێنە، لەتاوی من دەستیان بە قاژوقرووژ کرد و بەردەرکی دەبیرسـتان وەک ڕۆژی حەشری لێهـات. هەر کەسـە جۆرێـک دەیگێڕاوە، یەک دەیگوت بە گوللە لێیان داوە! نازانم ئەو کوڕە فەقیرەیان بـۆ کوشت؟ خۆ ئەو بەستەزمانە هەر لە شەڕدا نەبوو! هەرچەند ئەوکات ماشێن زۆر کەم بوو، سەیدعەوڵا نازانم چۆناوچۆن ماشێنێکی پەیـدا کـرد و تێیـان هاویشتم و فڕاندیانم بۆ شێروخورشید (نەخۆشـخانە). ئەوکـات دوکتـور لە وێ نەبـوو، برینپێچێکـی لێبـوو لەو دەمەشـدا ڕەییسـی دیژبـان و ڕەییسـی فەرهەنگ و چەنـد کەسـی دیـکە بـۆ ئەحواڵپرسیم هـاتن بۆنەخۆشـخانە. ڕەییسی دادگوستەری ڕووی لە برینپێچەکە کرد و لێی پرسی:

«وەزعی برینی ئەو کوڕە چۆنە؟»

کابرای برینپێچ کە لە پێشدا فێر کرابوو، لە وەڵامدا گوتی:

«برینەکەی سووکە، بەلام جێگـاکەی حاسـتەمە. مەگەر خـودا ڕوحمـی پێبکا! دەنا لەوانەیە بمرێ.»

سەرگورد ڕادپوور بە بیستنی ئەو قسەیە ڕەنگی وەک بێی زەرد هەڵـگەڕا، دەستێکی کەوتە ئەولا و دەستەکەی دیکەی لایەکی دی.

برینپێچەکە ئەوەندەی دیکە ترش وخوێی لێ زیاد کرد گوتی:

بە بڕوای من وا باشترە بیفڕێنن بۆ ڕەزاییە!

سەرگورد ڕادپوور بەجارێک تۆقی. ئەمنـیش کە دەمزانـی هـیچ نەبـووە، لەبـنەوە بـزەم دەهـاتێ، بەڵام نەمـدەوێرا پێـبکەنم. زۆر بە پەلە بـووم لە نەخۆشخانە وەدەرکەوم، بەڵام سەیدعەوڵا گوتی:

هێشتا کارمان ماوە جارێ دەبێ لێرە بکەوی!

سێ‌چوار ڕۆژێک لە سەر تەختـی نەخۆشـخانە نوانـدیانم، هەر ڕۆژە لە ماڵێک‌ڕا نان وچێشتی تەواوم بۆ دەهات.

پاش مەرەخەس بوون لە نەخۆشخانە، بەسـتە لـۆکەکە هەرچەنـد لە بەر چڵکنی سپیایی پێوە نەمابوو، بەڵام هەروا بە نێوچـاوانمەوە بـوو. سـەرەڕای ئەوە کە زۆری لەبەر جـاڕز ببـووم، سـەیدعەوڵا نەیدەهێشـت لێـیکەمەوە دەیگوت:

«ڕاوەستە! کارەکەمانی پێ تەواو کەین، جا دوایە لێی‌دەکەینەوە!»

هەر چەن جارێک تووشـم بە تووشـی سـەرگورد ڕادپـوور یـا ڕەییسـی فەرهەنگ دەکەوت، زۆریـان نسـحەت دەکـردم و لەبەرم دەپـاڕانەوە کە ئەو لـۆکە میرکـۆڕکڕۆمە لەنێوچـاوانم بـکەمەوە، بەڵام دەسـتوور وابـوو دەبـوو

بەوێوەبمێنێ.

پاش محاکمەیەکی زۆر بڕیار درا سەیدساڵە بگۆڕدرێ و لەسەرڕا ئیمتحانمان لێوەرگرنەوە. زۆربەی قوتابیەکان لە دەرسی سەیدساڵە تەژدید بوون، ئێمە دەمانگوت دەرسمان پێنالێ و ناشیزانێ، لەخۆڕا تەژدیدی کردووین. ئەویش دەیگوت دەرسیان نەخوێندووە و تەژدید بوون. پاش ماوەیەک لە سەر بڕیاری فەرمانگەی پەروەردە، سەیدساڵە گۆڕدرا و ئاغای محەممەدی ڕەیانی کە توودەیی بوو، بوو بە مامۆستامان. ئەویش لە ڕۆژی هەوەڵەوە قەولی دابوو هێندێک لە پرسیارەکانم پێبڵێ. ڕۆژێک لە خەیابان تووشی من و کاک محەممەدی کەریمی هات، گوتی ئێوارێ وەرنە پشت سەربازخانە تا پرسیارەکانتان بدەمێ، بەڵام بە کەسی دیکەی مەدەن. بۆ سبەینێڕا لە کاک محەممەدم پرسی: کوا پرسیارەکان؟ وەڵامی داوە: چوومە پشت سەربازخانە، تەواوی قوڵکە و تەپەی پشت سەربازخانە گەڕام، ئاغای ڕەیانیم نەدیتەوە. هەر چابوو سەربازەکانیش تەقەیان لێ نەکردم! زانیم بە هەڵە چووە. زەمانی قاجارەکان دوخانیاتی ئەوڕۆ سەربازخانە بوو، کووچەیەکی پانی لە تەنیشت بوو کە بە کووچەی سەربازخانە ناوبانگی دەرکردەبوو، ماڵە ئاغای ڕەیانی لەو دەوروبەرە بوو. تێم گەیاند کە مەبەستی ئاغای ڕەیانی لە سەربازخانە کوێ بووە. بۆ سبەینێڕا چووبۆوە و پرسیارەکانی وەرگرتبوو. ئەوەندەی توانیمان لەبەرمان کرد و ڕۆژی دیاریکراو لەسەرڕا ئیمتحانمان داوە. پاش چەند ڕۆژ نومرەکانیان داینەوە، بەڵام هەر حەوتی بۆ دانابووین، یانی ئەوەندەی کە تەژدید نەبین و وەدرۆ نەکەوینەوە. لە حەساری قوتابخانە بەربینگم بە ئاغای ڕەیانی گرت گوتم:

بۆ حەوتت بۆ داناوم؟ گوتی: ئـاخر بۆخـۆم پرسـیارەکانم نەدانـێ؟ گـوتم: ئەمن ئەوەی نازانم ئەگەر بێتوو هەموو نومرەکانم بۆ نەکەی بە دە، دەچـم بە ئاغای موحسینی دەڵێم کە پرسیارەکانت داوینێ!

ئاغای ڕەیانیش کە وەک هەموو توودەییەک زۆر ترسەنۆک بوو، بـاوەڕی کرد. شڵەزا و زۆر بە پەلە چۆوە دەفتەرێ و هەموو نومرەکانی بۆ کردبـووین بە دە. بەوجۆرە لەگەڵ ئاغای ڕەیانی لێک ڕەها بووین.

پاش ڕۆیشـتنی کـاک عەبـدوڵلا بـۆ کوردوسـتانی باشـوور، کاروبـاری حیزب کەوتبووە ژێر دەستی مـامە غەنـی بلووریـان و مەرحـوومی عەزیـز یۆسفی کە حیزبیان کردبوو بە شاخەیەک لە حیزبی تـوودە، ڕۆژێ بە دەیـان باقە ڕۆژنـامە لە لایەن حیزبـی تـوودەوە دەهـات بـۆ کوردسـتان کە دەبـوو ئەندامانی بەڕواڵەت حیزبی دێموکرات لە نێو شـاردا بیگێـڕن و بیفرۆشـین، وەکوو «بە سوی آینده»، «چلنگر»، «رزم» و «مردم» کە ناوەرۆکی هەمـووان یەک بوو، بە قەولی باشـوورییەکان هەمـوو بـایی فلسـێکی نەبـوون. دەورە دەورەی مەڕحـــووم دوکتـــور محەمـــەدی موســـەدیق بـــوو کە ئـــازادی و دێموکراســـی بەپێـــی فـــیلان بـــوو و لە ڕاســـتیدا گەیشـــتبووە ئاســـتی بـــێ سەروبەرەیی. حیزبی خائین و بەکرێگیـراوی تـوودەش لەو هەل ومەرجەدا ئەوپەڕی کەلکی خراپی وەرگرت و چووبوو لە پێستی شێرەوە و پێی وابـوو ئەو ئازادییە ئاکامی تێکۆشانی خۆیانە.

ئەمن کە ئینسـانێکی گەلخـواز بـووم و قەت خۆشـیم لە هـیچ چەشـنە کۆمۆنیستێک نەدەهات، تەنیا لەبەر دژایەتـی لەگەڵ ڕژیمـی شـا لەگەڵ ئەو تەشکیلاتە کە بە ڕواڵەت دێمـوکرات بـوو و لە ڕاسـتیدا هەر شـاخەیەک لە

حیزبی توودە بوو هاوکاریم دەکرد. دیار بوو ئەوکات توودە تەنیا حیزبی سەرەکی و سەردەم بوو کە لە دژی حکوومەتی شا خەباتی دەکرد.

لە «شانەیەک»دا بە بەرپرسایەتی کاک کەریمی خامچی هاوکاریم دەکرد، بەڵام بەدڵ پێم خۆش نەبوو. ڕۆژێک لەگەڵ کاک حەمەدەمینی سیراجی، کاک ئەحمەدی قازی و کاک لەتیفی نەقشی کۆ بووینەوە، پێم ڕاگەیاندن ئەو حیزبە هیچ باس لە مافی نەتەوایەتی ناکا و هەر بەرەو کۆمۆنیستی لێدەخوڕێ، با بۆخۆمان ڕێکخراوەیەک پێک بێنین کە پتر ڕووی لە نەتەوەخوازیی بێ. هەموو پەسەندیان کرد. بەڵام کاک ئەحمەدی قازی کە زۆر ئینسانێکی جیددی نەبوو و هەموو شتێکی بە شۆخی دەگرت، هەتا لێم دەپرسی چت کردووە، بە گاڵتە و پێکەنین ڕایدەبوارد دیار بوو چی نەکردبوو، کاک حەمەدەمینی سیراجیش لە باتی ئەوەی لەو ڕێگایەدا هەنگاو هەڵێنێتەوە، بەرەو مائۆئیسم ڕۆیبوو و لە دوکانی غەفووری مەنسووری پێنج ئەسڵی مائۆی دەخوێندەوە! کاک لەتیفی نەقشیم دەدیت لەگەڵ منداڵێک قەدەمی لێدەدا و سرتەسرتی لەگەڵ دەکرد. هەتا لێم دەپرسی چت کردووە، دەیگوت ئەو منداڵەی پەروەردە دەکەم.

کاک سەید حەسەنی هاشمیم دیتەوە و مەسەلەکەم بۆ گێڕایەوە، زۆری پێشوازی لێکردم و بەڵێنی دا لەو ڕێگایەدا هەنگاو هەڵێنێتەوە. کەسێکی دیکە بە ناوی «عەلی فوادی»م دیتەوە ئەویش زۆر بە دڵ تێکەوت، هەروەها چەند کەسی دیکە کە ناوەکانیانم لە بیر نەماون. بەڵام بە زووترین کات ئەو شتە دەنگی داوە و کاک سەید حەسەنی هاشمی، حەسەنی ڕەستگار و چەند کەسی دیکەی دیبۆوە کە ئەوانیش بۆخۆیان چەند شانەیەکیان

پێکهێنابوو.

ڕۆژێک لە ماڵە کاک کەریمی خامچی کۆبوونەوەمان هەبوو، کاک یۆنسی بلووریان وەک بازڕەس وەژوور کەوت گوتی: خەبەرمان پێگەیشتووە چەند کەسێک کە پوڵ لە سەرلەشکر «موقبیلی» یا «کووششی» وەردەگرن، بە دنەدان و فیتی ئینگلیسییەکان لە ناو حیزب خەریکی ئاژاوە و دووبەرەکین. زانیم لەگەڵ منیەتی، بەڵام پێکەنینم بەو ئاگادارییە بێناوەرۆک وهەڵبەستراوە هات. موقبیلی یا کووششی چی و ئینگلیسی چی و پوڵی چی؟!

کاک کەریم لە کۆبوونەوەکاندا هەموو ڕۆژێ کەسێکی لە ئەفریقا، یا لە ئەمریکا یا لە شوێنێکی دیکە ناو دەبرد کە بە دەستی ئەمپریالیسم شەهید کراوە و بە یادی ئەوان دەقیقەیەک بێدەنگی ڕادەگەیاند. پاش تەواوبوونی کۆبوونەوە یەکی باوەشێکی ڕۆژنامە وەبن هەنگڵی دەناین کە دەبوو لە خەیابان و بازاڕدا بیگێڕین و بیفرۆشین، بەڵام من زۆر کەم لە ڕووم هەڵدەهات هاوار بکەم و ڕۆژنامە بفرۆشم. هەڵبەت چونکە هەر منداڵەی دەتدیت باقەیەکی پێبوو نەدەفرۆشران، هەواڵی ڕۆژنامەکان شتێک بوون لەو مایەدا، مەسەلەن ڕۆژنامە نووسیبووی و عەکسێکی چەپەڵی کێشابۆوە کە ئەوە پەنجەی ڕەجەبعەلییە کە لە فڵان کوورەخانەی ئەبەرقوو سووتاوە، بەو بۆنەوە دوکان و بازاڕی مەهاباد دادەخرا کە ئێمە هیچمان نەماندەزانی ئەبەرقوو لەکوێیە و ئایا کوورەخانەی هەیە یان نا. بەڵام حیزبی توودە بەو بەهانە پڕوپووچانە وڵاتی لە موسەددیق ئاڵۆز دەکرد و ببوو بە مستی پاش قوونێ و بەوجۆرە منداڵی شارەکانیش لە خوێندن دەکەوتن. ڕۆژێک کاک

کەریم دووبارە لە کۆبوونەوەیەکدا دەقیقەیەکی بێدەنگی بە یادی شەهیدێکی نەناسراو ڕاگەیاند، منیش کە لەو وەزعە بە تەواوی جاڕز ببووم زۆر بەتوندی و بە قەڵسی گوتم ئەوە چ باسە! باشە مەگین لە تەواوی ئەو کوردستانە تاقەکەسێک بە دەستی ئەمپریالیسم نەکووژراوە! کەوا جارێک بە یادی ئەویش دەقیقەیەک بێدەنگی ڕابگەیەندرێ؟ کاک کەریم لەو هەڵوێستەی من دەهەری بوو گوتی: دەمزانی ئەتۆ شێۆنیستی، جارێکی دی مەیەوە بۆ جەلەسە. منیش لە وەدەرکەوتندا یەک دوو قسەی تەڕ مزرم حەواڵەی هەموو ئەو تێداچوانە کرد کە تا ئێستا بێدەنگیم بۆ ڕاگرتبوون. بەوجۆرە لە شەڕی ڕۆژنامە فرۆشتن و بێدەنگیڕاگرتن نەجاتم بوو، ڕیکخراوەی نەتەوەیش لە بیر چۆوە.

## شەهید قازی فەتاح

ناوبــانگی نیشــتمانپەروەری وپیــاوەتی، لەخــۆبردوویی ولێوەشــاوەیی و دەسەڵاتداری میرزا فەتــاحی قــازی واتە بــاپیرم لە ســنووورە داتاشراوەکــانی کوردستان تێپەڕیوە و لە هەموو پارچەکانی کوردستان نێو و نێوبانگی باشی دەرکردووە. هەروەها لە شێعر و شــاعیریدا دەســتی هەبــووە، بەڵام چــونکە ئەوکات شێعر کۆکردنەوە باو نەبووە، شێعرەکانی سەریان تێدا چووە و تەنیــا ئەو شەڕەشێعرەی لەگەڵ ئەتابەک کردوویەتی لە پاشی بەجێماوە. بە خــۆیی و کوڕەکانی هەمیشە چەکی پارێزگاری وڵاتیان لە شاندا بووە. ئەو کەسانەی چەکیان هەبووە، بۆخۆیان یان کوڕیان لە کاتی پێویستدا لە خزمەتیدا ئامــادە بوون و ئەو کەسانەی پیاوی وایان نەبووە بەڵام ساماندار بــوون، کەســێکیان بەکرێ گرتووە و پێیان ناساندووە تا لە کاتی خۆیدا بۆ پاراستنی هێمنــایەتی ناوچە کەلکیان لێوەرگرێ.

مــاقووڵ و گەورەپیــاوانی شــار لە مەحــکەمەی ئەم زاتە مەزنەدا ڕا و تەگبیرییــان کــردووە و ملیــان بــۆ ڕوانگەکــانی ئەو کەچ کــردووە. شــار و دێهاتەکانی لە تاڵان و بڕینی عەشایر و پیاوخراپان پاراستووە. چون دەوڵەتی ناوەندی هەستی بەوە کردبوو کە میرزا فەتاح لە نێو جەماوەردا جێــی خــۆی کردۆتەوە، لە ڕووی ناچارییەوە بڕیارەکانی بەڕێوە دەبرد. بەو جۆرە لە لایەن خۆیەوە، نەک لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە وەک حاکمی شار خزمەتی کردووە و کاروبــاری نــاوچەی بەڕێــوە بــردووە. مەرحــوومی میــرزا فەتــاح هەســتی بە دیلــی و ژێردەســتی کــوردان کردبــوو و هەوای ســەربەخۆیی لە سەردا بوو، هەر بەم هۆیەوە حکوومەتی ناوەندی، میرزا فەتــاح و کــوڕێکی

بە ناوی عەبدوڕەحمانی قازی ناسراو بە خاڵە سالار لەگەڵ هاوفکرەکەی لە بۆکانەوە بە ناوی عەلی‌ئاغای عەلیار بۆ ماوەی سێزدە ساڵان لە کوردستان دوور کردۆتەوە و بە دەسبەسەری لە تاران ڕایانگرتوون.

میرزا فەتاحی قازی لە تاران ژن دەهێنێتەوە، لە ژنی دووهەم کە فارس بووە کوڕێکی دەبێ بە ناوی موحسین‌ئاغا کە تا بەر لە شۆڕشی ١٣٥٧ هەر لە تارانێ لە حاڵی ژیاندا بوو.

ناوی باشی مەرحوومی میرزا فەتاح و کوڕەکەی، مەڕحوومی ئاغای سالار لە بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی و دوکتور ئاسۆ و زۆر کتێبی مێژوویيدا وەک تاریخی موعاسیری کورد نووسراوەی «دێیوید مەک داوێل» لاپەڕە ١٩٤دا هاتووە کە دەڵێ: «تێکهەڵچوونەکانی ئایینی لە ڕاستیدا زیاتر ڕەنگدانەوەی کەڵەوەکێشی چینایەتی بوون تا ململانەی نەتەوەیی. لە سەرانسەری ناوچەکانی کوردنشین، لە شارەکانی وەک خۆی، سەڵماس، ورمێ، سابڵاغ (مەهاباد)، سەقز، سنە، کرماشان و تەنانەت شارۆچکەکانیش، وەکوو هەموو شوێنەکانی تری ئێران، کۆڕ و کۆمەلگەگەلێک بۆ پشتیوانی لە «مەشرووتییەت» دامەزران. لە مەهابادیش قازی فەتاح کە لە سەروبەندی شۆڕشی ئەوکات دا ئازاد ببوو، ڕێبەرایەتی ئەو جووڵانەوەیەی گرتە دەست»هەروەها دیسان لە لاپەڕەی٤٠٢ دا هاتووە: «قازی محەممەد لە مامۆستایانی ئایینی زۆر بەناوبانگی مەهاباد و برازازای قازی فەتاح بووە کە لە دواییەکانی سەدەی ڕابردوودا بۆ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی مەهاباد و ناوچە، هەوڵ و کۆششێکی زۆری بەکار هێنابوو».

هەروەها «کریس کۆچرا» لە کتێبی «جووڵانەوەی نەتەوایەتی»دا ئاوا دەنووسێ:

کوڕی مامی قـازی محەمـەدە و لە سـاڵی ١٩١٦ی زایینـی لە بەرگـری شاری مەهابـاد لە دژی هێزەکـانی تـورک و ڕووس، نەخشـێکی بەرچـاوی هەبـووە. لە دواییـدا لەگەڵ یەکێـک لە کوڕەکـانی خـۆی هەر لەو شـارەدا دەکووژری.»

میرزا فەتاحی قازی لەبەر ئەوەی کە پیاوێکی ئایینی و موسوڵمان بـووە، لە شـەڕی جیهـانی هەوەڵـدا لایەنگـری تورکەکـانی کـردووە و بەگـژ ڕووسـەکاندا چـۆتەوە و چەنـد جـار لە نـاوچەدا هێزەکـانی ڕووسـیی تێکشکاندووە، چەند جاریش بۆخۆی تێکشکاوە. لە ئاخرین پێکدادانـدا کە تورکەکـان تێکشـکاون و بەرەو ئێـراق پاشەکشـەیان کـردووە، ئەویـش بـۆ بەرگری لە کوشـتاری پـتری خەڵکـی بـێ پەنـای شـار لەگەڵ ڕووسـەکان کەوتۆتە شەڕێکی نابەرانبەر و هەتا ڕاگوێستنی ژن و منداڵ بـۆ پەناگـایەکی ئەمـن، لە پێشـیان ڕادەوەسـتێ و شـەڕ دەکـا. لە ئاکامـدا زۆر بەتونـدی لە خەزاییڕا دەکەوێتە بەر دەسـڕێژی ڕووسـەکان و شـەهید دەکـرێ. تەرمـی پیـرۆزی لە حەسـاری مزگەوتـی شـادەروێش لە تەنیشـت مەرحـوومی شادەروێش بە خاک دەسپێردرێ.

لە شەڕی نێو شـاردا کە لە نێـوان پێشـمەرگەکانی حیزبـی دێمـوکرات و هێزەکـانی کۆمـاری ئیسـلامی ڕووی داوە، چەنـد کەسـێک بە گـوللەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید دەبـن، چـون مـاوە نەبـووە بیـانبەن بـۆ قەبرستان، لە حەساری مزگەوتی شادەروێش و مزگەوتەکانی تـر دەنیـژران، ئێستا ئەو شوێنە و گڵکۆی ئەو کەڵەپیـاوە (میـرزا فەتـاح) بـۆتە زیارەتگـای ئەویندارانی ڕێگـای ئـازادی و سـەربەخۆیی. یـادی پیـرۆز و ڕێـگەی هەر بەردەوام بێ.

## ڕووداوی عەزیز خانی کرمانج (عەزیزبەگی یاسیکەند)

پاش خەرمانانی ١٣٢٠ کە مەسەلەی کۆپینی قەند و شەکر و کۆتاڵ هاتە گۆڕێ، جەماعەتێک کەڵکی ناڕەوایان لێوەرە گرتبوو، هێندێک کەس پێیان وابوو دۆسیەکەیان لە شارەبانی ئەوکاتدایە کە لە نیزیک شارەبانی ئێستایە.

ئەو جەماعەتەی کە لە خۆیان بەشک بوون، عەزیزخانی کرمانج هەڵدەخەڵەتێنن و وەتەماحی دەخەن. ئەویش دەچێتە سەر بڵیندایيەک و وتارێکی دوورودرێژ بڵاو دەکاتەوە کە لەوێدا ڕایدەگەیێنێ ئەو پاسەوانانەی کە خۆیان لە ئیدارەدا حاشارداوە، هەر ئەو کەسانەن کە زەمانێک نێفەکی پیاوانیان دەبڕی و چارشێوی ژنانیان دەدڕاند. ئێستاش پێویستە سەزا بدرێن. جەماعەت کە ئەو شتەیان وەبیر دەکەوێتەوە، سەریان گەرم دادێ و بە چەکەوە هێرش دەبەنە سەر شارەوانی. پاسەوانەکانیش بەرگری لە خۆیان دەکەن و لەم نێوەدا عەوڵانێویێک دەکووژرێ، پاسەوانەکانیش لە لایەن جەماعەتەوە قەتڵوعام دەکرێن و پەروەندە و شت لە بەین دەچن. نێوی ئەوکەسانەی کە لە مەسەلەی کۆپین کەڵکی ناڕەوایان وەرگرتبوو، وەسەر زاران دەکەوێ. بەڵام چون ڕووداوەکە زۆری بە سەردا تێپەڕیبوو و دەوڵەت ئەو هێزەی نەبوو کە لێی بکۆڵێتەوە لە بیر چۆوە.

## کڵاولەسەرنانی قەواموسەڵتەنە

یەکێک لەسەیروسەمەرەکانی ڕۆژگار ئەوەیە کە لەو مەهابادە کابرایەکی شارڕلاتان و جامباز، بەڵام زیرەک و نەترس بە ناوی سەید ڕەحیمی جەعفەری دەچێتە کن قەواموسەڵتەنە کە ئەوکات سەرۆکوەزیرانی ئێران بوو. پێی ڕادەگەیەنێ ئەگەر بیەوێ ئەو دەتوانێ حاجی باباشێخ (سەرۆک وەزیری کۆماری کوردوستان) بۆ وتوویژ بێنێت بۆ تاران. قەوام لەو پێشنیارە پێشوازییەکی گەرم دەکا و ڕادەسپێری بە حاجی بابەشێخ بڵێ بێ بۆتاران. پیاوێک بەناوی عەزیزی موشیری دەبینێتەوە کە زۆر وەک حاجی بابەشێخ دەچێ، پێیدەڵێ بۆ ماوەی دەپازدە ڕۆژ ڕدێنی نەتاشێ و چەند میتر شاڵ بکڕێ و لە سەر و قەدی ببەستێ و عەبایەک بە خۆی دادا. هەرچی عەزیزی موشیری لێی دەپرسێ کە بۆچی وابکەم، سەید ڕەحیم لە وەڵامدا دەڵێ: پاشان لێت ڕوون دەبێتەوە.

پاش ئەوەی ڕدێنی عەزیزی موشیری بە ڕادەی پێویست دێتەوە، سەید ڕەحیم پێیدەڵێ جا ئەوجار بڕۆ لە کارێژ دوو بلێت بکڕە با بچین بۆ تاران. عەزیزی موشیریش دەچێ دوو بلێت دەکڕێ و بۆ سبەینێ سواری ماشێن دەبن، بەرەو تاران وەڕێدەکەون. لەوێش پێی دەڵێ جا بچوو بۆ فلان موسافیرخانە و دوو تەختان بگرە. شەوێ لە موسافیرخانە پشوو دەدەن و بۆ سبەینێ سەید ڕەحیم دەچێ بە قەوام ڕادەگەیەنێ کە ئەوە حاجی باباشێخم هێناوە، چ دەفەرمووی؟ ئەویش کاتێکیان بۆ دادەنێ کە مەسەلەن سبەینێ

سەعاتی فڵان وەرن بۆ دەفتەری سەرۆک وەزیران، لەوێ چاومان پێک دەکەوێ.

که دەگەڕێتەوە بە عەزیزی موشیری دەڵێ بڕۆ تاکسی بگرە با بچین بۆ لای قەوام. عەزیزی موشیری کەگوێی لە ناوی قەوام دەبێ، گوێقوڵاغ دەبێت، بەڵام سەید ڕەحیم زۆری غیرەت وەبەر دەنێ کە نیگەران نەبێ، کارەکە بە سەڵاحی هەردووکمانە، ئەتۆم وەک کەسایەتییەکی گەورە (حاجی بابەشێخ) بە قەوام ناساندووە. ئەتۆ هەر ئەوەندە خۆ ون مەکە، ئەگەر پرسیاری لێکردی وڵامی پێویست بدەوە، لەمەو دوواوە تۆ حەقت بەسەریەوە نەبێ خۆم جێبەجێم کردووە. لە وەختی دیاریکراودا دەچن بۆ بنکەی سەرۆک وەزیران و زۆر بە ڕێزەوە تا لای قەوامیان دەبەن. لەوێ وتووێژ دەستپێدەکەن کە دەقی وتووێژەکە لە بەر دەستدا نییە. لە گەڕانەوەدا قەواموسەڵتەنە حەواڵەیەکی زۆر قەند و شەکر و کوتاڵ دەدا بە سەید ڕەحیم. پێی ڕادەسپێرێ ئەوەش بابەتی زەحمەتەکانی ئێوەیە. کە دەگەڕێنەوە سەید ڕەحیم حەواڵەکەی وەردەگرێ و خوردی دەکاتەوە. بەڵام هەرچی عەزیزی موشیری چاوەڕوان دەبێ سەید ڕەحیمی لێ وەژوور کەوێ و بەشی بدا، خەبەرێک لە سەید ڕەحیم نابێ.

عەزیزی موشیری ئیتر تاقەتی لێ دەبڕێ و دەڵێ با بۆخۆم بچم بەشی خۆم وەرگرم. کە دەچێتە ماڵە سەید ڕەحیم و جەریانەکەی وەبیر دێنێتەوە، داوای بەشەکەی خۆی لێ دەکا. سەید ڕەحیم لێی دەرهەڵ دەبێ و زۆر بە توندی بە گژیدا دێ و بە گوڕەگوڕ دەڵێ: بڕۆ ماڵت شێوێ بەشی چی؟ ئەتۆ کڵاوت لە سەر دوو دەوڵەتان ناوە و ئابڕووی حاجی بابەشێخت

بردووە! ئەتۆ کەنگێ سەرۆک‌وەزیرانی کوردستان بـووی؟! ئەگەر هەر زوو نەڕۆی ئێستا بە گرتنت دەدەم. عەزیزی موشـیری لە حاڵێکـدا کە ئەوزەمـان دووسەد سێسـەد تمەنـی خەرج کردبـوو، ئەوەش پـووڵێکی کەم نەبـوو، بە هەزار پچڕپچڕ لە شەڕی سەید ڕەحـیم نەجـاتی دەبـێ و بە دەسـتی بەتـاڵ دەگەڕێتەوە.

## میرمیرێن

بۆ پاراستن و بەرگری لە خراپە و زوڵم و زۆری زۆرداران، شانۆیەکیان بە ناوی میرمیرێن لە گەڕەکی شوانان پێکهێنابوو. میر لە ناو خەڵکی ئاسایدا هەڵدەبژێردرا و ئەرکێکی گەورەی وەئەستۆ بوو. کەسێک کە وەک میر هەڵدەبژێردرا، مافی پێکەنین تەنانەت بزەی سەرلێویشی نەبوو. ئەو کەسە حەقی نەبوو بە هیچ چەشنە گاڵتەیەک پێبکەنێ. هەرچەند ویشکەڕن و چەند جوورە گاڵتەی جیاوازیان بۆ نمایش دەدا، بەڵام میر نەدەبوو بزەی بێتێ. پێکەنین و بزەی میر هەمان و تێهەڵدان و خوری شۆرکردن و لادانی میر لە میرایەتی هەمان. ئینجا کەسێک کە وەک میر هەڵدەبژێردرا، هەر حوکمێکی کردبایە دەبا بەڕێوە بچووبایە. میری شار بۆ هەر گەڕەکێک بە نۆبە چەند کەسی وەک کێشکچی دیاری کردبوو و ئەو کێشکچیانە پاسەوانیی شاریان دەدا. میر بۆ مەخاریجی ئەو کێشکچییانە دەسەر ئەو کەسانەی کرد کە ساماندار بوون، ئەوانیش بە گوێرەی توانایی خۆیان و ئەوەندەی کە بۆیان دیاری کرابوو پووڵیان ڕادەستی میر دەکرد. وەبیرم دێ کە میر ٥٠ تمەنی لە قازی محەممەدی شەهید کە هێشتا نەببوو بە پێشەوا وەرگرت. بەوجۆرە هێمنایەتی شار وەدیهات و وخەڵکی زۆر بە باشی پارێزرا بوون. میرمێرێن ئەوکات لە شاری مەهاباد تەواو ڕەنگو و بۆنی سیاسی بە خۆوە گرتبوو، تا ڕادەیەک کە ڕۆژنامەکانی تاران کە هەستیان

بەوە کردبــوو میرمیرێنــی مەهابــاد تەنیــا داب ونەریتێکــی ســادە نییــە، نووسیبوویان «با میر مهاباد شوخی نکنید، واتـا میـری مەهابـاد بـۆ گـاڵتە نابێ».

## شەهیدانی کۆمار

سبەینەیەکی زوو لە مەحـکەمە کە دەڕوانێـتە سـەر چـوارچرا، بە نەعـرەتەی پێشـەوا کە گوڕانـدی: «بـژی کـورد و کوردسـتان بە خـوێنی مـن» لە خەو ڕاپەڕیـم. کە ڕوانـیمان تەواوی دەوروبەری چـوارچرا بە سـەرباز تەنرابـوو، پێشەوا و هاوکارەکانی لە سێدارە درابوون. بەر لە ئێعدام کردنەکەی داوای لە دادستان کردبوو بە هۆی ئەوە کە بە پێی دینی ئیسلام لە سێدارە دان کارێکی پەسەند نیە گوللە بارانی بکەن. بەڵام دادستان پێیدەڵێ چوونکە ئەتۆ نیزامی نی دەبێ بە هۆی دارەوە ئێعدام بکرێی. پێشەوا قـازی محەمـمەد لە وڵامـی دادستاندا دەفەرموێ: ئەگەر ئەمن نیزامی نیم بۆ لە دادگای نیزامیدا محاکمە کرام!؟ محەممەدحوسێن‌خانی سەیفی قازی، ئـامۆزای پێشـەوا و سـەدری قازی بووە. وەزیری شەڕی کۆمار، مرۆڤێکی چوارشـانە، نەتـرس و بەخـۆ بووە. کاتێک بۆ هەوەڵ جار دەیبەنە بەر پەتی سـێدارە تەنـافەکەی دەپسـێ، بەردەبێتەوە سەر عەرزی. بەڵام دووبارە هەڵیدەستێننەوە و تەنافەکەی دە ملی دەکەنەوە، لەو کاتەدا محەمـمەد حوسـێن خـان ڕوو لە جەلادەکەی دەکـا و پێیدەڵێ: تەنافەکەشتان هەر وەکوو ڕژیمەکەتان ڕزیوە. سەدری قازی بـرای بچووکی پێشەوا و نوێنەری پاڕلمان لە لایان خەڵکـی مەهابـادەوە، کاتێـک چـاوی بە تەرمـی پیـرۆزی پێشـەوا دەکەوێ دەڵـێ: بـرای گەورە و بەڕێـزم پێشەوای کوردوستان بمبورە و گەردنم ئازا بکە، ئەوە من بووم فریوی بەڵێنیە درۆکانی قەواموسەڵتەنەم خوارد. نەمهێشت ئەوەی بیرت لێدەکردەوە بیکەی بە کردار، ئەگەر مـن بـڕوام بە درۆکانیـان نەکردبـایە تـۆ بە هاسـانی خـۆت

ڕادەستی ئەم خوێڕیانە نەدەکرد، بمبوورە گەورم!

ڕۆژ لە پشت کیوی داشامەجید، بەشەرمەوە گزینگی دەهاویشتە سەر چوارچرا، بەرەبەرە جەماعەت داورووکان و هەموو بە سەرسوڕمان وپەرۆشەوە بەناباوەڕی دەیانڕوانییە تەرمی ئەو شەهیدانە، بێدەنگییەکی بەسام و سەیر بە سەر وڵات و خەڵکدا کشابوو. دەتگوت بڕوایان بەچاوی خۆیان نییە و ئەو ڕووداوە تاڵ و دڵتەزێنەیان نەدەیتووە. بە بێدەنگی لە پەنایەک بێ ئەوەی یەکتر بدوێنن یا سڵاو لە یەکدی بکەن، سامی ئەو دیمەنە دەیگرتن، بەکوڵ دەگریان وتێدەپەڕین. غەفوورەشەلی مەحموودیان لە کاتی جمهووریدا برایەکی کووژرابوو بەگومانی ڕووسەکان برای غەفوورەشەل جاسووسی ئینگلستان بوو، ڕۆژێک ئەو گومانلێکراوەی بە کووچەی جوولەکاندا کە کووچەیەکی چۆلوهۆل بوو دێنن، لە پەنجەرەیەکڕا کەسێک تەقەی لێدەکا و دەیکووژێ. غەفوورە شەل پێی وادەبێ براکەی بە دەستووری حکوومەتی کورد کووژراوە، بەو تۆڵەیە بە نووکی گۆچانەکەی لە کەوشی پێشەوا دەدا دەڵێ: «ای کشته، که را کشتی تا کشته شدی زار، تا باز که او را بکشند آنکه تو را کشت؟ واتا ئەی کوژراو، کێت کوشتووە کە کووژرایەوە و ئاخۆ کێ ڕۆژیک بکووژەکەی تۆ دەکوژێتەوە؟». پاش چەند ڕۆژێک کەسێک بە ناوی عەبدوڵلا کوردە دەگەڵ چەن کەسێکی تر، غەفوورە شەل وەگیر دەخەن و بەو تاوانەی تا توانیبوویان لێیاندابوو.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆماری کوردستان ئەوەبوو لەو ماوەیەدا تەنیا ئەو یەک نەفەرە کووژرا، ئەویش بە فیتی ڕووسەکان، بوو. بە پێچەوانەی حکوومەتی تەورێز هیچ چەشنە زیندانییەکی سیاسی و پۆلیسی

نەهێنی لە دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا لە ئارا نەبوو. خەڵک بە ئاشکرا گوێیان بۆ ڕادیۆکانی بێگانە ڕادەگرت، ئەو مەسەلەیە لە نووسراوەکانی ئەو هەواڵنێر و پیاوە سیاسییانەی کە لە نیزیکەوە ئاگاداری بارووذۆخ و هەڵسووکەوتی کۆماری کوردستان بوون بە جوانی ڕەنگی داوەتەوە. حەوتوویەک لە دوای کارەساتی قازییەکان لە چوارچرا و هەر لەو شوێنە چوار کەسی تر لە ئەفسەرەکانی کۆمار بە ناوەکانی عەبدوڵا ڕۆشەن فکر، حامیدی مازووچی، محەممەدی نازمی و ڕەسووڵ نەغەدەیی لە دار دران. لە دوای ئەو ڕوداوانە ئیتر وڵات بە گشتی کش و مات بوو دەتگوت خۆڵت وەسەر شار گێڕاوە، خەڵک بۆساڵیانی ساڵ ڕەش پۆش و تازیەبار بوون.

دەوڵەت بۆ ئەوەی هێندێک لە باری گرانی ئەو تاوان و جەنایەتە سامناکە بخاتە سەر شانی خەڵک، نامەیەکی سازکردبوو کە گۆیا ئەو خەڵکە داوای سزا دانی پێشەوا و هاوکارەکانیان کردووە. ئەو نامەیە بە هۆی چەند کەسێکەوە وەک شێخ ڕەحیم و شێخ ڕەحمانی شەمسی بورهان، محەممەد ناوێک و کەسێکی دیکە بە ناوی کەریم کوڕی موتەللیبە لەرزە دەگێڕدرا. کاتێک ئەو کاغەزەی بۆ عەلی ئاغای ئیلخانیزاد "عەلیار" دەبەن دەڵێ: ئەمن ئەگەر قازیم ناخۆش بوێ، بۆخۆمم ناخۆش دەوێ، نەک بۆ دەوڵەت، ئەگەر پیاوی گەورەی وەک قازی نەبێ، ئەمن لەگەڵ کێ کەڵەوەکێشی بکەم؟ ئەو کەسانەی کە واژۆیان کردووە ڕووڕەشی دنیا و قیامەتن. پاشان دەیبەن بۆ مەلا بۆزەنیانی ناسراو بە مەلا ڕەشە یا ماوەڕانی، ئەویش ئیمزای ناکا. پاش ماوەیەک شا پووڵێک دەنێرێ بۆ مەلاکان وەک پاداشی ملووکانە، مەلاڕەشە ئەو پووڵەی وەرناگرێ و بە مەئموورەکەی دەڵێ: ما آبروی فقر و قناعت نمی‌بریم، به پادشه بگوی که روزی مقدر است، واتا ئێمە بۆ ماڵی

دنیا ئابڕووی نەبوونی و هەژاری نابەین، بە خاوەن شکۆ بڵێن ئێمە بە بەشی خۆمان ڕازین و خودا ڕسق و ڕۆزی ئێمەش دەنێری. مەلا ماوەڕانی جگە لەوەی کە پێشنوێژی مزگەوت بوو لەسەر بڕە زەویەک لە قەراغ شار، کشت وکاڵی دەکرد. لەو دوایانەدا کتێبێک وەدەر کەوتووە و ناوی ئەو کەسانەی تێدا تۆمار کراوە کە ئەم نامیلکەیان ئیمزا کردووە، کوڕی یەکێک لەو کەسانە ناڕەزایەتی دەربڕیوە و دەڵێ بە هۆی جەخت و گووشاری دەوڵەت ئەو کارە کراوە و بەو شێوە دەیهەوێ بابی و ئەو کەسانەی کە ئەو تۆمارەیان ئیمزا کردووە، بێ‌تاوان نیشان بدا. بەڵام ئەگەر بێتوو ئەو داوایە ڕاست بێ، ئەی جیاوازی خۆڕاگری و تەسلیم بوون لە چی دایە؟ بێ گوومان ئەو گووشارە بۆ سەرمەلاڕەشەش هاتووە، بەڵام ئەو خۆ ڕاگری هەڵبژارد و بەوجوورە جیاوازی خۆڕاگرتن و خۆبەدەستەوەدانی سەلماند.

ئەوکات کوڕوکاڵ ئەو بەیت و باوەیان بۆ شێخ ڕەحیم ڕێکخستبوو: سەد تمەن و بارێک خەنە دوو تر دەڕدێنی شێخ ڕەجیم بکەنە. هەروەها بۆ موفتیش دەیانگوت: چەلەنگی نەفتی...بە گۆڕی مفتی.

ئەبەو شێوەیە خەڵک دژایەتی و تووڕەیی خۆیان بەرامبەر بەو کردەوە نامەردانەیە دەردەبڕێ.

## هاتوچووی شار و قازیئاوا

پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان، بارووددۆخی ئێمە بەجارێ شپرزە ببوو، لە لایەک پێشەوا و هاوکارەکانی کە زیاتریان خزم بوون لەدار درابوون و بابیشم کە سەرگوردی کۆمار بوو، ماوەیەک زیندانی کرا. لە دوای ماوەیەک مەرحوومی مامە قازی کەریم و بابم ماڵەکانیان ئاڵوگۆڕ کرد، ئەوان کە لە قازیئاوا دەژیان ماڵیان هاتە شار و ئێمە کە لە شار بووین ماڵمان برد بۆ قازیئاوا کە لە ڕۆژئاوای مەهاباد چەند کیلۆمیترێک لە شار دوور بوو.

حەوتووی جارێک پوولێکم بە کێشەکێش لە بابم دەستاند کە بێم بۆ شار حەمام بکەم و واکسێک لە کەوشەکانم بدەم، شتێک بۆ ماڵێ و بڕە چڵەیەک بۆ هەلاڵەی کچم بکڕم و بگەڕێمەوە. سەیر و سەمەرەی ڕۆژگار، هەموو جارێ دەتگوت ئەو کەسانەم بە ئانقەست دێنێتە سەر ڕێگا. یەکێک لەوانە سەیدێکی سواڵکەر بوو کە پێمان دەگوت سەید چەکمەدڕاو، هەر دەگەیشتمە دوورونیزیکی گومرگ لێم پەیدا دەبوو و دەستی پێدەکرد: ئاغا میرزا فەتاح هاتە خزمەت باوکم، لە خزمەت باوکمدا دانیشتبوو، باوکم وای فەرموو وایان کرد و وا چوو، بەو قسە قۆڕانە لەو پووڵە کەمە پێنجقڕانی لێ دەستاندم. چەند میتر خوارتر دەگەیشتمە پیاوێکی باریکی درێژ کە پێشتر قاپچی ئیدارەی دوخانیات بوو. دەستی پێدەکرد کە بابت میرزا خەلیلی فەتاحی(!) تا لە مەهاباد ڕەئیس بوو، بۆ من ئەهێندە چاک بوو، پیاوی وەها دەست ئاواڵە نابێتەوە و... ئەویش بەوجوورە پێنج قڕانی دەپچڕی. چەندسەد میترێک ئەولاتر تووشم بە تووشی پیرەژنێک دەبوو بە ناوی

ئایشێ شێت: ئەیڕۆ بۆت بمرم، خاڵۆژنی خۆت ئەوکات منداڵ بووی هێندەهێندەی خزمەت پێکردووی، چەندم بە قەلاندۆشان هەڵگرتوویی، ئەویش بەوجووره پێنج قڕانەی خۆی دەبرد.

بڕێکی دیکە دەهاتمە خوار تووشی ئایشێ دەنگ نوساو(جەنووز) دەبووم، ئەویش سەد شێر و ڕێوی پێنچ قڕانی بۆ دێنامەوە، بە کۆڵێ هێناومی و بردوومی و بەوجووره تا دەگەیشتمەوە نێو شار چی وام پێ نەدەما. ئێوارە بێ ئەوەی بەرنامەکانی پێشتر دامرشتبوون و بیرم لێکردبوونەوە، بەڕێوە بەرم و بێ ئەوەی بتوانم شتێک بۆ هەلاڵە بکڕم، بە دەست ڕاوەشاندن و سەرشۆڕی دەگەڕامەوە قازیئاوا.

ڕۆژێک تەمام گرت کە بەرپرچی ئەو ڕێگرانە بدەمەوە و ئەم قەڵەم نووسە تێک بشکێنم، هەر گەیشتمە چەکمەدڕاو هەمیسان دەستی بە پاڕانەوە و لاڵانەوە کرد، پێم گوت: بڕۆ هەی بابیشت وەک خۆت سواڵکەر، چۆن ئاغا میرزا فەتاح کە بەرهەڵەستی دەوڵەتی وەک تێزار و ئێرانی کردووە، هاتووەتە خزمەت باوکت، بڕۆ جارێکی دیکە نەتبینمەوە. لە جێی بۆرین گەیشتمەوە ئەو کابرا درێژەی کە پێی وابوو کوڕی میرزا خەلیلم و نەیدەزانی میرزا خەلیل زاوامانە، بەگژیدا هاتم کە من کوڕی وی نیم و ئەو زاوامانە و جارێکی دیکە پێشم پێ نەگری و بەو شێوەیە ئەویشم تێڕۆر کرد. بڕێک واوەتر وەک پێشوو ئایشێ شێت هاتە پێش، ئەویشم بەو مەرەدەی برد. ئاخرییەکەی گەیشتمە ئایشێ دەنگنووساو(جەنووز)، ئەویش بە نووزەنووز دەستی پێکرد، نەمهێشت زۆری لەسەر بڕوا پێم گوت: بڕۆ ماڵت شێوێ، ئەتۆ بۆ ناچییە ئورووپا لە سەر ڕادیۆ پەیکی ئێران بەو دەنگە نووساوەی خۆت بەرنامە بڵاو بکەیەوە و ئاژاوە بنێیەوە، چت لە پێنج قڕانی من داوە؟

بڕۆ لەوێ ئیستیخدام بە و مووچەیەکی چاک وەربگرە، خۆ لە تۆ بەکڕووزتر و بەنووزەنووزتر و دەنگ ناخۆشتریان وەگیر ناکەوێ. جا بە ڕاستی سەریشم سوڕ مابوو کە چۆن حیزبی توودە نەیتوانیبوو ئەو پیرەژنە دەنگ ناخۆشە ببا بۆ سەر ڕادیۆ پەیکی ئێران، یان بە قەولی کاک ئەحمەدتۆفیق «پەتکی ئێران» و بەرنامەیان بۆ بڵاو کاتەوە. ئاخر ئەوان لە دۆزینەوەی ئەو جۆرە کەسانەدا زۆر شارەزا بوون.

بەوجوورە ئەوانەم لە مل خۆم داڕنی و لەمەوپاش توانیم بە ڕێکوپێکی بگەڕێمەوە و بە دەستی پڕ و بە سەربەرزی بچمەوە ماڵێ. هەڵبەت پاشان کە ماڵمان هاتە شاری ئەوانەی ئەو کات لە ملی خۆمم داڕنیبوون دەهاتنە ماڵی و بە ڕووخۆشی پەزیراییمان لێدەکردن.

ئەمن کە خوێندکار بووم، بۆ ئەوەی بتوانم درێژە بە خوێندنەکەم بدەم نەمدەتوانی بەو شێوەیە لە قازی ئاوا بمێنمەوە چووم بۆ بەهار بەند ماڵی قازی کەریمی مامم. بەهاربەند ماڵێکی گەورە و کۆن بوو و حەسارێکی گەورەی هەبوو و چواردەورەی ماڵ و خانووی بە خشتی سوور بوو و بابم و مامەکانم بەشیان تێیدا بوو لە ئاخری حەسارەکە داڵانێکی درێژ چێ کرابوو و دوو دەروازەی پێوە بوون. یەکیان بەرەو ژووریَ دەکراوە و یەکیان بەرەو کووچە. بە چەن پلیکانی خواروخێچ و تاریک دا دەچوویە تەبەقەی دووهەم کە وەتاغێکی گەورە و پێشخانەیەک بوو و چەن پەنجەرەی شڕ و شەوێقیشی تێدابوو، پێیان دەگوت مەحکەمە. وەختی خۆی ئەم شوێنە مەحکەمەی قازی مونعیمی باپیرم بوو.

مامم حەوت کوڕی هەبوو و بە منەوە دەبوو بە هەشت. شەوانە لەگەڵ حەکیم(میرزا سەعید بابی کە لە قەدیمەوە لە مەحکەمە دەژیا) لەوێ

دەنوستین، ئەو حەسارە حەوزخانەیەکی زۆر گەورە و جوانی تێدا بوو هاوینان هەوایەکی یەگجار فێنک و خۆشی هەبوو، ئەو حەکیمە جارێکیان بە ڕێڕەوی ئاوەکەدا ڕۆیشتبوو بۆ ئەوەی سەرچاوەکەی ببینێتەوە وەکی دەیگوت ئەو داڵانە تاریکە شوێنی وای هەبوو دەتوانی بە ئەسب غاری تێدا بدەی و جاری واش دەبوو سینەخیز بۆی بڕۆی. نێوە نێوە بارێکمان دارە بی تەڕ لە قازیئاوایەڕا بۆ دەهات کە بە تەوەڕداس قەڵتوبڕمان دەکرد و لە پەنایەک لە سەر یەک هەڵمان دەچنین، شەوانە باوەشێک لەو قەڵاشکەرییەمان دەبرد بۆ مەحکەمە. شەوێک کاک مستەفای ئامۆزام چرای هەڵگرتبوو و ئەمنیش قەڵاشکەری دار بە باوەشەوە بە دوویدا دەڕۆیشتم، لە ڕێگادا لێمان بوو بە شەڕەدندووکە، ئەو چرای دانا، ئەمنیش باوەشە قەڵاشکەریم دانا. ئەو بە خڕکەبەرد و ئەمنیش بە قەڵاشکەر وەرگەڕاینە سەر و گوێلاکی یەکتر و قەڵاشکەری و خڕکە بەرد هەر ویرەی دەهات، مامم کە لە پەنجەرەڕا ئاگای لەو ویزە ویزە بوو، یەکی هەزار جنێوی پێداین بەڵام بە وەش ئۆخژنی نەهاتێ، لێمان هاتە خوارێ و یەکی سێ چوار تفی تەڕی لە نێوچاوانمان کوتا. لەو حەیسوبەیسەدا قەڵاشکەرییەک وە شووشە چرا کەوتبوو، هەرچەند ئەودەم شووشە چرا بە دوو قران بوو بەڵام دووقڕانەکەش نەبوو و ماوەی چەند شەوان لە تاریکاییدا دادەنیشتین تا ئاخری نازانم مامم چۆن دووقڕانەکەی پەیدا کرد و شووشە چرای بۆ کڕین و لە تاریکایی هاتینە دەر.

ئەوزەمان موسافیرخانە نەبوو ئەگەر کەسێک هاتبا شار لە ماڵە خزم و قەومی خۆی دەماوە. مەحکەمە بە شەو و ڕۆژ، لە خزم و دۆست و ئاشنای شار و دێهات جمەی دەهات، لە ساروقامیش و حاجیئاباد، قاڕنجە و

کۆنەدێ، وزوندەرێ و گۆلێ و ئاڵبلاغ و چۆمەلان ڕا میوانمان بۆ دەهات. چون پێخەفیشمان بە ڕادەی پێویست نەبوو، هەرکەس دەبوو بزگورێکی خۆی دابا بە میوان، حەمامیش لە نێو ماڵاندا هەر نەبوو و ئەسپێ و ڕشک وەک خیزوخۆڵ هەڵڕژا بوو.

ئەمن ئێوارەی پێنجشەممۆیان کەچەکەوشی دایکمم بە سەرپێوە دەکرد بەرەو قازی ئاوا لوور دەبوومەوە، ئەگەر زستان با دەبوو ئەو بەفرە قورسەشم بڕیبا و ئەو ڕێگا درێژەم پێوابا. کە دەگەیشتمەوە دەسبەجێ لیباسیان لە بەر دادەکەندم و لە تەندەووریان دەوەشاند. قرچەقرچی سووتانی ئەسپێیان دەتگوت شەڕەتفەنگی نێوشارە، لە سەر شۆرکە دەیانشوشتم و لە سەر کوورە بە شانەی داری ژنانە، سەریان بۆ دادێنام کە بە دەیان ئەسپێ دەکەوتنە سەر کوورە و دەسووتان. نێوە نێوەش بابم کوێخای وە نێو دێ دەخست بە هەزار کوێرەوەری پێنج تمەنی بۆ قەرز دەکردم و وەک بابمردووان بەرەو شار و مەدرەسە بەڕێیدەکردمەوە.

ئێمە بۆخۆشمان لە حەساری مەحکەمە ماڵێکمان هەبوو، بە هۆی ئەوە کە ئەو کات دەرسم دەخوێند و ماڵە مامم لە ڕادەبەدەر قەرەباڵغ بوو و بۆخۆشم هەمیشە هەوای سەربەخۆییم لە سەردا بوو، بەرببینگم بە بابم گرت کە دەبێ مەنزڵم بۆ دانێی، هەر جۆرێک بوو ڕازیم کرد، بابم دەستێکی بەسەر وەتاغێکیان داهێنا و یەک دوو بەڕە و دەستەنوێنێکی بۆ ناردم لەو ماڵە ژوورێکمان ئاوەدان کردەوە و دەگەڵ شاشان خانمی خووشکم لە وێدا نیشتەجێ بووین. لە قازی ئاوا پیاوێکمان هەبوو حەمەد ئاغایان پێدەگووت، کارەکەی پتر دارفرۆشتن بوو کیتەڵە ماستێک و نەردوو نانێکیان دەدایە کە بۆم بێنێ، تا دەگەیشتێ ماستەکە دەبوو بە دۆ و دەترشا کە پەڕۆت لە زارکی

کیتەڵە دەکردەوە دەتگوت تفت لە نێوچاوانی دەکوتن. ژنێکیشم بە ناوی بەسێ ئاکۆیی مانگێ بە سێ تمەن گرتبوو و بە گۆزان لە چۆمیڕا ئاوی بۆ دێنایین. کاکە محەمەدم (برا گەورەکەم)مانگێ یەکدوو جار بە خۆی و کوێخاکەی کاک حەمەشەریف دەهاتن و لێم میوان دەبوون. کە کاکم دەهات، خزم و قەوم و ئاشنا دادەورووکان و دەستیان دەکرد بە سیغارکێشان(من لە ژیانمدا نە سیغارم کێشاوە و نە مەی خۆریم کردووە) بە چڕەدووکەڵ وەتاغەکەیان قانگ دەدا، بەر دەبوونە قسان کە پتر گێڕانەوەی چلۆنایەتی ڕاوکردن بوو. هێندەیان ئەو داستانە گێڕابۆوە بۆخۆیان لێیان تێکدەچوو، ئەمن کە هەمووم لەبەر کردبوون هەڵەکانم بۆ ڕاست دەکردنەوە کە دەبوو بە مایەی تووڕەبوونی ڕاوچییەکان. بۆ وێنە جاری وابوو کەروێشکێک کە بە قەد گیسکێک دەبوو، لە تەماڵدا هەر بە فیشەکێک دەکوژرا. جاری وابوو دەردەپەڕی لە پاشەڵیان دەدا، چەن هەنگاوێک بە شەلەشەل دەڕۆیی، جاری وابوو وەخاڵیگەی دەکەوت و دەعەرزی دەگەوزا، جاری وابوو لە مامخاڵ دەکوژرا، جاری واش لە خڕی خەڵوەی. ئەگەر باڵندەش با، جاری وابوو بە یەک تەقە، جاری واش هەبوو بەحاڵ وە سەری باڵی دەکەوت و دەبوو بە ققنووس و پاش چەندها تەقە دەکووژرا. کاکم عادەتی وابوو زوو زوو تینووی دەبوو، بە چەن دەقە جارێک دەیگوت: عومەر ئاو! ئەمنیش قاپێکم ئاو بۆ دەبرد. ئەو وەتاغە هەم جێی خوێندنم بوو و هەم ئاشپەزخانە و میوانخانەش. من بە گشتی مرۆڤێکی قەڵس و تووڕەم، زوو دەڕهەڵدەبم و زووش ئەهوەن دەبمەوە، شاشان خانمی خووشکم تاقەتی ئەم خوو و خدەی منی نەما و چۆوە بۆ قازی ئاوا و بەتەنێ مامەوە.

واهـــات لە ســاڵی ســێهەمی دەبیرســـتان ڕەد بـــوومەوە، کـــاکم زۆر بە لۆمەولەقەم بوو و زۆریش دژی سەرداهێنان و بەخۆڕاگەیشتن، دەستی کـرد بە سەرکۆنە وبەگژم دا هاتەوە کە خەمیردان و میسواک و سەرداهێنان ڕەدی کردییەوە. ئەمنیش گـوتم نـاوەڵلا «عـومەر ئـاو» ڕەدی کـردمەو! کـاکم بە بیســتنی ئەو قســە وەک پــزو دەرهەڵ بــوو و بە قەڵســی وەدەرکەوت و تــا یەکدوو مانگان هاتوچۆی مەنزڵەکەمانی نەکرد. بەڵام لە ڕاستیدا نە شـانە و نە میسواک و نە عومەر ئاو، هۆی ڕەدبوونەوەم نەبـوون، هـۆی سـەرەکی هەموو ڕۆژێ خۆپێشاندانی سەر شەقام و شەڕە شەقی کۆڵانان بوو.

مامۆســتایەکی ئــایینیمان هەبــوو بە نــاوی مەلا ئەحــمەدی ئەشرەفــی، خودالێخۆشبوو وانەی عەڕەبیشی دەگـوتەوە. ڕۆژێـک نیـوەی قوتابیەکـانی بانگ کرد بـۆ تەخـتە ڕەش کە «سـیغەی کەتەب» سـەرف کەن. بەڵام هـیچ کامیان نەیانزانی گەیشـتە مـن کە تەنیـا سـێ سـیغەم دەزانـی. پـێش ئەوەی پرسیارم لێ بکا دەستی کرد بە تاریف کردنم کە ئەوە لە خانەوادەی عالمـانە و زمانی عەڕەبی زۆر چاک دەزانێ. تاوێکی چـاک بە قوتابیەکـانی ڕاسـپارد کە چاکی گوێ لێ ڕابگرن بەڵکوو حاڵی بن و پاشـان ڕووی لە مـن کـرد و گوتی: لە سەرەخۆ و بە وردی بۆیان سەرف کە، وادیارە بە مـن حـاڵی نـابن بەڵکـوو لە تـۆ فێـربن. چـاوێکم لە کـاک مـونتەقیمی ئـامۆزام کـرد کە لە پشتەوەی کلاس دانیشتبوو بە ئیشارە تێمگەیاند کە تەنیا سێ سـیغە دەزانـم، کوتی بڕۆ خەمت نەبێ! بۆئەوەی مامۆستا لێم حاڵی نەبێ دوورتر لە وی کە لە پەنا تەختەڕەش ڕاوەستابوو و هەر دەستی لە کەپۆی وەردەدا ڕاوەسـتام و دەستم پێکرد:«کەتەبە»

گوتی: سەد ئافەرین، ئاوا دەبێ، دە لێی فێر بن بێعەقڵینە!

چاوێکم لە مونتەقیمی کرد کە هەر دوو ماوە. گوتم مامۆستا هەتا بیستەکەم بۆ دانەنێی، ئەوەی دیکە ناڵێم. مامۆستا بیستێکی بۆ دانام.

گوتم: «کەتەبا».

دووبارە سەد ئافەرینی دامێ و زۆری پێهەڵگوتم. بۆ ئەوەی کاتەکە تێپەڕ بێ لەسەرڕا دەستم پێکرد: چاردە سیغەیە و هەموو فێعلێک وەک ئەوە سەرەف دەکرێ و ئەگەر ئەوەی فێربن ئەوانی دیکەش فێر دەبن. دووبارە زۆری تەشویق کردم و ئافەرینی دامێ، لە بنەوە چاوێکم لە مونتەقیمی کرد و حاڵیم کرد کە هەر یەک ماوە بەڵام ئەنەهوو دەگەڵ ئەویشم نیە هەر پێم پێدەکەنی.

گوتم: «کەتەبوو»

مامۆستا لە سەرڕا سەد ئافەرینی دامێ و ئەمنیش خۆش‌خۆش بە قوتابیەکانم دەگوت چاک گوێ بدەنێ و فێر بن، ئەمن ناتوانم دیسان بۆتان دووپات کەمەوە.

مامۆستا کە خەریکی کەپۆی بوو، زانیم وەختەکە غەنیمەتە، گوتم: «ئەو کتێبەی بە دەست مامۆستایەوە.»

مەلا بێ ئەوەی لێم حاڵی بێ، چون هەر گوێی لە کتێبەکە بوو، گوتی: «هەزار ئافەرین، ناڵێم!»

گوتی: دەی!

گوتم: کتێبی هەموو قوتابیەکان!

دووبارە گوتی: سەدئافەریم!

تەماشام کرد شاگرد وادەکوڵێن یەکی بستێک لە جێگای خۆیان هەڵدەبەزنەوە و فڕق‌وهۆڕ دەستی پێکردبوو.

گوتم: مامۆستا تەماشا ئەوانە چدەکەن. ئەوە کوا بە من حاڵی دەبن!؟

تێهەڵبوومەوە: کتێبەکانی مامە قازیم!

ئەویش گوتی: هەزار ئافەرین!

شاگرد دەستوپێت بڕیبانەوە وەخۆ نەدەهاتنەوە.

لە سەرڕا سێ سیغەی هەوەڵێم دووپات کردەوە هەر ئافەرین بوو بۆم دەهات. مامۆستا گوتی ئافەرین چاوی سەرم ئەوانەی دیکە بڵێ بەشکو ئەو ناحاڵییانە حاڵی بن.

ئاگام لە وە نەبوو مامۆستا وازی لە کەپۆی هێناوە گوتم: کتێبەکانی دووکانی مووەففەقی.

مامۆستا بە بیستنی دووکانی مووەففەقی حەبەسا تاوێک ڕاما چاوی قووچاند و زاری کردەوە: بڕۆ دانیشە هەی حەرامزادەی دایکی خۆ...هەی لە دایکت... لە دەفتەر نومرە بیستەکەی پاک کردەوە و بە پانایی دەفتەری نومرە سیفری بۆ دانام.

مام وهابی بابم کە خۆش خۆش بانگێشتنی مامۆستایانی ئایینی و قوتابخانەکانی دەکرد پاش ماوەیەکی کەم مێهمانییەکی دا کە مامۆستا مەلا ئەحمەدی ئەشرەفیش دەگەڵ بوو، دەگەڵ مامۆستا لە دەروازەی حەسار وە ژوور کەوت، دایکم بۆ بەخێرهاتنی بە پیرییەوە چوو و پاش چاک و خۆشی و بەخێرهێنان گوتم: دایە ئەوە هەمان مامۆستایە کە گوتی لە دایکت...مامۆستا و دایکم لە شەرمان و لە حەیبەتان نەیاندەزانی سەری خۆیان بۆ کوی هەڵگرن و چۆن لە بەر چاوان ون بن.

مامۆستایەکمان تازە بۆ هاتبوو بە ناوی فەزلعەلیزادە چوون تازە هاتبوو قوتابیەکانی نەدەناسی، نازانم لە سەرچی تێکچووین و نێوانمان ناخۆش

بوو. ڕۆژێکی سێ فیشەکی دەمانچەی دەتیری کاکم لە گیرفانم نا و چوومە سەر کلاس، ئەوکات ئەسلەحە زۆر قاچاغ بوو و ئەگەر گوزاریشی دابا تووشی کێشەیەکی زۆر گەورە دەهاتم، فیشەکەکانم پێ نیشان دا و پێم گوت هەرکەس خەراپەم دەگەڵ بکا، بە شتی ئاوا کونکونی دەکەم. کە وای دیت لەگەڵم ئاشت بۆوە و گوتی بیستوومە ماڵتان لە ئاواییەکی زۆر خۆشە، ئەگەر دەعوەتم کەی پێمخۆشە نەهارێک میوانت بم. وەڵامم داوە زۆر باشە، دوای یەکدوو ڕۆژان سێ ئەسپم هێنا یەکیان بۆخۆم، یەک بۆ کاک محەممەدی کەریمی (برای جەعفەرئاگای قوم قەڵا) یەکیش بۆ ئاغای فەزلعەلیزادە. سوار بووین بەرەو قازیئاوا هەینیەکی خۆشمان لە وێ ڕابوارد، نەهارێکی چاکیشیان داینێ و بۆ ئێوارێ بەرەو شار گەڕاینەوە. لەو ڕۆژەڕا لەگەڵ ئاغای خەزلعەلیزادە بووین بە دۆستێکی زۆر باش و نومرەی چاکیشی بۆ دادەنام.

ڕۆژێکی هەینی کاک ئەمیری قازی (کوڕی خاڵم)گوتی با بەپێیان بڕۆینە قازیئاوا سەرێک لە پوورم بدەین زۆرم پێخۆش بوو وەڕێکەوتین، لە ڕێگادا وردە وردە دەستی بە تەبلیغاتی کۆمۆنیستی کرد بۆ نموونە قارەمانێکی زۆرەبانی یا بۆکس بوو بە ناوی ئامازاپوتک کە دەیگوت ئەگەر هەر ئەو کەسە لە وڵاتێکی سەرمایەداری با نەدەبوو بەو قارەمانە. هەتا گەیشتینە نیزیک ماڵی قازیئاوا هەر بە تاریفی قەد و باڵای ئەو کابرایە و وڵاتانی کۆمۆنیستیدا هات، ئیتر جاڕز بووم و هەر ئەوەندە گوتم بابی ئاغامیرزاپەتکی(ڕادیۆ پەیکی ئیران)....! کاکە ئەمیر دەرهەڵبوو گەڕاوە هەرچی حەولم دا نەهاتە نێو دێی زیز بوو و بەرەو شار گەڕایەوە. دایکم لە پەنجەرەیڕا ئێمەی دیبوو گوتی ئەمیر چی لێهات؟ شتەکەم بۆ گێڕاوە

کوێخا شەریفی سـواری مـاینە بـۆر کـرد و بە دوای کـاک ئەمیریـدا نـارد و دایگێـڕایەوە. ئەوجـار بڕبـڕ لە کـن مـن بـاس لە کۆمۆنیسـم و وڵاتـانی کۆمۆنیسم نەکرا. پاش ماوەیەک دووبارە بۆ خوێندن چوو بۆ تـاران نیزیـک پـاش سـاڵێک گەڕاوە و نیشـانەیەکی دامـێ گـوتی بەو نیشـانەیە کـاک سولەیمانی موعینی دێتە سەری مەیدان چاوت پێی بـکەوێ، ئەگەر نـامە و شتی دایەی بۆمان دەنێری. بەوجۆرە بۆ یەکەم جار پەیوەندیم لەگەڵ حیـزب گرت و بووم بە ئەندامی فەرمی حیزبی دێموکرات. یەکدوو نامەشی دامێ و گوتی ئەوە بۆ کومیتەی تـاران بەڕێـدەکەی و ڕاشـی ئەسپارد لەوە پـاش کەسـێک بە نـاوی مەلاقـادری لاچینـی دێـتە لات و پەیـامی ئـێمەت پێ ڕادەگەیەنێ.

ئەوکات لە دەبیرستانی خەییام بووم، موسەدیق قەرزەی میلی ڕاگەیاند و دەستیان بە فرۆشتن کرد. دیارە شـا دۆسـتەکان کە دژی موسـەدیق بـوون لە کڕینی قەرزە خۆیان بوارد. حیزبی توودەش کە هەمیشـە دژی بەرژەوەنـدی نەتەوایەتـی جـووڵاوەتەوە، ئەو قەرزەیەی پـاوان کـرد. ئەمـن کە هەمیشـە سـەربەخۆ بـووم و ڕوانگەکـانی خـۆم چ لە تەشـکیلات و تەنـانەت لە ئەرتەشیشدا بەڕێوە دەبرد، بە دژایەتی ئەو پاوانە (تەحریم) بە ڕادەی توانـایی ماڵی خۆم، لەو قەرزانەم کڕی. وەک نموونەیەک لەو بـارەوە ڕوانـگەی مـن دروسـت هـاتە دەر و حیزبـی تـوودە لە ئاکامـدا تووشـی زەرەر و زیـان و پەشـیمانییەکی زۆر بـوو. پـاش تەواوکردنـی سـیکلی ئەوەڵ، چـون لە دەبیرسـتانی خەییـام جێگـا بـۆ دەرس خوێنـدنی مـن نەمـابوو، چـوومە دەبیرستانی محەمەد ڕەزاشای پەهـلەوی کە بەرپرسـەکەی کەسـێک بـوو بە ناوی ئاغای محەممەدی مەجدی کە لە ڕاستیدا ئینسـانێکی زۆر لێوەشـاوە و

بەکار و باسەواد بوو بەڵام بەداخەوە هەر بەو ئەندازەیەش هەلپەرەست بوو. بە بڕوای من ئەو ڕەوشتەی لە خوالێخۆشبووی بابی، مەلا حوسێنی مەجدی پێگەیشتبوو کە لە کۆماری کوردستاندا وەزیری دادپەروەری بوو. لە خۆپێشاندانەکانی کۆماری کوردستاندا دەیگوت: «قازی محەمەد مەهدی مەوعوودە، ئەوەنێ ناویشی محەمەدە». دەسپێکی قسە و وتاریشی ئەو ڕستەیە بوو «ئەی محەممەد، ئەی مەحموود، ئەی حەبیبی خودای». بەڵام هەر کە کۆمار تێکچوو ئەوەڵین کەسێک بوو کە تۆماری ئێعدام کردنی پێشەوای واژۆ کرد و ئەوجار لە هەموو خۆپێشاندانەکانی حکوومەتدا هەر وەک پێشوو بەشداری دەکرد.

کاک محەممەدی کوڕی، زۆری بە کۆماری کوردستاندا هەڵگوتبوو، پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان، بە حکوومەتی سەڵتەنەت و تاجبەسەرەکەی و پاش تێکچوونی حکوومەتی سەڵتەنەتی ئەو جار بە جێگرەکەی هەڵگوت. ئەو کاک محەممەدە لە دەورانی بەرپرسیارەتی خۆیدا لە دەبیرستان، زۆر چاوەدێری لە کوڕەعەجەمان دەکرد و لایەنگری لێدەکردن و نومرەی چاکی دەدانێ، ئەو کوڕەعەجەمانە زۆربەیان کوڕە ئەفسەر بوون و بە ماشێن هاتوچۆیان دەکرد و خزمەتکاری سەربازیان بەدواوە بوو، بە پێچەوانەش تا ئەو ڕادەیەی پێی کرابا دژی کوڕە کوردەکان بوو. من بەو جەریانە زۆر قەڵس و تووڕە بووم هەرچەند خۆیان لە من نەدەگەیاند بەڵام وەک مار جینگڵم دەدا و هەموو ڕۆژێ بە گژ یەکیاندا دەهاتمەوە، ئەوانیش دەچوونەوە و سکاڵایان بۆ بابیان دەبردەوە و بابیشیان لە لای ئاغای مەجدی شکایەتیان دەکرد، ئەویش منی بانگ دەکرد بۆ دەفتەر.

کەسێک بە ناوی ئاغای عەلی خادەمی، سەرایەداری مەدرەسە بوو،

بانگی دەکرد بڕۆ باوەشێک شووڵ بێنە. بەڵام پێش ئەوەی لـێم بـدا دەسـتی پێدەکرد: ئەوڕۆ تووشـی مامـەوەهـاب هـاتووم زۆری گازنـدە لە چنگانـت هەبوو، خۆ ناشکرێ ئەوامیرەکەی بەجێ نەهێـنم. هەرکە نـاوی ئاغـا میـرزا وەهاب دەهات دەمزانی چ باسە، ئەو پێشەکیە بۆ ئەوە بوو کە لە ڕوحیـیەی من ئاگادار بـوو و دەیزانـی بە هـۆی بـابم بێـدەنگ دەبـم دەنـا لە وانە بـوو بەگژیدا بێمەوە، بۆ ئەوەی لە کـن قوتابیەکـان نەیشـکێنمەوە ئەو داسـتانەی دەگێڕاوە و تا دەیتوانی بە شـوڵکان لە بەری دەسـتی دەدام. ئەو عادەتەشـی هەبوو بە شەق و زللەش وەردەگەڕایە قوتابیەکان، بەڵام لە ڕاسـتیدا ئەو بـێ ڕێزییەی بە من نەدەکرد و هەر بە شووڵ لێدان لێم خۆش دەبوو. کاک عەلی هەر کە هەستی بەوە دەکرد کە زۆرم وێکەوتووە و ئاغای مەجدیش مانـدوو بووە، دەستی بە پاڕانەوە و لاڵانەوە دەکرد کە ئاغای مەجدی بەسیەتی ئەمن دەبم بە زامن کە جارێکی دیکە شـەڕ نەکـا. بەڵام زەمـانەتی کـاک عەلـی و شەڕنەکردنی من هەر ئەوەندەی دەخایاند کە کوڕەئەفسـەرێک نـاحەقێکی لە کوڕەکوردێکی دیکە نەکردبا، دەنا هەمیسان خۆم پێ ڕانەدەگیـرا و زەمـانەتی کاکعەلیم لە بیر دەچۆوە و بەگژیاندا دەهـاتمەوە، دووبـارە کـاک عەلـی و باقەشوولک دەهاتە گۆڕێ و ئەو کۆڕە حەوتووی چەند جار دەگێرایەوە.

مامۆسـتایەکمان هەبـوو بە نـاوی ئاغـای سـەحابی یـا بەگـزین و کوڕەعەجەمەکان زۆریـان ئاگـا لێـی بـوو. ڕۆژێـک بـۆی چـووم وقوتـابیە کوردەکانی دیکەش کە زۆری لێ بەداخ بوون، وێکڕا تێیورووکاین و تا ئەو جێیەی خواردی لێمان دا، ئەسقەزا زستانیش بـوو، کـوورە و لوولەکـوورەی هەموو کلاسەکان بە وڵات دا وەرببوون، سەندەڵی هەر کامەی بە لایەکـدا، نەفتی کوورەکان چۆڕە چۆڕ بە سەر عەرزیدا دەڕژان و چـون مەترسـی ئەوە

هەبوو کە وڵات ئاور بگرێ، ماشـێنی ئـاورکوژێنەرەوە خەبەر کـرا. کـورد و عەجەم پێک‌وەربوون کەس ئاگـای لە کەس نەبـوو. چـون عەجەمەکـان لە کەمینە دا بوون، شـڕ و دڕ ببـوون. کـوڕی ڕەئیسـی دیژبـان کە زۆر چـاکی وێکەوتبـوو، بە گریـان و قوڕپێـوان تەلەیفـوون بـۆ بـابی دەکـا کە ئەگەر دیژبانمان نەگاتێ هەمووومان کوژراوین. ئەویش هەرچی دیژبـان بـوو بەرەو دەبیرستان بەڕێیان دەکا و دیژبان دامان‌وروکانێ و ئـێمەش داگـژاینە سـەر دیژبانان. نەوەیەکی خاڵم هەبـوو بە نـاوی عەبـدوڵلا کە بە جەفەنگبـازی و قسەخۆشی ناوبانگی هەبوو گروبانێک دەگرێ و فلْچ و هۆڕ مـاچی دەکـا، یەک لە کوڕەکوردەکان ئەوەی دەبینێ و پێی بە عەرزییەوە ڕەق دەبێ دەڵـێ: کاک عەبدوڵلا ئەوە چدەکەی، ئەو عالەمە هەموو تێکهەڵدەدەن تۆ خەریکی ماچ و موچانی؟ کاک عەوڵاش زۆر بە لەسەرەخۆیی کە عادەتی خۆی بـوو دەڵێ: ئەتۆ ناتهەوێ نەفەرێک لە هێزی دوژمن کەم کەمەوە؟ ئەمـن نەفەری خۆم ئاوا کەم دەکەمەوە!

پاش یەک دوو سەعاتان سپەهبود وەرەهرام بە خۆی و بە پارێزەرەکانیەوە گەیشتنێ، گرووبان و سەربازی کۆکردەوە و بردینیەوە بۆ نێو بینای دیژبانی. بەڵام چـون کـوڕە ئەفسـەرەکان ئاغـای مەجـدییان بە تاوانبـار دەزانـی، دەیانهەویست تۆڵەی مامۆسـتا عەجەمەکەی لە وی بـکەنەوە. ئەوە بـوو کە هەر کوڕەعەجەمێـک بەردەسـتێکی دەگەڵ خـۆی هێنـا بە خۆیـان و سەربازەکانیانەوە لە ئاغای مەجدی خەفتان، ئێمەش کوڕەکوردەکـان ئاغـای مەجدیمان وەپێش خۆمـان دا و بردمـانەوە مـاڵێ بەڵام شـەڕ تەواو نەببـوو. ئەوان لە بەرێکی شەقام، گۆپاڵ بە دەست ئامادەی شەڕ بـوون و قەدەمیـان لێدەدا. ئێمەش لە بەرەکەی دیکە، هەریەکەی قوڵەدارێکمان بە دەستەوە بوو

و ئامادەی بەرگری بووین. بۆ جەمەکان دەچووینەوە مەنزڵی من کە لە پشت مزگەوتی قازی بوو نان و چامان دەخوارد و دەحەساینەوە و دووبارە ئاغای مەجدیمان لە ماڵێڕا دەهێناوە. بەوجۆرەی تا سێ‌چوار ڕۆژان دەمانهێنا و دەمانبرد تا ئاخرییەکەی وەرەهرام دووبارە نێوبژیوی کرد، بڵاوەی بە گوماشتە و سەربازان کرد. ڕۆژێک وەرەهرام ئەمن و کاک ئەحمەدی قازی و کاک محەمەدی کەریمی بانگ کرد و پاش ئامۆژگارێکی زۆر، ئەوجار دەستی بە هەڕەشەوگوڕەشان کرد و گوتی ئەگەر ئاژاوەی بنێنەوە وا دەکەم و وا بچێ، خەبەری ئەو شەڕە گەیبۆوەمیاندواو و عەجەمەکانیش ئەوەندەی توانیبوویان لە کوڕەکوردە خوێندکارەکانی شاری خۆیان دابوون. پاش ماوەیەک ئاغای مەجدییان لە دەبیرستانی محەمەد ڕەزاشا لابرد و ئاغای ڕەحیمی فەرهەنگی کە دووڕەگە بوو، لە جێی ئەو بوو بە ڕەئیسی دەبیرستان. بەڵام خۆپیشاندان و مانگرتن لە شار و قوتابخانەکاندا هەر هەبوو، بە قەولی کاک حەسەنی شەڕەفی: «تاوناتاوێک کاک عومەری قازی شەپێکی لە دەرکەی کلاس دەدا دەیگوت: کوڕینە وەدەرکەون خۆپێشاندانە و دەبیرستان قەپات دەکرا.»

مامۆستایەکمان هەبو بە ناوی ئاغای حەزمی کە دەبیری تاریخ و جوغرافیا بوو، ڕۆژێک ئازموونی تاریخمان هەبوو ئەمن وانەی لەبەر کردنم باش بوو بەتایبەت تاریخ و جوغرافیام چاک دەزانی، بەڵام بە هۆی سرتغی و لاساری کتێبەکەم لە پێش خۆم دانا و لە ڕووی کتێبەکە دەستم کرد بە نووسینەوە. ئاغای حەزمی چاوی لێبوو هات گوتی: ئەو کتێبەم دەیە گوتم: کتێبی خۆمە و بۆیە کڕیومە کەلکی لێوەرگرم و ناتدەمێ. هەرچی کردی نەمدایە ناعیلاج شکایەتی ئاغای مەولایی نازمی قوتابخانەی لێکردم.

ئەویش هات بۆ کتێبەکە بەڵام هەر ئەو جوابەم داوە. ئاغای مەولایی کە وای دیت گوتی ئەو کتێبەم دەیە، کتێبێکی دیکەت دەدەمێ. لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین و کتێبم دایە. پاش تەواوبوونی ئەم تاقیکارییە ئەو جار ئازموونی زارەکی دەستی پێکرد، زنجیرەی پاشایەتی پەهلەوییەکان لە ئاخری کتێبەکە دا بوو نەشمانخوێندبوو. ئاغای حەزمی گوتی بیڵێوە هەرچەند گوتم نەمانخوێندووە فایدەی نەبوو گوتی: دەبێ بیڵێی. بە هەڵکەوت خوێندبوومەوە و چاکم لەبەر بوو بەڵام هەر نەمگوتەوە و سەرەڕای ئەوەش نومرەی چاکی بۆ دانام.

## خۆپێشاندان دژی سەرتیپ خەتیب شەهیدی

کچێکی بێسەرپەرست هەڵدەگیرێتەوە و ڕادەستی شێروخورشید دەکرێ. وا دەبێ پاش ساڵانێک کە گەورە دەبێ، سەرتیپ خەتیب شەهیدی کە بەرپرسی شێروخورشید بوو ڕۆژێک دەسدرێژی دەکاتە سەرئەوکچە. ئەو هەواڵە وەک بۆمب لە شاردا تەقییەوە. دەبیرستانی ئێمە لە نیزیک شێروخورشید بوو کە ڕوانیم چاوم بە قەرەباڵغییەک کەوت چوومە پێش، گوێم لە سرتوخورتیان هەڵخست دیاربوو تەمای خۆپێشاندانیان هەبوو. بەڵام لە کەسێک دەگەڕان وەپێشیانکەوێ، هێندەی دیکە هانم دان و بە دروشمدان وەپێشیان بەرەو ساختوومانی دادپەروەری کە ئەوکات لە پاساژی زەرگەریدا بوو وەڕێکەوتم. تا نیزیک بینای دادپەروەری حەشیمەت بەجارێک زۆر بوو، بە دروشمدان گەیشتینە بەر دەرکی دادپەروەری. ئەفسەرێکی شارەوانی لێم هاتە پێش گوتی: ئەوە ڕەئیسی ساواک (کەنزی)، ڕەئیسی دادپەروەری و ڕەئیسی شارەوانی لە ژووری دادپەروەری دانیشتوون، داوا دەکەن بچییە سەرێ و وەک نوێنەری خەڵک لەگەڵ بەرپرسان وتووێژ بکەی، تا مەسەلەکە بەهێمنایەتی چارەسەر بکرێ. چوومە سەرێ ئەوانەی گوتبووی وێڕای چەند کەس لە ڕدێنسپییەکانی شار دانیشتبوون. ئەمنیش ئەوکات جەوانێکی تازە پێگەیشتوو بووم وەژوور کەوتم، لێکڕا لە بەرم هەستان. ئەو کات هەستم بە وە کرد کە بەرپرسایەتییەکی قورسم لە سەر شانە. دانیشتین و دەستمان بە وتووێژ کرد. ڕەئیسی دادپەروەری ڕووی لە من کرد گوتی: ئەو خۆپێشاندانە و ئەو

دروشمدانە بۆ چییە؟ ئەمنیش مەسەلەکەم بۆ شی کردنەوە، ئەوان قەولیان دا ئەگەر کۆتایی بە خۆپێشاندان بێنین لە زووترین کاتدا تاوانبار سزا دەدرێ. بەمنیان گوت ئەو قەولەی داویانە بە جەماعەتی ڕابگەیەنم و داوایان لێبکەم هێمنایەتی بپارێزن تا ئەوان بتوانن بە کاروباری خۆیان ڕابگەن.

چوومە سەر باڵکۆنی بینای دادپەروەری کە دەیڕوانییە سەر خەیابان و جەماعەتەکەی لێ دیار بوو، ناوەرۆکی وتووێژەکەم بە خەڵکەکە ڕاگەیاند. لە ماوەیەکی کورتدا سەرتیپ خەتیب شەهیدییان لە بەرپرسایەتی شێروخۆرشید لابرد و ناردیانە شارێکی دیکە. ئیدی نازانم پاشان چی لێهاتەوە؟ ترسی ئەوەم هەر هەبوو کە ڕۆژێک بمکێشنە پای میزی موحاکەمە و ئەو تۆڵەیەم لێ بکەنەوە. پاش حەوتویەک مەئموورێکی ساواک پێی ڕاگەیاندم کە خۆم بە ساواک بناسێنم. چووم. سەروان کەنزی و خوالێخۆش بوو برایم ئاغای عەلیار و میرزا حوسێنی داودی دانیشتبوون.

پاش چوونە ژوور و سڵاو و دانیشتن، سەروان کەنزی وەک سەگ بە گژمدا هات گوتی: «ها بچە روسها چرا آرام نمی‌گیرید! و...واتا ها بەچکە ڕووسینە بۆ هەدا نادەن و...» برایمئاغای عەلیار هەڵیدایە: جەناب سەروان لە سەرەخۆ بە، بۆ بەچە ڕووسن؟ ویستێکیان هەبووە بە ئێوەیان ڕاگەیاندووە. سەروان هاتەوە سەرەخۆ و زۆر بە هێدی و هێمنی دەستی بە ئامۆژگاری کرد کە جارێکی دیکە شتی وا مەکەن و بە دەرس و مەشق ڕابگەن چاکترە. مەرەخەس کرام، بەڵام ترسی گورگیم هەر لە زگیدا بوو. بۆ ئێوارێ پەیکێک پەیدا بوو و پێی ڕاگەیاندم کە بۆ یەکدوو ڕۆژی دیکە کاک سولەیمانی موعینی لە سەری مەیدان((ڕێگای مەهاباد، پەسوە)) چاوەڕوانت دەبێ. ئەمنیش ئەوەم لە خودای دەویست کە هەم چاوێکم بە

کاک سولەیمان دەکەوت و هەم ماوەیەک لە پێش چاوی مەئموووران ون دەبووم. بە شەقامدا هاتمە خوار، چاوم بە حەسەنئاغای سەیفی قازی کەوت، پێم گوت بۆ ئەوەی خۆ لە مەئمووری ساواک بشارمەوە دەبێ لە شار وەدەرکەوم و دەچمە سەری مەیدان. بەڵام مەسەلەی کاک سولەیمانم پێ نەگوت. زۆری پێخۆش بوو. ئەوکات ماشێنێکی فۆلێکس واگۆنی هەبوو گوتی: جا بە ماشێنەکەی من دەچین، وا دیار بوو ئەویش بە هۆی ترسی دووبارە گیران دەیهەویست ماوەیەک لە شار وەدەرکەوێ. وا دیار بوو ئەویش لە خۆپێشاندانەکەدا بەشداری کردبوو، بەڵام نەیدەزانی لە کەڵێ دەبێتەوە و بە سەر بەرازیدا دەکەوێ. ئەگەر چووینە سەری مەیدان کاک محەمەدی ماملێ و چەند کەسی دیکەشی لێبوو، بە هەڵکەوت ماشێنێکیش پڕ لە ژاندارم دەخولایەوە. لە کاک محەمەدم پرسی ئەو ژاندارمانە لێرە چ دەکەن؟ گوتی: ڕەنگە گوزاریشیان دابێ کە قاچاغچی لێیە! دیار بووئاگای لە هاتنەوەی کاک سولەیمان نەبوو. ژاندارمەکان وەک عادەتی هەمیشەیی خۆیان پاش بڕێک ڕوانین و خۆ گێل کردن کەوتنە سرتوخورت، سواری ماشێن بوون و بەرەو شار گەڕانەوە. دوای چەن خولەکێک کاک محەمەدی ماملێش ڕۆیشت. منیش حەسەن ئاغام لەوێ بەجێهێشت و بۆ لای شاخی وەسەر کەوتم، هەتا کوو لە بەر چاوان نەدیو کەوتم، لە شوێنێک کاک سولەیمان و هاوڕێکانیم دۆزییەوە. پاش ماوەیەک ڕاوتەگبیر، بەستەیەکی ئێعلامییە و مەڕامنامە و ئەساسنامەی حیزبی دامێ، ڕایسپارد ئێعلامییەکان لە دیوار بدرێن و ئەساسنامە و مەڕامنامەکەش لە نێو کەسانی باوەڕپێکراودا بڵاو بکرێتەوە. شتەکانم وەرگرت و بۆ لای ماشێن وەڕێکەوتم، بوخچەکەم لە مابەینی خۆم و کاک حەسەن دانا. بەڵام نازانم حەسەن ئاغا هەرچەند

زۆر وردبین بوو، بۆ لەو بوخچەیە دڕدۆنگ نەبوو! ئێستاش هۆی چوونمـان و بوخچەکەی نەپرسی و نەیزانی. هەر گەیشتینەوە قازیئـاوا بە بیـانوویەک خۆم گیر کرد و حەسەنئاغام ناردەوە مەهاباد. پاش ماوەیەک چاوەڕوانی کە زانیم چ خەبەر نییە و بەدوامدا ناگەڕێن، ڕۆژێک بوخچەم لە بن هەنگڵێ نـا و بەرەو شـــار وەڕێ کەوتـــم. بە هاوکـــاری چەنـــد کەســـێک کە یەکیـــان هووشـەنگی مەجـدی بـوو ئێعلامییەمـان بە دیـوارەوە نـان و ئەساسـنامە و مەڕامنامەشـم لە نێـو کەسـانی بـاوەڕپێکراودا بە هاوکـاری کوڕەکـان بـڵاو کردەوە.

لە یەکێک لە چالاکیە سیاسیەکانی تردا کاک سـولەیمانی شـەهید ڕێـی دەکەوێتە سیاقۆڵ، ماڵە خودالێخۆشبوو حەمەڕەش. ئەویش برا چووکەکەی خۆی بە ناوی قادر بە لەندەوێرەوە بەدوای من و کاک یۆسـفی خوسرەویـدا نارد. کاک سولەیمان دەگەڵ چەند پێشـمەرگەی دیـکە لە مـاڵە کـاک حەمە میوان بوون، کوڕێکی چکۆلەشیان دەگەڵ بوو بە ناوی سیامەند، تفەنگێکی بڕنووی پێشمەرگانی بە شـانەوە بـوو و بە سـەر فەڕشـاندا ڕایدەکێشـا. لـێم پرسی ئەو تفەنگەت بۆچییە؟ گوتی: عەجەمی پێدەکوژم. هەر لە تەنیشـت ئەو ماڵەی چەند ژاندارم بۆ کـارێکی خۆیـان هـاتبوونە سـیاقۆڵ و میـوانی جیرانێکی ماڵە کاک حەمەدی بوون. ئێمە دەمانزانی ئەوێ ژانـدەرمی لێیـە، بەڵام نازانم ژاندەرمەکان دەیانزانی ئێمە لەوێین یـان نـا. زۆری پـێ نەچـوو ئەوجار کاک سولەیمان دێتە کامەم و بە دوای من و مەلاسەعیدی کامەمیـدا نـارد، کە چـووین لە نێـو قەڵاغێکـدا دانیشـتبوو، مەلاسـەعید هەر لە ڕێـوە هەڵبەستێکی جوانی بەسەردا هەڵگـوت. پـاش ئـاڵوگـۆڕی هەواڵەکـان و ڕاوتەگبیر لە سەر ڕووداوەکان ئەو بە شوێنی خۆیدا بەرەو سـنوور گەڕایەوە

و ئێمەش پاش ڕۆیشتنی ئەو بەرەو شار هاتینەوە.

بەر لە شەهیدبوونی کاک سولەیمانی موعینی، دوو جار لە ماڵە محەیدین‌ئاغای تاجرباشی(دۆستاڵی) کە بڕێک ناوی هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی هەبوو، چاوم بە کاک سولەیمان کەوت. ئەو چاوپێکەوتنە لەو سەروبەندانەدا بوو کە کاک کەریمی حیسامی و کەسانی تر گۆڕەپانی خەباتیان بەجێ هێشتبوو و تێیانتەقاندبوو بۆ بولغارستان. کاک کەریم لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنووسێ: «محەیدین‌ئاغا پیاوی دەوڵەت بووە.» بەڵام ئەمن وەک شاهیدێک دیومە، دوو شەو هاوڕێ لەگەڵ مەرحوومی کاک سولەیمان و چەند پێشمەرگەیەک لە ماڵە محەیدین‌ئاغا ماینەوە، بە گوێرەی بەعزە پڕوپاگاندایەکی کە دەکرا، بۆخۆشم لە محەیدین‌ئاغا دڕدۆنگ بووم. ئەوە لەو کاتەدا بوو کە ساواک لەوپەڕی بەهێزیدا بوو و کەم‌کەس دەیوێرا خۆ لە قەرەی پێشمەرگە بدا. زۆر کەسی بەڕواڵەت شۆڕشگێڕ مەیدانی خەباتیان چۆل کردبوو تێیانتەقاندبوو بۆ ئورووپا. بەتایبەتی بۆ وڵاتانی کۆمۆنیست، بە گوێرەی قازانجی خۆیان ئەو شوێنەیان وەک بەهەشت بەلاوە تازەپێگەیشتووەکان دەناساند وپڕوپاگەندەی درۆیان لە سەر دەکرد. بەڵام لەو کاتدا محەیدین‌ئاغا پێشمەرگەی بەخێو دەکرد و تەنانەت لە کاتی ڕۆیشتندا تفەنگ و ڕەختی لە خۆی دەبەست و تا مڵکی دۆستاڵی وەدەری دەخستن بەڕێی دەکردن. چونکە پڕوپاگاندای درۆ لەسەر محەیدین‌ئاغا کرابوو، بە پێویستم زانی لە ڕوانگەی خۆمەوە بڕێک باسی لەسەر بکەم.

ئەوکات کەسێکی غەیرەعەشیرەت کە خزم و قەومی زۆری نەبایە بەڵام سێحەب مڵک با، عەشاییری دەوروبەر تەماحیان تێدەکرد بۆ ئەوەی

مڵکەکەی لە چنگ دەرێنن، زەختیان دەخستە سەر. ئێمە بۆخۆشمان هەر لەو حاڵەدا بووین و مەترسیمان لەسەر بوو. ئاوا کەوتبووە سەر زاران: «مەنگوڕان شەوێ لە دیوەخان وەخڕ دەبوون و تەکبیریان دەکرد کە بە سەر فڵانە دێیەی دادەین، بەڵام لە ئاخرییەکەیدا یەکێک ڕاستدەبۆوە و دەیگوت ئەو دێیە هی گەورکانە و ئەوەندە تفەنگەی هەیە، بەرنامەکە تێکدەچوو، ئەوجار ڕاوتەگبیر دەهاتە سەر دێیەکی دیکە. وێکڕا دەنگیان لە سەر دەدا، کەسێکی دیکە هەڵیدەدایە ئەو دێیە مەسەلەن هی دێبوکرییانە، ئەوەندە تفەنگ و ئەوەندە نەفەریشیان هەیە. لە ئاخروئۆخری شەودا وێکڕا دەیانگوت جور وزندەرێ، جور وزندەرێ، وزندەرێ.» کە تفەنگی لێنەبوو و تاڵان دەکرا. محەیدینئاغا کە خەڵکی شاری و بەتەنێ بوو، بۆوەی خۆ لە شەڕڕی تاڵان نەجات دا، لەگەڵ ڕەئیسی ژاندەرمەری و دادگوستەری و ئەوجۆرە کاربەدەستانە خۆی ڕێکخستبوو. دەعوەت و دەعوەتکاری دەکرن و ئەوانیش داشدارییان لێدەکرد. عەشایری دەوروبەر و خەڵکی دۆستاڵی و جیرانان نەیاندەوێرا خۆی تێبگەیەنن. تەنانەت لە کاتی شۆڕشیشدا بە تفەنگەوە لە خۆپیشاندانەکانی دژبە شا بەشداری دەکرد و پشتیوانی خۆی لە شۆڕش دەردەبڕی.

## لە قازیئاوا چۆنم گوزەراند

بەر لەوەی بەنداوی مەهاباد لێبدرێ، دەگەڵ ئاوایی داشتەمر جێرانە دێ بووین. مەزراکانی داشتەمر و قازی ئاوا لە هێندێک شوێن تێکەڵ دەبوونەوە. سەید قادری جەعفەری ئەو کات ئاغای داشتەمر و لە سیخورە بەدفەڕەکانی شا بوو. مەزرایەکمان هەبوو بە ناوی کانی سێو کە پاڵی وە داشتەمر دابوو. ئەو سیخورە تەماحی لەو مەزرایە کردبوو کە لێمان داگیر بکات. بۆ ئەو مەبەستە پیلانێکی زۆر گڵاوی داڕشتبوو، هەموو ڕۆژێ دەچووە کن تیمسار پارس‌تەبار و گوزاریشی لێدەداین کە تەواوی قۆڕخانەی شووڕەوی کە درابوو بە پێشەوا، ئەوە لە قازیئاوا شاردراوەتەوە. ئەویش زەختی دەخستە سەر ژاندارمەری کە ئەو قۆڕخانەیە ببیننەوە. ژاندەرمەریش سەروانێکی دزی بەرتیل خۆری هەبوو بە ناوی خرووسان، هەموو بەیانان چەن ژاندارمی وە پێش خۆی دەدا و بە دیواردا وەسەر دەکەوتن و دەسەرمان دەبوون. لە خەویان ڕاست دەکردینەوە و دەیانگوت: «کەکە، کەکە، هەستن، ژاندارم هاتووە. عەجەم وشەی کەکەی بە مەبەستی بێ ڕێزی کردن بە کورد بەکاردێنا» ژاندارمێک بە ناوی عەبدوڵلای بلووری وەک بەڵەد وەپێشیان دەکەوت. تەواوی پیاوی دێیان لە مزگەوت کۆدەکردەوە و بابمیان وەپێش خۆیان دەدا، تەواوی کلێن و قوژبنی ئەو دێیە دەگەڕان، بەڵام چییان نەدەدۆزییەوە. درەنگانێک سووڕەت‌جەلەسەیەک دەنووسرا، دەبوو نەهارێکیشیان بدەینێ کە ئەودەم زۆر قورسایی لە سەر ئێمە دەکرد. لە ڕۆیشتنەوەشدا دەبوو دووسێ تمەنێکیشیان بدرێتێ.

کابرایەک هەبوو بە ناوی حەمەدی وسووکوتکەی، پیاوێکی بەخۆوە بوو و هەمیشە ڕانکوچۆغەیەکی سپی لەبەردەکرد. ڕۆژێک لە قازی ئاوا میوانی ماڵێک دەبێ، لە خەو ڕاستی دەکەنەوە و دەستێک دەبەن بۆ بەر پشتێندی دەمانچەیەک بە دەلینگی ڕانکەکەیدا بەردەبێتەوە. «توتمیشەم» دەستی پێکرد. وەک شێریان گرتبێ گوریسێکیان لە دەستی بابم و کاک حەمەد هاڵاند و سەرێکیان لە پاڵووی بارگین خست و «خرووسان» سوار بوو. ژاندارم و ئیستیوار ئەوبەر ئەوبەر بوون و لە نێو خۆیان گرتن، کاک محەممەدی براشمیان وە پێش خۆیان دا بەرەو ژاندەرمەری. تازە قەومابوو.چەن ڕۆژێک ڕایانگرتن، ئەوجار بە هاتوچۆیەکی زۆر و سەد ناری عەلی، بە دە تمەن پوڵ بە یەگجاری لە شەڕی خرووسان نەجاتیمان هات.

شەهید حەمەدی مەولوودی سەرگوردی کۆماری کوردوستان، بە دەمانچەیەک لە ڕژیمی شای وەشاخی کەوتبوو و تەنگی بەژاندارمان هەڵچنیبوو. ڕۆژێک ژاندارم لە قاوەخانەی ئەوبەری ماڵی قازیئاوا دانیشتبوون و خەریکی خواردنی بەرچایی بوون. (بابم هەمیشە دەیفەرموو: ئەگەر ژاندارم کەوتە سەر نان و چا، ئاگای لە خۆی نامێنێ). حەمەدی مەولوودیش لەو ڕۆژەدا لە مێشەی بەرماڵانی قازی ئاوا دەبێ، هەست بەوەی دەکا کە کەوتونەتە شوێنی. بۆئەوەی خۆی ڕزگار بکا لە مێشە وەدەر دەکەوێ، لە دۆڵی شیوەتووی هەڵدەبێ. کوردێکی ناحاڵی لە قاوەخانە دانیشتبوو، سەر هەڵدێنێ چاوی بە پیاوێک دەکەوێ کە تووربینێکی بە شانی داداوە و وەشاخی کەوتووە، لە کاک محەممەدم دەپرسێ ئەوە کێیە و بۆ کوێ دەچێ؟ کاکم پێی دەڵێ ئەوە سۆفی مستەفایە و نانی لە توربین ناوە دەچێتە مەزرایە. ژاندارمیش کە بە قەولی بابم نابێ لە سەر نانی هەستێ، خۆ

ماندوو ناکەن و وەدووای ناکەون ڕزگار دەبێ.

جارێک بابم بە هەڵکەوت پوولێکی چاوەڕواننەکراوی وەگیر دەکەوێ، دەڵێ ئەو پووڵە لە ناوچاوانی من نەنووسراوە، بەڵکوو ئەمن مەئمووری بڵاوکردنەوەیم. وەڵاهی لە دەفتەری خودا نەنووسراوە ئەو پووڵە بە قسمەت من بێ، بابم زۆربەی کاتەکان دەچوو لە قاوەخانەی ئەوبەری دێی کە شوێنێکی زۆر خۆش و باسەفا بوو دادەنیشت، بە قسە وباس و گێڕانەوەی هەواڵی ڕۆژ و جەفەنگ لێدان دەگەڵ خەڵکی ئاوایی ڕایدەبوارد. ئەوڕۆژە کەسێک بە ناوی ڕەشیدچەرچی کە زۆر دەوڵەمەند و لەچەر بوو، کاتێک پووڵی دەردێنێ بیدا بە قاوەچی کەمتر لە حەقی خۆی دەداتێ، ئەویش لێی قبووڵ ناکا. لێیان دەبێتە شەڕ و دەست دەدەنە داران، بابم دەڵێ یەکتر مەکووژن، ئەمن پوولێکی ئەمانەتیم لە لایە ها ئەوە قڕانێک و قەباعەتێک ساز مەکەن، بەوجۆرە لێکیان دەکاتەوە. پاش نیو سەعاتێک دوو ژاندارم وەژوور دەکەون، دەپرسن قازلیان لەکوێیە؟ کارمان بە حوسێنئاغایە. دەپرسن ئێرە پوونەچی لێیە(پینەچی)؟ بابم دەفەرمێ: ئەتۆ نە لە قازلیان دەگەڕێی و نە لە پوونەچی، ئەوە دەستی تەقدیر هێناوتی و دەزانم لە چی دەگەڕێی، ئێرە قازیئاوایە و پوونەچی لە دێهات دەست ناکەوێ. ئەو لایانەش ئاغای لێنییە، هەرچی هەیە سەمەنە. ژاندارم دەرهەڵدەبێ و بە بابم دەڵێ: «بوردا هامسی سەمەنـدلار، پیی!ئاغا بیزە مەسخەرە ئیلیەسەن؟ سەمەن نەمەنە دیر؟» بابیشم بۆی شی دەکاتەوە کە مەنگوڕایەتی ئاغای نییە و بە یەکتر دەڵێن: (کا) دەڵێ: «بوردا کا حەسەن وار، کا حوسین وار، کا عومەر وار، ئاغا یۆخ دیر. قازڵیانیش لە دەوروبەری بۆکانە.» پێنج قڕانی دەداتێ و ئاشتی دەکاتەوە. ژاندارم دەڕوا و بابم دەڵێ: کوتم ئەو پووڵە لە

چارەنووسی من دا نیە، دەنا ئێرە چی و قازڵیان چی و حوسێنئاغای چی؟

پاش ماوەیەک دەستەیەک لۆتی بە دەهۆڵ و زوڕنا لێدان پەیدا دەبن، بابیشم دەنگی دەهۆڵ و زوڕنای پێ خۆش نەبوو. لۆتی لە دەهۆڵ و زوڕنا دەدەن، پاش چەند دەقیقەیەک لۆتییەکان دەپرسن ئاغا بەسە؟ بابم دەستێک بە سەریدا دێنێ دەڵێ: هێشتا کاسەی سەرم هەڵنەگیراوە، لێیدەن! پاش ماوەیەک لۆتی دەپرسن ئاغا بەسە؟ بابم دووبارە دەڵێ کاسەی سەرم هەر لە جێی خۆیەتی لێیدەن! منداڵەورکەی ئەو دێیە لێیان دەهاڵێن و پێیان سەیر دەبێ ئاغا ئەوە چۆنە گوێی داوەتە دەهۆڵ و زوڕنا! هەتا لۆتی بۆخۆیان ماندوو دەبن و دەس لە لێدان هەڵدەگرن، کە دێن وەڕێکەون باقی پووڵەکەیان دەداتێ لۆتی دەڕۆن. بابیشم دەیهەوێ بگەڕێتەوە بۆ لای ماڵان قاوەچی لێی دەپرسێ: ئاغا ئەوە بۆ دەڕۆی؟ بابم دەڵێ: پووڵەکە بنەی هات و ترسم لەسەر نەماوە، ئەوجاربە ئەرخەیانی دەگەڕێمەوە ماڵێ.

بابم ژاندارمی خۆشنەدەویست چوون بەڕاستی ژیان و گوزەرانیان لە خەڵکی تاڵ کردەبوو، بەسەروبەرەوە خۆیان بە خەڵکی هەژاری بێ دەرەتان بەخێو دەکرد. وەکوو دەڵێن مار ڕقی لە سیر بوو، سیریش لە بەر دەرکی شین دەبوو! ڕۆژێک بابم دەچێتە سەربانی ئەو وەتاغەی کە مامەکەریمم وەک هێلانە قشقەڵە لە قازیئاوا سازی کردبوو، دەیڕوانییە سەر تەواوی جادەکان و بە بایەک وەکوو لانک ڕادەژا. هەم بەرەو دێبوکر و هەم بەرەو شار دەیڕوانی، چاوی بە ژاندارم ناکەوێ بە قلیوبلی دێتە خوارێ بە دایکم دەڵێ: خەجیج خانم شووکور ژاندارم دیار نییە، فڕووجێک بکووژەوە و برینجیش لێنێ خۆ من دەگەڵ بڕوێشێ چاوم سپی بووە!

لە ژووری سەرێ دانیشتبووین. پیاوێکمان هەبوو نێوی ڕەسووڵ بوو، بە

هەڕەمە خۆی لە ژووریٚ ڕاکرد: ئەوە چییە ئاغا هەر لە ژووریٚ دانیشتووی، ژاندارم هاتوون و لە وەتاغی دەریٚ چاوەڕوانی تۆن. بابم ئاهێکی هەڵکێشا و سەری بەلاوە نا کوتی: چارە نییە هەرچەند دەزانم لە چی دەگەڕێن بەڵام بە سەری بابیان دمی لێنادەن و ئەو شێعرەی کە بۆی دانابوون خوێندەوە:

بر سر هر لقمه نان کرد ملعون، بنوشته است به عیان
که خورد مشهەدی توراغ ابن کلب ابن کلب ابن یشک
لەسەر هەر پارو نانی کوردێکی مەلعوون بە ئاشکرا نووسراوە
مەشەدی توراغی سەگی سەگ بابی جاشی کەر دەیخوا

دایکم جیا لە پڵاو و فرووجەکە بڕوێشیشی لێنابوو، بابم فەرمووی لەو بڕوێشە قاپێکمان بۆ بنێرە سەریٚ. شام هات و ئێمە کە چاوەڕوانی برینج و فڕووج بووین، بە سەرسوڕمانەوە چاومان لە بڕوێش دەکرد و دووش دامایـن، بابم یەکدوو کەوچکی بڕوێش خوارد و چووە خواریٚ، پاش ئەوەی تێروتەسەل شامەکەی خواردبوو هاتەوە سەریٚ ڕووی لە کاکم کرد فەرمووی: محەممەد بڕۆ خواریٚ فڵانەکەس هاتووە کارێکی پێتە. ئەویش چوو خواریٚ و شامی خۆی خوارد و گەڕایەوە، بەو جۆرە ئێمە پڵاو و فڕووجەکەمان خوارد و ژاندارمیش بڕوێشیان لێسدا. کاتێک ئەوان ڕۆیشتن فەرمووی ئاواو پێشی تەقدیر دەگرم. خۆ ئەمن بە دەس ژاندارمەوە هەراس بووم و شێعرەکەی دووپات کردەوە.

## وەرگرتنی دیپلۆم

لە ساڵی ئاخری دەبیرستان جارێکی دیکەش ڕەد بـوومەوە و ئەوە ئـاخرین دەرفەت بوو بۆ وەرگرتنی دیپلۆم. هاوپۆلێکی ڕەقەڵەی چکۆلەمان هەبوو بە ناوی محەممەدی شەڕەفی ڕووحانی. ئەوکات قانوونەکە وابوو کەسێک کە بە مەدەڕەکی دیپلۆم دەچوو بۆ سەربازی، دەبوو بە سـوتوان سـێی وەزیفـە. ئەمنیش کە غیرەت و لەخۆباییەکی تایبەت بە خۆم هەبوو، هەمیشـە لە بـاڵ خۆمدا خۆم سەرکۆنە دەکرد کە چۆن دەبێ کەسێکی ئاوها ببێ بە سوتوان و من ببم بە سەرباز، سڵاوی سەربازی لێبکەم. هەر ئەوە هـانی دام کە چـاک بخوێنم و زۆر بە دڵگەرمی دەستم بە خوێندن کرد. ئەو دەرسانەی کە دەبـوو لە بەریان کەم وەک تاریخ و جوغرافیا چاکم دەزانین. سێ دانە تەبیعییەکانم وەها لە بەر کردن کە ئێستاش زۆریانم لە بیر ماوە و تەنانەت دەشزانم لە کام لاپەڕە و کـام دێـڕ دان. چـوون قەت ئینگلیسـی و ڕیازییـات و شـیمیم نەدەخوێند، پێم وابوو فێری نـابم و دەسـتم بە خوێـندنی ئەوانـیش کـرد. بە پێچەوانەی بۆچوونی خۆم ئاوهاش گران نەبوون کە مـن بیـرم دەکـردەوە و لەوانیش نومرەی قەبووڵیم وەرگت. تەنانەت لە دیکـتەی ئینگلیسـی بیسـتم وەرگرتبوو. مامۆستاکەمان جوولەکەیەک بوو بە ناوی مالمی و چـاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد، بۆوەی ئەرخەیان بێ کە تەغەللوبم نەکردووە، بانگی کردمە پێی تەختەڕەش، لە سەرڕا هەمووی پـێنووسـیمەوە و هەڵەی تێـدا نەبـوو. ئەودەم زۆر پەشیمان بوومەوە کە دیار بوو توانای خوێندنم هەیە بەڵام لەبەر بەدفەڕی وکەمتەرخەمی خۆم نەمدەخوێند. مەخابن زۆر درەنگ لەو ڕاستییە

گەیشتم.

پاش وەرگرتنی دیپلۆم وەک هەموو کەس حەولی دۆزینەوەی کارێکم دا. هەرچەند ئەوکات دامەزران لە ئیدارەکان ئاسان بوو، بەڵام لە بەر نەحاواوەیی و سەربزێوی خۆم ئیشی ئیداری مرادی منی حاسڵ نەدەکرد. بۆخۆم پێم وابوو ڕەنگە ئەرتەش بتوانێ لەو بارەیەوە خولیای من دابین بکات، هەر بۆیە خۆبەخشانە لە ڕێکەوتی ١٣٣٨/٧/٩ خۆم بە پادگانی سەڵتەنەتئابادی تاران ناساند. بەڵام کە چوومە نێو ڕیزی ئەرتەشەوە، سەد خۆزگەم بە کاری ئیداری خواست. ئەرتەش بریتی بوو لە قانوونگەلێکی ڕەق و ئیشک وگوێڕایەڵی کوێرکوێرانە. ئەم شێوە سیستم و ملکەچبوونە دەبوو بە هۆی ئەوە کە مرۆڤ هەستی ئازایەتی و دەسکەرەوەیی و لێهاتوویی خۆی لە کیس بدات. بۆ وێنە دەبوو قەرەوێڵەکان ئانکادر بکرێن، ئانکادر بریتی بوو لەوەی کە دەبوو ڕۆژێ چەند سەعاتێک دەست بە پەتووی قەرەوێڵەکەدا بێنی هەتا وەک قوتوشەمچەی لێدەهات. ئەو پەتووە نەرمەلیقانەی سەربازیش خێرا تێکدەچۆوە، وەک بەفری نێو ئاو دادەوەشان. ئەمن وکاک ئەحمەدی داودی لە سەر قەرەوێڵەیەکی دوو قاتی دەخەوتین، ئەو لە قاتی خوارێ و ئەمن لە قاتی سەرێ، بەڵام من کە نە سەلیقە و نە حەوسەلەی ئانکادرم هەبوو، ئەوکارەم بە کاک ئەحمەد ئەسپاردبوو. ماڵی ئاوا بێ ئەویش زۆر بە جوانی قەڕەوێڵەکەی بۆ ئانکادر دەکردم. هەر سەربازێک ئەو کارەی بە جوانی بەڕێوە بردبا دەستخۆشانەی وەردەگرت و بە پێچەوانەکەشی تەنبێ دەکرا. ڕۆژێک سەرگوردێک هات ئانکادری منی پێباش بوو و٢٤ سەعاتی مەرەخەسی دامێ، بەڵام ئەی ئەحمەدی تێکچووبوو، یا لە هاتنە خوارێدا لاقی منی وێکەوتبوو، ٢٤سەعات لە

مەرەخەسیەکەی کەم بۆوە.

کارەکەی دیکەمان ئەوە بوو کە دەبوو ڕۆژانە چەند سەعات موزاییکی ئاسایشگایە بە مێو بسووینەوە، پاش سوونەوەیەکی زۆر جێگا جێگا بە پەڕۆیەکی پیس لە موزاییکەکانمان ڕەبا دەدا و گوڵمان تێدەخستن کە پێیان دەگوت «گل انداختن» ئەویش لە ماوەیەکی کەمدا تەپ‌وتۆز تێکی دەداوە. ئەفسەر و فەرماندە و دەرەجەدارەکانی ئەرتەشی شاهەنشاهی بەو شێوەیە ڕاهێنانیان بۆ دەکرا، بۆیە لە هەموو ئەزموونێک زۆر بەپیسی تێکدەشکان. جارێک پسپۆڕێکی ئاڵمانیم دیت کە سەردانی ئەرتەشی ئێران دەکات، بەرپرسێکی ئێرانی لێی دەپرسێ: ئەرتەشی شاهەنشاهیت چۆن هاتە بەرچاو؟ کابرای ئاڵمانی لە وەڵامدا دەڵێ: هەر ئەوەندە خۆ ڕادەگرێ تا شەڕێک بێتە ئاراوە. هەر واش دەرچوو بە هەوەڵین چەخماغەی شۆڕشی گەلانی ئێران ئەرتەش بڵاوەی کرد. مامۆستا هەژار گوتەنی: هەر بە دوو پەڕ ئاگاهی بوو بڵاو، ئەرتەشی شاهەنشاهی. هەروەها پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان، بارزانی نەمر دەگەڵ شەشسەد، حەوسەد پێشمەرگەی لەخۆبردوو ڕێگای شووڕەوی گرتە بەر. بە هەڵکەوت ئەوێساڵێ سەرما و بەفرێکی زۆر لە گۆڕێدا بوو و پێشمەرگەکانیش لە باری خواردەمەنی و ئەسلەحەوە بە تەواوی لە تەنگانەدا بوون. لە لایەک ئەرتەشی شاهەنشاهی بە خۆی و بەو هەمووە تانک و تۆپ و خۆراکەوە وەدوای پێ‌وشوێنی ئەوانەوە بوون، لە لایەکیش ئەرتەشی ئێراق و تورکیا پەلاماریان دەدان، سەرباقی هەموو ئەوانە بە شەڕ و نیوە شەڕ خۆیان گەیاندە شووڕەوی و نەجاتیان بوو. زەبرێکی زۆریان گەیاندە هەرسێک ئەرتەشی ئێران، تورکیا و ئێراق. بەو شێوەیە بارزانی نەمر لمبۆزی «فرماندە بزرگ ارتشداران»ی لە

عەرزێگەوزاند. ئەڕتەشی شاهەنشاهی لەو سەردەمەدا هێندە کز و نابووتە بوو ئەگەر هێندێک لە وەزیر و سەرۆک عەشیرەتەکان خۆڕاگریان کردبا و پشتی کۆماریان لە عەرزی نەدابا، بێ شک ئەم مێژووە بە ئاقارێکی دیکەدا تێدەپەڕی.

لە زوففار تاقمێک چریکی مائۆئیست بە کەمترین کەرەستەی چەکداری، لە ناوچەدا بە ناوی کۆمۆنیست شۆڕشێکیان بەرپا کردبوو، ئەڕتەشی ئێران بە تەیاری و یارمەتی دەوڵەتەکانی ناوچە دەچنە سەریان، بەوحاڵەشەوە زۆر بە پیسی تێکدەشکێ و بە ناچاری زوففار بەجێ دێڵێ، لەو ئەزموونەش سەرشکست دێتە دەر.

تاقمێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی کومیتەی شۆڕش، ماوەیەک سەربەخۆ لە ئەڕتەشی شا وەشاخی دەکەون، هەرچەند شۆڕشی کوردستانی باشوور پشتەوەی لێ گرتبوون و نەیدەهێشت کەرەستەی شەڕ و هیچ چەشنە یارمەتییەکیان پێبگا، سەرەڕای ئەوەش ئەڕتەشی شا بۆخۆی نەیدەوێرا ڕاستەوخۆ لەگەڵیان ڕووبەڕوو بێتەوە، بەناچار پەنای بۆ جاشەکان برد و بە هۆی ئەوانەوە بەرەنگاریان دەبۆوە. بەو شێوەیە لەو ئەزموونەش سەرکەوتوو نەبوو.

لە شازدەی سەرماوەزی هەموو ساڵێک باوە کە لیباسی زستانی لەگەڵ لیباسی هاوینی ئاڵ و وێر دەکرێ. پاش ئەوە کە پێیان ڕاگەیاندم کە بووم بە ئەفسەر وەزیفە، سەرگورد شاهیدی موتڵەق پێی گوتم لەگەڵ ئەفسەرەکانی تر سواری ماشێنی پادگان بم دەڕۆین بۆ بنکەی سەربازی عەباس‌ئاباد(ناوی ناوچەیەکە لە تاران) لیباسەکانت لەوێن. کە لە عەباس‌ئاباد دابەزیم، لەگەڵ پاسەوانی بەر دەرگا لێمان بوو بە کێشە کە بۆ لیباست نەگۆڕیوە! تاکوو

مەبەست لە هاتنەکەم بۆ ڕوونکردەوە سەرگوردم لێ دوور کەوتبۆوە، بەرپرسی بنکە هەرچەند هاودەورەی خۆم بوو و دەیناسیم، بە سەربازەکانی گوت بیبەن بۆ زیندان. ماوەی نیو کات ژمێر ئەوە هەر بۆم دەگێڕاوە کە مەسەلەکە چۆناوچۆنە و لێمگەڕێ بچم لیباس وەرگرم. نەدەچوو لە کەللەیەوە، تا لە پڕ سەرگوردم لێ وەدیار کەوت بە بێ ئەوەی گوێ بدەمە هەڕەشە و گوڕەشەی بەرپرسی سەربازخانە، دەرکەم کردەوە و بەغار خۆم گەیاندە سەرگورد. لێی پرسیم لە کوێ بووی؟منیش ڕووداوەکەم بۆ گێڕاوە. سەرگورد دەستووری دا کە لێیگەڕێن با بچێ لیباسەکانی وەرگرێ و بگەڕێتەوە سەڵتەنەت ئاباد. چووین لیباسیان دامێ و لیباس گۆڕدرا و ئەوجار کابرای بەرپرس دەستووری پیشفەنگ و پافەنگی دا، منیش نەک هەر گوێم نەدایە، بێ خوداحافیزی کابرام بەجێهێشت و وەک ئەفسەرێک بە لیباسی زستانی چوومەوە سەڵتەنەتئاباد.

## ئەو جاریش کاک ئەحمەد بە هانامەوە هات

ئەو ڕۆژەی تفەنگیان داینێ، زۆریان جەخت لەسەر ئەوە دەکرد کە ئاگاداری تفەنگ و فیشەکدان بن، هەرکەس تفەنگی ون بێ یا بشکێ زۆر بە توندی سزا دەدرێ. تەنانەت لەوانەیە ئێعدامیش بکرێ.

واهات لە یەکێک لە ڕاهێنانەکاندا، قۆنداغی تفەنگە بڕنووەکەی من وە بەردێکی کەوت و تا نیزیک «گەلەن‌گەدەن» قەڵەشی. دنیام لێبوو بە چەرمی چۆلەکە. هەر کەڕەتەی مەرەخەسیم وەردەگرت چەسپێکم دەکڕی و لەگەڵ هێندێک پەڕۆوپاڵ و تەناف دەمهێناوە، شەوانە دەگەڵ سێ چوارێکان چەسپمان لە قۆنداغە شکاوەکە دەدا و توند دەمانپێچاوە، بەڵام لە کاتی ڕاهێنان دەبوو تەناف و پەڕۆکەم لێکردباوە هەر دەستم دەدایە تفەنگێ، قەڵشەکە زاری لێک دەکردەوە و ئەگەر زۆر ئاگادار نەبام لەوانە بوو «گەلەن‌گەدەن»ەکەی بکەوێ. پاش ماوەیەک کاک ئەحمەدی داوودی بوو بە بەرپرسی ئەسلەحەخانە. تکام لێکرد تفەنگەکەم بۆ بگۆڕێتەوە، ئەویش وەک پیاوان قبووڵی کرد و تفەنگە شکاوی لە گۆشەیەکی ئەسلەحەخانە هەڵپەسارد و تفەنگێکی ساغی دامێ و ژمارەکەی لە سەر نووسیم.

فەرماندەی پادگان شێوەی فیشەکاوێژی منی زۆر پێ باش بوو، جارێکیان خەریکی ڕاهێنان بووین، هاتە پەنامان هەروا سەرزارەکی تەشویقی کردم، فارسێک لە نیزیک من ڕاوەستابوو گوێی لێبوو گوتی: هێندە لەو شاخانەی کوردستان ڕێگریت کردووە و خەڵکت کوشتووە بۆیە

ئەنگاوتنت وا باشە. منیش پێم گوت: تۆش لە جندەخانەکانی شەهری نەو(ناوی جندەخانەیەکە)، هێندەت بە زۆری نووکی چەقۆ، پستانبەند و شۆرت و لاکی نینۆک و ڕۆژ لەب لە جندەکان ئەستاندووە و دزیوە کە لەو کارانەدا شارەزا بووی. ئەگەر بۆ ئەو جۆرە کارانەش تاقیکاری و تەشویق و تەنبێیەک هەبا، ئەتۆ باشترین نومرەت وەردەگرت، فارسە متەقی لێ بڕا.

من لە دانیشکەدەی ئەفسەری ڕشتەی ئۆردوناسیم هەڵبژارد. ڕۆژێک دەگەڵ فەرماندە گوورهانەکەمان بە ناوی جەوادی کێشەمان لێ پەیدا بوو. لەسەر ئەوەی کە بەرپرسێکی گەورەی ئەمریکایی هاتبوو بۆ پادگان و منیش لە ڕێوڕەسمی پێشوازیدا بەشداریم نەکرد، دەستووری دا سەرم بتاشن. ئەمنیش گوتم بەو مەرجەی دەیتاشم کە بە ویشکی بێ! هەرچەند هەوڵی دا بەقسەم نەکرد، هەر بە ویشکی سەریان تاشیم و لە چەند شوێنان برینەدار بوو. دەڵێن کێوەکان ناگەنەوە یەکتری، بەڵام ئینسانەکان یەکدی دەبینەوە ڕاستە، تەقدیر جارێکی دیکەش دەگەڵ ئەو جەوادییە و فەرماندەی گوردانەکەمان سەرگورد حوسێنی شەهیدی موتڵەق پاش تەواوبوونی دەورە، لە سنووری تورکیا ڕووبەڕووی یەکدی کردینەوە. پاش تەواوکردنی دەورەکە وادیار بوو ڕوکنی دووی ئەڕتەش وەدووی پێوشوێنی خوێندکارە سەربزێوەکان کەوتبوو. زۆربەی مەهابادییەکان پاش تەواوکردنی دەورە، هەروا بیلاتەکلیف مابوونەوە و زۆر جار لە دوویان دەناردین پرسیاریان لە مەڕ ڕابردوومان دەکرد. من بۆخۆم دەمزانی تۆمارگەلێکی سیاسی زۆرم واژۆ کردووە، بەڵام لە بیرم چووبۆوە چۆنم واژۆ کردبوون، چونکە پیتی((ی))م بە دوو شێوە دەنووسی. کاتی ناونووسین چەند فۆرمێکیان دابووینێ کە دەبوو

پاش هەر پرسیارێک واژۆیەکی لێدەین. ئەمن پێم وابوو واژۆی تۆمارەکانم بە «ی» کێشراوە نووسیبوون. ڕۆژێک ئەحمەدی داودییان بانگ کرد وەڵام و پرسیاریان لێکردبوو. بە وتەی خۆی کابرا بۆی گریابوو و قەولی پێدابوو کە بیێ بە سوتوان و ڕاستییەکەی پێ‌درکاندبوو. بەپێچەوانەی قەول و قەرار، بانگیان کرد و لیباسی دانیشجوویان لە بەر داکەند و سەریان پێ‌تاشی و تەحویلی بنکەی سەربازخانەیان دا.

پاش ماوەیەک منیشیان بانگ کردە باغی شا کە سەربازخانەیەکی گەورە بوو. حەساری باغی شا پڕ بوو لە دڕووداڵ، شوێنی لێپرسینەوە بوو. دوو ئەفسەر دانیشتبوون، بانگیان کردمە ژوورێک و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد. یەکیان گوتی ئەمن خەت شناسم و لە لایەن دادگوستەرییەوە هاتووم بۆئەوەی خەتەکانی تۆ پێک بگرم، بنووسە لە تەمەنی حەوت‌ساڵیدا چوومەتە قازی‌ئاوا. دەمزانی کە لە پیتی «ی» دەگەڕێ، بەڵام خۆم لێ لەولای دا و گوتم لە تەمەنی حەوت ساڵیدا قەت نەچوومە قازی‌ئاوا. گوتی بنووسە قەیدی نییە کاغەزێکی لە بن دەستی بوو لە نێو قامکانڕا تەماشام کرد، ئەوەندەی بۆم خوێندراوە ئاوا نووسرابوو:

ئێمە حاجی سمایلی فەرهادی و حاجی ڕەحمانی شێربەگی، واژۆکانی ژێرەوە پەسەند دەکەین. مەتنی نامەکەش ئەوە بوو کە فڵانە و فڵان گرووهبان خەڵکی ئازار دەدەن، داوای لابردنیان بۆ کرابوو. ئیمزای خۆم و ساڵحی گەنجەلیم ناسییەوە. تەماشام کرد بۆ چارەڕەشییان هەمووم بەوجۆرە ئیمزا کردبوو کە لە فۆڕمەکەدا واژۆم کردبوو، گوتم ئەوە ئیمزای من نییە. بۆ ئەوەی یەک نەگرنەوە «ی» ئەوجارەم وانووسی کە دەگەڵ ئیمزای نێو ئەو

نامەیە یەکتر نەگرنەوە. ئەفسەرەکە تا هێزی تێدابوو زللەیەکی لێدام گوتی: بۆ لە فۆڕمەکاندا ئاوات ئیمزا کردووە، بۆ لێرە ئاوای ئیمـزا دەکەی، لە وەڵامـدا گوتم: لەوێ زۆر بەپەلە بووم بۆیە، گوتی لێرەش بەپەلە ئیمزای کـە. وەبیـرم هاتەوە کە چۆنیان قەول‌وقەرار لەگەڵ ئەحمەدی داودی بەسـت و چۆنیـان بەدیهێنا. دووبارە هەر بە شێوەی پێشوو ئیمزام کـردەوە، گـوتی وادیـارە زۆر کەللەڕەق و حۆقەبازە. قسەی خۆشی بەگوێدا نـاچێ، دا ئەو دەمبەسـتەی بێـنە بـا وەقسـەی بێنـین. دەمبەسـت موقەبیـایەکی لاکێشـی زەرد بـوو کە دووسەرە سیمی لێ هـاتبووە دەرێ، سـیمێکیان لە قـامکە گەورەی دەسـتی چەپم هاڵاندم و سـیمەکەی دیـش لە دەسـتی ڕاسـتەم، دوگمەیەکیـان بـادا هەستم کرد کارەبایان پێ وەسڵ کردووم. گـوتی ئەگەر هـاتییە سـەر ئەقـڵ، دەستی ڕاستت هەڵێنە با بزانم ڕوحمت بە خۆتدا هاتوە. بەڵام دەمزانی بێتوو ڕاستییەکەی بڵێم، تووشی چ چەرمەسەرییەک دەبم. بڕیارم دا خـۆ ڕاگـرم و بەرگەی ئەشکەنجە بگرم تاکوو دەرەجەی ئەفسەریم لێـوەرنەگرنەوە نەبـم بە سەرباز سیفر، چونکوو ئەوم پێ باشتر بوو. بۆ ئەوەی ڕوحمیان پێم دابێتەوە وا خۆم نیشان دا کە ئەوە خەریـکە بە سـەندەڵییەوە دەکەوم. یەکیـان بە وەی دیکەی گوت دا پێلاقەیەکی پێدادە، پێی وایە ئەگەر خۆی هێنا حاڵی کەوتن ڕوحممان بۆی دەبزوێ. یەک لە ئەفسەرەکان گوتی ئـێمە کاتێـک خەڵکـی جەزرەبە دەدەین وا باشترە چاوبەندی لێبدەین بۆ ئەوەی نەناسرێینەوە.

کە وای گوت وە کەللەڕەقییەکەم کەوت و خـۆم خـڕ کـردەوە، ئەوجـار سـەرە سـیمەکانیان یەک لەو گـوێچکەیە و یەک لە گـوێچکەکەی دیـکەم هاڵاند، یەکیان کە بە ڕواڵەت خۆی نەرم ونیان نیشان دەدا، بـۆم وە پـاڕانەوە

کەوت. با هەر بەوەندە لێی خۆش بین و ببێ بە ئەفسەر، دەستی کردبە ئامۆژگاری من. بەڵام من دەمزانی ڕەوتی بازجویی چۆنە، هەر ئەوەندە چوویە ژێر بار ئیتر کارت کراوە و کاک ئەحمەدیشم هەر لەبیر بوو، لاقم لێ چەقاند. نە ئامۆژگاری فایدەی هەبوو و نە بادانی پێچی دەمبەستەکە. زۆریان هێناوبردم وجەزرەبەیان دام، بەڵام بێ فایدە بوو. ناچار گوتیان ئەدی ئەگەر کەسێک هات شاهیدی لە سەر دای کە تۆ بە دژایەتی دەگەڵ دەوڵەت جنێوت بە شێخ عەبدوڕڕەحمان داوە و پڕوپاگەندەت بۆ کوردایەتی کردووە، قەبووڵی دەکەی یان نا؟ گوتم بەڵێ. ئەگەر هێنایان زیندانیەک بوو بە ناوی قادری، هەرچی هەبوو و نەبوو درکاندی، لێیان پرسیم قەبووڵتە یان نا؟ ئەوجار گوتم نەخێر. گوتیان بە چ هۆیەک؟ گوتم ئەوە زۆری دەخوێند و زۆر کەم فێر دەبوو، وا دیارە چاک لە قسە و مەبەستی من حاڵی نەبووە! ئەویان بردەوە شوێنی خۆی و منیشیان بردەوە سەڵتەنەتئاباد. پاش ماوەیەک هەر لەو شوێنە بەردیانمە لای سەرهەنگێک، وا دیار بوو ڕاوێژکاری حقووقی سەرتیپ زەرغامی فەرماندەی سەڵتەنەتئاباد بوو. لە دوای پرسیار و وڵامێکی زۆر، دیسان چیان وەدەست نەکەوت وهەمیسان ناردیانمەوە بۆ سەڵتەنەت ئاباد. لەو نێوەدا ئەمن نێوی کەسم نەدرکاند، بەڵام ژنەوایی گوێچکەیەکم لەدەست چوو.

هاودەورەکانی ئێمە هەموو بوون بە ئەفسەر و هەرکەسەی حەواڵەی شوێنێک کران. لەو سەروبەندەدا ڕۆژێک شا هاتە سەڵتەنەتئاباد، ئێمە کە گومانلێکراو بووین لە شوێنی حەسانەوەیان کردین، چەند ڕۆژێک لەو بارودۆخەداماینەوە. چوار پێنج خوێندکاری تورک و فارسمان دەگەڵ

بوون، هەموو ڕۆژێ لە بەر جەوادی فەرماندەی گورهان دەپاڕانەوە تەنانەت دەشــگریان کە تەکلیفیــان ڕوون کەنەوە، مــاوەی مانگێــک مەرەخەســی شاریشیان نەداینێ. بەڵام ئەمن فێڵـێکم بـۆ ئەو کـارە دۆزیبـۆوە، دەسـتێکم لیباسـی ڕێـک وپێکـی ئەفسـەری بە دروون دابـوو. بە قـرتە سەردووشـیی دانیشجوویم لێدەدا و بەندێکی پۆتینی زیادیشـم کڕیبـوو. کە ئەفسـەرەکان دەڕۆیشتن سەردووشییەکەم لێوەدەکرد، قەیتانە زیادییەکەشم لە بـن لێـواری کـڵاوەکەم دەنـا، دەبـوو بە کـڵاوی ئەفسـەری. ئەگەر دەچـوومە دەرکـی پاسدارخانە، پاسداران پیشفەنگ پافەنگیان بۆ دەکردم، واینده‌زانی ئەفسەرم. ئەمنیش بە لالووتیەوە ئازادێکم دەدانێ و وەدەر دەکەوتم.

سەرگورد شەهیدی موتڵەق دەهاتە سەربازخانە و سەرژمێری دەکـردین، دەیدیت ئەمن غایبم. پاش ماوەیەک دەگەڕامەوە دەیگوت لە کـوێ بـووی؟ ئەمنیش لێی وە چەقی دەکەوتم کە غایب نەبووم، بە کوێـدا دەتـوانم بـڕۆمە دەرێ؟ تەنانەت لە سالێ تازەدا تەواوی سێزدە ڕۆژەکەی سێزدەبەدەر بە بـێ وەرگرتنی مەرەخەسی هاتمەوە مەهاباد و هەوەڵ کەس تووشی جەعـفەری عەتتاری هاتم گوتی: ماشەڵڵا عەجەب نومایشێکی!

ڕۆژێک هەر بەو لیباسەوە لە خزمەت بابم و چەند ڕدێن‌سـپی نێـو دێـی چووین بـۆ مەزرای قەبـری میرزەیـدی قازیـاوا، ئاغایـانی مەنگـوڕ پـێمەوە هاتبوون و ئەوانیش هاتن بۆ میرزەید. لە بەڕ بەرۆچکە خۆمان هەڵخستبوو، بابم هەرچەند حەولی دا محەممەدئەمین‌ئاغای دێبـوکرێ دانەنیشـت، بـابم لێی پرسی بۆ دانانیشی؟ لە بنەوە کە سیلەم دایە، بە ئیشارە بابمی حاڵی کـرد کە لەبەر ئەوەی، بە چـاو منـی نیشـان دا. لە وەیـدا بـۆ مـن دەرکەوت کە

عەشایری کورد چەندە فەقیر و بێ دەسەڵاتن، ئەمن لە حانـد بابمـدا هـیچ نەبووم، هەر لەبەر ئەو جل‌وبەرگە ئەڕتەشییە منـی پـێ لە بـابم زیـاتر بـوو، ناچار تەکلـیفم لێکـرد کە «فەرمـوو دانیشـە» ئەوە حـاڵی ئەڕتەش و ئەوەش حاڵی ئێمەی کورد بوو.

لە پاش سـێزدەبەدەر گەڕامەوە سـەڵتەنەت‌ئابـاد، لە بەر دەروازە دووبـارە ئێحتیرامی نیزامیم بۆ گیرا و چوومەوە ژووریٚ، خـۆم لە خەوتـنگە ڕاکـرد و سەردووشیم بە قرتەکەی لە جێی خۆی داوە، بەندی کەوشەکەشم لە لوێچی کڵاو هێنا دەر و بوومەوە خوێندکار. سەرگورد شەهیدی موتڵەق بە تووڕەیی پەیدا بوو گوتی: بێ‌نەزم! ئەوە لە کوێی هەر غایبی؟ دیارە ئەمـن نەچـوومە ژێر بـاری ئەو خۆشـاردنەوەیە، تەنـانەت بـردمییە بەر دەرکەی نیگابـانی کە ئەگەر ئەوە هات مەهێڵن بڕواتە دەرێ. بێ فایدە بوو. چـون هەمـوو ڕۆژێ نیگابانەکان دەگۆڕدران و نەیاندەناسیمەوە.

لە نیوەی هەوەڵ مانگی بەهاردابووین سـەروان جەوادی پێـی‌ڕاگەیانـدم حـوکمی ئەفسـەرییەکەت هـاتۆتەوە، بەڵام بە سـەرگورد مەڵـێ ئەمـن پـێم گوتووی. بۆ سبەینێ‌ڕا سەرگورد پەیدا بوو زۆری گازندە کـرد کە هەرچەنـد زۆر بێ‌نەزمی، بەڵام چون ڕووحییەکی باشت هەبووە پێم حەیف بوو نەبـی بە ئەفسەر و بتکەن بە سەرباز. ئەوە بـوو زۆرم حەول دا کە ببـی بە سـوتوان سێی وەزیفە. پاشان بۆم دەرکەوت سەرهەنگی موشاویری قەزایی سـەرتیپ زەرغـام ئـاوای نەزەر دابـوو کە دژایەتـی وەی لەگەڵ حکـوومەت ڕوون نەبۆتەوە، بەڵام سەلاحییەتی ئەوەی نییە کە لە ئەڕتەشی شاهەنشـاهیدا وەک ئەفسەرێک خزمەت بکا، واچاترە بۆوەی مافەکەی لێ زایە نەبـێ، بکـرێ بە

سوتوان سێی وەزیفە و بۆ شوێنک بەڕێ بکرێ. بەو جۆرە لە مەترسی ئەوەم نەجاتی هات کە دەست بۆ ئەفسەرێک هەڵێنم. بووم بە سوتوان سێ و حەواڵەی شاری شیراز کرام.

لە پادگانێ کە خزمەتی سەربازیم دەکرد ئاوا ڕەسم بوو کە سەروانێک دەبوو بە ئەفسەرنیگەهبانی ئاشپەزخانە و سەرهەنگێک دەبوو بە ئەفسەرنیگەهبانی تەواوی سەربازخانە. ئەمن کە قەدبڵیند و چوارشانە و وێچوو بووم لە جێی ئەفسەرنیگەهبانی ئاشپەزخانە دیاری کرام.

زۆر جار ئاگام لێبوو هێندێک لە ئەفسەر و گرووبانەکان گۆشت و برینج و ڕۆن و دانەوێڵەیان دەدزی کە پێشم پێدەگرتن . بۆ هەوەڵ جار کە لە مەیدانی سوبحگاهی ناوی ئەفسەرانی نیگەهبان خوێندراوە ناوی منیش دەگەڵ بوو. سەربازی شیعە هەر کە گوێیان لە ناوی عومەر بوو وەک شتێکی سەیر قەومابێ، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئیست خەبەردار وێکڕا ئاوڕیان داوە، سەف تێکچوو کە بزانن عومەر کێیە و زۆر بە سەیری تێم ڕامان. زۆر جار لەگەڵ ئەفسەر و دەرەجەدار لەسەر عومەر و عەلی قسەمان لێک هەڵدەبەزییەوە.بەڵام بەختەوەرانە پێش من عومەری ئەردەڵان، خەڵکی سنە لەگەڵ ئەفسەر گرووهبانەکان لێی دەبێتە بەحس و یەک لە گرووهبانەکان قسە بە عومەر دەڵێ. ئەویش نایکاتە نامەردی و هەڵدەکێشێتە دەمانچەی، ئەوەندەی فیشەکی لە دەمانچەیدا دەبێ لە سینگی قایم دەکا و دەیکووژێ. جا لەو ترسانە کە مبادا ئەو ڕووداوە دووپات بێتەوە، قەت قسەی خراپیان نەدەکرد. بەڵام کێشەی عومەر و عەلیمان هەر هەبوو. من لە قاتی سەرەوەی ماڵە گرووبانێک پانسیۆن بووم. بەڵام نەیدەزانی هەم سوننیم

و هەم ناوم عومەرە! زۆر شەوان دەهاتە وەتاغەکەی مـن ودەسـتی بەقسـان دەکرد کە جەناب سەروان لە جنووب قەومێکی لێیە سـوننی و عـومەرین، نازانی چەند خراپ و بێئەخلاقن. تەنانەت گەورەکانیـان ئەگەر کوڕێکیـان پێ جوان بێ، بۆوەی مووی لێ نەیە دەیخەسێنن. ئەمنیش زۆر جـاران کە ئەو دەهات کاغەز و قەڵەمم پێبوو، بەعزە شتهایەکم بۆخۆم دەنووسی. لێـی دەپرسـیم: جەنـاب سـەروان ئەوە چ دەنووسـی؟ لە وەڵامـدا دەمگـوت دەنووسـم کە پـێم سـەیرە کەسـانێک هەبـن عـومەری بـن و ئەو جـوورە ئەخلاقەیان هەبێ. پاش چەند جار هاتوچۆ وادیـاربوو زانیبـووی کە مـن سوننیم و عومەریشم، ئیدی تەرکـی سـەرێی کـرد. هەرچـی دەمگـوت بـۆ نایەی، بیانوویەکی دێناوە. بەڵام بۆخۆم دەمزانی بۆ نایات.

سەرهەنگ ڕەبیعی وەکوو هەموو ئەفسەرەکانی ژانـدەرمەری بـۆ دیتنـی دەورەیەک نـاردرابوو بـۆ شـیراز و لەوێ یەکترمـان دیبـۆوە، سـەرهەنگ شاپەرەست بوو، منیش سەرم دەخستە سـەری و دەمگـوت ڕۆژێـک دێ لە کەللەی شای هەڵدەدەم و ئەویش بۆوەی ئەمن قەڵس کا دەیگوت: ئەمنیش لە کەللەی سەرۆک کۆماری ئێراق کەریم قاسمی هەڵدەدەم.

لە ئەرتەشدا قاعیدە وابـوو کە ئەفسـەرێک جـگە لە دەرەجەی خـۆی بە ڕادەی دەرس خوێندن و کاتی مانەوەی زیاتر لە ئەرتەشدا ئەرشەدتر دەبوون و دەرەجەیان بەرز دەبۆوە. سوتوان سێیەکی لێبوو کە لە پێشدا ئیستیوار بوو، بەڵام خوێنـدبووی و دەورەی دیبـوو ببـوو بە سـوتوان سـێ. ئێـواران کە دەگەڕاینەوە بۆ شار و ئەگەر لە شوێنێک لە سەر سـەندەڵی دادەنیشـتم، ئەو بەو هیوایەی کە ئەو لە من ئەرشەدتربوو، دەهات لە تەنیشت من ڕادەوەسـتا

تا جێی خۆمی بدەمێ. بەڵام کەڵکی نەبوو و ئەمن لەوانە نەبووم لە جێی خۆم هەستم. ئاخری ڕۆژێک کە زۆری پێ‌کەسری شان بوو ناچار ڕووی خۆی هەڵاویشت وەزمان هات کوتی : ئەمن لە تۆ ئەڕشەدترم، بۆ جێی خۆتم نادەیەی؟ ئەمنیش گوتم: جێی خۆم بە سەرگوردیش نادەم. گوتی: کورد هەموو وا کەلەڕەق و قوتن، ئەوە تیمسارێکی کوردیش لێرە بوو ئەویش هەر وابوو. گوتم : وایە و چاوەڕوان مەبە کە جێی خۆمت بدەمێ.

سوتوان کەشکوولێمان هەبوو کە بە ڕەگەز قەشقایی بوو. ڕەگی عەشایری تێدا بوو، هەموو جارێ دەیگوت دەبێ بێی بچین بۆ ماڵە ئێمە. بەڵام ئەو لە پێش مندا دادەبەزی و بەجێی دەهێشتم. سبەینێ دیسان دووپاتی دەکردەوە: نەمگوت میوانی منی! ڕۆژێک گوتم دەبێ ئیمتیحانی کەم. کە هەستا وەدەرکەوێ بێ ئەوەی پێم بڵێ منیش هەستام بەدوویدا ڕۆیشتم، شامەکەی ماست و خورما بوو. ئیدی لەوێ ڕۆژێ‌ڕا تەعاڕوفی نەکردمەوە.

پاش تەواوبوونی دووساڵەی سەربازی گەڕامەوە مەهاباد. ڕۆژێک بە هەڵکەوت لە شەقامی شاپووری مەهاباد تووشی کەشکوولی بووم، وا دیار بوو گوێستبوویانەوە بۆ مەهاباد. بردمەوە ماڵێ و شامێکی باشم دایە، جا نازانم لە هەڵسەنگاندنی خۆیدا بەینی قەشقایی و کورد بە چ ئاکامێک گەیبوو.

لەو سەروبەندەدا سەددی مەهاباد لێدەدرا. پاش ماوەیەک بێکاری بە هۆی حەولدانی کاکم کە لەگەڵ نێعمەتوڵلاهی کە موهەندیسێکی مەراغەیی بوو، ئیدعای ئەوەشی دەکرد کە گۆیا نیسبەت بە حیزبی توودە سەمپاتی

هەیە، بۆ ماوەیەک وەک چاوەدێر لەوێ دامەزرام. چەند شیرکەتی خاریجی هەبوون کە بە بەرغویەکی تایبەتی چاڵاویان لە دەوروبەری سەد لێدەدا، پاشان سیمان و ئاو و نێوە نێوە دەرمانێکی تایبەتیشیان بە فشار لەو چاڵاوانە دەکرد. کاری ئێمەش ئەوە بوو کە میزانی ئاو و سیمان و ڕادەی قووڵایی چاڵاوەکان هەڵسەنگێنین و پاشان واژۆی بکەین. شەوێک کە خەریکی کۆنترۆڵی یەکێک لەو تایمێرانە بووم، سەرم پێداگرتبوو کە بتوانم بیخوێنمەوە. لەپڕ بەردێک لە تەنیشتم وەعەرزی کەوت و دوابەدوای ئەودا چەند بەردی دیکە هاتن، هەرچی ڕوانیم کەسم نەدیت. ئەمنیش دەنگم دا و گوتم ئەوە چ فڵان فڵان شودەیەکە، زۆرم قسەی ناحەز پێگوت. ئەویش لە وەڵامدا ئەو قسانەی پێدەگوتمەوە. پاشان بۆ لای دەنگەکەی چووم و ئەویش بۆ لای من دەهات، کە تێی فکریم مەئموورێکی ساواک بوو بەناوی فتووحی خەڵکی لای کرماشان بوو. ناسیمەوە و هاتە پێش، ئەویش منی ناسیوە گوتی: ئێ ئەوە تۆی؟ لێرە چدەکەی؟ ئەمنیش پێم گوت ئەدی ئەتۆ لێرە چ دەکەی؟ دەستمان بە ئەحواڵپرسی کرد گوتم: ئەمن چاوەدێرم و کارەکەم بۆ شی کردەوە.

ئەوجار گوتی جا کێ ئەتۆی دامەزراندووە؟ تۆ سەلاحییەتت نییە و لێوەشاوی کاری ئێمە نی. گوتم ئەوە کارگەرییە و پێویستی بە سەلاحییەت نییە. گوتی ئەتۆ لەگەڵ ئێمە چ هاوکارییەکی دەکەی؟ گوتم ئەوە نییە بەو تاریکانە بەرگری لە دزی و خراپکاری دەکەم؟ گوتی: «همین» یانی هەر ئەوەندە؟ گوتم ئەوە زۆرە، ئەوە نییە ئەتۆ بە شەوە بێکار بێکار دەسووڕێیەوە و ئەمن لێرە کار دەکەم؟ دووبارە گەڕاوە شوێنی خۆی و ئەمنیش گەڕامەوە

سەر سەعاتەکە. دووبارە شەڕەجنێو دەستی پێکردەوە، پاش چەند دەقیقەیەک لێک چووینەوە پێش، ئەو شەڕەدندووکەیە و لێک چوونەپێش و دوورکەوتنەوە چەند جار دووپات بۆوە. زۆری نەخایاند لە کارەکەم دەرکرام.

لە کاتی بێکاریدا لە بەر خۆمەوە وام بیر کردەوە کە هێندێک مریشک و قەلان ڕاگرم و بەو شێوەیە مافی لە دەسچووی دەرکردن لە سەر کار قەرەبوو بکەمەوە. چاردەپازدە مێ‌قەلم کڕی و لەگەڵ چەند مریشکان و هێلکەیەکی زۆرم وەبەر نان، پاش ماوەیەک قەل و مریشکێکی زۆرم هەبوو کە هەموو حەساریان داگرتبوو. زەحمەتێکی زۆرم لەگەڵ کێشان، ڕۆژانە دەملەوەڕاندن و ئێواران دانم دەدانێ و بەو جۆرە تا پاییزێ تەواو پێگەیشتبوون. وەکی حیسابم کردبوو لە مووچەی ئەو ماوەیە پتر دەکەوتم، بەڵام لە پاییزێدا لە پڕ نەخۆشی نیوکاسل پەیدا بوو. باڵیان لێ شۆڕ بۆوە و ئاویان بە کەپۆدا دەهاتە خوارێ، بە هیچ شتێک عیلاجیان نەدەهات. بۆئەوەی هەموویان نەمرن کابرایەکی قازی‌ئاواییم بە کۆنەکراسێک بەکرێ گرت کە هەتا حەسارەگەورەی شاری لێیانخوڕێ و بۆخۆشم لە شەرمان دوورونیزیک بەدوویدا دەڕۆیشتم و لەخودام دەویست لەو حاڵووەزعەدا، بەو سەروبیچمە چڵکن و شپڕێوە تووشی هاوکلاسییەک نەیەم. بە هەڵکەوت لە لای مزگەوتی شادەروێش تووشی چەند هاوکلاسی هاتم، پاش ماندوونەبوونی و ئەحواڵپرسی گوتیان ئەوە بۆ ئاوای و لە چی دەگەڕێی؟ منیش گوتم هاتووم ئەو قەلانە بفرۆشم.

شەوێ قەلم لە حەساری ماڵە مامە کەریمم کردن کە ئەوکات مامم

بۆخۆی نەمابوو، کـاک مسـتەفا دمڕاسـتی مـاڵێ بـوو. هەر شـەوی هەوەڵ ئەوانی نەخۆش بوون مردن و چەنـد دانەیەک کە مـابوون کـاک مسـتەفا بە خێزانی دەسپێرێ هەتـا نەمـردوون سـەریان ببـڕە. پـاش یەکدوو ڕۆژ خـۆ خافڵاندن بە گیرفانی بەتاڵ و دەستڕاوەشاندن بەرەو قازیاوا گەڕامەوە. بەو شێوەیە لە قەلڕاگرتنیش چم پێ نەبڕا.

کاک حوسێنی دلاوەری وەک چـاو سـاغ بە پـوولی مـووچەی بەنـداو موتورسیکلێتێکی چوپای ڕووسی زەلامـی بـۆ کڕیبـووم، مۆتـۆڕەکە هێنـدە زەلام و ناقۆڵا بوو لە هـەوراز نەیدەکێشـا. ڕۆژێـک سـواری پـاش تەرکـی مۆتۆڕم کرد و ڕۆیشـتین بەرەو قازیـاوا، لە کـاتی دەنـدە گۆڕینـدا گـوێم لە تەپەیەک بوو بەڵام نەمزانی چ بوو. ڕام نـەگرت و ڕۆیشـتم. بـۆ سـبەینێ لە شاری تووشی دلاوەری هاتم زۆر بە توڕەیی گوتی ئـەوە بـۆ ئـەگەر بـەرت دامەوە ڕات نەگرت؟ کوتم پێم وا نـەبوو ئـەتۆ کـەوتووی، بـەڵام تەپەیـەکم گوێ لێبوو. وەم زانی تائاردە، هێندەی دیکە قەڵس بوو.

ڕۆژێک هەر بەو مۆتۆرە دەهاتمەوە مـاڵێ لەسـەر پـردی سـوور کەوتمە سەر مێگەلە مەرێک، تازە نەدەکرا بگەڕێمـەوە و نـەدەکرا لابـدەم، ناچـار بە قەراغێکدا ڕۆیشتم تەگەری پێشی مۆتۆرسێکلێتم لە دیـواری پـردەکە دا کە خودا ڕوحمی کرد مۆتۆڕ بۆخۆی کوژاوە دەنا لـەو هەزاربەهـەزارەی هـەڵی دەداشتم. هێندە لە سەر مۆتۆر بەربـوومەوە هەمیشـە دەسـت و دەموچـاوم برین پێچی پێوە بوو. هەتا بش کەوتبام مۆتۆڕم وەبەر بەردان و شـەقان دەدا کە بۆ خستتوتم!

ئیدارەی فەرهەنگ بڕیاری دا کلاسی ڕاهێنانی مامۆستا دابنـێ و منـیش

بەشداریم کرد، لە ئیمتحان قـەبووڵ بـووم. موبسـیری تەربیـەت موعـەللیم کەسێک بوو بە نێوی عەبدوڵلای زوبەیری و سەرژمێری قوتابیەکانی دەکرد. منیش زۆرجاران کە بـۆ دیتنـی کـاک سـولەیمانی مـوعینی نەمـدەتوانی لە کلاسەکاندا بەشداری بکەم غـایبی بـۆ دانـەدەنام. ڕۆژێـک سـەید جـەماڵ نێویک کە ڕاپۆرتچی بوو، ڕاپـۆرتی لێـدام کە هـەموو ڕۆژێ دەچێـتە ئیـڕاق چـاوی بە ئەحمـەد تۆفیـق دەکـەوێ ودەسـتووراتی لـێ وەردەگـرێ ودەگەڕێتەوە. بەرپرسی ئەو کاتی ژاندەرمەری سەرهەنگێکی شڕودڕ بە ناوی سەرهەنگ بابایی بوو، هەر لە حەساری ژاندارمەریدا شـاڵاوی هێنـا کە بـۆ هەموو ڕۆژێ دەگەیە ئێڕاق و لەگەڵ ئەحمەدتۆفیق پێوەندی دەگری؟ منیش حاشام لێکرد گوتم: ئەمن لە کلاسی ڕاهێنانی مامۆسـتادا دەرس دەخـوێنم، بنێرە بپرسن کە غەیبەتم هەیە یان نا؟ ئەوجار ناشکرێ هەمـوو ڕۆژێ بچیـیە ئێـڕاق وهەر ئەو ڕۆژەش بگەڕێـیەوە، خـودی ئەو سـەفەرە چەنـد ڕۆژ دەخـایەنێ. سـەید ڕەحیمـی جەعفەریـش لەوێ بـوو، دۆسـتایەتی لەگەڵ سـەرهەنگ هەبـوو. بەڵێـی هاویشـتە سـەر قسـەکانی مـن، بەو شـێوەیە لە شەڕڕی سەرهەنگ بابایی خەڵاسیم هات.

## پێشنیاری کاک سەعد موهتەدی

لە کاتی تێکۆشاندا کاک سەلاحی موهتەدی(مچەگردەڵ) لەگەڵ کاک محەمەدی ئیلخانی زادە(کاوە) بە هاوکاری جەلال تاڵەبانی دووبەرەکایەتی و ئاژاوەیان لەناو شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵات نابۆوە. ڕۆژێک کاک سەعد پێشنیاری کرد نامەیەکی هاوبەش بۆ مامۆستا هەژار بنووسین بزانین کام لایەن تاوانبارن. ئەگەر لایەنی ئێمەی بە تاوانبار ناساند، ئێمە بە بنکەی خۆمان ڕادەگەیەنین بێتوو دەست هەڵنەگرن ئێمە لایەنگریتان لێناکەین، ئەگەر کاک ئەحمەد و کاک سولەیمانیان بە تاوانبار ناسی، ئێوە پێیان ڕابگەیەنن کە دەست لە ئاژاوە هەڵبگرن دەنا پشتیوانیتان لێ ناکەین.

پاش ماوەیەک وڵام هاتەوە و لایەنی موهتەدی بە تاوانبار ناسرا بوون. بەڵام تا کاک سەعد پەیدا بۆوە ئەمن کە نامەکەم لە بن سەرەداری مەنزڵ نابوو، نازانم مشک خواردبووی یا چی، نامە ون بوو. کاک سەعد پەیدا بۆوە گوتم: نامەکە هاتووە و لایەنی ئێوە بە تاوانبار ناسراون، بەڵام نامەکە نەماوە. کاک سەعد ئەوەندی دیکە لەو مەسەلەیە دڕدۆنگ و دڵ ئێشاو بوو. هەرچەند کە ئەگەر خودی کاک هەژار هاتبا و ئەو قسەیەی کردبا، ڕەنگە کاردانەوەیەکی لەسەر کاک سەعد نەبایە، چون ئەوە پیلانی ساواک بوو و لە لایەن ئەوانەوە دەگێڕدرا.

ناوی کاک محەممەد و کاک سەلاح پێکەوە دێن، بەڵام لە بەینی ئەو جووتەدا عەرز و ئاسمان جیاوازی هەبوو. کاک محەممەد بە پێچەوانەی کاک سەلاح مرۆڤێکی ئاژاوەچی و هەر ڕۆژە بە لایەکدا بکەوێ نەبوو.

پاش شۆڕش جارێـک کـاک محەمـەدی ئیلخـانی زادە دەفـتەرچەیەک بەدەست پەیدا بوو کە وتارێکی زۆر جوان و ڕێکوپێکی لە سـەر شۆڕشـی کورد نووسیبوو، بە وتەی خۆی بردبوویە لای کۆمەڵە بۆیان چاپ نەکردبوو. پێشنیاری کرد کە بۆی چاپکەین، بەڵام لەو کاتـدا تەشـکیلاتی مەهابـاد بە ڕادەی پێویست کاغەز و جەوهەری نەبوو و ڕامان ئەسپاردبوو بۆمان بنێرن، کاک محەمـەد ڕۆیشـت و نەهـاتەوە. پـاش مـاوەیەک خەبەری هـات کە کووژراوە و ئێسـتاش مەعلـووم نەبـوو کـێ کوشـتی!! وا دیـار بـوو کـاک محەممەد دەستی لە کۆمەڵە هەڵگرتبوو و پێیان ناخۆش بوو بێتە پـاڵ ڕیـزی حیزب، کاک محەممەد ئینسانێکی هەڵسووڕاو و باسەواد بـوو، لەوانە بـوو جێی خۆی لە حیزبدا بکاتەوە و وەک ئینسانێکی دڵسۆز لە ڕیزەکانی حیزبدا خۆی بنوێنێ، ڕەنگە هەر بۆیە لەبەینیان بردبێ.

## بیست تمەنەکەی مامۆستا

جارێـک لە چاوپێکەوتنێکـدا، کـاک سـەعدی مـوهتەدی گـوتی کە مەلا شێخ‌عیزەدین مرۆڤێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەرە. لەنێـو جەماوەریشـدا زۆر خۆشەویستە. پێشنیاری کرد بچین بـۆ لای و داوای هاوکـاری لـێ‌بکەیـن. پێکەوە چووین و پێشنیاری هاوکـاریمان لێکـرد، ئەویـش زۆر بە ڕوویەکـی خۆشەوە قەبووڵی کرد و قەولی دا مانگێ بیست تمەنیش وەک یارمەتی بـدا بە حیزب. چەند جارێک چـووم بـۆ لای و هەمـوو جـارێ بیسـت تمەنەی خـۆی دەدا. ڕۆژێـک پێـی گـوتم مەلا محەمـمەدی لاچینـی پیـاوێکی نیشتمانپەروەرە و پێیخۆشە بێتە ناو کـۆڕی خەبـاتەوە، ئەگەر بچـی بـۆ لای لەوانەیە هاوکاری بکا. بەڵام پاشان دیـتمان و دەرکەوت کە پیـاوی سـاواک بـوو و بەو جـۆرە ئەو سـاواکییە وەک بـاوەڕپێکراوی مامۆسـتا و نـوێنەری سـاواک هـات لە ڕیـزی خەبـاتەوە و لە کۆتایشـدا ئاکـامی ئەو هاوکـارییە دەرکەوت. خـزمەت و خۆشەویسـتیی مامۆسـتا سـەبارەت بە حیـزب لەو بیست تمەنە ناردنی مەلا محەممەدی لاچینی تێـنەپەڕی هـیچ، وەختـابوو سەریشمان لەو ڕێیەدا دانێین. چەند جارێکی تر کە هات‌وچـۆی مامۆسـتام کرد، لە دانی بیست تمەنەکە خـۆی پاراسـت، لە کۆبوونەوەکانـدا زۆریـش بەشداری قسەوباسەکانی نە کرد، وادیار بوو بە لای خائینەکانـدا کەوتبـوو. ئەمنیش وازم لەو هات‌وچۆیە هێنا.

لە چاوپێکەوتنێکـدا نـامەیەک هـات کە دەبـوو بـڕوا بـۆ تـاران، ژمـارە سندووقێکی لە سەر بـوو بە نـاوی یەکێـک لە ڕامینەکان((برایـانی ڕۆژنـامە

نووس)) کە دەبــوو لەو ژمــارە ســندووقە بهاویشــترێ. بە هەڵـکەوت کــاک حەمەدەمینی سیراجی کە ئەوکات لە تاران خوێندکار بوو هــاتەوە مەهابــاد، مەسەلەکەم پێگوت و داوام لێکرد ئەو نامەیە لەگەڵ خۆی بەرێتەوە بۆ تاران و لەو ســندووقەی بــاوێ. بەڵام وا دیــار بــوو کە زۆر دەترســا، دەســتی بە هێنانەوەی بڕوبیانووی پووچ و بێنــاوەرۆک کــرد. هەرچەنــد بە ڕاشــکاوی نەیدەگوت نــاوێرم، بەڵام لە قســەکانیڕا وادیــار بــوو کە دەترســێ تووشــی ڕووداوێک بێ، ناچــار وازم لــێهێنــا. ســەرەڕای ئەوەی کە داوای حــوکمی زیندان و ئێعــدامیمان لەســەر بــوو، بۆخــۆم ســواری ماشــێنی تــاران بــووم، شوێنەکەم دیتەوە و نــامەم لە ســندووق هاویشــت. کــاک حەمەدەمــین لەو مەترســییە ڕزگــاری هــات. دیــارە کــاک هەژاریــش لە چێشــتی مجێــور دا ناوبراوی چاک پێناسە کردووە.

## هەڵەی مەلاقادری لاچینی

مەلاقادری لاچینی لە لای سەید عەبدوڵڵای ئیسحاقی و هاوڕێکانی نامە و خەبەری دەهێنـــاوە، لە لای خۆشـــمان ڕا یـــارمەتی کـــۆکراوە و هەواڵـــی دەبـردەوە. ڕۆژێـک نـامەیەک دێنـێ کە دەبـوو دابـای بە کـاک یۆسـفی خوسرەوی کە ئەندامی حیزب بوو، پێی دەڵێن دەیـبەی بـۆ موسـافیرخانەی خوسرەوی. بە هەڵکەوت یۆسفی خوسرەوی لەوکـاتەدا لە مەهابـاد نـابێ و مامی یۆسف، کەریمی خوسرەوی کە نـاو و ناوبـانگی سـاواکی بە دوواوە بـوو لە جێگـای مـودیری موسـافیرخانە دادەنیشـێ. بـێ ئەوەی تەماشـای ڕوخساری بکا نامەکە دەدا بە کەریمی خوسرەوی. کەریمی خوسرەوی لێی دڕدۆنگ دەبێ و بە مۆنەوە چاوی لێـدەکا. مەلاقـادر تێکـدەچێ و هەسـت بەوە دەکـــا هەڵەیەک ڕووی داوە، بە پەلە لە موســـافیرخانە وەدەر دەکەوێ. کەریمـی خـوسرەوی وەک مـاری لە گیرفانیـدابێ بـانگی دەکـا کـوڕە وەرە شتەکەت بەرەوە، مەلاقادر گوێی نـاداتێ و کـاک کەریـم بە پەلە بە دوویـدا دەڕوا، مەلاقادر کە پێی وادەبێ دەگیرێ تێیدەتەقێنێ. کاک کەریـم وەدووی دەکەوێ بەڵام کە دەزانێ نایگرێتەوە دەگەڕێتەوە. مەلا قـادر لە حاڵێکـدا کە زۆر تێکچووبـوو بە شـڵەژاوی خـۆی لە مـاڵی ئـێمە ڕاکـرد، کـارەکەی بـۆ گێڕامەوە، زۆرم دڵداری داوە کە نەترسـێ شـتێکی ئەوتـۆ نیـیە و جێبەجێـی دەکەین. چووم بۆ لای کاک مستەفای قازی کە ئەوکات ئەندامی حیزب بوو و مەسەلەکەم بۆ گێڕاوە، ئەویش گوتی هیچ نیـیە دەچـین وەریـدەگرینەوە.

هەر تاریکایی داهات یەکمان چەقۆ و یەکیشمان تەورداسێکمان دەست دایە و بەرەو ماڵە ئاغای خوسرەوی وەڕێکەوتین کە لە کووچەیەکی تەنگ و دەربەندددا بوو. چووین لە دەرکەمان دا، کاک کەریم بۆخۆی هاتە دەرێ بە دیتنی ئێمە چرژا، وادیار بوو چاوەڕوانی ئێمە نەبوو. ڕەنگە ئەو فکری بۆ ئەوە چووبێ کە بەینی ئەو ڕووداوەی لە موسافیرخانە ڕووی دابوو و هاتنی ئێمە بۆ ماڵی ئەوان، ئەویش بەو درەنگ وەختە دەبێ پێوەندییەک هەبێ. زۆری خولق کردین بچینە ژووریێ بەڵام قەبووڵمان نەکرد، ئاخیری پرسی ئەدی لە چی دەگەڕێن؟ ئێمەش ڕوداوەکەمان لە سەرڕاوە بۆ گێڕاوە، چون ترسی ئەوەمان هەبوو کە تێبکەوین بە تەیاری چووبووین، داوای نامەکەمان کردەوە. زۆر بە ڕوویەکی خۆش گوتی بە چاوان ئێستا دەچم بۆتان دێنم، پاش چەند دەقیقەیەک گەڕاوە و نامەکەی بێ ئەوەی دەستی لێدرابێ بۆ هێناین. بێ ئەوەی هیچ شتێک بقەومێ بە سڵامەت گەڕاینەوە ماڵێ. پاش چەندین ساڵ لە دوکانی میرزا قادری تەوەککولی چاوم بە کاک کەریم کەوت. چەند ڕۆژێک بوو لە زیندانی کۆماری ئیسلامی ئازاد ببووم. گوتی: فڵانەکەس لێم ببوورە کە پێتەوە نەهاتووم، ترسم هەبوو ئەو جەماعەتەی لە وێن وا بیر بکەنەوە کە بۆ خەبەرچینی هاتووم.

کەڕەتێکی دیکەش مەلاقادر نامەی هێنابۆوە و زۆرتریش هەر لە ماڵە ئێمە دەماوە، کە چوومەوە لە ماڵێ نەبوو. لە خودالێخۆشبوو میناخانمم پرسی گوتی: بە پەرۆشی وەدەرکەوت. تا نیزیک نەهار چاوەڕوان بووم بەڵام نەگەڕاوە. پێشتر پێی گوتبووم کە جاروبار دەچێتە مزگەوتی قیبلە. کە چووم لە نێو ئەو گەسکانەی کە لە حەساری مزگەوتی قیبلە کرابوون و

زۆریش پیر و بڵیند ببوون خۆی شاردبۆوە. لێم پرسی بۆ گەیشتوویەتە ئێرە و خۆت شاردۆتەوە؟ لە وەڵامەکەیڕا دەرکەوت کە دەبێ کەسێکی گومان لێکراو دوورونیزیک بەدوویدا ڕۆیشتبێ، ئەویش پێی وابوو ئەوە شوێنیانهەڵگرتۆتەوە. هێنامەوە ماڵێ و پێم‌گوت لە هەموو شت نەترسێ، هەر کەس بە تەنیشت تۆدا تێپەڕی ئەوە لە تۆ ناگەڕێ.

## هیپنۆتیزم

جگە لە تێکۆشان و هەڵسووڕانی سیاسی، هەر شتێکی دیکە کە بە گوێم گەیشتبا کە ڕەنگە وا بکا مرۆڤ بە ئامانج بگا، دەسبەجێ خۆم نەدەپاراست ئاوقای دەبووم. خولیای ڕزگاری گەلەکەم وەها لە دڵ و دەروونمدا بڵێسەی دەدا، تەنانەت بۆ ئەو مەبەستە پەنام بۆ کاری نا ئاساییش دەبرد. بۆ نموونە بیستبووم لە کتێبی قورئاندا ئایەتێک هەیە هەرکەس لە شوێنێکی چۆڵ و دوور لە ئاوایی حەوت جەغز لە دەوری خۆی بکێشێ، بێ ترس و واهیمە ئەو ئایەتە تا ئاخر بخوێنێتەوە دەتوانێ دوو جندۆکان بێنێتە ژێر ڕەکیفی خۆی، هەر کارێکی پێیان بسپێرێ بۆی جێبەجێ دەکەن. کەسێک بە ناوی محەممەد ڕەئووف گلۆلانی شات وشوتی ئەوەی هەبوو کە ئەو ئایەیەی خوێندۆتەوە و زۆر شتی جۆراوجۆری ترسناکی هاتۆتە پێشچاوی. خۆی لەبەر ڕانەگرتووە و هەڵاتووە. لە سەر تاتی مزگەوتی سوور بێهۆش کەوتووە. دەشیگوت مەلاخڕە ئەو ئایەیەی دەزانێ. چووم مەلاخڕەم دیتەوە و پێنج تمەنم دایە نێوی ئایەکەی پێ گوتم، چەند ڕۆژێکیش لە کن خۆی تەمرینم کرد، ئەمن کە قەت عەرەبیم نەزانیوە و خۆشیشم لێی نەهاتووە لەبەرم کرد. مەلاخڕەش پێنج تمەنی لێئەستاندم، ئەوکات پوڵێکی کەم نەبوو.

پاش لەبەر کردنی ئایەتەکە تاریکانێک چوومە دۆڵی ماینەبۆر کە لە سەرووی قەبرستانی میرزەیدی قازیاوا هەڵکەوتبوو، شوێنێکی یەکجار زۆر بە سامە. حەوت جەغزم لە دەوری خۆم کێشا و ئایەکەم تا ئاخری خوێندەوە،

هەڵبەت هیچ ترسم لێ نەنیشت. ئەو شتە ترسناک وسەیر و سەمەرانەی بۆیان گێڕابوومەوە نەهاتنە بەر چاوم، بێ ئەوەی ئەجننە یا شتێکی سامناک خۆم نیشان بدەن، هاتمەوە ماڵێ.

هەروەها بیستبووم کە هەموو کەس وزەی هیپنۆتیزمی هەیە کە بێت و کاری لەسەر بکا، ئەو هیپنۆتیزمەی تێدا بەهێزتر دەبێ و بەو جۆرە دەتوانێ هێزێکی ناسروشتی بۆ خۆی دەستەبەر بکات و بۆ گەیشتن بە ئامانج کەڵکی لێ وەرگرێ. دۆستێک هەبوو بە ناوی هاشمی شێخانی خودالێخۆشبوو کتێبێکی لە مەڕ هیپنۆتیزم هەبوو، لێم وەرگرت.

ماوەیەکی چاک خەریکی ئەو ڕاهێنانە بووم کە کتێبەکە دیاری کردەبوو، وەک دانانی خاڵێکی ڕەش لە سەر کاغەزێکی سپی کە دەبێ بە مەودای چەند میتر لە دیوا بدرێ و ڕۆژێ چەند ساعاتان لەو خاڵەی ڕامێنی و بەخۆت بقەبڵێنی کە هەرچی پێت خۆش بێ دەتوانی بیکەی و لە هەموو کەس بەهێزتری. هەرچی هەیە لە ژێر ڕەکیفی تۆدایە و هێندێکیش ڕیازەت و سەختی بکێشی، وەکوو نەخواردنی پیواز، چەوری، گۆشت و لە سەر دۆشەگێکی خوری بەرەو شیمال یان باشوور بخەوی. خزم و قەوم کە زانیان ئەمن ئەو کارەی دەکەم دەستیان بە لۆمە و لەقەمان کرد. ئەو کارانە پارێزە لە خواردن بۆ شەفای فڵانە نەخۆشی، دیارە ئەو نەخۆشییەی هەیە و دەیەوێ چاک بێتەوە. هەر چەند ئەو لۆمەولەقەمەم زۆر دەبیستەوە، بەڵام من کاری خۆم هەر دەکرد. پاش حەولدانێکی زۆر هیچ نیشانەیەکم لە هیپنۆتیزم وە بەرچاو نەکەوت، ماندوو بووم و تەرکم کرد.

سەید حەسەنی هاشمی دەیگوت کە مەلامحەمەدی خزری هیپنۆتیزمی لە چاویدایە و دەتوانێ خەڵک بێنێتە ژێر ئیرادەی خۆی. شەوێک

لە شوێنێک کۆ بووینەوە، مەلا محەممەد لە سەید حەسەن ڕا دەستی پێکرد. کـوتیـ: تـۆ لە ژێـر ئیختیـاری مـن دای و ئەلان خەوت لێکەوتـووە، ئەلان خەون دەبینی، بۆ چما سەید حەسەن خرپەی خەوی لێنەهات!! ئەوجـار بە پێچەوانە دەستی بە جۆرێک جـووڵانەوە و لەرانەوە و هێنـدێک قسـە کـرد. سەید حەسەنی هێنایەوە سەر حاڵەتی ئاسایی. ئەوجار نـۆرەی مـن هـات و لەگەڵ منیش دەستی پێکرد، ئەتۆ ئەلان لە خەودای و بە ئەمری مـن خەوت لێکەوتووە و خەون دەبینی. فڵان و فیسـار و بە جـۆرێکی تـایبەتی دەسـتی دەجووڵانـدەوە. بـێ فایـدە بـوو و ئەمـن خەوم لێـنەکەوت، بەڵام بۆخـۆی حاڵەتێکی سستی و خەوی بە سەرداهات کوتی: ئەتۆ لە من بەهێزتر بووی، بۆیە بۆم لە خەو نەکرای.

## عیشقی حەسەنئاغا

حەسەنئاغای سەیفی قازی کچێکی خۆشدەویست، وەک هەموو عاشقێک جاروبار سەرڕێی پێدەگرت و تەوس و پلاری پێدادەدا. ئەوکات سەری مەیدان سەیرانگەی ئەو کەسانە بوو کە ماشێنیان هەبوو. سەید ڕەحیمی حوسێنی، بنەماڵەی بلووری سواری ماشێنی خۆی دەکرد و دەچوون بۆ گەڕان. حەسەنئاغاش کە ماشێنی هەبوو، جاروبار بە دوویاندا دەڕۆیی و دوورونیزیک لە وان دادەنیشت.

ئەو ڕێگایە بە نێو دێی قازیئاوا دا دەڕۆیشت. ڕۆژێکی سەرەبەهار بوو و بلووزێکی مەرەزم لە بەردا بوو، لە نێو باغ بە مشارێکی چکۆڵە خەریکی هەڵپەرتاوتنی لکوپۆپی چناران بووم. حەسەنئاغا بە هەڕەمە هات و دەستی بە گلەیی کرد کە کەس لەسەرم وەجواب نایە! گوتم چ قەوماوە؟ گوتی: میرزا قادر و سەید ڕەحیم قسەیان پێ گوتووم. گوتم شتی وا نابێ چاویان دەردێنم گوتی بەرێوەڵلا بووە. گوتم ماشێنەکەت بەرە لە سەرەوەی دێی لە فلان شوێن لە بەرێکی چاڵەگەنم هەڵقەندراوە و بەرەکەی دیکەی تەپۆڵکێکە ڕایگرە، چون بەو جۆرە ڕێگای ماشێن دەبەسترێ و ناچار دەبن ڕایگرن جا ئەوجار دەچین بۆخۆت دەزانی چییان پێدەکەم. حەسەنئاغا ماشێنەکەی وا ڕاگرتبوو کە ئەوان توانیبوویان بڕۆن. زۆری پێ نەچوو گەڕاوە و گوتی وەڵلا ڕەد بوون! گوتم جا سواربە با وەدوویان کەوین. خێرا وەپێشیان کەوتینەوە و لە خوارتر کە بەرێکی جۆگەی ئاشی داشتەمر بوو و بەرێکی شاخ گوتم ڕایگرە ڕایگرت.

ئیدی مەودا نەمابوو کە ئەوان تێپەڕن و بەناچار ئەوانیش ڕایانگرت، ئەمن دابەزیم و ئەوە خۆش‌خۆشیش دەستم لە دەسکی مشارەکە کە لە بن بلووزەکەم نابوو دەدا و دەمجوولاندەوە و بەرەو ڕوویان ڕۆیشتم. سەید ڕەحیم و میرزا قادری بلووری دابەزین و زۆر بە ئێحترام و ئیکلام بەرەوپیرم هاتن و دەستیان بە پاڕانەوە و زبانلووسی کرد کە: کاک عومەر ئێمە بە قازیاوایەدا ڕادەبرین و بە ماڵە خۆمانی دەزانین براله بۆ جارێک لوتف نافەرمووی چایەک، پەرداخە دۆیەک، نان و ماستێکمان بدەیەی؟ سەرەڕای ئەوە کە زۆر خەجاڵەت ببوومەوە، دیسانیش هەر پێم گوتن کە بۆچی قسەیان بە حەسەن‌ئاغا گوتووە؟ هەڕەشەم لێکردن کە ئەمن شتی ئاوام پێ قەبووڵ ناکرێ ئەوجار سەدهێندی تر پاڕانەوە کە بە و سوێند و قوڕعانە ئێمە جەسارەتی ئاوامان نەکردووە هەر خۆمان بە چووکەی تایفەی قازی دەزانین و چۆن شتی وا دەکەین. گوتم ئەگەر وایە با حەسەن‌ئاغا بانگ‌کەم ئەدی ئەوە بۆ وا دەڵێ؟ ئەگەر ئاوڕم داوە دیتم حەسەن‌ئاغا نەماوە و سواری ماشێنەکەی بووە و ڕۆیشتۆتەوە! هێندەی دی خەجاڵەت بوومەوە. ئەوان کە دیتیان ئەمن بە پێیان ماومەتەوە زۆریان حەول دا کە لەگەڵیان سوار بم، بەڵام لە ڕووم هەڵنەهات گوتم ئەوڕۆ سێزدەبەدەرە و ماشێن زۆر دێن و دەڕۆن لەگەڵ ماشێنێکی بەتاڵ دێمەوە. هێندەی پێنەچوو ماشێنێک هات و سواری کردم و لە نیزیک کارێزی شار دابەزیم. هەر ناسیاوێک کە تووشم دەهات لێی دەپرسیم بۆ بە دەمانچەوە پێشت بە سەید ڕەحیم و میرزا قادری بلووری گرتووە؟ ئەمن هەوەڵێ ڕامام، دەمانچەی چی و شتی چی؟ کە چی لێم حاڵی بوو دەسکی مشاریان لەگەڵ دەمانچە لێ تێک‌چووە، خۆم نەشکاندەوە و گوتم شتی گەورەتریشم پێ بوو بەڵام نەمویست بە شتی

گەورەتر لەگەڵیان بەرەوڕوو بم.

کە دوایی تووشی حەسەنئاغای هاتم و لێم پرسی بۆ بەجێت هێشتم؟ گوتی خەجاڵەت بوومەوە و لە ڕووم هەڵنەهات لە بەرییان ڕاوەستم وا دیار بوو لەگەڵ کچەی دڵیان پێکەوە بوو و دەیهەویست خزمایەتیان لەگەڵ بکا. بەڵام پێکنەگەیشتن و ئەو عیشقە ناکام ماوە.

## نەشتەرگەری بۆ مینەشەم

مەرحـوومی مینەشـەم لە شـەڕی هەنـدرێن (١٢ی مەی ١٩٦٦ کە هاوکـاتە لەگەڵ ئەوزەمانی کە یەکێتی لەگەڵ بەعس ببووبەهاوپەیمان و دژی شۆڕش چەکـی هەڵگرتبـوو و بە ...شێسـتوشـەش نـاسرابوو) کە لە نێـوان پێشمەرگەکانی پارتی و ئەرتەشی بەعسـی ئێـراق و سـووریە ڕووی دابـوو، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی ئێران هاوکاریان کردبوون و لە پاراسـتنی ئەو شـاخە دەورێکـی گرینگیـان هەبـوو. لەو شـەڕدا حیزبـی بەعـس بـۆ هەوەڵجـار ددان بە شکسـتی هێـزی خۆیـدا هێنـا. پـاش شـەڕی هنـدرین عەبدولڕەحمان عـارف بـرای عەبدولسـەلام عـارف سـەرکۆماری ئەوکـاتی عێراق دەچێتە سەردانی مەلا مستەفا و وتووێژ لە بەینـی شـۆڕش و دەوڵەتـی عێـراق لە ڕێکەوتـی ٢٩ حوزیرانـدا سـاز دەبـێ. ئەو پێشـمەرگانە سـێ شەووڕۆژان لە گەمارۆ دەکەون و خواردەمەنییان پێناگا، مینە شەم لە برسـان و لە ناچارییـان گیـاوگژ و خـاک و خـۆڵ دەخـوا. بە گـوتەی مینەشـەم پێشمەرگەکانی یەکێتی کە چەند سەد میترێک لە بەرەی شـەڕ دوور بـوون و خۆمپارەهاوێژێکیان پێدەبێ، هەرچەند حەول دەدەن نایاندەنێ. بەهەر حـاڵ لەشکری بەعسی دەشکێ و کوشتە و بریندار و زەرەر و زیانێکی زۆریشـیان وێدەکەوێ. هەنـدرێن دەپـارێزرێ و پێشـمەرگەکان بە سـڵامەتی نەجاتیـان دەبێ. ئەمما خواردنی ئەو خۆڵە دەبێتە هۆی ئەوە کە مینەشـەم زگـی کـارێ نەکا و تووشی نەخۆشی قەبزی ببێ. بـۆ دەرمـان دەینێـرنە ئێـران و لە مـاڵە کابرایەکی بەننا کە خزمایەتیشی لەگەڵ یۆسفی خوسرەوی هەبوو دەکەوێ.

کاک یۆسف دوکتور شافەعی هێنا و موعاینەی کرد، دوکتور دەستووری دا کە دەبێ نژداری بکرێ. ساڵان دەرمانی خاوێن کردنەوەی زگ وریخۆڵە نەبوو، هەر کەسێک کە دەبوو عەمەل بکری شەوێ ئیمالەیان دەکرد. شەو کابرایەکی خوێنتاڵ بە تیغ و گۆزەیەک سابووناو کە شیلانکێکی بارێک و ناسکی پێوە بوو لێی وەژوور دەکەوت. کابرا ئەو گۆزە سابووناوەی لە ڕێی ئەو شیلانەکەوە دەکردە کۆمی ئەوەی کەسەی کە دەبوو بەیانی عەمەل بکرێ... هەرچی حەولمان دا مینەشەم نەچوو ژێر بار و لە ڕووی هەڵنەدەهات ئیماله وعەمەلی بکەن، پێشتر پێی گوتبووم کە پێویستی بە کەواوپاتۆڵ و پشتێند هەیە ودەبێ بۆی بکڕین. ئەمنیش کە دیتم ناهێڵێ نژداری بۆ بکرێ و لەوانەیە تووشی مەترسی بێ، پێم گوت تا عیلاج نەکرێی خەبەرێک لە پشتێند و کەواوپاتۆڵ نییە. زۆری حەول دا بەڵام بێفایدە بوو. پاش گفتوگۆیەکی زۆرناچار قەبووڵی کرد، ئەمنیش بەڵێنیم پێدا پاش ئەوەی زگی وەکار کەوت بە کەیفی خۆی هەموو جلوبەرگەکەی بۆ بکڕم. کەل وپەلی نەشتەرگەریمان ئامادە کرد و هەر لە ماڵێ عەمەل کرا و زگی وەکار کەوت و هاتەوە سەرەخۆ. ئەمنیش بردمە نێو بازاڕ و بە کەیفی خۆی شتومەکی هەڵبژارد و دامان بە خەییات بۆی دروو. پاش چەند ڕۆژێک لیباسی لەبەر کرد و بە کۆکوپۆشتەیی و سڵامەتی بەرەو خەبات و تێکۆشان داگەڕایەوە.

چارەنووس وا هات پاش ساڵیانی ساڵ لەگەڵ ژنی ئەو ماڵە بەننایە لە سۆئێد لە داوەتی کوڕی مەلاحەسەنی ڕەستگار، «کەماڵ» چاومان پێککەوتەوە. ئەو بیرەوەرییەی گێڕایەوە و لێی پرسیم وەبیرت دێ؟ گوتم وەبیرم دێ، بەڵام تۆم نەدەناسییەوە.

## سواره ئێلخانی‌زاده

کــاک ســوارەی ئیلخــانی‌زادە هــاوڕێ لەگەڵ پەرویــزی نیــک‌خــاه پــاش ئازادبوونیان لە زیندان یەکسەر لە ئیزگەی دەنگ وڕەنگی تاران دادەمەزرێــن و دەست بە پێهەڵگوتنی حکوومەت دەکەن و بە تەواوی دەچن لە خزمەتــی ڕژیــمەوە. ســاواک بــۆ لەنــاوبردنی جــووڵانەوەی سیاســی میلەتــی کــورد پەرویزی نیک‌خاه و کاک سواره بانگهێشتن دەکا و ڕاو و تەگبیریــان دەگەڵ دەکەن. ئەوانیش ئەو پیلانە دادەڕێژن کە هەر ساڵ مەسەلەن ئەوەندە بنەمــاڵە لە کوردســتان هەڵگــرن لە پارێزگــایەکی دیــکە نیشــتەجێیان بــکەن وبە پێچەوانەش ئەوەندە بنەماڵە لەو شــوێنە بێــنن و لە جێگــای ئەوانــی دابنــێن. ساڵی داهاتوو ئەوەندە بنەماڵەیە لە کوردستان هەڵبگرن و بەڕێیان بــکەن بــۆ عەجەمستان و لە شوێنی تازەش ئەوەندە بنەماڵەیە بێنن لە خاکی کوردوستان نیشتەجێیان بکەن و بەو شــێوەیە کوردەکــان بتــوێننەوە، بەڵام بە تێکچــوونی ڕژیمی شا، ئەو پیلانەش تێکچوو و پەرویزی نیک‌خاه بە تاوانی پتەوکردنــی بناغەی ڕژیمی شا لە لایەن دادگای ئینقیلابەوە ئێعدام کرا.

دوکتور شەوقی جارێک لە حەساری قزل‌قەلعە بانگی کردم و لێی پرسیم کە ئەتۆ بۆ ماوی و کاک سواره بۆ ئازاد بوو؟ وەڵامم داوە کە ئەوەی دەبێ لە مەئموورەکــانی ســاواک بپرســی. بەڵام ئەو بۆخــۆی وڵامــی داوە کە ئەو سیغارانەی بە چنگی ئەوەوە دەتدی لە لایەن ســاواکەوە دەکــڕدرا. ڕۆژێــک جۆری برینەکەی سەر مۆرەغەی پشتی کــاک ســوارم بــۆ دوکتــور مەولەوی باس کــرد و پێشــم گــوت کە بۆخــۆی دەڵــێ ئەوە شــوێنی داغــە. دوکتــور

مەولەوی گوتی کە ئەو برینە جۆرێـک نەخۆشـییە و جێگـا داغ نییـە. کـاک سوارە پاش ئازادبوونی دەگەڵ کاک سەلاح لە لایەن ساواکەوە دەنێردرێن بۆ ئوروپا کە لە کۆنفێدێراسیۆنی خوێندکاران جێگایەک بۆ ساواک بـکەنەوە کە بە هەواڵی گەیشتوو وادەرکەوت کە سەرکەوتوو نەبوون. کاک سـوارە لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا لە تاران، کۆچی دووایی دەکا و لە ئاوایی حەمامیانی بۆکان تەسلیم بە خاکی دەکەن.

کەسێکی دیکە کە دەبێ باسی بکـرێ و مـن لە زینـدانی قەسر لەگەڵـی ئاشنا بووم، کەسێک بوو بە ناوی سـوتوان حوسـێنی قوبـادی کە زەمانێـک ئەفسەرنیگەهبانی زیندانی قەسر بـوو، بە یـارمەتی ئەو زۆرێـک لە سـەرانی حیزبی توودە توانیبوویان لە زیندان ڕاکەن. بۆخۆشـی بـۆ ئەوەی لە تـۆڵەی سـاواک ڕزگـاری بـێ و هەروەهـا ئەو بەهەشـتە وەعدەپێـدراوەی سـەرانی حیزبی توودە کە بەڵێنیان پێدابوو لە نیزیکەوە ببینـێ، لەگەڵیـان هەڵـدێ بـۆ شووڕەوی. هەر چەنـد جارێـک لە حەسـاری زینـدان بە یەکەوە پیاسـەمان دەکرد زووخاوی لە دەست حکوومەتی شووڕەوی و سەرانی حیزبی تـوودە هەڵدەڕشت. کۆمەڵێک گلەیی و گازندە لە نائینسانی سەرانی حیزبی تـوودە و خەیانەتەکانیان و شێوەی جۆراوجۆری ترسناکی لە هەڵسوکەوتی پۆلیسی شووڕەوی دەگێڕاوە. بە قەولی خۆی جاروبار ڕۆژنامەیەکی فارسی دەدرا بە سەرانی حیزبی توودە کە بیخوێننەوە. ئیـددیعای دەکـرد پـاش خوێنـدنەوە، سەرانی حیزبی تـوودە بـۆوەی ڕۆژنـامە وەدەسـت خەڵکـی دیـکە نەکەوێ دەیاندڕانـــد و نەیانـــدەدا بە کەســـانی وەک قوبـــادی. کەیـــانووری لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنووسێ: قوبادی خۆی تەحویل داوە و بە نامەردی ئێعدام کرا. بە باوەڕی من بە گوێرەی ئەو شتانەی کە لە قووبـادیم بیسـتووە

چاکتر ئەوە بوو بنووسیٚ: بەو نامەردی و هەڵسوکەوتە دوور لە مرۆڤایەتییەی کە لەگەڵ قوبادیمان کـرد، ناچـار بـوو کە لە بەینـی ژیـان لە شـوورەوی و مەرگ لە ئێـران، مەرگ هەڵبژێـریٚ وە سـەرانی حیزبـی تـوودە بەو شـێوەیە چـاکەی کەسـانی لەخـۆبردووی وەک قوبـادی دەدەنەوە. ڕۆژێـک نیزیـک نەهار قوبادی لە پەنا دەرکی حەسـاری زینـدان گۆشـتی لە چەرخ دابـوو و پێوەبوو لە سەر تۆڕێک بیکا بە کەبـاب. لە نیگەهبـانیڕا بانـگ کـرا و ئیـتر نەهاتەوە، پاش ماوەیەک هەواڵی ئێعدامی هات بۆ زیندان.

ئەفسەرێکی هاوبەندمان هەبوو بە نـاوی پەرویـزی نیکجـوو، سـەرەڕای ئەوە کە حوکمی بۆ بڕابۆوە و ماوەیەکی زۆریشی زیندانی کێشابوو، جارێک بانــگ کــرا بــۆ نیگابــانی وئیــتر چاومــان پێــی نەکەوتەوە دەرکەوت کە بردوویـانەتەوە زینـدانی قـزڵقەڵـعە و لەویٚ لە ژێـر شـکەنجەدا مـردووە و جەنازەکەیان تەحویلی خوشکی دابۆوە.

## کۆکردنەوەی یارمەتی

لە یەکێک لەو کاروانە یارمەتیانەی کە بەڕێ‌دەکرا بۆ باشووری کوردوستان، سەید عەبدوڵلا داوای چەقۆی ڕاجێرزی کردبوو هەروەتر ڕادیۆیەکی چکۆلە کە لە شان دەکرا و چەرخی خەییاتی و مەکینەی سەران. ڕەسووڵ ئاغای فەتاحی جیا لە یارمەتی مانگانەی خۆی، چەند ماشێنی سەرتاشین و ڕادیۆیەکی چکۆلەی بۆ کڕین، چەندین تۆپ پارچە و هێندێکیش داوودەرمان کۆ کرابۆوە هەموومان لە ماشێنێک نا و بەرەو شاری خانێ وەڕێمان خست. ئەمن و کاک ئەحمەدی قازی و کاک یۆسفی خوسرەویش سندووقی پشتی ماشێنی ڕەسووڵ ئاغامان پڕکردبوو لە چاپەمەنی و دوورونیزیک بە شوێن ماشێنی یارمەتییەکاندا دەڕۆیشتین تا وەکوو لە خانێ بە سلامەتی ڕادەستی ماڵی سەید مستەفای تەهازادە مان کرد. سەیدعەوڵا لە نامەکانیدا زۆری جەخت لە سەر قەڵەمبڕی ڕاجرز دەکرد لێم پرسیبوو لەو شۆڕش و شەڕ و لێکدانەدا قەڵەمبڕی ڕاجرزت بۆچییە؟ نووسیبووی دەیدەم بە بەرپرسەکانی پارتی. وا دیار بوو بۆ هەڵسووڕانی کاروبار دەیهەویست شتێک وەک دیاری بدا بە هێندێک لەو بەرپرسانە کە کەندوکۆسپی بۆ نەهێننە پێش.

کریس کۆچیرا لە کتێبی جووڵانەوەی نەتەوایەتیدا دەنووسێ «ترسی شا لە یارمەتی کوردانی ئێرانی بەتایبەتی ئەندامانی حیزب، بوو بە هۆی ئەوەی کە یارمەتی مەلامستەفا بکا».

لە یەکێک لە نامەکاندا سەید عەبدوڵلا نووسیبووی، کۆمیتەی تاران

هەواڵنێرێکیـــان لە لایە و قەرار وایە بۆمـــان بەڕێـــکەن، بەڵام کەرەســـەی پێوەستیان لە بەردەست دا نییە. کاک ئەحمەدی قـازی ئینگلیسـییەکەی زۆر باش بوو و ڕەسووڵئاغاش ماشێنی هەبوو، بەڕێم کردن بۆ تاران و چوون و دەگەڵ خۆیان هینایـان. کـاک ئەحـمەد دەیگێـڕاوە کە هەواڵنێـرەکە بـڕوای نەدەکرد لە موسافیرخانەیەکی پیسی چکۆلەی سەر ڕێگـا، لەگەڵ کەسـێکی ئاوا شارەزا بەسەر زمانی ئینگلیسی دا ڕووبەڕوو ببێ.

ئەو یارمەتییانەی کە دەچوو بۆ ئەودیـو، پـاش ئەوەی کە هێنـدێکیان بـۆ پێداویستی حیزب لێدەردەکرد، ئەوی دیکە بەشی زۆری دەبوو بە یارمەتی بۆ شۆڕشی کوردستانی ئێراق. ئەوکات بیر و باوەڕی خەڵکی لە سەر ئەوە بوو کە ئەگەر شۆڕشی مەلامستەفا سەرکەوێ، دەبێتە پشتیوان و سەنگەرێک بـۆ هەموو کوردەکانی دنیـا. لە بەر ئەوە خەڵـک بە گیـان و دڵ تێکەوتبـوون و ئەوەنـدەی لە توانایانـدابوو لە زاری منـداڵی خۆیـان دەگێـڕاوە و یـارمەتی شۆڕشی مەلامستەفایان دەدا، بەو هیوایەی کە ڕۆژێک بەرهەمی ئەو شۆڕشە هەموو کوردێک بگرێتەوە.

بەداخەوە ئاکـــامی ئەو یـــارمەتی و لەخـــۆبردوویی و تێکۆشـــانە بە پێچەوانەی چاوەڕوانی خەڵکی بـوو و ڕووداوی زۆر چـاوەڕوان نەکـراو و دڵتەزێن هاتە ئاراوە.

## سەفەری مرادی مامە سوورە بۆ ئەو دیو

هێندێک یارمەتی کە بریتی بوون لە دراو و جل و بەرگ و خـواردەمەنی، بە هـۆی مـرادی مامەسـوورەی دانیشـتووی ئـاوایی قـازیئـاوا کە مرۆڤێکـی نیشتمانپەروەر و لەخۆبردوو و فیـدایی کـورد و کوردسـتان بـوو، بـۆ کـاک ئەحمەدتۆفیق بەڕێکرا. پێم گوت: نابێ لە حەوتوویە زیـاترت پـێبچـێ و خەرجی ئەو حەوتوویەشم دایە. بەڵام ئەوە دەچوو بۆ دوو مانگ کاک مـراد هەر نەهاتەوە. ژنەکەی زۆر جار دەهاتە بەر دەرکی ئێمە و دەیگوت مرادتان بەکوشت دا، ئەمن ئەو سەغیرانەم پـێ بەخێـو نـاکرێ. زۆرمـان دڵخۆشـی دەداوە کە دەگەڕێتەوە و نەکووژراوە بەڵام ئەو کارەی تۆ دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو شتە بە گوێی ساواک بگاتەوە و ئەگەر بگەڕێتەوە تووشی چەرمەسـەری دەبێ. بەڵام ئەو قسانە زۆر بێ فایدە بوون و ئەو شـانۆیە زووزوو دووپـات دەبـۆوە و هەمـوو جـارێ کەلە قەنـد و چـا و ئـارد و ڕۆنـی دەدرایە و دەڕۆیشتەوە و پاش ماوەیەک پەیـدا دەبـۆوە و ئەو بـاس‌وخواسـە دووپـات دەبۆوە.

دوای نیزیـک بە دوو مانـگ مـراد بە سـلامەتی گەڕاوە. هـۆی درەنـگ هاتنەوەکەم لێ پرسی گـوتی ژێنێـڕاڵ بـارزانی لە شـوێنی پێشـووی خـۆی نەمابوو و ڕۆیشتبوو بۆ شوێنێکی دیکە و کاک ئەحمەدیشـی لەگەڵ خـۆی بردبوو، کەسێکی ناسیاوم نەدیتەوە ئەمانەتیەکانی تەحویـل بـدەم ناچـار ئەو

ماوەیە مامەوە تا کاک ئەحمەد گەڕاوە و یارمەتیەکانی تەحویـل وەرگـرت و ئەمنیش هاتمەوە. پاش یەک دوو ڕۆژان دەسەر مرادییان کرد و ڕەپێچەکیـان دا بۆ ساواک، نیزیک بە حەوتوویەک ڕاگیرا و پاشان گەڕاوە ماڵە خۆی.

## ناردنی دوو نامە بۆ خوێندکارانی زانکۆی تاران

دوو نامە بە دوای یەکدا هاتن کە دەبوایە خێرا بەڕێکرابا بۆ کۆمیتەی خوێندکارانی زانکۆی تاران. بۆ ئەوەی هەردووکیان دەگیر نەکەون یەکیانم دا بە یۆسفی خوسرەوی و ئەوەیدیکەشیانم دا بە خوالێخۆشبوو کاک حامیدی کەریمی ئاڵبلاغیێ کە هەردووکیان بەرن بۆ ماڵە سەرهەنگ فەتاحی قازی و ئەویش بیدا بە کاک ئەمیری قازی. بە پێچەوانەی بۆچوونی من کە پێم وابوو هەر کامیان بە جیا وەڕێدەکەون، وا هەڵدەکەوێ هەردووکیان لە ڕۆژێکدا و بە یەک قەتار وەڕێدەکەون، بە قسەی خۆیان جاروبار یۆسفی خوسرەوی سەر لە کووپەی قەتار دەردێنیێ ڕێک لەو کاتیشدا کاک حامید سەری دێنێتە دەر جا هەر دووکیان لە دڵی خۆیاندا دەڵێن کە ئەوە مەئمووری ساواکە چۆنی پێ زانیوە و شوێنی منی هەڵگرتووە؟

زۆر جار هەڵدەکەوێ کە کەسێک دێ وەپێش نەفەری پێش خۆی دەکەوێ بۆ وێنە کەمێک بۆ لای ڕاست لادەدا، تەڕەفەکەشی بۆ لای ڕاست دەڕوا و یان بۆ لای چەپیش وای لێدێ. هەتا کاک حامید سەر دەردێنێ، یۆسفی خوسرەویش سەر دەردێنێ و جنێو بە مەئمووری ساواک دەدرێ. لە قەتار دادەبەزن و یەکەی تاکسییەک دەگرن و هەردووکیان لە یەک کاتدا دەگەنە بەر دەرکی ماڵە سەرهەنگ فەتاحی قازی، پێکەوە دەچنە ژووری و نامەی خۆیان لە ماڵە سەرهەنگ دەدەن بە کاک ئەمیری قازی و تازە بۆیان ڕوون دەبێتەوە هیچیان ساواکی نین و لە ڕاستیدا هەردووکیان ڕاسپاردەن.

وەختایەک لە ئاوایی کۆنەدێ چۆنێتی ئەو ڕووداوەم دەنووسیەوە، کاک

حامیدیش لە وێ بوو پرسی چ دەنووسی؟ ئەمنیش کارەکەم پێگوت. کاک حامید تەواوێک نیگەران بوو و گوتی شتی وا نەکەی! پێم گوت ناڕەحەت مەبە تازە شا ناگەڕێتەوە و بشگەڕێتەوە لەو ڕووداوە ناکۆڵنەوە. ئەو ڕووداوە و چەن وتارێکی دیکەم نارد بۆ بەلاڤۆکی حیزب کە ئەوکات لە گوندی دەرمان بوو و کاک سەلاحی گادانی بەسەری ڕادەگەیشت و یەکدوو کەسیش هاوکارییان دەکرد. یەکێکیان کوڕێک بوو بە ناوی حوسێنپوور کە نازناوی «هێدی» بۆ خۆی هەڵبژاردبوو و جاروبار دمی لە وردە شێعران وەردەدا و پێی وابوو ئەگەر ناوەکەی هاوماناى ناوی مامۆستا «هێمن» بێ ڕەنگە وەک مامۆستا بێتەوە، بێخەبەر لەوە کە زۆری پێ دەوێ شەل دەرچێ لە زەل. چاپی دەستنوسەکانم بۆ هاتەوە، بەڵام ڕووداوەکەی تارانی دەگەڵ نەبوو. یەکدوو جار ڕامئەسپارد کە ئەو شتەم بۆ بنێرنەوە هەموو جارێ وەڵامیان دەداوە کە ئەویشمان بۆ ناردوویەتەوە. نە ئەمن دەمپرسی کە بە کێدا ناردووتانەوە نە ئەوانیش لێیان دەکۆڵییەوە، دەنا ئەگەر ئەو مەسەلەیەمان تاوتۆ کردبا ڕەنگبوو بمانزانیبا کە چی بەسەر هاتووە. وای لێهات چووم بۆ ناوچەی شکاکەتی و لێیان دوور کەوتمەوە، لە وێ بیستم کە ئەو حوسێنپوورە لەگەڵ کادرێکی دیکە بە ناوی عوسمان موختاری نامەیەکیان لێ دەگیرێ کە بۆ فەرماندارى مەهابادیان نووسیبوو و بە جاسووس و فسۆسی ئێران دەرچوون. عوسمان پەنا بۆ یەکێتی دەبا و زۆر زوو لە وێش ماندوو دەبێ و پاش ماوەیەک وانێکخۆرنامەی وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی کۆماری ئیسلامی و دوکانی جوانکاری دادەنێ. حوسێنپوور نازانم بە چ شێوەیەک گۆیا سەری لە ئرووپا دەرهێناوە.

بەڵام چۆنم زانی کە ئەو نامەیە لە ئێتلاعات سەری وەدەر نا؟ ئەوکات کە

لە زیندانی دەریای ورمێ گیرابووم، ڕەحیمی عەبدوڵلاهی لەگەڵ چەند لاوێکی تر دەگیرێن. ڕەحیم لە زیندان دەستی بە هاوکاری لەگەڵ ڕژیم کردبوو خۆش‌خۆش مەرەخەسییان دەدایە. جارێک لە زیندانی دەریارا بردبوویانەوە ئیتلاعات و نامەی ناوبراویان بە فارسی پێ تەرجومە کردبۆوە. ڕەحیمی عەبدوڵلاهی پاش ماوەیەکی کورت ئازاد بوو و لە قاتی خوارەوەی ماڵەکەی خۆیان دوکانێکی دانابوو، جاروبار بە بەر دووکانەکەیدا ڕادەبردم لە بن تەرازووەکەی نووسیبووی: کەم بژی و کەڵ بژی! دەبوایە لەباتی پیتی «ڵ» نووسیبای «ر» دەنا ئەو جوورە ژیانە کەڵایەتی نیە.

جا لێرەدا بە خراپی نازانم بڕێک سەبارەت بە چۆنیەتی وەزعی ماڵە سەرهەنگ فەتاحی بدوێم. هەرکات وەخت و بێ‌وەخت چووبایە ماڵە سەرهەنگ فەتاحی پازدە بیست کەس لە هەموو شارە کوردنشینەکان لەوێ بوون ئەو ماڵە وەکوو کوردستانێکی چکۆلە وابوو. هەر کە چووبایە ژووری بە زاراوەیەکی خەستی کوردی بانگی کچە گەورەکەی دەکرد: «پەروین خانم دوو هێلکان بۆ میرزا وەهاب (مەبەستی ئەمن بووم) دە ڕۆنی کە.» یان ئەگەر کاک مونتەقیم با پێی دەگوت «نان و ماستێک یان عەسرانەیەکی بۆ مەلا کەریم بێنە». هەرکەسەی بە ناوی بابی بانگ دەکرد. سەیر بوو ئەو هەموو ساڵە لە تاران مابۆوە و ببوو بە سەرهەنگ بەڵام هەر وەک کوردێکی لادێیی بە فارسی قسەی دەکرد. بۆ نموونە ئەو کەسانەی هاتوچۆی ماڵە جەناب سەرهەنگیان دەکرد یەکیان نوێنەری شادۆستەکان کەسێک بە ناوی «وەتەمیشی»، تیمساری شارەبانی بوو، سەرگورد «پاک» بۆکانی بوو و ئەویش لایەنگری موسەددیق بوو بەڵام زۆرینەکەی دێموکرات بووین و دانەدانەش توودەیمان تێدا بوون. زۆربەی کات مشت ومڕی سیاسی

دادەمەزرا، کەس نەدەبوو بە هۆی ئازاری ئەوی تر و ڕاپۆرتیش نەدەدرا، زۆر جار ئێواران کـۆی دەکـردینەوە و بە لەنـدەوێرەکەی دەیـبردین بـۆ سـینەما و ساندویچی بۆ دەکڕین، سەرهەنگ زۆر گـوێی لە چراسـووری شـەقامەکان نەبوو و پاسەوانیش خۆ پێشـی بە سـەرهەنگ نەدەگـرت، ئەوەش دەبـوو بە بەشـێک لە بەزم و داسـتانی ڕۆژانەی ئـێمە و بەو شـێوەیە زۆر خۆشـمان ڕادەبوارد هەم سیاسەتی خۆمان دەکرد و هەم بە خۆشی ڕامانـدەبوارد و بەو شێوەیەماڵەکەی شوعبەیەک لە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بوو.

## باسێک لە سەرپەیوەندی ئێران و شۆڕشی بارزانی

وەکی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەیانگێڕاوە، زۆر جار و زۆر بە توندی لە لایـان بارزانییەکـانەوە پێیـاندەسـپێردرا کە نـابێ لە سەرشەقام و جادەکان ببیندرێن و خۆ بە خەڵک نیشان بدەن، چون میـوانی دەرەکیمان بۆ دێ، کە دەکەوتینە پرسیاران بۆمان ڕوون دەبۆوە یەک یا چەنـد نەفەرێک لە مەئموورەکانی سـاواک بـۆ پەیوەنـدیگـرتن لەگەڵ بـارزانی و وەرگرتنی زانیاری هاتوونەتە باشوور بۆ ئەوەی مەئموورەکان چاویان بە ئێمە نەکەوێ ئەو قەدەغە و قۆرغەیان بۆ دانابووین. لە وەش سەیرتر ئەوە بـوو کە قاچاغچی و کاسبکاری عەجەم کە زۆربەیان مەئمووری ساواک بوون، زۆر بە ڕاشـکاوی و ئـازادتر لە قاچـاغچییە کوردەکـان کە ئەوانـیش سـیخور و خائینیان تێدابوو، دەیانتوانی لە سەرتاسەری کوردسـتانی ئێـراق تـا دەگـاتە سـنووری بەعـس بگەڕێـن و سـەر لە هەمـوو کونێـک ڕاکەن و لەگەڵ هەر کەس کە بیانویسـتبا زۆر بە ئاسـانی و ڕاشـکاوی پەیوەنـدی بگـرن و زۆر جاردووراودوور، سەرتیپ مودەرریسی و مەئموورەکانی ساواکمان دەدیتن. لە نێوان بەعـس و بـارزانی سـوڵحێک دەکـرێ و چـوار سـاڵیش مـاوە بـۆ جێبەجێکردنی دادەندرێ، لەو نێوەدا تیتۆ بە ژێنێڕاڵ بـارزانی دەسـپێرێ بـۆ ئەوەی پێشـمەرگەکانت سـارد نەبـنەوە و تەمـبەڵ نەبـن، هەر نەبـێ بەردی نیسێیان پێ بەرە بەر تاوێ و بەردی بەر تاویان پێ بگوێزەوە بـۆ بەر نیسـێیە. بەڵام بارزانی لە بات ئەوە کە ئامۆژگاری تیتۆ لە گوێ بگرێ فریوی مەکری شای خوارد و شا پیلانێکی گڵاوی بەکار هێنا بەو شێوەیە کە دۆخێکـی بـۆ

بەرپرسەکانی شۆڕش ڕەخساند تا بتوانن بۆ حەسانەوە بێنە ئێران و ماوەیەک ڕابیوێرن و پاشان بگەڕێنەوە بۆ باشوور. ساواک بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پیلانە دژە کوردییە لە هیچ چەشنە خەیانەتێک کۆتایی نەکرد، مەجلیسی عەیش‌ونۆشیان بۆ پێک دێنان و لە کاباڕە و کافەکانی ئێران بە چاکترین لەون پەزیراییان لێ‌دەکردن. دیارە لەوکاتدا ئەو بەرپرسانە کە لە مەجلیسی سەما و خواردن و خواردنەوەدا ڕایاندەبوارد بەداخەوە ئەوەندە تێبینییان نەبوو کە ئەو خەرجە هەروا بە خۆڕاییش نییە بەڵکوو پیلانێکیان بۆ داڕشتوون کە تا ملان تێیدا نوقم دەبن و بە نرخی گیانی خۆیان و ڕووخانی شۆڕشی نەتەوەکەیان تەواو دەبێ و سەرباقی ئەوە ئابڕووشیان تێدا دەچێ. لە گەڕانەوەشدا پووڵێکیان لە گیرفانی دەنان کە دیاری و سەوقاتێک بۆ ماڵ و منداڵ بکڕن. کە دەگەڕانەوە بۆ ئێراق ئەو هەموو کەیف ونەهەنگەیان لە نێو پێشمەرگە و بەرپرسەکاندا دەگێڕایەوە کە دەبوو بە هۆی ئەوە کە ئەوانیش سەرێک لە ئێران بدەن. بەوجۆرە پشتی پێشمەرگە لە شەڕ سارد بۆوە و گەندەڵی و تەمبەڵی و خۆبواردن لە شەڕ بەوپەڕی خۆی گەیشتبوو, تەنانەت ئەو سەر بە دوژمن ئەسپاردنە لە نیزیکترین کەسانی مەلامستەفاڕا تا چووکترین پێشمەرگەی گرتبۆوە. حیزبی بەعسیش بە نۆرەی خۆی پیلانێکی دیکەی بۆ دانابوون، بۆ نموونە وای دەکرد کە لە قۆنتەراتی پڕۆژەی کاروباری ئاوەدانیدا فەرماندە هێز یا بەرپرسێک براوەی پڕۆژەکە بن، ئەویش دەوروبەری لە خۆی دەهاڵاند و دە کاری وەردەدان، بەوجوورە پێشمەرگەکانی فێری گەندەڵی و تەنبەڵی دەکرد.

پاش پێکهاتنی پەیمانی ئەلجەزاییر لە ساڵی ١٩٧٥ ی زایینی، حکوومەتی ئێران هەموو حەول ودەولی خۆی بۆ سووک و بێ بایەخ کردنی

ڕاپەڕینی کوردەکانی باشوور تەرخان کرد، پەنابەرەکانیان لە کوردستان نەهێشت و لە پیسترین شوێنی عەجەمستاندا بڵاویان کردنەوە. بە قەولی باشووری بۆخۆیان دەڵێن: «کەرامەت و شەرافەتیان شکاندن». وەک مامۆستا هەژار کە دەگێڕێتەوە: «ئەوکات کە ژێنێراڵ بارزانی لە نەغەدە بوو، بۆئەوەی کە بگەیە چادرەکەی، ئەوبەرئەوبەری جادە، شوێنی پیسایی بگرە تا دەگەیە شوێنەکەی.

بۆئەوەی پتر کەسایەتی بارزانی بشکێنن، لە پێشدا ئەوەی یارمەتی با ڕاستەوخۆ دەدرا بە خۆیان تا لە نێو حەشیمەتدا بڵاو بکرێتەوە. بەڵام پاش ماوەیەک ئەوەشیان لێ ئەستاندەوە و بە هۆی مەئموورەکانی خۆیانەوە یارمەتی دابەش دەکرا. هەڵەی هەرەگەورەی ڕاپەڕینی کوردوستانی باشوور تا ئەورۆ ئەو بووە کە یارمەتی وەرگرتن قەت لە چوارچێوەی تەشکیلاتدا بەڕێوە نەچووە. هەر بەرپرسێک بۆخۆی بە کەیفی خۆی لەگەڵ هەرکەسێک کە پێی خۆش بووە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی گرتووە و سیاسەتی خۆی بەڕێوە بردووە. ئەندامانی ساواک دەورەدیدە ڕاهاتبوون و دەیانزانی چۆن بجووڵێنەوە. ئەمانیش هەر بە بیری ڕەمەکی، چیان پێ خۆش بووە لێیان وەرگرتوون ولە بەرابەردا ئەوانیش چیان ویستووە لە مێشکیان ناون یان پێیان کردوون.

بەداخەوە ئێمەی کورد قەت لە ڕابردوو تەجرەبە وەرناگرین. وەک مێگەلە مەڕ بە دووی نێرییەکدا سەر دادەخەین، نێری خۆی و ئینسافی خۆی بۆ کوێ بچێ بە دوایدا دەڕۆین. گەرچی هێندێک لە بەڕێوەبەرانی شۆڕشی پێشوو بۆخۆیان ئەوەیان تەجرەبە کردووە، بەڵام هەر وەکوو پێشوو هەر وەدووی ئەو نێرییە کەوتوون کە تەنیا کەوڵەکەی گۆڕیوە، نموونەی

ڕەشەکوژی دوو بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نیشانی دا کە مێژوو بەردەوام دووپات دەبێتەوە. جارێک بەشێوەی تراژدی وجارێک بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە.

کریس کۆچیرا لە کتێبی جووڵانەوەی میللی، وەرگێڕانی ئیبراهیم یۆنسی ئاکامی پێوەندی بارزانی و ئێران وەک ئاوێنەیەکی باڵا نوێن ئاوا دێنێتە بەر چاوی خوێنەر:

ژێنێراڵ بارزانی لە قۆناغێکدا بڕیارێکی گرینگی گرت کە بۆ جووڵانەوەی نەتەوایەتی کورد ئاکامێکی مەرگەساتی هەبوو! بارزانی لە کۆنەوە پەیوەندییەکی نیزیکی لەگەڵ عەشیرەتگەلی بەشەکانی دیکەی کوردستان، وەک ئێران هەبووە. لە ئووتی١٩٤٥ چەندین خەباتگێڕ لە کوردەکانی ئێران هاتبوون بۆ یارمەتی بارزانی و شان بە شانی ئەوان لەگەڵ هێزەکانی ئێراقی بەشەڕ هاتوون. ئەو کات هێندەی نەمابوو کە ئەو ڕووداوە ببێت بە قەیرانێکی نێونەتەوەیی.

لە ساڵی ١٩٦٢ یارمەتی کوردەکانی ئێرانی گرینگییەکی پتر بەخۆیەوە دەگرێ (کوردەکان لەو سنوورانەی کە ئەرتەشی ئێراقی توانایی بەرەنگارییان نەبوو، یارمەتییەکانی خۆیان دەگەیاندە بارزانی و ئەو یارمەتییانە ئەو هەلەیان بۆ بارزانی ڕەخساند کە سەرەڕای گەمارۆی ئابووری دەوڵەتی بەغدا کە بە سەر کوردەکانیدا سەپاندبوو، بە خۆڕاگری خۆیان درێژە بەخەبات بدەن). خۆراک، جل‌وبەرگ، پووڵ، چەک و تەقەمەنی، لە لایەن خەڵکی ئاسایی، ئەمما پتر لە لایەن ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بۆ بارزانی دەنێردرا.

لە هاوینی ١٩٦٢ ژێنێراڵ بارزانی لە ڕاستیدا، شەبەکەیەکی بەڕێوەبەری

عەبــدوڵلای ئیســحاقی کە پــتر بە نــاوی ئەحــمەد تۆفیــق نــاسراوە و لە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێـرانە لە بەر دەســت دایە، ئەو شەبەکەیە کاری هێنانی ڕۆژنامەنیگارانی بیانی وەستۆ دەگـرن کە لە ئـاخری ســاڵی ١٩٦٢دا دەیــانهێنن بــۆ کوردســتان و هەوەڵــین ڕیپۆرتاژیــان لەمەڕ ڕاپەڕینی کوردان ڕاگەیاند.

لە١٩٦٢ تا ١٩٦٤ پێوەنــدی بــارزانی لەگەڵ کوردەکــانی ئێرانــی هــاوڕێ لەگەڵ گەشە ستاندنی شەڕ، پەرە دەگرێ.

## بارزانی و فیداییەکانی ڕۆژهەڵات

ئەوکات کە تۆپەکانی ئێران بە شەقامەکانی مەهاباد و خانێ و سەردەشتدا بەڕێدەکران بۆ کوردوستانی ئێراق، زۆر خەڵکی ئاسایی وەکوو بەقاڵ و بەزاز و کاسبکار کە کەمتر سەروکاریان لەگەڵ سیاسەت هەبوو، بەڵام دەیانزانی پەیوەندیم لەگەڵ پێشمەرگە هەیە. لە ڕێوبانان بەربینگیان پێدەگرتم و پێیاندەگوتم ئەو یارمەتیانەی شا بە شۆڕش هەروا بەخۆڕایی نییە، لەوانەیە سەودا و معاملەیەک لەبەینی شا و بارزانی لە سەر ئەو پێشمەرگانەی ڕۆژهەڵات بکرێ. تەنانەت ڕۆژێک کەسێک بە ناوی قادری میرزا ڕەشید هات پێی گوتم کە یەکێک لە سەرۆکعەشیرەتەکان کارێکی نەهێنی پێتە، دەیهەوێ چاوی پێتبکەوێ. پێم گوت بڕۆ بیهێنە بزانم کێیە و دەڵێ چی.

کە چوو و هاتەوە پیاوێکی ماڵی هەرکی لەگەڵ بوو. زۆری پێ لە سەر ئەوە دادەگرت کە دەبێ بچم لە نزیکەوە چاوم بە کاک سولەیمان بکەوێ، جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە پێویستە ئاگاداری خۆی بێ، لەوانەیە بارزانی بیگرێ و تەحویلی شای بداتەوە. پێداگری لە سەر ئەوە دەکرد کە ئەو بنەماڵەیە لە سەروسەودا و ئاڵش وێرشی ئینسان ئەزمونێکی زۆریان هەیە. هەروەتر ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو بنەماڵەیە هەرچەند بە ڕواڵەت داوای مافی کورد دەکەن، بەڵام قەت بە دڵ کورد نەبوون و قەت نایانهەوێ کورد سەرکەوێ. تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان وا دەنوێنن، تەنانەت بە ڕەچەڵەک کورد نین و لە ناوچەیەک لە خوراسانڕا هاتوون و لە بارزان نیشتەجێ

بوون. ئینگلیسییەکان بۆ ڕۆژێکی تایبەتی ڕایانگرتوون، هەر کات هەست بە وە بکەن کە دەوڵەتی ئێراق لە فەرمانی ئەوان دەردەچێ، بە گژیاندا ڕۆدەکەن. هەروەها دەیگوت کە لە ئیسلامیش بەدوورن! ئەوەنییە شێخ ئەحمەدی بارزانی فتوای داوە مریدەکانی ڕاوە بەراز بکەن و گۆشتەکەی ببرژێنن. نموونەی دێناوە: ئەوەنییە ئەگەرلە بارزانییەک بپرسی نوێژ دەکەی یا ڕۆژوو دەگری؟ دەڵێ: ئەوەنێ خودینی بارزان نوێژ دەکا. کە بیر دەکەمەوە بەو شێوەیە پتر لە داسنییەکان نیزیکترن تا لە ئیسلام.

چونکوو ناسیاوییەکی ئەوتۆم لە سەر ئەو پیاوە نەبوو، لە پێشدا حاشام لە پەیوەندی خۆم و کاک سولەیمان کرد. بەڵام کابرا زۆری پێداگری کرد و زۆرم لەبەر پاڕاوە، وەک گریان گریا و دەستەوداوێنم بوو و تکای لێکردم. منیش بەڵێنیم پێدا کە ببینم و پێی بڵێم.

واهات زۆری پێنەچوو شەهید کاک سولەیمان هاتە سەری مەیدان و ئەمنیش ڕاسپێری هەموو دۆست و ئاشنا، بەتایبەتی قسەکانی ئەو هەرکییەم بە تێروتەسەلی بۆ باس کرد. داوام لێکرد کە ئاگاداری خۆی بێ و لەو مەڵبەندەی کە لە ژێر چاوەدێری بارزانیدایە بکشێتەوە، لە شوێنێکی ئەمن جێگر بێ. لە وەڵامدا پێی گوتم ئەگەر شای ئێران تەنانەت بە خۆمپارەیەک یارمەتی شۆڕشی بارزانی بدا و ئەویش لە بەرامبەردا ئەمن تەحویل داتەوە یا بمکوژێ، پێم ناخۆش نابێ. ئەمن لەو کاتدا هەستم بە گەورەیی و تێکۆشەری و لەخۆبردوویی کاک سولەیمان کرد، هەست و قەڵەمی من لە نووسین و گێڕانەوەی ئەو هەمووە گەورەیی و لەخۆبردوویە کۆڵە، بۆیە چۆنیەتی قەزاوت لەسەر ئەو بە ویژدانی مێژووی دەسپێرم.

پاش ماوەیەک بارزانی لە سەر ویستی شا دەستی بە ڕاونان و کوشتن و

بڕینی تێکۆشەر و گیان لەسەردەستەکانی کوردی ڕۆژهەڵات کرد. کاک سولەیمان و کاک خەلیل شەوباش لە ١٩٦٨ی زایینی واتا جۆزەردانی ١٣٤٧ ی هەتاویدا ناجوامێرانە شەهید کران کە بەدوور بوو لە هەموو یاسا وقانوونگەلی مرۆڤایەتی، خو و خدەی عەشیرەتی بارزانی. تەنانەت تەرمی کاک سولەیمان لە بەرامبەر بڕێ پارە ڕادەستی ئێران کرایەوە، تەرمی کاک سولەیمانیان لە دار بەست و بە نێو شاری پیرانشاردا گێڕایان وبێ ڕیزیان پێکرد. تەرمی کاک خەلیل مستەفا پوور(خەلیل شەوباش)ئێستاش نەدۆزرایەوە.

جگە لە ئەوانە ئەوەندەی من لەبیرم مابێ چەن کەسی دیکەشیان لە شەڕی نابەرابەردا لەگەڵ ژاندارمی شاهەنشاهی وجاش لێ شەهید کردین، وەک کاک عەبدوڵا موعینی برای کاک سولەیمان کە دەگەڵ مینە شەم لە قالوێ شێخان شەهید کران، کاک سمایلی شەریفزادە لە ١٢ی بانەمەڕی هەمان ساڵدا لەدارێنەی ناوچەی بانە دەگەڵ چەند کەسێکی تر وەک عەلی عەوڵا کۆڵ و محەممەدی شادمان و حوسێنی ڕەحمانی ڕابی لە گەماڕۆ دەکەون و دەکوژرێن. مەلا ئاوارە(ئەحمەدی شەڵماشی)هەر لەو ساڵەدا لە ئاوایی دیواڵانی سەر بە شاری سەردەشت بە هۆی چەند کوردی خائێنەوە دە داو دەکەوێ و دەگەڵ مەلا کەچە و ڕەحمانی وەتمان چاوشین، تیرباران کران، مەلا مەحموودی زەنگەنە لە ئاوایی بەیرەمی مەهاباد شەهید دەکرێ و تەرمەکەی بە شاراندا دەگێڕن، مراد شیرێژی قارەمان لە ناوچەی لاجان بە هۆی جاشێکەوە بە ناوی سەیدە پیرە شەهید دەکرێ و تەرمەکەیان بە شار و لادێیاندا گێڕا، سەیدفەتاحی نیزامی دەگەڵ مەلا عەوڵای وەرگێڵ و دەروێش عووسمان لە ناوچەی گەورکی بۆکان شەهەد دەکرێن. هێندێک لە

پێشمەرگەکانی تریش گیران و زینـدانی کـران و چەن کەسـێکیش ئـاوارەی وڵاتــانی دەرەوە بــوون، مەلا مســتەفا زەختێکــی زۆری بــۆ پێشــمەرگەی ڕۆژهەڵات هێنا تا ئەو جێیەی کە لە تێکۆشانی خستن.

یەک لەو کەسـانەی کە ڕادەسـتی حکـوومەتی ئێـران کـرایەوە، کـاک مونتەقیمی قازی بوو، وەک بۆخۆی دەگێڕێتەوە لە هەلومەرجێکی نالەباردا لە زیندانی مەلامستەفا ئەسیر بـووە و تەنـانەت بەتەمـا بـوون بیکـووژن، لە کاتێکدا کە پارتی لە گرتن و زیندانی کردنـی مـونتەقیم حاشـای دەکـرد. تـا ڕۆژێک کە دەینێرن بڕوا نان و خـواردن بـۆ زینـدانیەکان بێنـێ، ناسـیاوێکی ئێرانی لە پێشمەرگەکان بەو شـوێنەدا ڕادەبـرێ، مـونتەقیم هەرای لێـدەکا و حاڵی دەکا کە لە وێ گیراوە. پاش ئەوەی بەرپرسانی شـۆڕش تێـدەگەن کە ئێرانییەکانی دیکە لێیان حاڵی بووە کە مـونتەقیم لە بنەمـاڵەی قـازی ئەوە لە زیندانە، بۆوەی گێرە وکێشەیان بۆ ساز نەبێ و ئەو خاڵە ڕەشەش بە مێژووی ناپاکی خۆیان نەلکێنن، لە کوشتنی مونتەقیم خۆ دەپارێزن. چـون ئەو کـارە تەنانەت لە نێو ئەندامانی پارتی کە سەر بە بـارزانی بـوون ڕەنگـدانەوەیەکی ناحەزی دەبوو، بەڵام لە بەرامبەردا بە دەسبەسراوی ڕادەستی ئێران کرایەوە و بۆ ماوەی سێ‌ساڵ لە زیندانەکانی قەسر و قزل‌قەلعە گیرا.

## یارمەتی مەلا محەممەدی عەباسی

ڕۆژێـک فەقێیەکـی حیزبـی هـات خەبەری دامـێ کە مەلایەک بە نـاوی مەلامحەممەدی عەباسی کارێکی نهێنـی پێتـە، لە یەکێـک لە حوجرەکـانی مزگەوتی هەباس‌ئاغا چاوەڕێت دەکا. مەلا محەممەد پیاوێکی خڕیلە بوو و هەر چاوێکیشی هەبوو. پاش سڵاو و چاک وخۆشـی خـۆی ئـاوا ناسـاند: ئەمن مەلامحەممەدی عەباسی برای مەلاڕەحیم و مەلا ئەحمەدی عەباسیم، لە بڕوێش‌خۆرانی ناوچەی خۆیە لە نێـو شـکاکان مەلام، هـاتووم یـارمەتی حیزب بدەم. کوتی سەدهەزار تمەنم یارمەتی هێنـاوە، بەڵام دەبـێ ڕەسـیدم بدەیەی. وادیار بوو لەگەڵ مەلاحەسەنی ڕەستگاریش بـۆرە خزمـایەتییەکی هەبوو. لەوەیڕا کە نەمدەناسـی و درەنگانێـک ئەو پـووڵە زۆرەی هێنـابوو و تەنیا خاوەن یەک‌چاویش بو لێی دڕدۆنگ بـووم ! بەڵام مـتمانەی تەواوم بە براکانی هەبوو. چوومەوەماڵێ ڕەسیدم دەست دایە، چەپەچاغێکی تیژیشم بۆ بەرگری لە خۆم هەڵگرت و شاردمەوە. گەڕامەوە بۆ مزگەوت، بەڵام بـێ هیچ چەشنە ڕووداوێک شتەکانمان ئاڵوگۆڕ کرد. چون ئەوکات ئەو پـووڵە پووڵێکی بەرچاو بوو، تەواوی ڕووداوەکەم نووسی و لەگەڵ پووڵەکە بەڕێم کرد. پاش ماوەیەک مەلاحەسەنی ڕەستگار دەگەڵ چەند پێشمەرگە هاتن بۆ ئاوایی کەوتەر و لە دووی ناردین، وەک هەمیشە ماڵە حاجی مـام‌حوسـێنی کەوتەر کە قەت چییـان نەدەخـوارد و ناشـخۆن، چـش نـادەن بە میـوان و نەیانداوە. هەرچەند زۆر لە کاتی نەهار لایـدابوو ئەمـن و کـاک ئەحـمەدی قازی گەیشتینە کەوتەر، هێشتا هیچیان نەدابوونێ. حـاجی مـام‌حوسـێن لە

ماڵێ نەبوو. زۆرم سەرکۆنەی براکانی کرد و بەتوندی پێم گوتن بڕۆن گیسکێک بکووژنەوە. بەڵام بیانوویان هێنانەوە کە گیسکەگەل لە نیزیک ماڵان نین و دوورن، ڕۆژیش درەنگە، ناچار بە فڕووجێک قەناعەتمان کرد. مەلاحەسەن گوتی: ڕەحمەت لە بابت نەدەبوو زووتر هاتبای؟ دەنا ئەو پیسانە لە برسانیان دەگوشتین. لە گەڕانەوەدا ڕام ئەسپارد کە شامی چاکیان بدەنێ. دوای ئاڵوگۆڕی بیروڕا و قسە و باسێکی زۆر، لە قسەکانی مەلاحەسەن ڕا وا دیار بوو کە مەلاعەباسی بۆ ئەوەی دڵنیا بێ پووڵەکەی گەیشتووە یان نا، چووبوو بۆ کوردوستانی باشوور. زۆرم پێخۆش بوو کە بۆم نووسیبوون و تەواو بە دەستیان گەیشتبوو و مەلاش خاترجەم ببوو.

## سەید ڕەحیمی جەعفەری

سەید ڕەحیم هەرچەند بە ڕواڵەت خزم بوو، لە سەر سنووری قازیئاوا و داشتەمر نێوان ناخۆشییەکی گەورەی ساز کرد. هەموو ڕۆژێ سەیدەکانی لاچین و شیلانئاوێ و کرمانجی داشتەمرێی دەنگ دەدا، دەیناردنە سەرمان. دووسێ جاریش عەولای بایزئاغای کە زۆر دەستڕۆییو بوو بۆ یارمەتی سەید ڕەحیم خۆی لەو کێشەیە هەڵقووتاند، بە تفەنگی دەوڵەتییەوە حازر دەبوو. شەوێک خەبەر هات سەید حوسێنی کوڕی سەید ڕەحیم کەڵ و عارەبەی هێناوە و کڵۆشە جۆی زەوی خەلەجان دەکێشێ. ئامۆزاکانم حاجی حەسەنی وزندەرێ و کاک مستەفاش لە ماڵی ئێمە بوون، چەند کەسی نێو دێمان دەگەڵ خۆمان هەڵگرت و ڕۆیشتین بزانین چ باسە. کە چووین سەید حوسێن لەگەڵ چەند پیاوی داشتەمری خەریکی جۆیەکە بوون. داشتەمری هەر کە چاویان بە ئێمە کەوت هەڵاتن، سەیدحوسێن و حوسێن کەللا مانەوە. حوسێن کەللا دەمانچەی پێبوو، یەکدوو دەمانچەی بەسەرماندا هەڵتۆقاند، دەستی بە نسحەت و ناوبژی کرد. سەیدحوسێن پێنجتیرێکی جەوازداری پێبوو هەڕامان کردێ و ملمان لەبەر ملی نا لوولەکەی تفنگەکەی بە زگیەوە نام، یەکدوو جاری ماشەکەی چرکاند، بەڵام کوێرەی کرد. ماوەی ئەوەمان پێ نەدا چەخماغ لێداتەوە، بە لێدان و ڕەکێش پێنجتیرمان لە دەست دەرێنا و بەڕەڵامان کرد. بە شکاوی و سەرشۆڕی دەگەڵ حوسێن کەللا بە قوونی خۆیان دادا و گەڕانەوە. ئەو

کێشەیە هەر مایەوە هەتا کاک ڕەحمانی ئـامۆزام هەر لەسـەر ئەم زەویـانە لە شەڕێکدا تاپڕێکی لە جەرگ و دڵی سـەید حوسـێن دەدا و بـۆ مـاوەیەک لە شێروخورشید لە حاڵی خۆیـدا بـوو. ئەوکـاتی کـاک ڕەحـمان مامۆسـتای قوتابخانە بوو، بێتوو مەحکووم کرابا تووشی زیندان دەبوو و لە سەر کاریان لادەبرد. بۆئەوەی ئەو گرفتە پێش نەیـە، هێنـدێک لەو زەویـانە درا بە سـەید ڕەحیم و دیارە سەید حوسێنیش بەو تەقەیە نەمرد و بەو جۆرە ڕەزایەتیان دا بە کاک ڕەحمان.

قازیئاوا و داشتەمر وا هەڵکەوتبوون کە ئەگەر لە قازیئـاواڕا چووبـایە شار و گەڕابایەوە دەبوو بە داشـتەمردا ڕۆیبـای. سـەیدڕەحیم ئەو دەرفەتەی قۆستبۆوە و بەخۆی و چەن کەسـانەوە بە دایـمە لەسـەر ئەم ڕێگـایە حـازر بوون و شەڕی بە قازی ئاواییان دەفرۆشت. بۆئەوەی خۆ لەو وەزعە ڕزگـار کەین، جاروبار ڕێگای خۆمان دوور دەکردەوە و بە بایندەرێـدا دەچـووینەوە شار و دەگەڕاینەوە. ڕۆژێک لە دنیا بێخەبەر دەمانچەم لە بەر پشتێندی نا و سواری ماینەبۆر بووم، وەبەندەنی بایندەرێ کەوتم. لە ڕێگایە تووشی چەند ڕێبوارێک هاتم لێیـان پرسـیم نەتبیسـتووە؟ ئەی خـودا چـم نەبیسـتووە! لە یەکیانم پرسی چ قەوماوە؟ گوتی شەوی ڕابردوو لە ئێـراق کوودەتـا کـراوە، مەلیک کووژراوە و کەسێک بە ناوی قاسم هاتۆتە سەر کـار. سـەرگوردێک بە ناوی کیشوەری لە مەهاباد پووڵێکی زۆری هەڵگرتووە لە نیزیک مەهاباد، جادەی ورمێ پێشـی پێـدەگرن دەیکـووژن وپـووڵەکەش دەبەن. ئەڕتەش و ژاندەرمەری نێوەنێوە ڕاوەستابوون، خەڵکیان دەپشکنی و پرسیار و وەرامیان لێدەکردن. من ئاگام لەم ڕووداوە نەبوو، دەمـانچەم هەر لەبەر عەلۆجەلـۆی

سەیدڕەحیم هەڵگرتبوو. بەڵام لەم کاتەدا لە ترسی ئەڕتەش لێم بـوو بە مـار، بەڵام چونکوو ئەڕتەشی شـا پـتر دز و ڕێگـر بـوون تـا وەکـوو سـەرباز، بە تەنیشتیاندا ڕۆیشتم و خۆشیان تێنەگەیاندم. بە سڵامەت چوومە نێو شـار و بێ هیچ ڕووداوێک گەڕامەوە.

## هەڵسەنگاندنی بابم لە مەڕ سەید ڕەسووڵی بابی گەورە (دێهقان)

قازیاوا لە نێوان شاری مەهاباد و ئاوایی سەیداوا هەڵکەوتووە، زۆربەی کات خەڵکی سەیداوا لە ڕێگای هاتوچۆی شار، بۆ پشوودان و سەردانی دۆست و خزم لە گوندی قازی ئاوا لایاندەدا. سەید ڕەسووڵ ماوەیەک زیندانی کێشابوو و دەگەڵ بنەماڵەی ئێمەش نیوانی خۆش بوو. هەموو جارێ لە قازیاوا لای دەدا و پاش حەسانەوە و نان و چا خواردن دەستمان بە قسەوباسان دەکرد، بەڵام قەت نەدەچووینە سەر کاری نەهێنی و تەشکیلاتی. بابم هەموو جارێ پێدەگوتم نەهێنی خۆت لە کن ئەو دەمباریکە مەدرکێنە، ئەو نە لەگەڵ کەسە ولەگەڵ هەموو کەسیشە. پێشبینییەکەی بابم سەبارەت بە سەید ڕەسووڵ وەدی هات. سەیدڕەسووڵ هێندەی بازبازێن کرد و لەو بەری چووە ئەو بەری تا ئاخری لەگەڵ حیزب نەما و بە هۆی ئەم پروسکان و لێک هەڵبڕاوییە سەری تێداچوو و بۆ کەس ڕوون نەبۆوە کێ کوشتی و بۆچی کوشتی.

ئەو کات کە لە شیمال مەسئوولی تەشکیلات و فەرماندەی هێزی نەحۆ بووم، یەکێک لە ئاغاکانی شکاک هات بۆ لای من پێی ڕاگەیاندم کە کاک ئیدریس بارزانی بۆ ئەوەی شەڕ و گرژی نێوان حیزب و پارتی بقەبڵێنێ، خەریکی پیلانێکی گەورەیە. ئەو لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: کاک ئیدریس پووڵێکی زۆری لە کۆماری ئیسلامی وەرگرتووە، بەنیازە گڵکۆی پیرۆزی بارزانی بداتەوە و تەرمەکەی دەر بێنێتەوە، تاوانی ئەم کارە قێزەونە بەسەر حیزب دا بێنێ. ئێوە دەبێ زۆر وشیار بن و پێش بەو دەهۆیە بگرن. منیش

گوتم ئێمە ئەو هێز و قوودرەتەمان نیە بتوانین پێش بە ئیدریس بگرین. دەنگۆی هەڵدانەوەی گڵکۆی مەلا مستەفا بارزانی بەر لە دەرهێنانەوەی تەرمەکەی، لە هەموو ناوچەی شکاکان دەنگی دابۆوە.

حیزب چەند پێشمەرگەیەکی بۆ نیگابانی لە گڵکۆی بارزانی تەرخان کردبوو، یەک لەو نیگابانانە بارزانی بوو. ئەسقەزای ڕۆژگار ماوەیەک لە زیندانی ورمێ پێکەوە بووین، من پێموایە ئەو ئاگاداری ئەم ڕووداوە بوو، چون لە دوای ئەوەی کە لە زیندان ئازاد کرا تێرۆریان کرد.

## لێدانی سەدی مەهاباد

لە ساڵەکانی ١٣٤٩ـ ١٣٤٢ی هەتاوی بەنـداوی مەهابـاد لە ژێـر چـاوەدێری شـیرکەتی ئێلیکـترۆ پرۆجێکتـی یوگووسـڵاویەکان سـاز کـرا، جـگە لە مووهەندیس و ئەندازیاری یوگووسڵاوی، خەڵکی ناوخۆش لە سـازکردنی ئەو سەدەدا بەشـداریان کـردووە، منیش یەکێـک لەوانە بـووم، بەڵام پـاش ماوەیەک بە هۆی لێک هەڵبەزینـەوە دەگەڵ کارمەنـدێکی سـاواکی دەریـان کردم.

ڕۆژێک بە پێیان لە شارڕا بەرەو قازی‌ئاوا دەچووم، لە ڕێـیەدا ماشـێنێک لە پشتەوەی من دەستی کرد بە سیگناڵ لێدان. بە پێـی عـادەتی خـۆم کە لە ڕێگاوبانان دەست لە کەس هەڵنـاهێنم، بەتـایبەتی ئەگەر هـی ئیـدارەگەلی دەوڵەتی با لە جادەکە لامدا. کابرای شۆفیر دابەزی و لێی پرسیم بۆ دەسـت هەڵناهێنی؟ گوتم پێم وابوو هی سـاواک یـان ژاندەرمەیـە، پێمخـۆش نیـیە سواری ئەو جۆرە ماشێنانە بم. کابرا فارس بوو و ئەو قسەیەی زۆر پێخـۆش بوو، پێیداگری کرد دەبێ هەر سواری ماشێنەکەی بم. ناچار لەگەڵی سـوار بووم و لەبەر دەرکی ماڵێ دابەزیم، کابرام بردە ژوور و عەسرانەیەکی باشـم دایە. پاش قسە وباسێکی زۆر پرسیاری لە ڕابردووم کـر، منـیش بەشـێک لە بەسەرهاتی خۆم بۆ گێـڕاوە. وا دەرکەوت کە لە لایەنگرەکـانی موهەنـدیس بازەرگان بوو و منیش هێندێک لەسەر هەڵسوکەوت و خـۆڕاگری بازەرگـان ڕۆیشتم کە زۆری پێخۆش بوو.

وەدەرکەوت کە قەبڵێنەری زەویەکانی دێهاتی دەوروبەرە کە دەچوونە ژێر

ئاو و قەولی دا لە کاتی دیاری کردنی نرخی زەویەکان لایەنگریمان لێبکا.

پاش ماوەیەک کە سەد دروست کرا و ئاو بەرەو پشتەوە کشاوە دواوە خانوو و باغ و زەوی‌وزار و هەموو شت چووە ژێر ئاو، ئەوکات جگە لە بەشی وەرزێڕەکان نیزیک حەوسەدهەزار تمەن بە ئێمە گەیشت، سێ‌سەد هەزار تمەن لەو پوولە درا بە دوو دانگی سینەما ئومید کە لە شەقامی شاپوور نیزیک دوخانیات هەڵکەوتبوو، خانووی محەممەدی مۆرەکی بوو. خانوویەکمان لە کووچەی گەڕەکی هەشت میتری شەقامی وەفایی پێکڕی بە چل‌وپێنج هەزار تمەن، دەستەخانوویەکی دیکە هەر لە وەفایی بەسی هەزار تمەن بەناوی من و هەزار میتر زەمین لە مەحموودکان بە چل‌وپێنج هەزار تمەن ئەوکات چۆلگە بوو.

## بووم بە مامۆستای قوتابخانە

ماوەیەک بوو لە بەنداوی مەهاباد ئیشم دەکرد، هاوکات لە خولی ڕاهێنانی مامۆستای قوتابخانەش بەشداریم دەکرد کە پێویستیان بە حەفدە کەس هەبوو. بەر لە تەواو بوونی دەورەی یەک ساڵەی ئەم کلاسانە، ڕۆژێک سەرتیپ سەیادیان ئەوکات ڕەئیسی ساواکی مهاباد بوو بە دوویدا ناردم، کە چوومە ژوورەکەی زۆر قەڵس و تووڕە دیار بوو. پێدا هات کە بۆ دەست هەڵناگری، ناوچەت شێواندووە، چوو دەوێ و بۆ دانامەزرێن؟! ئەمنیش وەک هەمیشە حاشام لە هەموو شتێک کرد گوتم: چم نەکردووە و چ نەبووە. وادیار بوو زۆریان ڕاپۆرت لێدابووم، ئەو جار دەستی پێکرد کە ئەو زەمان کە موسەدیق گیرابوو، موسەدیق ئەوەندەی متمانە بە من هەبوو کە بە بێ من نەدەچوو بۆ دادگا. ئەمن مرۆڤێکی وا باش و ئازادیخواز بووم. پاشان گوتی ئەگەر هەدا نەدەی دەتنێرمە شوێنێک عەڕەب ڕمبی لێ باوێ.

پاش تەواوبوونی دەورەی یەکساڵەی ڕاهێنانی مامۆستایان هیچ کامێکمانیان لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دانەمەزراند. هەریەکەی بۆ لایەکیان بەڕێکردین. ئەمنیان دابوو بە پارێزگای کوردستان، دۆستێک ناردمی بۆ لای شێخ عوسمانی دووڕوە. چووم بۆ ماڵەکەیان لەو دەمەدا بووکیان بۆ کوڕەکەیان دەگوێستەوە، پیاوێکیان هاتە پێشوازم و بردمی بۆ لای شێخ. پاش ئەوەی کە لە بن و بنەچەکەمی پرسییەوە و زانی کێم، زۆری حورمەت گرتم و لەگەڵ یەکێک لە کوڕەکانی خۆی بە نامەیەکەوە حەواڵەی ئیدارەی پەروەردەی پارێزگای کوردستانی کردم. ڕایئەسپارد کە شوێنێکی باشم

بدەنێ و بەرپرسی ئیدارە لەسەر حیسابی ئەو نامەیە لێی پرسیم کوێت پێ باشە بتنێرم؟ منیش گوتم هەرشوێنێک کە لە مەهاباد نیزیکتر بێ. بەو جۆرە ناردیانم بۆ شاری دیواندەڕە و پێیان گوتم کە بەهرامی ناوێک مەئمووری ئیدارەی ئامارە و ئەوڕۆ دەڕوا بۆ دیواندەڕە، ئەگەر دەگەڵی کەوی شارەزایە و ڕێنموونیت دەکا. دەگەڵ بەهرامی چووین بۆ دیواندەڕە و لە وێ خۆم بە ئیدارەی پەروەردە ناساند. لە وێشڕاوە نامەیەکیان دامێ بۆ دێیەک بە ناوی هەماراو، ئاغای بەهرامی خەریک بوو دەچوو بۆ ئاوایی بانهۆبەتوو، قەول و قەرارمان دانا پاش یەک دوو ڕۆژان لە چێشتخانەیەک یەکتر ببینینەوە، بەهرامی پاش دوو ڕۆژان هاتەوە هەر لەم شوێنە کەبابمان خوارد و هەرچی حەولم دا نەیهێشت حیسابی بکەم و پوڵی هەردووکمانی دا.

بەفرێکی زۆر باریبوو. هەرچۆنێک بوو خۆمان گەیاندە ئاواییەک بە ناوی کانی چەرمووگ. لەوێ چووین بۆ ماڵێک دیار بوو مەشموولیان هەبوو، هەر هەڕەشەوگوڕەشەی دەکرد کە بە پێی یاسا و قانوون سجیلتان دەدەمێ و کوڕی مەشموولتان هەیە و دەبێ بینێرن بۆ سەربازی. بۆخۆم هەموو کارەکانتان بۆ جێبەجێ دەکەم، لەو قسانەدا لە نەکاو ڕووی لە من کرد و کوتی ئاغاش بازڕەسە و هێندە هێندە هێندە دەستی دەڕوا! بەو فێڵە دوو بارگین و بڕە پوڵێکیشی ئەستاند.

بۆ بەیانی دوو پیادەشیان ساز کرد تا گەیاندیانینە هەماراو، لەوێ وەک قەت منی دەگەڵ نەبووبێم دەستی پێکرد. ئەو بارگینانەم یەکی بە پازدەتمەن بەکرێ گرتووە، نەهارەکەی دیواندەڕەشی دووقات لەسەر حیساب کردم. بەوجۆرە هەم نەهاری خۆی و هەم بارگینەکەشی لە سەر من حیساب کرد. ئاغای هەماراو کەسێک بوو بە ناوی فەیرووزخانی دەستگیر، چەند برای

هەبوو بە ناوەکانی عەلیئەشرەف، حوسێنخان و محەممەدخان و مـاڵێکی زۆر تێروپڕ و میوانگر بوون. هەر ئەو شەوە جەماعەتی ئاواییان کۆ کـردەوە، ئاغای بارامی پاش قسە و باسێکی زۆر دەستی پێکرد کە فڵان مـاڵ و فـلانە ماڵ کوڕی مەشموولیان هەیە. دەوڵەمەندن و سجیلیشیان نییـە. چـاک وایە بێ قڕەوبڕە بمبینن با لە سەربازی نەجاتیـان بـێ، بەڵام وادیـار بـوو لەسـەر بڕینەوەی بەرتیلەکە پێیخۆش نەبوو ئەمن لەوێ بم، بەجۆرێک حاڵیان کـردم وەدەرکەوتم.

بەهرامی و ماڵە مەشموولەکان بە پوولێک پێک هاتن. بەهرامی ڕۆیشـت و من لە ئـاوایی هەمـاراو وەک مامۆسـتایەکی فەرمـی لەم گونـدە مـامەوە. هەماراو مەدرەسەیەکی زۆر نالەبـاری هەبـوو، سـەرمای بـانهۆبەتـوو زۆر بەناوبانگە و بە هەڵکەوت زستانی ئەو ساڵیش زۆر سەخت بوو، شەو نەبوو بەفری قورس نەبارێ. بۆ حەقی نەوتی قوتابخانە و مووچەی خـۆم هەمـوو جارێ دەبا چووبام بۆ شاری دیواندەڕە، بەڵام تا دەچـووم نە مـووچەی مـن هەبوو و نە پوڵی نەوت. قوتابییەکی ژیکەڵەم هەبوو نێـوی تۆفیـق بـوو، ئەو بنەماڵە تەپـاڵەی زیـادی لە خۆیـان هەبـوو و قەولم دابـوو بە تۆفیـق ئەگەر هەموو ڕۆژێ چەند دەوەیەک بۆ سووتاندن بێنێتە مەدرەسـە، دەگەڵ پـوولی سووختم وەرگرت بیدەم بەوی، بەلام بێکەلک بوو. هەر جارە بە بیانوویەک بە دەستی بەتاڵەوە بەڕێیان دەکردمەوە. دایکـی تۆفیـق هەتـا تووشـم دەبـوو بەربینگی پێدەگرتم کە پوولی سووختەکە چی لێهات؟ منیش بەڵێنییەکـانی ئیدارەم بۆ دەگێڕاوە و پێم دەگـوت هەرکـات پـووڵ هـات دەتـدەمێ، بەڵام جارێ پەکمان مەخە با مەدرەسەکەمان دانەخرێ. بەوجۆرە کلاسمان بڕێـک گەرم ڕادەگرت و نەماندەهێشت قوتابخانە دابخرێ.

لەو سەروبەندە دا ڕادیۆ بەغدا لە ڕێکەوتی١١ ئـاداری ١٩٧٠دا بەیـانییەی ڕێککەوتنی لەمیدانی تەقریری بەغـدا(ئازادی) بە زمـانی عەرەبـی وکـوردی ڕاگەیانـد. ئەو ڕێککەوتـنە لەمـابەینی مەلامسـتەفا بـارزانی بە نـوێنەرایەتی شۆڕشی کورد وسەدام حسێن وەک نوێنەری حەسەن ئەلبەکـر سـەرکۆماری کاتی ئێراق واژۆ کـرا. بەو بـۆنەوە سروودی ئەی‌ڕەقیـب و کـورد و عەرەب بـرایە لە سـەر ڕادیـۆ دەخوێنـدراوە. ئەمـن بە بیسـتنی ئەو خەبەرە ئـۆقرەم لێهەڵگیرابـوو، کـێچم لە کەوڵـی کەوتبـوو کە بـۆ لە مەهابـاد و ناوەنـدی تێکۆشان نیم. تا چاکتر لە چۆنایەتی پێکگەیشتنەکە ئاگادار بم، خوداخودام بوو وەسیلەیەک هەڵکەوێ و بگەڕێمەوە.

کـاک عەوڵای زوبەیـری هاوشـاریم بـوو و ئەویـش لە یەکێـک لە ئاواییەکانی بانهۆبەتۆ مامۆستای وانە گوتنەوە بوو، کەسێکم لـێ ڕاسپارد کـاکە ئەوە سـەروبەندی نەورۆزە و پشـوو نیزیکـە، یەک‌دوو ڕۆژ زووتـر قوتابخانە داخە با بچینەوە بۆ مەهابـاد. زۆری پێنەچـوو کـاک عەوڵا کـۆک وپۆشتە و داپێچراو پەیدا بوو. بەرەو جادە وەڕێ‌کەوتین وادیـاربوو بۆلـدزێر جادەکەی پاک کردبۆوە، بەڵام کە بەفرەکەی هەڵـدابۆوە ئەولاوئەولای وەک دیوارێکی تیژوبەرز لێکردبوو و بەفرێکی چاکیشـی لە جـادەی کردبـۆوە کە زۆر جێـی مەترسـی بـوو. سـەرباقی ئەو حـاڵە ئـێمە تەنـانەت شـارەزای جادەکەش نەبووین و نەماندەزانی بە کام لایەکدا بڕۆین، چون شـوێنێک لە ڕێگاکە سێ‌ڕێیان بوو. ڕێـیەک بەرەو تیکـاب و ئێرانشـا، هەر بەشـک ڕێـی ئێرانشامان گرتەبەر بە هەڵکەوت ئەو ڕێگایە بوو کە دەبوو پێیدا بڕۆین. چەن سەعاتێک بە نێو ئەم بەفروسەخڵەتەدا ڕێگامان بڕی گەیشتینە بسـتۆیەک، کە وەسەر کەوتین یەک دوو چرامان لـێ‌وەدەرکەوت، بەرەو چـرا وەڕێکەوتـین

ئەوجار خانوومان لیٚوەدەرکەوتـن. ئەوە درەنگـایی و تاریکـانی داهـاتووە، ئەگەر هەروا بە هەڵکەوت بەو لایەدا نەهاتباین و بەرەو تیکاب ڕۆیشـتباین، بیٚ گومان لە سەرمان ڕەق هەڵدەهاتین.

ئەمن بە پیٚچەوانەی کـاک عەوڵا کە زۆر چـاک خـۆی داپیٚچـابوو تـاقە شەدەیەکی فیرووزخانیم لە سەروگویٚم هاڵاندبوو دەنا لیباسـەکانم هەر ئـی هاوینیٚ بوون. کە گەیشتیبووینە سەر بستۆکە وادیار بـوو نـویٚژ بەردرابـوو و خەڵک لە مزگەوت وەدەردەکەوتن بەرەو ماڵی خۆیان، دووراودوور چاویان بە ئیٚمە کەوتبوو بەسەرسوڕمانەوە ڕاوەستان و تیٚمانفکرین. کە چووینە پیٚش زۆریان پـیٚ سـەیر بـوو کە دوو نەفەربە نیٚوئەوهەمـوو بەفـر وسـەرمایەدا بە نابەڵەدی چۆن وەڕیٚکەوتوون! دەیانگوت دە شەویش دەبـیٚ زینـدەوەر بەو ڕیٚگایەدا نەهاتووە، ئەو شویٚنە ئیٚرانشا بوو.

ئەوان پیٚیان وابوو ئیٚمە لە پیٚشمەرگەکانی یەکیٚتین، چـون ئەوکـات ئەوان لەو شویٚنە هەر مابوونەوە. ئیٚمە خۆمان ناساند و گوتمـان مـاڵە مامۆسـتای قوتابخانەمان پیٚشان بـدەن، ئەوشـۆ بچـین بـۆئەویٚ. یەکیٚکیـان وەپیٚشـمان کەوت تا گەیشـتینە دەرکـی مـاڵە مامۆسـتا، مامۆسـتا کە لیٚـی حـاڵی بـوو بەتەماین لیٚی میوان بین دەستی بە وەڵڵا و بیللا کرد دایکم لیٚرەیە و ئەنگـۆم پیٚڕانـاگیریٚ. مامۆسـتا سـەقزی بـوو. زۆر قەڵـس بـووم و قسـەی تونـدم پیٚگوت، پاشان پرسیم مامۆستای ئـایینی ئیٚـرە کیٚیـە؟ گوتیـان مەلاجەلالـی شافەعییە. ئەمـن مەلام دەناسـی و دۆسـتایەتیەکەمان ئـاوا دەسـتی پیٚکـرد، ئەوکات کە حەواڵەی کوردستان کرابووم، کاک سەعد بە مەلا محەمـمەدی عەبباسی ڕاگەیاندبوو ئەگەر دۆست و ئاشـنایەکت هەیە بە کـاک عـومەری بناسیٚنە با لەویٚ پیٚوەندی پیٚـوەبگریٚ. ئەویـش مامۆسـتا جەلالـی شـافەعی

پێناساندم و ئادرەسی دامێ. لە سەقز دیتمەوە وا دیاربوو پاشان ماڵی هاتبوو بۆ ئێرانشا. بە بیستنی ناوی مەلاجەلالی شافەعی کەیفم سازبوو، بە کابرام گوت بمانبە بۆ ماڵی مەلا، منداڵێکیش هەر لەخۆوە غاریدابوو و چووبوو بۆ ماڵە مامۆستا، پێی گوتبوون ئەوە میوانوو بۆ هات. مامۆستا زۆر بە ئێحترام بەرەو پیرمان هات. بردینییە ماڵە خۆی، چووینە ژوور وەتاغێکی خاوێنی جوانی پڕفەڕشی ڕاخستبوو. کووره نێڵ درابوو و مەنقەڵێکی زەلامی پڕ لە پۆلووش لە لایەک داندرابوو، زەنگاڵ و تۆزلقی کاک عەولایان لە پێ داماڵی و باڵتۆی لە خۆ کردەوە، بەڵام ئەمن هەر ئەو شەدەیەم پێبوو کە لە سەروگوێم هاڵاندبوو لە لایەکی دامنا. لە تەنیشت کووره تا ملان لە بن کورسی خزاین و گەرم داهاتین. خەڵک کە زانیان مامۆستا میوانی بۆ هاتووە ڕێچکەیان بەست بۆ لای ماڵە مەلا، یەک فڕووجی بە دەستەوە بوو، یەک ڕۆنی پێبوو، یەک کیتەڵە ماستی لە بن هەنگڵیدا بوو، خێروبێر بێ و بە سەردا بباریێ. ئەو مەتەڵەم لێ وەڕاست گەڕا کە دەڵێن: «میوان ڕزقی خۆی دەگەڵ خۆی دێنێ» مامۆستا مەلاجەلال خانمێکی زۆر پاکوخاوێن و کابان و موحتەرەمی هەبوو، خێرا فڕووجی کوشتەوە و برینجی وەسەرنا و چای بۆ دێم کردین، بە گەرمی میوانداریان لێکردین. هەوەڵجار بە بۆنەی مەلا محەمەدی عەباسیەوە لە سەقز چاوم بە مەلاجەلالی شافەعی کەوت. پیاوێکی بە غایەت بەڕێز و بە حورمەت بوو و ڕۆژێکی خۆشمان پێکەوە گوزەراند. وام بۆ دەرکەوت کە مەلامحەمەد لە باری سیاسیشەوە شتهایەکی پێگوتبوو، هەر بەو هۆیە پتر لە ڕادەی چاوەڕوانکراو بە خێرهاتنی کردین. دوای گەڕانەوە لە سەقز، مەلا محەممەد ئەحواڵی مەلاجەلالی لێی پرسیم. گوتی مامۆستات چۆن هاتە بەر چاو؟ لە

وەڵامدا گوتم: ئینسانێکی زۆر موحتەڕەم و لەبەردڵانە، میواندارییەکی گەرم و کوردانەشی لێکردووم.

شەووڕۆژێک لە ماڵە مەلاجەلال زۆر خۆشمان ڕابوارد و ئیتر دەبوو ڕۆیشتباین، پێیان گوتین لێرەڕا تا دەگەنە جونیان ـ کە دێیەکە لە نێوان ئێرانشا و سەقز ـ ڕێگا نیە و ماشێن وەگیر ناکەوێ، موسافیر دەبێ چەند سەعاتێک بە پێیان بڕوا. هەرچی مامۆستا حەولی دا کە چەند ڕۆژێک لێرە بمێننەوە و لەوانەشە جادە بکرێتەوە، ئێمە لە سەر ڕۆینی خۆمان سوور بووین، بۆیە ماڵ ئاواییمان کرد و بەپێیان وەڕێکەوتین تا گەیشتینە جونیان. لەوێ زۆری پێنەچوو لۆرییەک بەرەو سەقز دەڕۆیشت، هەردووکمان سواری لۆری بووین و لە پەنای شۆفیر دانیشتین. ئەمن کە لەسەقز گەرام دانابوو، دابەزیم و کاک عەوڵا بەرەو مەهاباد وەڕێکەوت.

هەرچەند من لە دیواندەڕە هیچ چەشنە بەرپرسیارەتییەکم نەبوو، بەڵام لە تێکۆشان ڕانەدەوەستام. جاروبار کە دەچووم بۆ دیواندەڕە، لەگەڵ مامۆستای قوتابخانەکان قسە و وتووویژمان دەکرد، ڕاستەوخۆ قسەکانم دەبردە سەر باری سیاسەت، لە نێوان ئەم قسانەدا بۆم دەرکەوت کە کاک سولەیمانی موعینی یەکدوو جار سەردانی ئەم شوێنەی کردووە. مامۆستایەکی لێبوو بە ناوی ناسر کە لە هەموان پتر هۆگری هەبوو، بەڵام بەداخەوە زۆربەی مامۆستاکانی تر بێ هەڵویست و بێ مایە بوون، تەنانەت زۆربەیان تریاکی بوون، لە بات هەموو شتێک تەکلیفیان لێدەکردم کە نەفەسێکی لێدەم. من نەتەنیا بۆ لای تریاک نەدەچووم، بەڵکوو سیغاریشم نەدەکێشا و قەت مەشرووبیشم نەدەخواردەوە. دیواندەڕە بازارێکی کلۆڵ و حەمامێکی زۆر پیسی هەبوو.

لە دیواندەرەڕاوە چووم بۆ سەقز، پێشتر حەسەنئاغای دەرگا و سـڵەمانم دەناسین هاوکاریان دەکردین، لە شاری سەقز مزڵێکی بـۆ کورەکـانی خـۆی دانابوو بۆ ئەوەی بتوانن دەرس بخوێنن و ناونیشانی مزڵەکەی دابوومێ. بـۆ پرسیار و کاروباری حیزب چووم بۆ ماڵەکەیان، بەڵام بۆخۆی لەوێ نەبـوو. کوڕەکانی سرتوخورتیان بوو وادیار بوو باسیان لە گیرانی چەنـد کەسـێک دەکرد کە نەیاندەزانی بۆچی و لە سەرچی گیراون. پرسـیم حەسـەنئاغـا لە کوێیــە؟ گوتیــان چــۆتەوە دێــی. جیبــێکم بەکــرێ گــرت و چــوومە «دەگاسڵەمان». بڕێک لە نێو دێ خـولامەوە، دێیەکـی چـۆلوهـۆل. لە بەر دەرکـی مـاڵی حەسـەن ئاغـا دمڕووتێـک ڕاوەسـتابوو کە نە دەیناسـیم، نە فەرمووی ماڵێی کردم، بەتوڕەیی پێم گوت نەزان ئەوە فێر نەبـووی خـوڵقی میوانان بکەی؟ داوای لێبوردنی کرد گوتی: پێم وابوو مەئمووری مالاڕیای، گوتم فێربە ئەگەر مەئمـووری مالاڕیـاش هـات فەرمـووی لێبکە. بـردمییە وەتاغێکی چەند بەڕەی شڕ و دڕاوی لێڕاخرابوو، یەکدوو دەستەنوێنیش بە دیوارەوە هەڵپەسێردرابوون. سەماوەرێکی زەلام لە گۆشەی دیوەکە داییسـا، بەڵام کەس دیار نەبوو. خەبەری حەسەنئاغای نەبوو، بەڵام گوتی باپیرم لە مەزرایە، گوتم ڕاسپێرە بێتەوە. نیوسەعاتێکی پێچوو پیرەپیـاوێکی وێچـوو و بەخۆوە وەژوور کەوت. هەر هات گوتی ئەوە بۆ لێرەی؟ هەستە هەسـتە بـا بچین بۆ ئەودیو، دیوەکەی دیکە شوێنێکی پاک و خـاوێن و پـڕ لە فەڕشـی چاک، سپیکراوە وخۆش بوو. وادیـار بـوو ئەو دیـوەی پێشـوو تـایبەت بە میوانگەلێک وەک مەئموورەکانی مالاڕیـا بـوو. زۆری بەخێرهـاتن کـردم و شامێکی کوردانە و چاکیشی دامێ. پاشان گوتی حەسەنئاغا لە مـاڵ نییـە، بەڵام حەسەنئاغای جەوانمەرد و چەند نەفەرێکی تر گیراون. لە ناوەکـانڕا

زانـیم لە هاوکارەکـانی خۆمـانن و لەسـەرچی گیـراون. زۆری حەول دا کە نەڕۆم و زۆریشـی ڕاسـپارد کە ئاگـام لە خـۆم بـێ بەڵام نەمـامەوە. دەبـوو وەدوای پێ وشوێنیان کەوم و بزانم چیان لێ بەسەر هاتووە. هێشـتا شـەوی مابوو بە ماشێنێ خۆی تا سەقزێی بردم.

## زیندانی قزل قەلعە(قزڵ قەڵا)

ماوەیەک لە قەراغ شەقامی شاری سەقز ڕاوەستام ماشێنێکی باری بەرەو مەهاباد دەڕۆیشت دەستم لێ هەڵێنا، ڕایگرت و لە پەنا شۆفیر دانیشتم. ئێمە گەیشتینەوە مەهاباد بەڵام هێشتا وڵات ڕووناک نەببوو، زۆرم لە دەرکەی ماڵە خۆمان دا گوێیان لێنەبوو، گەڕامەوە و چوومە موسافیرخانەی دۆستێکم، ئەویش خەبەری دامێ کە چەند کەسێکمان لێ گیراون. هەر ڕۆژ بۆوە لە موسافیرخانە وەدەر کەوتم و هاتمە بەر دەرکی دووکانی عەوڵای عەتتاری کە ئەوکات بەرامبەر بە کووچەی مزگەوتی قازی هەڵکەوتبوو، ئەویش ناوی چەند کەسێکی کوت کە گیراون، وەدەر کەوتم و هاتمە سەر زارکی کووچە و دەمەویست کەسێکی خۆمان ببینم، بۆ ماوەیەک خۆ بشارمەوە. بە هەڵکەوت کاک ئەحمەدی قازی کوڕی مامەکەریمم لە وێ ڕاوەستابوو. لەو دەمەدا تاکسییەک هات لە پەنای من ڕایگرت، یەکیان لە ماشێنەکە دابەزی گوتی: ئەوە لەکوێی، لە ئاسمان لێت دەگەڕاین لە عەرزیمان وەگیر کەوتی، منیش گوتم دەمێکە لە مەهاباد نەماوم و لە کوردستان مامۆستای قوتابخانەم، بۆ لە من دەگەڕێن؟ ئێمە لەو قسانەدا بووین کاک ئەحمەد وردەوردە لێمان هاتە پێش گوتی: ئەوە چیتان لەو پیاوە دەوێ؟ لێی گەڕێن با بڕوا. لێیان پرسی ئەتۆ کێی؟ گوتی ئەمن ئەحمەدی قازیم. گوتیان بە وەی چاک بوو هاتی، کارمان بەتۆشە، بەو جۆرە ئەویش تووش بوو.

پاشان یەکیان گوتی مەنزڵەکەت لەکوێیە؟ ئەمن کە دەمزانی هەر

سەرەبندارەی ژوورەکەم فسوولەیەکی تێدایە، گوتمماڵمان لە قـازیئاوایـە، لەگەڵ کـاک ئەحـمەدی قـازی سـواری تاکسـییەکەیان کـردین بەرەو سەربازخانە. چەند زیلی ئەرتەشی ڕاوەستابوون و چەند دانەیەکیان پڕبـوون لە سەرباز، ئێمەشیان سواری زیلێک کردو نێوەنێوە سەربازێکیان لە تەنیشت دانایین. پەتوویـان بەسـەردادایین بـۆ ئەوەی نەزانـین بـۆ کـوێمان دەبەن، بەو دەستووره وەڕێکەوتین. دیاربوو بن لاقمان پڕ بوو لە فیشەک و تەقەمەنـی، ئەو مەئموورەی ئێمەی گرتبوو سەرهەنگێک بوو بە ناوی سەیاحەتگەر، لە تـارانڕاوە هـاتبوو. جاروبـار پەتـووەکە لەسـەرمان لادەچـوو زانـیمان بەرەو مەراغە دەڕۆین، ئەوکات تـازە سـەربازخانەیەک بە نـاوی ڕەزاپـاد لە مەراغە ساز کرابـوو. لە ڕێگـادا گـوێم لێبـوو کە سـەیاحەتگەر بە یەکـی دیـکەی دەگوت بە تیمسار بڵێن نەفەری ئەوەڵمان گرت. لە دڵی خۆمدا گوتم هێشتا لێکـۆڵینەوە نەکـراوە بڕیـار دەدەن. مەنـافی حەقتەڵەب لە تەنیشـت مـن دانیشتبوو، بە کەوش و گۆرەوییەکەیدا ناسیمەوە چون پێشـتریش گیرابـوو، گوتی چ نییە نیگەران مەبن.

بردیانینە حەساری پادگانی ڕەزاپاد، هەرکەسەو لە سـلوولێکیان ئـاخنین. سلولەکەی من ڕێک ڕووبەڕووی دەرکـی هـاتنە ژووروە بـوو کە توالیـت و حەمـامی خـۆی لەباڵـدا بـوو. چـون سـلولەکان بە ئەنـدازی زینـدانییەکان نەبوون، هێندێکیان لە حەسـارێ هەڵتروشـکاندبوون و شـتێکی ڕەشـیان بە سەردا دابوون، ئەمن پێم وابوو هەموو ژنن چارشێویان بە سـەر خـۆ داداوە، بەڵام دوایی بـۆم دەرکەوت کە ئەوە هەمـووە مەلان و عەباکانیـان بە سـەردا کێشاون.

ئەوە دووسێ ڕۆژی مابوو بۆ نەورۆزی ساڵی ١٣٤٢هەتاوی و بارانێکی

زۆر بە غوڕەمیش دەبـاری. پەیتاپەیتـا زیـڕە لە دەروازەی پادگـان دەهـات و ماشـــێنی ئەڕتەشـــی وەژوور دەکەوتـــن، خەڵکیـــان بە پاڵەوپەســـتۆ و مرخێش‌مرخێش لە ماشێن فڕێ‌دەدا خوارێ، جەمـاعەت لە بەر بـارانی زۆر دەتگوت لە ئاوت هەڵکێشاون. درەنگانێک سەربازێک چایەکی بـۆ هێنـام، ئەمنیش هەر سێ‌چوار تمەن قەرەپوولم پێبوو، ئەگەر چایەکەی دانا تمەنێکم دایە و لێم پرسی ئەوانە کێن و بۆچی گیراون؟ گوتی هەموو جۆرە کەسێکی تێدایە مامۆستا، وەرزێر، دوکاندار و مەلا، گوتی ڕەنگە دژایەتـی تەقسـیمی ئەرازییان کردبێ. دیاربوو ئاگای لە هیچ نەبوو، ئەو ڕۆیشت و یەکـی دیـکە هات. ئەو بەرنـامەیە دووپـات بـۆوە بەڵام دیـاربوو سـەربازی دووهەمـیش ئاگای لە هـیچ نەبـوو. دووسـێ شـەوێک بەو شـێوەیە لە پادگـانی ڕەزاپـاد ماینەوە. بەیانییەک پەتوویان بە سەرداداین و ڕایان گوێستین، مەئمـوورێکی ساواک وەپێشمان کەوت و بردیانینە وێسـتگەی قەتـار و سـواری قەتاریـان کردین. ژنێک کە دیـار بـوو موسـافیرێکی ئاسـاییە هەر بـۆڵەی بـوو کە بـۆ کووپەکەی گۆڕدراوە، مەئموورەکە پێی گوت ئەو کووپانە تەقەمەنیان تێدایە، ئەگەر هات و تەقیەوە با ئێوە هیچتان لێ‌نەیە. جارجار پەتـووەکەم دەخزانـد بۆوەی چاو بـڕوانم، بەڵام مەئموورێـک دەهـات چەپـۆکێکی پێـدادەدام و پەتۆکەی وەک خۆی لێدەکردەوە. بەوجۆرە کەسم بـۆ نەنـاسرا، بەڵام کـاک ئەحمەدی قازی ئەقڵیەتێکی چاکی لە خۆ نیشـاندا، هـاواری کـرد یـا شـێخ ئەحمەدی قازی، ئەومان ناسی. حەسـەنی حیسـامی بـانگی کـرد یـا شـێخ حەسەنی حیسامی. مەئموور چەن جارێـک تێیـان سرەوانـدین کە بێـدەنگ بین، گوتمان دووعـا دەکەیـن. پـاش بەینێـک کـاک سـڵەمانی عەلیـار هەر بەوجۆرە خۆی ناساند، ئەمنیش بانگم کرد یا شێخ عومەری قازی، بەوجۆرە

تا ڕادەیەک یەکترمان ناسی. گوێم لێبوو کاک سڵەمانی عەلیـار بـانگی کـرد نەخۆشم، دوکتورم بگەیەننێ. ساواکییەکە گوتی مەگەر بەیتـارت بـۆ بێـنم. کەسێکمان لەگەڵ بوو بە ناوی محەممەدی سوڵتانی ئەوکات مامۆستا بوو، بانگی کرد تو ڕا بە جـوققەی شاهەنشـا نووشـابەیەکم بـۆ بێـنن، ئەوڕۆژانە مووچەم وەرگرتووە چەنـدی بڵێـی پێـی‌دەدەم، بەڵام نە جـوققەی شـا و نە گیانی وەلیعەهد دە فریای نەهاتن. جا بەڕاستی ئەگەر تینوو بووبێ، ناحەقی نەبوو. چون کوورەی کووپەکە هەڵکرابوو و دەرکە و پەنجەرەیان لـێ کیـپ کردبـووین، دووقـات ئینسـانیان لە سـەر سـەندەڵییەکان دانـابوون، چەنـد مەئمووریش لە نێوەڕاسـتی کـووپەکە ڕاوەسـتابوون. گەرمـاکە بێـداد بـوو، بەوشێوەیە گەیشتینە وێستگەی شەمەندەفەری تاران.

لەوێـڕا سـواری مینـی‌بووسـیان کـردین هەر چەنـد نەفەر، چەنـد نەفەر حەواڵەی سەربازخانەیەک کراین، لە سلوولانیان ڕاکردین. ڕۆژێک لە کونی دەرکەی ڕا ڕوانیمە سلوولەکەی بەرامبەرم، بە پشتێندەکەی‌ڕا وەمزانی کـاکم گیـراوە، زەنـدەقم چـوو. چـونکە چـی نەکردبـوو و ئەگەر ئەویـش گیرابـا کەسمان لە ماڵێ نەدەما، بەڵام کە زیاتر ڕوانیم دەمووچاویم دیت، ڕەحمانی میسباح بوو. تەنیشتەکەشم عەبدولخالەقی سەعدی بوو. سەربازێک ڕۆژێ هەرکەسەی سیغارێکی دەدایە و بۆی هەڵدەکرد، ئەمن سیغار کێش نەبووم و سەعدیش هەر هاواری سـیغاری دەهـات، هەمـوو جـارێ سـیغاری خـۆم حەواڵەی وی دەکرد. سللوولەکان بێداد پیس بوون، ئەسـپێ بە دارودیـواردا هەڵدەگەڕا. ڕۆژانە هەرچەند ئەسپێیەکی گرتبام و پێم ڕێخسـتبا خەتـێکم لە دیـوار دەدا، جـاری وابـوو تـا ٢٠ جەغـزم دەبـژارد. سـابوون کەم بـوو و ئاودەست وەبەر نەدەکەوت. ئەو پادگانەی ئەمنی کەوتبوومێ جەمشیدییەی

تاران بوو، چەند ڕۆژێک لە سللوولەکانی جەمشیدییە مـاینەوە و پاشـان بە مینیبووسان بە شەقامی نەناسراودا بۆ شوێنێکیان بـردین، کە پاشـان لـێمان مەعلـووم بـوو زینـدانی قـزڵقەڵعەیـە. ئەوکـات قـزڵقەڵـعە بە ناوەنـدی ئەشکەنجە و ئازاری ڕژیم ناوبانگێکی زۆر ترسـناکی لە سەراسـەری ئێـران دەر کردبوو، خەڵک هەر بە بیستنی ناوی قزڵقەڵعە دەترسان.

قزڵقەڵعە لە پاش مەیدانی ئەمجەدییە شـوێنێکی بەتـاڵی هەبـوو کە لەو دوایانەدا بە شێوەیەکی تازە چێ کرابوو، شوێنی پشکنین و دەواخانە بوو، لە پشتەوە ساختومان و حەسارێکی گەورەی لێبوو کە لە قەدیمەوە هەر هەبوو. بە خشتی کاڵ داندرابوو و بە کاگـڵ سـواغ درابـوو. دوو ڕشـتە کالیـدۆری درێژی هەبوو کە لە بەرێکی ڕارەوەکە چەند سللوولێکی چکۆلەی لێ سـاز کرابوو، حەسارێکی گەورە ئەو دوو کالیدۆرەی لێک جیا دەکردەوە، لە ژێـر دار شـۆڕەبیەکەی گۆشـەی حەسـارەکە حەوزێکـی لـێ بـوو. لەو بەری حەسارەکەش کۆنە حەمامێک هەبوو کە ئێسـتا ببـوو بە شـوێنی ئەشـکەنجە وئازاری زیندانیەکان. سـللوولەکان لە بنەڕەتـڕاوە پەنجەرەیـان تێـدا نەبـوو، بەڵام لە کاتی حکوومەتی دوکتور ئەمینیدا کە تا ڕادەیەک پیـاوێکی ئـازادی خواز بـوو، دەسـتوور درا بـۆ هەر سـللوولەی پەنـجەرەیەک سـاز کەن. لە بەرێکی دیکەی ئەم حەسارە چـوار وەتـاغی گەورەیـان سـاز کردبـوو. هەر وەتاغەش سەکۆیەکی لە پێش بوو، ناوی وەتاغی عموومی ژمارە ١ و ٢ و ٣ و ٤یان لەسەر نووسیبوو. بە هۆی دەرکەیەکـی گەورە لەو حەسـارەڕا دەکـرا بچییە شوێنی بازجوویی و دەواخانە.

لەو مابەینەدا شتێکیان ساز کردبوو کە چەند شێرەی ئاوی لە سەر بوو کە دەکرا لەوێ قابوکەوچک بشۆی و نێویان نابوو ئاشپەزخانە. سللوولەکەی

من وەها هەڵکەوتبوو کە دەکرا لە کونەکەیڕا بڕوانییە ئەو دەرکەیە کە دەچوو بۆ حەساریێ، ئەو دەرکەیەش کونێکی تێدا بوو کە لە بەرامبەر کونەکەی دیکەدا بوو. ئەمن لە کونی دەرکەی سللوولەکەمڕاوە دەمڕوانییە کونی دەرکەکەی دیکە، ئەگەر کەسێک بە وێدا ڕۆیشتبایە دەمدیت. سەرنیگابانێکمان هەبوو بە ناوی دەمەندان ڕووی هەموو ساواکیەکی لە بەر خەراپی سپی کردبۆوە، گۆیا خەڵکی شیمالی ئێران بوو، نەمدەوێرا بە پێوە ڕاوەستم خێرا دەنگی دەدام کە دانیشم، بەڵام ئەوەی نەیدەبیست ئەمن بووم. تەنانەت یەکدوو جار هات و چاوی بە کونەکەوە نا بزانێ چ دەبینم؟ بەڵام ئەو چونکە عادەتی بە نووری چراکە نەگرتبوو چی لێ دیار نەبوو، لێم وەڕەز بوو و وازی هێنا. وا هات ئەوەڵ کەسێکی کە بە بەر ئەو کونەدا هات یۆسفی خوسرەوی بوو کە بە دەنگی بەرز گوتی: ئەتۆم نەدیوە و ناتناسم، ئەو قسەیە زۆر بە قازانجی من و زۆربەی زیندانییەکانی تر تەواو بوو. منیش لە بازجوویيدا خۆم لە وی نەناس کرد. هەر بەو هیوایە ڕاوەستام تا بەڵکوو کەسێکی دیکە بەوێدا بێ و لە بارودۆخی خۆی ئاگادارم کاتەوە. قولەی ئیسحاقی برای ئەحمەدتۆفیق بەپێچەوانەی براکەی ئەوەندەی ئەحمەدتۆفیق ئازا و لەخۆبوردوو و تێکۆشەر بوو، ئەویش بەو ڕادەیە ترسەنۆک بوو، بەوێدا هات پشتە پانەکەی بە کونەکەوە نا و نەفەسی لێبڕی، هەرچی چاوەڕوان بووم بێکەلک بوو و پشتی لەوێ نەکردەوە، هیوام لێ بڕا و بە ناهومێدی دانیشتم.

لە سللوولەکەی تەنیشت من کەسێکی خەڵکی خوڕخوڕە بە ناوی مستەفا باشۆکی لێبوو و خۆی لە دەمەندان شێت کردبوو، پێی دەگوت سەرکار بەخودای ئەگەر ئازاد بم و بڕۆمە دەرێ، کیتەڵە ماستێکت بۆ دێنم

ئەهێندە گەورە بێ. مستەفا باشۆکی تەواو خۆی لە شێتی دابوو، بازجووەکە پێی دەگوت کاک مستەفا دەڵێن ئەتۆ کادری ڕەشەکوژی بووی، ئەویش هەموو جارێ دەیگوت سەرکار پێم بڵێ بزانم گاڕدی ڕەشەکوژی چییە؟ ڕەشکەیە، گوریسە، قەڵاغە، دەوەیە، نەمەنە دی سەرکار؟ ئەوەندەی ئاگام لێ بوو ئەو پرسیار و وڵامە هەر بەو شێوەیە دووپات دەبۆوە و بازجوو بۆی هەر حاڵی نەبوو کادڕی ڕەشەکوژی چییە.

ماوەیەک وەک دەستخۆشی بەرپرسیارەتی دابەشکردنی نان و چێشت بەسەر زیندانیەکانیان دابووە دەست کاک ڕەحمانی شەریفزادە، بەو جۆرە دەیتوانی بە ڕاشکاوی سەر لە هەموو سللوولێک ڕاکا، پاشان کە دەیهێنن بۆ بەندی گشتی لە دابەشکردن دەکەوێ و ئیشەکەی دەدەن بە کوڕێکی دیکە، کاک ڕەحمان بە بەشە چێشتی خۆی ڕازی نەبوو و زمانیشی جۆرێک بوو پیتی«خ» ی بۆ نەدەهات، هەموو جارێ دەیگوت: «ئاق» دیسان بەشی منی کەم دا، کوڕەش هەموو جارێ پێیدەگوتەوە هەر وەکوو ئەوانی دیکەم داوێی، زگت تێر دەبێ بەڵام چاوت تێر نابێ. کاک ڕەحمان لە بازجوویی دۆڕاندبووی و بێ هیچ جەخت و گوشارێک ئەوەی دەیزانی ئاشکرای کردبوو، کاک سڵەمانی عەلیار هەمیشە سەرکۆنەی دەکرد کە کوێڕا هەموو شتێکت درکاند؟ ئەویش دەیگوت هەڕەشەیان لێکردووم، ناچار شتەکەم گوتووە. کاک سڵەمان پێی گوت وا نییە، ئەتۆ هەر بە گشتی پیاوێکی بەزیو و ترسەنۆک وخێڕی.

یەکێک لە بەرپرسەکانی قزڵقەلعە بە ناوی زەمانی کە بەڕواڵەت خۆی زۆر چاک نیشان دەدا، ئەغڵەب ئێواران بە سللوولەکاندا دەگەڕا و لەگەڵ هەرکامێکمان ماوەیەک دەردی دڵی دەکرد. ڕۆژێک چوو بۆ لای

محەممەدی سوڵتانی، سوڵتانی پێی دەگوت: پێم خۆش بوو گیراوین، ئەویش لێی پرسی گیران خۆشییەکەی لە چیدایە؟ گوتی ئەگەر ئەوانە نەگیرابان سەقامگیر دەبوون دەستیان دەکرد بە شەڕ، دەوڵەتیش ناچار دەبوو بەرگری بکا، فڕۆکە و تانک و تۆپی دەنارد وڵاتی وێران دەکرد. خەڵکێکی زۆر بێتاوان دەکووژران، بەڵام ئێستا بە گیرانی ئێمە ئەو مەترسییە نەماوە. لە ئاکامدا کۆتایی بە شەڕ و پێکهەڵپڕژان هاتووە.

ڕۆژێ سێ جاران بە کەتری چایان بۆ دێنانە نێو سللوول، بەڵام قەندیان نەدەدا، یا دەبوو بۆخۆت هەتبا یان دەبوو کڕیبات، من پووڵم پێنەبوو، پێم گوتن بە هۆی ئەوە کە پووڵم نییە قەند بکڕم چام بۆ مەهێنن، ڕەسووڵئاغای فەتاحی لەچەند سللوول ئەولاتر بوو گوێی لەو قسەیە بوو، بەستەیەکی قەندی زیادی هەبوو بە سەربازەکەدا بۆی ناردم. هەرچەند لە ماوەی چوون بۆ حەمام یان ئاودەست مافی قسەکردنمان نەبوو، بەڵام بە هەر چەشنێک با دەگەڵ نەفەری سللوولەکانیتر یەکدوو قسەم هەردەکرد، لە سللوولێکی تەنیشت ئاودەستەکە مەلاعوسمانێکی خەڵکی ئازادی لێبوو کە لە زیندانڕا دەستی بە هاوکاری لەگەڵ ساواک کردبوو، گوزاریشی لێدام کە ئەوە لەگەڵ سللوولەکانی دیکە پێوەندی دەگرێ.

جگە لە ئێمە زیندانیی فارسیشی لێبوو، کەلە سەر بیر وباوەڕی ئایینی گیرابوون، یەک لەوانە ئاخوندێک بوو بە ناوی دوڕی نەجەفئابادی کە زۆر جار بە ئازادی بە سللوولەکاندا دەگەڕا و یەکەی شەگەلاتێکی دەداینێ، ئێمەش نێوانمان دەگەڵی خۆش کردبوو.

لە پاش ماوەیەک تەنیایی ڕۆژێک کاک ئەحمەدی قازییان هێنا و بە پاڵەوپەستوو لە سللوولەکەی منیان هاویشت. کاک ئەحمەد تەواوێک

شارەزای زمانی ئینگلیسی بوو، کتێبێکی بە ناوی «پیکچێر ئاف دوریانگری» وەرگرتبوو و لەبەرەخۆ دەیخوێندەوە و پێدەکەنی، بەربینگم پێدەگرت وەریگێڕەوە با منیش حاڵی بم. کتێبەکە ئاوابوو نەققاشێک ڕەسمێکی کێشابۆوە هەر خراپەیەکی دەکرد گنجێک لە عەکسەکەیدا پەیدا دەبوو، ڕۆژێک نەققاش خەنجەرێک لە وێنەکە دەدا و دەیدڕێنێ، وێنەکە پێی دەڵێ ئەتۆ منت بۆ کوشت؟ خۆ ئەمن زۆر وەک تۆ دەچووم!

ئەوە هەروا قەیتەرقوو لە زینداندا ماوینەوە. ڕۆژێک گوێم لە تەقەتەقی دارێک بوو، بە کاک ئەحمەدم گوت ئەوە سوارەیان هێنا! گوتی هەیها بەچی دەزانی؟ گوتم ئەوە نییە تەقەی گۆچانی دێ، هێندەی پێنەچوو دەرکە کراوە و سوارەی ئێلخانی زادە بە خۆی و بە گۆچانێکەوە وە ژوور کەوت. هەر هاتە ژوورێ دەستی بە تاریفاتی خۆی کرد کە چۆناوچۆن شکەنجە کراوە و چی نەگوتووە، جێ برینێکی ڕەشی لە سەر مۆرەغەی پشتی بوو. دەیگوت ئەوە جی داغە! بەڵام سەرباقی هەموو ئەوانەش چم نەدرکاندووە.

بازجووەکەی من ناوی دوکتور میرفەخرایی بوو، دیار بوو بەرپرسی بازجووەکانی دیکە بوو. ڕۆژێک لە کاتی لێپرسینەوەی من دا بازجووی مارف شێخ‌ئاغایی هات لەگەڵ دوکتور سرتەیەکی کرد، ئەویش وڵامێکی داوە، کە گەڕاوە بۆ لای مارف‌ئاغا پێی گوت ئاغای دوکتور دەڵێ:«شما آبدیده هستید» مارف‌ئاغاش بە فارسی کێویلکەکەی خۆی گوتی «توشنه نیستم» ئەویش گوتی: «نمی‌گویم تشنه هستی». دوکتور دەڵێ: «آبدیده است» ئەویش هەر ئەو وڵامەی دەداوە و لەسەر ئەوە مقۆمقۆیان بوو، مارف‌ئاغا کە ماندوو ببوو گوتی: «به خودا توشنه نیستم، اما اگر به زور آب می‌دهید می‌خورم.» بازجووەکە لە چنگانی وەڕەز ببوو، کێشەکەش لە وەڕا

هەڵیدابوو کە ئەحمەدی قازی دەناسێ یان نا؟ ئەوەیش دەیگوت بەڵێ دەیناسم، ئەوەنییە لە حاجی‌ئاباد مالیکە. دیارە دوو ئەحمەدی قازیمان هەیە و ئەوەی مەبەستی ساواک بوو کەسێکی تر بوو کە مارف ئاغا حاشای لیدەکرد، لە دوای بازجوورییەکەی لەبەر ئەوەی کە تاوانێکی نەکردبوو ئازاد کرا.

ئەو زیندانیانەی لە بازجوویی دەبوونەوە بەڕێدەکرانە بەندی گشتی، زیندانیەکانی بەندی گشتی بە چەپڵە لیدان پێشوازییان لێدەکردن، بەڵام کاتێک من و کاک ئەحمەد گوێزرراینەوە بۆ بەندی گشتی کەس چەپڵەی بۆ لێنەدان، قاسم‌ئاغا گوتبووی ئەوانە تاوانەکەیان زۆر قوورسە و لەوانەیە ئێعدام بکرێن، بۆ ئەوەی باریان قورستر نەبێ چەپڵەیان بۆ لێمەدەن.

لە زیندان کوردێکی لێبوو بە ناوی یۆسفی ئەنوەری کە لەگەڵ چەندکەسێک شانەیەک پێکدێنن و بە قەولی خۆیان داوودەرمانێکی زۆریان بۆ شۆڕشی ئەودیو کڕیبوو، بە تەما بوون بینێرن و بارزانیش لە باتیان وانەی ڕاهێنان و بارهێنانی پارتیزانییان بۆ پێک بێنێ، ئەوان هێندە لە دنیا بێ خەبەر بوون کە هێشتا لێیان حاڵی نەببوو بارزانی لەودیو نوێنەری ئەرتەشی شای ئێرانە، ناوی خۆشیان نابوو کومیتەی ئینقلابی. یەک لەوانە دوکتور شەوقی ناوێک بوو کە هەر لە قزڵقەلعەڕا دەستی کرد بە هاوکاری لەگەڵ ساواک تا ئەوجێیە کە بازجوویی لە زیندانییەکانیش دەکرد. کەسێکی دیکەی لێبوو بە ناوی دڵفانی و کوردی کرماشان بوو، ئەوە چەندەمین شانە بوو کە دروستی دەکردن و بەگرتنی دەدان. پاش تێکچوونی حکوومەتی شا بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ ساواک ئێعدام کرا. لە نێو مەزهەبیەکاندا کوڕێکی قسەخۆشیان تێدا بوو بەناوی شێخولئیسلامی کە ناوی ئەو کومیتەیەی نابوو

«کومیتەی ایـن قـلاب». کـاک عەلـی حەسـەنیانی شـاعیری بەناوبانـگ و کەسێکی دیکەمان لەگەڵ بوو بە ناوی مەلاعومەری فارووقی، مەلا عـومەر گوێیەکانی زۆر زەلام بوون وهەر بەوڕادەیەش دەبەنگ بوو، لە بازجوویـیدا فێریان کردبوو کە خەڵک هان بدا تاکو دان بە سەر کردەوەی خۆیان دابێنن، ئەویش دەهات دەیگوت: خودا لە قورئاندا دەفەرمێ: «النجـاه فـیاللّـدق». پێم گـوت خـودا لە قورئانـدا وای نەفەرمـووە، گـوتی ئەدی لە کوێـدا وای فەرمووە؟ گوتم خودا ئەوەی لە گوڵستاندا فەرمووە. ئەوجار هەر دەهـات و دەڕۆیشت و دەیگوت خودا لە گوڵستاندا دەفەرمـێ: «النجـاه فـیاللّـدق»! چون گوێی گران بوو، ئەگەر چەنـد کەسـێک دانیشـتبان و قسـەیان کردبـا بۆئەوەی لێیـان حـاڵی بـێ دەچـوو لە تەنیشـتیان دادەنیشـت، ئەوانـیش کە دەیانزانی دۆڕانـدوویەتی لە قسـان دەبـوونەوە. جارجـار بە دەنگێکـی بەرز دەیگوت: ها، چت گوت؟ باسی دەوڵەت دەکەی؟ دیارە کـابراش حاشـای لێـدەکرد. خودالێخـۆش بـوو حەسـەنیانی ئەو مەلا عـومەرەی مـانگێ بە پووڵێک گرتبوو کە قاب و کەوچکی بـۆ بشـوا، بۆخـۆی خەریکـی کتێـب خوێندنەوە دەبوو. ئەوە ببوو بە مەسەلەیەک کە زڕە شۆڕشگێڕە چەپەکییەکان دەیانگوت کاک عەلی حەسەنیانی ئەو کـابرایەی ئیستیسـمار کـردووە، ئەوە ئیستیسماری تاک لە تاکە. جارێکیان دەگەڵ ئەو بە نێو شۆڕشگێڕانە تووشی مەقۆمەقۆ هاتم، ئەگەر کاک عەلی حەسەنیانی ئەو کـارەی پـێنەسـپێرێ و مانگێ سـێتمەنـی نەداتـێ چ کـارێکی دیـکە هەیە بیکـا؟ لێـرە لە زینـدان کۆمپانیـای لێیـە؟ دەتـوانێ کشـتوکاڵ بکـا؟ چـۆن بەڕێ بچـێ؟ بەوجـۆرە موحاکمەیەکی زۆرمان هەبوو.

مەلاعـومەر متمانەیەکـی زۆری بە مـن هەبـوو. هەر کـات نـامەی بـۆ

خێزانی ناردبا هەر بە منی دەنووسی، منیش ڕێنمایم دەکرد کە هێندێک شت نابێ بنووسرێ چون لەوانەیە کەسانی دیکە بیخوێننەوە، بەڵام ئەو دەربەست نەبوو و دەیگوت بینووسە و کارت نەبێ.

کاکە سوار شاعیر و نووسەری بەناوبانگ، ئەوەندەی خزمەتی بە ئەدەب و فەرهەنگی کورد کردووە، هەر بەو میزانەش لە باری سیاسییەوە تێکدەر و ئاژاوەگێڕ بوو. شتێکی دوورودرێژی لە مەڕ خۆڕاگری و تێکۆشەری کاک مەنافی حەقتەڵەب نووسیبوو کە بە بڕوای منیش جێگای خۆی بوو، بەڵام ئەوی لەبەر پیاو چاکیانی نەنووسیبوو، بەڵکوو هانی دەدا کە بە گژ ئەو و ئەویدا ڕۆکا. ڕۆژێک دانیشتبووین باسی سنەیی و مەهابادی و ئەوشار و ئەوشار هاتە گۆڕێ، چون هەستم بەوە کردبوو کە کاک مەنافی زۆر بە دژی من تین داوە، ماوەیەکی زۆر هیچم نەگوت، بەڵام ئاخرییەکەی هەڵمدایە گوتم ئەوە فڵان شار و فڵان شارەتان لە چییە، هەموو کوردین و ئەوشار و ئەم شار نابێتە هۆی شانازی و ماقووڵبوون. کاک مەناف بە هۆی دنە دانی کاک سوار بە تورەیی هەڵیدایە گوتی: «ئەتۆ شۆیۆنیستی». لە گۆڕی هیتلێری... ئەمنیش گوتم: «لە گۆڕی لێنینی...» خەڵکەکە هەموو واق مابوون تا ئەوڕۆ شتی وا ڕووی نەدابوو کەسێک لە گوڵ کاڵتربە لێنین بڵێ.

کاک سوار لە باری داراییەوە زۆر نەدار بوو، قاسمئاغا ئەوەی دەزانی و زۆریش دەوڵەمەند بوو، بەڵام چون لە ڕوانگەی ئەوەوە ژنخوازییەکی نالەباری کردەبوو، لەخۆی هەڵاواردبوو و هیچ چەشنە یارمەتییەکی نەدەدا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش سیغاری وینستۆنی لە قامکان نەدەکەوت.

کابرایەکی هەل پەرەستی لێنەهاتوو بە ناوی قاسمی سوڵتانیان کە ئەوکات باس و خەبەری شۆڕشی ئەودیو زۆر گەرم بوو، بە هەوای ئەوەی

کە بەوزووانە شۆڕشەکە سەردەکەوێ و بـۆئەوەی لەو شۆڕشـە بـێنەسـیب نەبێ، دەچێتە ئەودیو و لەگەڵ پێشمەرگە دەکەوێ. ئەمما پاش مـاوەیەک کە دەبینێ ژیانی پێشمەرگایەتی زۆر سەخت وناخۆشە، لەوانەشە ئەو شۆڕشـە بەو زووانە سەرنەکەوێ، دڵسارد دەبێ و دێتەوە لە ناوچەی بۆکـان خـۆی بە گرتن دەدا. هێندێک بەڵگە و ناوی خەڵکیشی پێـدەبێ. ئـێمە لە قـزڵقەڵـعە بووین کە ئەویان هێنـا، سـێ چـوار ڕۆژی پـێ نەچـوو ئازادیـان کـرد و لە بەرامبەر ئەو خەیانەتەدا، سەولەیەکی باشیان خستە بەر دەمی. لە یەکێـک لە بانکەکـان بە بـێ ئەوەی شـارەزای کـاری بانکـداری بـێ، دایـدەمەزرێنن و مووچەیەکی چاکی بۆ دەبڕنەوە. بەڵام با بێئینسـافیش نەکەیـن، سـوڵتانیان بەپێچەوانەی کەسانێکی تر کە ڕابردوویان تاریکتر و پاشـەڵیان لەوی پیسـتر بوو، پاش تێکچوونی حکوومەتی شا کە دەرفەتیان بۆ هەڵکەوتبوو، دووبارە سینگی خۆی نەهێناوە پێشێ و داوای شۆڕشگێڕی نەکرد. هەر لە سەر پەت و سینگی خۆی مـایەوە. کەسـانێکی دیـکە وەک مـوهتەدی هەبـوون کە بە تەواوی لە خزمەت ڕژیمدا بـوون، پـاش تێکچـوونی حکـوومەت دووبـارە هاتنەوە مەیدان و داوای پاڵەوانەتیان کرد، تـا ئەو ڕادەیە چـوونە پـێش کە لە کاتی موزاکرە دەگەڵ کۆماری ئیسلامی وەک نوێنەر و ئینسانێکی تێکۆشـەر وشۆڕشگێڕ بە ئەسپاردەی مەلاکەی دۆستی، دەستی بە موزاکەرە و وتوویژ کردەوە، تەنانەت بەگژ ئاغای فرووهەردا هات، تا ئەو جێیەی توانی کۆسپ و بەردی هاویشتە سەر ڕێگەی وتوویژ وسـازان لەگەڵ حکـوومەت. پـاش شکانی پێشمەرگە، تێیتەقاند و سەری لە سۆئێد دەرهێنـا، چـۆوە ژێـر بـاڵی ئیمپیریالیزمەوە. دیارە بۆی نەڵوابوو بچێتە لای مائۆ یان ئەنوەر خوجەی.

## ناسیۆنالیستی دوو کوڵ

لە لایەن کومیتەی تارانەوە بۆ بەهێز کردنی هەستی نەتەوایەتی وڕاهێنانی تیئۆری و زانستی خەبات و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی مەهاباد، کەسێکیان بە ناوی عەزیز ژیان کە خوێندکاری زانکۆی حقووق بوو، نارد بۆ کومیتەی شارستانی مەهاباد. ئەو کاک عەزیزە لە شەقام ئەمنی دیتەوە و مەئموورییەتەکەی پێگوتم: بۆ ئەوەی پتر بتوانین بارووردۆخەکە هەڵسەنگێنین و لەم بارەوە زانیارییەکی پتر بداتە دەست، کات و شوێنی کۆبوونەوەی بۆ سەعات سێی پاش نیوەڕۆ لە نێو گۆڕستانی بداغ سوڵتان دیاری کرد. لەسەر ئەم هەمووە دەم چۆم و باغ و مێشەڵانی سەرسەوزی مەهاباد، گەرمترین کات و قاقڕترین شوێن! بە کاتی دیاریکراودا چووین بۆ ئەو شوێنە، لە دوای وتووێژ وقسەوباسێکی زۆر جەختی لەسەر ئەوە کرد کە دەبێ ئەو شتە بچێتە نێو مێشکی کاسبکار و دووکانداری شار کە سەودا و موعامله لەگەڵ تورک و فارس نەکەن، نموونەشی بۆ هێنامەوە کە بەزاز نابێ کووتاڵیان پێ بفرۆشێ، بەققاڵ نابێ ماست و ڕۆنیان بداتێ. زۆری پێ نەچوو وەها عاشقی کچەتورکێک بوو دەسگیرانە کوردەکەی خۆی کە ئامۆزاشی بوو بۆ کچە توورک تەڵاق دا و کچە تورکی هێنا. کاک عەزیز وەک یەکێک لە ئەندامانی کومیتەی خوێندکاران گیرا و هێنایان بۆ قزل قەلعە، پۆلێک گوڵە وەنەوشە لە کەرتێکی حەساری قزلقەلعە شین ببۆوە، کاک عەزیز هەموو ڕۆژێ لە پاڵ گوڵەکان ڕۆدەنیشت و دەستی بە سەردا دێنان دەیگوت: ئەوە بەنفشەی کچمە(ناوی توورکی لەسەر کچەکەی

دانابوو) وەک تای باران فرمێسکی هەڵدەوەراند. عیشقی کچە عەجەم ئاوای بەسەر ئەو گەلخوازە ناسیۆنالیستەی دووکوڵە هێنا. سەرباقی ئەوەش خۆی پێ لە هەموو کەس گەورەتر و تێکۆشەرتر و عاقڵتر بوو. چون ئەو لە هەموومان عاقڵتر بوو هەرکات دەیهەویست بخەوێ، نەدەبوو کەس ورتەی هاتبا یان جووڵەی کردبا، نەوەک وەخەبەر بێ! بەڵام ئەو مافەی بە خۆی دابوو ئەگەر کەسێک خەوتبا و مێشێکی لە سەر نیشتبا، شەق بە مێشکوژی لە نێوچاوانی دەدا! هەرچەندی نسحەتیان دەکرد و پێیاندەگوت ئەو کارە نالەبارە، وامەکە دەستی هەڵنەدەگرت، کوڕێکی سنەیمان لەگەڵ بوو ناوی ئەردەڵان بوو، ڕۆژێک کە کاک عەزیز لە غوڕابی خەودا بوو بە هەردووک دەستان هەڵیگرت بردی لە حەوزەکەی نێوەڕاستی حەسارێی هاویشت، کاک عەزیز ئاو و ئاوری لێدەباری و بە جنێودان و بە چۆرەچۆر گەڕایەوە، زۆری پرتەوبۆڵە کرد بەڵام کەس گوێی پێ نەدا و سەرکۆنەیان کرد. لەوێڕۆژێڕا وەک چۆن ناسیۆنالیزمەکەی ئاوا گۆڕی، ئەو عادەتەشی تەرک کرد و جەماعەت حەسایەوە.

## خەبەری کوژرانی مەلامحەممەدی لاچینی (خوڕخوڕە)

ڕۆژێک کاک ڕەحمانی قازی ئامۆزام هات بۆ سەردانی کاک ئەحمەدی برای و ئەمنیشی بانگ کرد، لە نێو قساندا خەبەری کوژرانی مەلامحەممەدی پێداین، کاک ئەحمەد لە زیندانی کێشان ماندوو ببوو و بە تەواوی ورەی بەردابوو. زۆر پیس تێکڕووخابوو و بەو ئاکامە گەیشتبوو کە خەبات و تێکۆشان لە تاقەت و توانای ئەودا نییە. کەوتە بەر لایەنگری و بەرگری کردن لە مەلا محەممەد کە ئەو بێچارەیان بۆ کوشتوە، چ گوناهێکی کردبوو و زۆری لەو شێر و ڕێوییانە هێناوە بۆ سەلماندنی مەزلوومی و بەناحەقکوژرانی ئەو خائینە، منیش وەبیرم هێناوە لەو ماوەیەدا کە لە قزلقەلعە بوو چۆن تەنگەی بە زیندانیەکان هەڵچنیبوو و کەس نەیدەوێرا ورتەیەکی لەدەم بێ، خێرا لە لای بەرپرسان گێڕابویەوە. تەنانەت ئەو شێعرەشم خوێندەوە:

پنجه عدالت اگرچه دیرگیر است ولی سختگیر است

چەن جارێک لە قزلقەلعە هەڕەشەم لەو مەلامحەممەدە کردبوو کە ئەگەر بێتوو دەستمان لە یەخە نەکەیەوە ئەم ڕۆژەی کە ئازاد دەبی و دەڕۆیەوە کوردستان بە سزای خەیانەتی خۆت دەگەی، بەڵام ئەو هەر پێی وابوو شۆخی دەگەڵ دەکەم و دەستی هەڵنەگرت. لە ئاکامدا بە سزای خەیانەتی خۆی گەیشت.

من پێم وابوو دوور نیە مەلاقادری لاچینی کە ڕابتی پێوەندی من لەگەڵ حیزب بوو دەگیرکەوێ. بۆوەی ئەگەر هات و گیرا من نەمناساندبێ و لێی

نەبووبمە مستی سەر قوونی، لە باتی ئەو کەسێکم بە ناوی حوسێن لاسوور کە پیاوێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز بوو، بەڵام لەو ڕووداوانەدا نەبوو، چەند مانــگ پێشــتریش لە دەرگیــری لەگەڵ ژانــدەرمان شــەهید کرابــوو، وەک پێوەندیدەر ناساند، چون دەمزانی ئەو دەگیر نــاکەوێ و نەمــاوە. هەرچەنــد مەئمووری شا ئەوەندە پەیجــۆر و وردبــین نەبــوون کە پــاش چەنــد ســاڵان بپرسنەوە کە کێ پەیوەندیــدەر بــووە، هەر نەشــیانزانی کەســێکی وا لە مێــژە نەماوە.

هەوەڵین جار مامۆستا مەلا شێخ عیــزەدین ئەو مەلا محەمــمەدەی پێــی ناساندم، دەگەڵ خــۆی هێنــابووی بــۆ کۆبــوونەوەیەکی حیزبــی، لە پاشــان وەدەرکەوت زەبتێکی لە بن باڵتۆکەیدا شاردبۆوە و قسەکانی تۆمار کردبووین و تەحویلی ساواکی دابوو، حەسەن ئاغای قالوێ یەک لەم کەسانە بــوو کە لەم کۆبــونەوەیەدا بەشــداری هەبــوو، لە کــاتی پیــادەکردن و نووســینەوەی نەوارەکە لە جیاتی قــالوێ نووسرابــوو فــالوی. ئەو نــوختەیە بــوو بە هــۆی نەجاتی کاک حەسەن. هەرچی لێیان پرسیم کاحەسەنی فالوی کێیە حاشــام کرد کە فالوی هەر بوونی نییە و بەم جۆرە ڕزگاری هــات، هەر ئەو جــۆرەی پێشــتر باســم کــرد ئەو مەلامحەمــمەدە تەنگــی بە زینــدانییان هەڵچنیبــوو، هەرچــی گوترابــا و قەومابــا، خێــرا گوزاریشــی دەدا و لێیــان دەپرســینەوە، جارێکیان کاک یۆسفی خوسرەوی پێیگوتم ئەوە بۆ وادەکــا؟ ئەو خەڵــکەی وەئامان هێناوە، باسی ئەوەش هەبوو کە بەو زووانە ئــازاد دەبــێ، پێــی بڵــێ دەستمان لە یەخەی بکــاتەوە. لە دەرفەتێکــدا بــانگم کــردە گۆشــەیەک پــێم گــوت: وەک ئاگــاداری بەوزووانە ئــازاد دەبــی، چــت بەو عــالەمە داوە؟ هەموویان گلەیت لێدەکەن، دەست هەڵگرە و واز لەو ئیشە ناحەزە بێنە. لە

وەڵامدا گوتی: خۆ تۆ تازە چاوت بە تاوێ ناکەوێتەوە ـ مەبەستی ئەوە بـوو ئێعدام دەکرێی ـ چت بەو قسانە داوە؟مەلابرایمی ڕۆسـتەمی لە زیندانـدا بە شـۆخی دەیگـوت ئەگەر مەلامـحەمەد بکـووژرێ یـا بمـرێ ژنەکەی مـارە دەکاتەوە، نەگەیشـتێ شـەرتەکەی بەجـێ بێنـێ، بەداخەوە زۆری نەخایانـد وەک پێشمەرگەیەکی بەشەڕەف لە شـەڕێکدا لە شـاری سـایین‌قەڵا شـەهید دەکـرێ. دوای ئەوە کە مەلا محەمـــمەد لە زینـــدان بەر دەبـــێ، جەریـــانی ئامۆژگاری و هەڕەشەلێکردنەکەی منی بۆ حاجی عەبدوڵلای قازی ئامۆزام گێڕابۆوە، بەم بـۆنەیەوە دەگەڵ کـوژرانی مەلا محەمـمەد، حـاجی عەوڵای کۆنەدێ و میرزا وەهابی بابم دەگیرێن. ماوەیەک دە زیندانییان دەکەن، پێیان وابوو بە ڕێنوینی ئەوان پێشمەرگە مەلا محەممەدیان کوشتووە.

## خەیانەت قەت ناشێردرێتەوە

لە یەکێک لە لێپرسیەکاندا تووسی‌نەژاد کە یەک لە بەرپرسانی ساواکی مەهاباد بوو، لەگەڵ لێپرسێکی زیندان قسەی دەکرد گوێم لێبوو پێیدەگوت: مەهابادی بەگشتی ئەو فکرەیان هەیە و هەموو لە بیری جوولانەوەی نەتەوایەتیدان، هەر ئەو حاجی ساڵەی شاتری کە ناوبانگی شادۆستی هەیە ئەویش هەر وەک ئەوانە بیر دەکاتەوە، بەڵام ئەو ئەزموونی هەیە دوارۆژی خۆی لە بەر چاوە، بەڵام ئەوانە لە بەر ئەوەی جەوانن و ئیحساساتین ئەوەی لە فکریاندایە تا ئەو جێیەی بۆیان بکرێ بە کردەوەی دەکەن.

دەگەڵ چەند زیندانییەک لە پەنایەک کۆزیلکەمان بەستبوو، قاسمئاغای دێبۆکری و کەسێک بە ناوی قادرئاغای قارەمانیش لەم نێوەدا بوون، قادرئاغا شادۆستێکی بەناوبانگ بوو و لە بیستویەکەمی سەرماوەزدا سواری ئەسپێکی جوان دەبوو و وەپێش عەشیرەتی دێبوکری شارویران دەکەوت، ڕێژە دەڕۆیشتن. ئەو قادرئاغایە لە کاتێکدا کە ئاماژەی بە قاسمئاغای دەکرد گوتی: ئەمن شای خۆم گرتوومی و پێی نارەحەت نیم، بەڵام بەوەی نارەحەتم کە لەگەڵ خائینی ئاوا گیراوم. بەو قسەیە لە فکر ڕاچووم و گەڕامەوە بۆ ڕابردوو، وەبیرم هاتەوە کاتی خۆی ئەو قاسمئاغایە لە یەکێک لە ئاهەنگەکانی کۆماری کوردوستان لیباسێکی جوان و چەکمەیەکی ڕەشی بایەخداری لە پێدابوو، لاقی لە عەرزی دەوەژاند و دەیگوت هەرکەس خەیانەت بەو پێشەوایە و بەو جمهوورییە بکا، بەو پانێی کەوشانەم سەری پان دەکەمەوە، ئەو کات بە دیتنی ئەو هەیکەلە و ئەو قسانە وام بیردەکردەوە

کە ئەو جمهوورییە قەت ناڕووخێ. زۆری نەخایاند هەر ئەو قاسمئاغایە نامەیەک بۆ بەرپرسی لەشکری ئێران لە سەقز دەنووسێ، وێڕای هێندێک زانیاری لە مەڕ بارودۆخی ناوچە و کۆمار، پشتیوانی خۆی و ئێلەکەی لە حکوومەتی ئێران دەربڕیبوو، بە ژنێکدا لە بنی کیتەڵە ماستێک نامەکە بە دیاری دەنێرێت بۆ سەقز. ئەو کات تا سەرا لە ژێر دەسەڵاتی عەلیبەگ فەرماندەی کۆماری کوردستاندا بوو، بەڵام شاری سەقز ئەرتەشی حکوومەتی ناوەندی تێدابوو. قاسمئاغا لە بۆکان لە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی کۆماردا دەژیا، پێشمەرگە لەم ژنە وەشک دەکەون و کیتەڵە ماست ڕۆدەکەن، نامەکە وەدەر دەکەوێ و خەیانەتی قاسمئاغا لەقاو دەدەن. ئەو قاسمئاغایە هەر ئەو قاسمئاغایە بوو کە ئەوڕۆ خەیانەتەکەی لە لایەن کەسێکی وەک قادرئاغای دەهاتەوە بەرچاوی و بەچاویدا دەدراوە. قاسمئاغا ڕۆژی بیستوهەشتی گەلاوێژ بە بۆنەی تێکچوونی حکوومەتی موسەددیق و گەڕانەوەی شا، کاوڕێک یا دوو کاوڕی کڕیبوو، لە حەساری قزلقەلعە کردنی بە قوربانی و جەماعەتێکی لە خۆی هاڵاندبوو و قسەی بۆ دەکردن .«باهونەر» سەرۆکوەزیرانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هاوفکرێکی خۆی بە ناوی حاجی خەببازباشی لە دووڕڕا چاویان لە سەری بوو و پیشیان دەخواردەوە.

حەسەنی باباتاهیری و قولەی(مستەفا) ئیسحاقیمان دەگەڵ بوون ئەم دووانە بە پێچەوانەی هەموو کارمەندە گیراوەکان هەموو سەری مانگێ مووچەی خۆیان بۆ دەهاتە زیندان و ئەگەر لێمان دەپرسین ئەوە چۆنە مووچەی ئێوە دەدرێ و هی ئێمەیان بڕیوە؟ دەیانگوت: ئەوانەی لە تارانەوە دامەزراون دەیاندرێتێ. زۆری پێ نەچوو هەردووکیان بە بێ دادگایی کردن

هەر لە زیندانی قزل قەلعەڕا ئازاد کـران. هەتـا بەرپـرس یـا ئەفسـەرێک یـا ساواکییەک بەهۆ یان بێ هۆ هاتبایەتە حەساری قزڵقەلعە، سەید حەسـەنی باباتاهیری غاری دەدایە و بـێ ئەوەی وەک نـوێنەر هەڵبژاردرابـێ، بۆخـۆی لەخۆوە لەگەڵی دەستی بە وتوویژ دەکـردن و بەڕواڵەت زۆر بە تونـدی بە گژیدا دەهات، ئێمەش پێمان وا بوو ئەو کابرایە دەبێ زۆر ئازا و دڵسۆز بێ، بەڵام نەماندەزانی شانۆ دەگێڕێ. ئەو ڕۆژەی کە ئازاد بوو نەتەنیا لە سەر کار لانەچوو، بەڵکوو پلەی بەرز بۆوە و وەک بەرپرسی یەکێـک لە ناوچەکـانی تەورێز ناردیان بۆ ئەو شارە... مامۆستایەکی وانە بێـژی هەژاری دووسـەد و پەنجـا تمەنـی چـوو بـۆ تەورێـز و بە سـەروەت و سـامانێکی تـا ڕادەیەک بەرچاو، گەڕاوە بۆ مەهاباد. لە مەهابادیش وەک شـارەدار دایانمەزرانـد، لە مـاوەی حکـوومەتی ئەو دا مەهابـاد و مەهابادیەکـان نەتەنیـا هـیچ جـۆرە پێشکەوتێکیان بە خۆیانەوە نەدیت، تەنانەت بڕێکیش وەدوا کەوتـن. دەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران سەید حەسەنی گۆرین شارەداری پێشووی مـەهابـاد کرایە بەرپرسی ماڵی دانیشگای ئازاد، دیاربوو وەک هەموو ئەو کەسانەی کە فێـری سـیخوڕین هەر کە ڕژیـم تێکچـوو، لەگەڵ حکـوومەتی تـازەش کەینەوبەیـنەی سـازکردەوە عـاقیبەت دەسـتی ئەجەل لە بەر دەرکـی زانکـۆ یەخەی گرت و چی دیکە مەودای خـزمەت کـردن بەو ڕژیـمەی پـێ نەدا. قولەی ئیسـحاقیش کە ئـازاد بـوو لە ئیـدارەی دارایـی وەک حەفـازەتی ئەو ئیدارەیە درێژەی بە خزمەتەکانی خۆی دا کە پاشان لێی بێخەبەر مامەوە.

ئەوەندەی لە بیرم مـابن کـابرایەکی دەوڵەمەنـدمان لەگەڵ بـوو بە نـاوی کاکەباسی کانی سیران کە هەمیشە کۆتەکەی لە بن هەنگڵیدابوو. کەسـێکی دیکەمان لەگەڵ بوو بە ناوی کاک سەمەدی ئاخجەیوانی ناسراو بە سەرتیپی

ئاخجەیوان و کـاک ئەحـمەدی قـازی دەسـتە شـێعرێکی جـوانی بەسـەردا هەڵگوتبوو. خودالێخۆشبوو کاک عووسمانی عەلیار یادی بەخێر تەختێکی برێزێنتی سەفەری هەبوو لە قەراغ حەوزەکەی حەساری زیندانی قـزڵقەڵـعە دایناببوو و بۆخۆی لە بیرەوە دەچـوو، ئەگەر کەسـێک بە تونـدی بە پەنایـدا ڕۆیبا یا دەستی لێدابا بە قەڵسی لێی وەدەنگ دەهات کە ئەها لێت تێکـدام، لێمان دەپرسی چت لێ تێکچـوو؟ دەیگـوت لە خەیـاڵی خۆمـدا کۆمـاری کوردستانم تەشکیل دابوو و بۆخۆم ببووم بە سەرۆک کۆمار، پێمان دەگوت باشە دووبارە تەشکیلی دەوە! دەیگوت ئەو خەیـاڵپـڵاوانە وا هاسـان نـین، پیاو دەبێ زۆری بۆ بڕوا.

ڕۆژێک حەسەنئاغای سەیفی قازی هاتە ملاقاتم و لێی پرسیم وەزعـت چۆنە و چت دەوێ؟ ئەوکات کاک حەسەن زۆر ساماندار بوو. منـیش پـێم گوت کە چەند نەفەرێکی زۆر نەدارمان لەگەڵە، ئەگەر پووڵێکم بـۆ بێنـی لە نێویانـدا دابەش دەکەم بـا هێنـدەچاو لەدەسـتی کەس نەبـن. بـۆ ملاقـاتی دووهەم حەسەنئاغا هـاتەوە و پـووڵێکی بەرچـاوی بـۆ هینـام کە لە نێـوان ئەوانەی بە فکری خۆم هەژار و موحتاج بوون دابەشم کرد.

ئەوکات کە لە دیواندەڕە بووم، کاک مستەفای قازی ئـامۆزام نـاڕەزایەتی خۆی لە کاک ئەحمەدی قازی و کاک یۆسفی خـوسرەوی دەربـڕی کە زۆر هەڵسـووڕ نـین،لایەنەکەی کـاک سـەلاح ومحەمـمەدی ئیلخـانی زادە ڕێبەرایەتیان دەکرد پەرەی گرتبـوو، لایەنێکـی ئـاژاوەچی و تاوانبـار بـوون، چەند کـۆلکەمەلایەکی بـێسـەواد کە چەنـدە لە ئیسـلام گەیشـتبوون هەر ئەوەندەش لە مائۆئیسم دەگەیشتن. کۆمیتەیەکیـان بە نـاوی کـۆمیتەی بەبـر پێکهێنابوو و پڕوپاگەندەی مائۆئیستییان دەکرد، دژی کاک ئەحمەد و کـاک

سولەیمان درۆ و دەلەسەیان بڵاو دەکردەوە.

کاک سەلاحی موهتەدی کە باسی کرا ئەو کاک سەلاحەیە کە لە دیوی ئێراق بە پشتیوانی ڕژیمی شا و هاوکاری جەلال تاڵەبانی دووبەرەکی نابۆوە و لەوێش لەگەڵ جەلال تاڵەبانی پەیوەندی گرتبوو، بە دژی پێشمەرگەکانی ئێران چالاکی هەبوو. پاش تێکچوونی ڕژیمی شا، دەفتەرچەیەک بە خەتی خودی کاک سەلاح وەدەرکەوت کە لە وێدا چەند نامەیەک بۆ ساواک و بەتایبەتی بۆ کەسێک بە ناوی تووسی‌نەژاد نووسرابوو، گلەیی و گازندەی کردبوو کە سەرەڕای ئەوەی کە بەڵێنی هاوکاری داوە و لەو ڕێگایەدا تێکۆشاوە ، ساواک بە هێندی نەگرتووە و بەوجۆرە کە شیاوی ئەو بێ پەیوەندی لەگەڵ نەگرتووە، هیواداره لەوەی بەدواوە ساواک لەو بارەوە پتر حەول بدات و ئاکارەکانی خۆی و بنەماڵەکەی لەبەرچاو بگرن. هەروەها لە لایان ساواکەوە ئەم مەئمووریەتە درابوو بە سەلاحی موهتەدی و ئەندامانی حیزبی ڕزگاری کە دەبوایە دژ بە کاک ئەحمەد پڕۆپاگەندەیەکی بەربڵاویان هەبێ، لە مەڕ خەیانەت و کەلک وەرگرتنی ناڕەوای ئەم تێکۆشەرە لە بارزانی، بۆ گەیشتن بە ئامانجی تێکشکانی ورەی پێشمەرگە و نانەوەی ئاژاوە لە نێوان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکرات.

لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران کتێبێک لە لایەن یەکێک لە ئۆرگانەکانی دەوڵەتییەوە دەرچوو بە ناوی «کردستان، امپریالیزم و گروهھای وابسته» کە لە لاپەڕەی ٩٨ی ئەم کتێبەدا هاتووە: «سەنەدی ژمارە پازدە چەند خەت لە بازجوویيەکانی بەڕێوەبەری کۆمەڵە کە ساواکی تێکچوو دەنووسێ دانیشتنی یەکەم لاپەڕەی چوارەم پرسیار لە سەلاحەددینی موهتەدی کوڕی ڕەحمان چ جووره خزمەتێکت ئەنجام داوە بە وردی بیڵێ. وەڵام: هەر لەو وەختەیدا کە

لە زیندانی ورمــێ بــووم، لەگەڵ ســاواک پەیوەنــدیم هەبــوو و بە گــوێرەی ویستی کەتبی خۆم ئاغای تووسی‌نەژاد ئەندامی ساواکی ورمێ بە نهێنی بۆ چــاوپێکەوتن هــاتە لام و هەرجــوورە زانیــارییەکی ســەبارەت بە وەزعــی بەندیخانە کە پێویستی بوو لە ئیختیــارم دانــا، پــاش تەواوبــوونی زینــدان لە ورمــێ لەگەڵ ئاغــای تووســی‌نەژاد ئەنــدامی ســاواک، ئاغــای ســەرهەنگ ســیاحەتگەر جێگــری ســەرۆکی ســاواک و تیمســار ســەییادیان ســەرۆکی موحتەڕەمی ساواکی پارێزگا، کۆبوونەوەیەکمان پێک هێنا، چــون ئەو کــات دانیشتووی تاران بووم ڕاسپاردەیەکم بۆ ساواکی تاران وەرگرت و بۆخۆشــم بە پۆستەی ڕاسپێراودا نامەیەکم بۆ ساواکی تاران نووسی و ئامــادەیی خــۆم بۆ خــزمەت و هاوکــاری دەربــڕی. لە لایەن ســاواکی تــارانەوە لەگەڵ مــن پەیوەندی گیرا و دوای چەند دانیشتن و ناسیاوی و پێکهێنانی دۆستایەتێکی نیزیک، مەئمــوورییەتم پێــدرا تــا بە خەرجــی ســاواک بچــمە ئورووپــا و لە کــۆنگرەی دانیشــجوویانی کــورددا بەشــداریم هەبــێ. لە لایەکــی دیــکەوە پێشــکەوتەکانی ئێــران و چۆنــایەتی بــارودۆخی کوردەکــانی ئێــران بــۆ خوێندکارەکانی کــورد لە ئورووپــا شــی‌کەمەوە. ئەمــن ئەو مەئمــوورییەتەم لەوپەڕی ئەمــانەت و زۆر بە وردی و ســەربەرزانە ئەنجــام دا، دوو نەفەری دیکە یەکیان دوکتور محەممەدسەدیقی موفتی‌زادە مامۆستای زمانی کوردی زانکــۆی ئەدەبیــاتی تــاران و ئەوی دیکــە، کــوڕی مــامم خودالێخۆشــبوو ســوارەی ئێلخــانیزادە ئەنــدامی گەورەی گرووهــی لێکــۆڵینەوەی ڕادیــۆ تلویزیۆنی میللی ئێران لەو ســەفەرەدا هــاوڕێی مــن بــوون. پــاش مانگێــک مــانەوە لە ئورووپــا و پەیوەنــدی گــرتن لەگەڵ کوردەکــانی لێهــاتووی دانیشــتووی ئورووپــا، هەروەهــا خوێنــدکارانی بەرچــاو لە کــۆنگرە بە

سـەرکەوتنێکی گەورەوە گەڕامەوە ئێـران و شـەرحی مەئمـوورییەتی خـۆم لەگەڵ گوزاریشـی بـاروودۆخی کوردەکـانی ئورووپـا ڕادەسـتی ناوەنـدی ساواک کرد. کە بوو بە هـۆی ڕەزامەنـدی زۆری ئەوان، پاشـان جێژنەکـانی شاهەنشاهی و جێژنەکانی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشاهی ئێران گەیشتێ و ئەمن گەڕامەوە بۆکان، لەگەڵ ڕەئیسی ساواکی مەهاباد جێژنێکی گەورەم بەڕێـوە بـرد کە چەنسـەد نەفەر بەشـدارییان تێـداکرد. بۆخـۆم وتارێـک لە تـاریفی کەسـایەتی دونیـایی ڕێـبەر و بـاوکی تاجـدارمان شاهەنشـا ئاریـامێهر لە فەلسەفەی پێکهێنانی جێژندا پێشکەش کرد کە تەواوێـک سرنجـی خەڵکـی ڕاکێشا». تەنانەت ئەوەشی وەبیر هێنابۆوە کە پێشمەرگەیەک بە ناوی یۆسفی هەمزە ڕیتاڵ دانیشتووی کۆسەکەرێز کە توانیبووی لە زیندان دەرباز بێ، بە قەولی خۆی بە سەد زبان و درۆ فریوی بدا و تەحویلی ساواکی بداتەوە.

ئەوە هەرچەند دەقی سەلاحنامە نییە، بەڵام ئەمن بۆ جاری دووهەم کە لە سۆئێد خوێندمەوە، هەر ئەوەندم لەبیرە، بەڵام ئەوانەی بۆخـۆم پێـوەم دیـوە بەوجۆرەیە: جگە لە ئاژاوەکەی کە بە هاوکاری تاڵەبانی لە ئێراق نـابوویەوە، لە ئێران لە کاتی شۆڕشدا جارێک لە خۆپێشـاندانێکی شـاری بۆکـان کـاک سـەلاح لە یەکێـک لە مزگەوتەکـان قسـەی دەکـرد، سـەبارەت بە لـۆکە و میکرۆکرۆم و نەبـوونی ئەو کەلوپەلانە قسـەی کـرد، هـیچ ئامـاژەیەکی بە چۆنێتی و باروودۆخی شـپرزەی وڵات وزولـم و زۆری شـا و حکـوومەت نەکرد. پاشان دەرکەوت کە سەلاح بەڵێنی بە بەرپرسـانی وەخـت دابـوو کە هێمنایەتی بۆکان بپارێزێ. هەرچەند دەمەویست پاش وتارەکەی ئەو هەستم و بڵـێم ئەگەر کەمبـوودی بۆکـان هەر برێـک لـۆکە و میکرۆکرۆمـە، ئەمـن ئامادەم لە گیرفانی خۆم دابینی بکەم و گرینگـی ئەو کۆبـوونەوەیە لە ڕادە و

میزانی لۆکە بێنمە دەرێ، بەڵام لە پێش من دا کاک ئەحمەدی مفتی کە زاوای بوو هەستا و دەستی بە قسان کرد، بە دوو دەسران ئارەقەی لە چرۆچاوی خۆی دەسترییەوە، هێندەی درێژە بە قسەکان دا کە جەماعەت بڵاوەیان کرد و ئەوێ ڕۆژێ ماوە بۆ قسەکردن نەما.

لە ساڵەهاتی لەدایکبوونی شا ڕێم لە بۆکان کەوت، لە یەکێک لە شەقامەکان تووشی مەلا محەممەدی عەبباسی هاتم. لێی پرسیم بۆ کوێ دەچی؟ گوتم دەچمە مەیدانی سوخەنڕانی، بزانم کاک سەلاح سەبارەت بە لەدایکبوونی شا دەڵێ چی، مەلا محەممەد گوتی پێم وا نییە ئەو قسان بکا، بەرەو گۆڕەپانەکە وەڕێکەوتین و ڕێک بەسەر نۆرەی وتاری سەلاحدا کەوتین. بە سەروباڵی شایدا هەڵدەگوت. پاش تێکچوونی پاشایەتی کاک سەلاح شانۆیەکی پێکهێنابوو، مەلایەکی کە ناوبانگی ساواکی لە سەر بوو گرتبووی و بە هەڕەشە و گوڕەشە و تەماح وەبەرنان، ناچاری کردبوو کە بچێتە سەر بڵیندایییەکی و بڵێ کە ساواک منی وادار کردبوو کە بە دژی کاک سەلاح ڕاپۆرت بدەم. بەڵام ئەو شانۆیەش وەک هەموو درۆکانی پێشوو نەیگرت و نەیتوانی ڕابردووی کاک سەلاح بشواتەوە. خەیانەتی حیزبە داتاشراوەکەی کاک سەلاح کە بە فەرمانی ساواک پێک هاتبوو، هەر بەردەوام بوو. کاک سڵەمانی عەلیار لە دوو کۆبونەوەی حیزبیدا بەشداری کردبوو، کۆبونوەوی هەوەڵ لە گوندی قازی ئاوا دەبێ و کاک سڵەمان لە بازجوویيدا زۆر بە تێروتەسەلی باسی لە سەر کردبوو. ئەو کەسانەی کە دیبوونی و لە بیری مابوون ناوی بردبوون. کۆبوونەوەی دووهەم لە شێخلەر و لە ماڵی خودالێخۆش بوو کاک سەعدی موهتەدی گیرابوو، چون لە بنەماڵەی خۆیان و لە دارودەستەی بە ناو ڕزگاری بوون، هەر بە حاڵ بە

سەری کێشابوو و تێپەڕیبوو، دیارە ئەگەر ناویشی بردبـان ئەوان چییـان لـێ نەدەکـرا، چـون پەیوەنـدییان بە دەوڵەتەوە بـووە. مـارفئاغـا کە ئاگـاداری ئەودەبێ دەگێڕێتەوە: کاتێک کاک سڵەمان لە سەر من قسەی کردبـوو بـردم بۆ لای قاسمئاغا پێم گووت: ئەتۆ قسەت لە سەر من کردووە، ئەگەر درێژە بەو کارەت بدەی منیش دەچم نـاوی هەمووتـان دەڵـێم و دەیـانهێنمە ئێـرە. سڵەمانئاغا لە جوابدا بە مـاەف ئاغـا دەڵـێ: نـاوی تـۆم لەو کۆبـوونەوەی قازیئاوادا وەک بەشدار لە بیر نەبوو دەنا دەمگوت، بەڵام نەمگوتـووە. بەو شێوەیە قڕەی نێوان مارفئاغا و کاک سڵەمان کۆتایی دێ.

ڕەحمانی میسباح دووسێ مانگێـک لەوێ بـوو و بۆیـان ڕوون بـۆوە کە کارێکی نەکردووە ئازاد کـرا، هەمـوو ئێـواران دەسـتی گۆوەنـدی دەگـرت بۆخۆی دەبوو بە سەرچۆپی و گۆرانیشی بۆ داوەتەکە دەگـوت، کوڕەکـانی دیکەش دەستیان دەگرت و دەبوو بە داوەت و شـایی. عەزیـزی شـاڕوخ لە پەنایەک جاروبار دەستی لە بنانگوێی دەنا و دەیچڕی:

لە زڕەی زنجیر دڵت نەلەرزێ
پێوەند بۆ لەشە، نەوەک بۆ ژیان
زیندانی قەسرت قەڵاقەڵایە
دیوار کوننەکراو، دەرکی پۆلایە

کاک عەزیز ئەو حاڵەتەی هەیە، قەت نابێ پێی بڵێـی کە بیڵـێ، بەڵکـوو دەبێ بۆخۆی وەزەوق بێ و بۆت بڵێ.

ئێواران یەکێک لە نیگابانەکانی زیندان کە پێمان دەگوت سـاقی، لـێمان نیزیک دەبۆوە و سـەرێکی لـێ ڕادەوەشـاندین، دەیگـوت بەوزووانە چەنـد نەفەرو لێ ئێعدام دەکـرێ، ئێـوە بە چ دڵخۆشـییەک ئەو بەزم و هەرایە سـاز

دەکەن؟ نەیدەزانی جیاوازی کورد و عەجەم لەوە دایە عەجەم لە خۆشیشدا هەر قوڕ دەپێوێ و ڕەشپۆشە، بەڵام کورد چ لە خۆشی و چ لە لێقەوماوی دەست لە هەڵپەڕکێ و شایی هەڵناگرێ.

لە نیزیک قزل قەلعە کابارەیەکی لێبوو و شەوانە دەنگی ساز و مۆسیقاکەی دەگەیشتە حەساری زیندان، شەوێکیان گوێمان لە دەنگی بەزم و هەرایەکی زۆر بوو، دیار بوو میوانییەکی گەورە و تایبەت گیراوە. یەکێک لە مەئموورەکانی قزلقەلعە پێی گوتین ئەوشۆ بەرپرسەکانی شۆڕشی کوردستانی ئێراق لەو کابارەیە میوانی ساواکن. زۆرمان لەدەڵ گران هات. زۆربەی زیندانییەکان تف و لەعنەتیان لە خۆیان دەکرد کە ئێمە بۆ ئەو خائینانە خۆمان لەو مەترسییە گەورەیە هاویشتووە ، ئەو خۆفرۆشانەش وڵاتیان بەجێ هێشتووە و خزمەت بە کابارە و ساواک دەکەن. ئەوکات هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەی کە مۆڵگەی نەغەدە چۆڵ کرا و بارزانییەکانیان هێنانە عەزیمییەی کەرەج، جێگا و ڕێگایەکی باشیان دابوونێ و چاکیان بەخێو دەکردن. بەو شێوەیە نرخی فرۆشتنی شۆڕشەکەیان دەدانەوە، بۆیەش ئەو کات لە نێو جەماوەردا چاکیان باس نەدەکردن.

کاک ئەحمەدتۆفیق لە نامەیەکدا کە بۆ تەشکیلاتی مەهابادی نووسیبوو، داوای سیمێکی تایبەتی کردبوو بۆ ڕادیۆکەی شۆڕشی ئەودیو. کاک عەبدولخالەقی سەعدی ئەوکات دوکانی کەرەسەگەلی کارەبایی هەبوو، هەمیش مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر بوو. پوولێکمان دایە کە ئەو شتەمان بۆ دابین بکات، چونکە ئەمن نرخی ئەو ئامێرەم نەدەزانی و ترسی ئەوەشم هەبوو کە کابرایەکی موعەللیم داوای ئەو شتە بکا لێی وەشک بکەون، بەڵام ئیشەکەی سەعدی هەر ئەوە بوو و کەس شکی لێنەدەکرد، زۆر بە خێرایی

شتەکەی وەدەست هێنـا و حەواڵەی ئەودیومـان کـرد. ئاغـای سـەعدی کە دەگیرێ، وەبیری دێنـنەوە کە ئەتـۆ ئەوکـارەت کـردووە و ئەویـش حاشـای لێدەکا. سێ شەووڕۆژان لە سەر پێ ڕایدەگرن، سەعدی نەخۆشی پـاگرەی هەبوو، لە چەند جێگایان ڕەگی لاقی دەپچڕێ و خـوێنی پێـدادێ، پێشـی دەڵـێن کە عـومەری قـازی ئێعتیرافـی لە سـەر کـردووی. بە هەڵـکەوت لە حەساری باشووری پشتەوەی قزڵقەلعە چاوامان بە یەکتر کەوت، سـەعدی مەسەلەکەی بۆ گێڕامەوە، منیش پێم گوت ئەوە ویستوویانە فریـوت بـدەن، بڕۆ بڵێ ئەگەر فلانەکەس گوتوویەتی بەڕەوڕوومان بکەنەوە، ئەگەر وا بڵـێ قبووڵی دەکەم. ڕۆیبوو پێی گوتبوون بیهێنن، چون ئەو کارە ڕووی نەدابـوو بێدەنگەیان لێکرد و سەعدی ئازاد بوو.

لە قزل قەلعە سێچـوار دەبیـری سـنەییمان لەگەڵ بـوون کە خۆیـان لە شـێتی دابـوو. هەمـوو ڕۆژێ دەچـوونە بەر دەرکە گەورەکەی زینـدان و دەیانگوت خەرجی ئەو هۆتێلەی زۆرە و بە ئێمە نادرێ، لێمانگەڕێن دەچین بۆ هۆتێلێکی هەرزانتر. هەموو جارێ مەئموورەکـان پێیانـدەگوتن پـووڵ لە ئێوە ناستێنین، بڕۆنەوە نێو هۆتێـل. دەگەڕانەوە بـۆ نێـو حەسـارکە، ئەم دوو ناوەم لە بیر ماوە، حوسێنی کوردنەژاد و ئاغای دەبیری.

هاوکات لەگەڵ گیرانی ئێمە تاقمێک کوردی تورکیە بە هۆی یارمەتیـدان بە شۆڕشی ئێراق لە تورکیە گیرابوون، بەگوێرەی نـووسراوەی ڕۆژنامەکـانی ئێرانی، حووکمی ساڵەها زیندانی و تەنانەت ئێعدامیشیان بـۆ بڕابـۆوە. هەر لەو سەروبەندەدا ئاڵوگۆڕییەک لە مەڕ سیاسەتی دەوڵەتی ئێراق سـەبارەت بە بارزانی پێک هاتبوو و جۆرێک ڕێککەوتـن بـوو، ئەم مەسـەلەیە بـوو بە هۆی ئەوە کە ئێران و تورکیەش ئاڵوگۆڕێەک لە سیاسەتی خۆیاندا بەرامبەر

بە کوردەکان پێک بێنن. هەوەڵ جار کە ئێمەیـان نـارد بۆ(پەروەنـدە خـانی، خوێندنەوەی پەروەندە)، ئەو فاکتانەیان بۆ ڕەچاو گرتبووین.

١ مادەی ١١٠ جووڵانەوەی چەکداری و دابەشکردنی خـاکی ئێـران، کە تاوانەکەی ئێعدامە.

٢ پێکهێنانی ڕێکخراوەی کۆمۆنیستی.

٣ دژایەتی لەگەڵ حکوومەتی سەڵتەنەتی کە تاوانەکەی سێ تا دە ساڵە.

کەسانێک کە بە تاوانبار ناسرابان، حەواڵەی دادگا دەکران، بـۆ ئەوەی کە ئاگاداری ڕەوتی پەروەندەکەیان بن، ئەگەر شتێک هەبێ کە بە قازانجیان بێ ڕوونووسی لێهەڵگرن، دەناردرانە پەروەندەخـانی و دەیـانتوانی چەنـد جـار پەروەندەکەیان بخوێننەوە و شتێک پێویست بێ لە ڕووی هەڵگرنەوە، بەپێی پەروەندەکەیان خۆیان بۆ دادگا ئامادە بکەن. کاتێک ئەو ئـاڵوگـۆڕییەی کە باس کرا پێک هات، سەرلەنوێ چووینەوە بۆ پەروەندە خانی، مادەی ئەوەڵ هەڵگیرابوو و بەو شێوەیە پیلانە هاوبەشەکەی مامۆستا و بنەماڵەی موهتەدی ـ کە ئێمەیان بۆیە نارد بۆ زیندان کە بەو سووک و هاسانییە ڕزگاریمان بێـت پووچەڵ بۆوە!

بەر لە گیرانی ئێمە کەسـێک بە نـاوی سەرلەشـکر مـوبەشری کە گۆیـا ئینسانێکی زۆر سەختگیر و توندوتیژ بـووە، بەرپرسـی سـاواک بـوو. وەک دەیانگێڕاوە لە کاتی حکوومەتی ئەودا ئەزیەت و ئازار زۆر بە توندی و دڕانە لە قزڵقەڵعە باو بووە، بەڵام گیرانی ئێمە هاوکات بوو لەگەڵ گیرانـی پیـاوە ئایینیەکان، لە سەر کار لاچوونی موبەشیری و هاتنی کەسێکی دی بە ناوی سەرلەشـکر پـاکڕەوان کە لە هەڵسـەنگاندن لەگەڵ مـوبەشری، مرۆڤێکـی لەسەرەخۆ و خوێندەوار و ئارام بوو. کەش و هەوای زیندانی قزڵقەڵعە لەو

باروودۆخە نالەبارە دێتە دەر و بیچمێکی ئینسانیتر بەخۆیەوە دەگرێ. گومان دەکرا کە مەبەست لەم کارە ناساندنی شاهەنشا وەک موسـولْمانێکی شـیعە بووبێ. بۆ نیشاندانی ئەو شتە، جاروبار «ئیمام ڕەزا»ی دەهاتە دەخەوێـوە و لەو خەوەدا ئیمام ڕەزا یارمەتی شای دەدا، وڵاتی بۆ دەپاراست و لە هەمـوو جۆرە مەترسییەک ڕزگاری دەکرد. جاروبار بۆ زیارەتی قەبرەکەشـی دەچـوو بۆ مەشهەد. وێدەچوو کە ئەو ئاڵوگۆڕییە بۆ لەبەر چاو گرتن و ڕێزلێنـان لە ئاخووندەکان بووبێ، یان ڕاسپاردەی ئەمریکا هەر بۆ ئەو مەبەستە بـووبێ و ئێمەش شانسی خۆمـان بە هەڵـکەوت کەلکـمان لێـوەرگرت. موهەنـدیس بازەرگان کە ئەویش هاوکات لەگەڵ ئێمە گیرابوو، لەبات هەموو زەخـت و گوشارێکی زیندان، کابرای بازجوو قورئانێکی لەبەر دەم دادەنێ و سوێندی پێ دەخوا کە ئەگەر بێت و ڕاسـتی بڵـێ وهاوکارەکـانی بناسـێنێ، هیچیـان ناگیرێن و بۆخۆشـی ئـازاد دەکـرێ. بازەرگـان مـتمانە بەو سـوێندە دەکـا، هاوکارەکـانی خـۆی دەناسـێنێ. لە مـاوەیەکی کەمـدا هەمـووان شناسـایی دەکەن و دەیانگرن. بەڵام بە هەر حاڵ لەگەڵ وان هـێمن و هێـدیتر بـوون و ئەو هەڵسووکەوتەی لەگەڵ غەیرە مەزهەبییەکان دەکرا لەگەڵ ئەوان نەدەکرا.

ئەو زیندانییانەی کە ئەمن ناوەکانیانم لەبیرە بریتی بوون لە:

١ قاسمئاغای موهتەدی. ٢ مەنافی حەقـتەڵەب. ٣ عەزیـزی شـاڕوخ. ٤ محەممەدی سـوڵتانی. ٥ عەبـدولخالەقی سـەعدی. ٦ عـومەری قـازی. ٧ ئەحمەدی قازی. ٨ وەستا محەممەدی شووشەبڕ. ٩ حەسەنی حیسامی. ١٠ عـومەری شـێخمحەمـەدی. ١١ ڕەسـووڵی فەتتـاحی. ١٢ مەلابرایمـی ڕۆستەمی. ١٣ مەلامحەممەدی لاچینی. ١٤ مەلامحەممەدی عەبباسـی. ١٥ مەلامستەفای حەیرانـی. ١٦ مەلاعەزیـز. ١٧ مەلاکەریمـی ئیندرقاشـی. ١٨

مەلای خانی. ١٩ سەید مستەفا تەهازادە. ٢٠ مەلامحەممەد بانەیی. ٢١ حاجی شەیبانی. ٢٢ سەید ڕەحمانی ئابیدەر. ٢٣ سەید سەدیقی ئابیدەر. ٢٤ محەممەدی غەریقی. ٢٥ یۆسفی خوسرەوی. ٢٦ عەوڵای جەماران. ٢٧ ئەحمەدی موفتیزادە. ٢٨ سوارە ئیلخانیزادە. ٢٩ سلەمانی عەلیار. ٣٠ عوسمانی عەلیار. ٣١ مارفئاغای شێخئاغایی. ٣٢ قادر قارەمانی. ٣٣ مەلاعوسمانی ئازادیٚ. ٣٤ حەلەبی نەغەدە. ٣٥ قادر سوڵتانپەنا. ٣٦ حەسەنی جەوانمەرد. ٣٧ مەلاسەید محەیدین، خەڵکی کانیسێوانی سنە. ٣٨ کوڕێک بە ناوی لەهونی، خەڵکی لای پاوە و نەوسوود کە کوڕی ئەفسەرێکی ئیفتخاری بوو کە بۆ جاری دووهەم لە جەڵدیان گیرا و ئێعدام کرا. ٣٩ مستەفا باشۆکی. ٤٠ حاجی بابیز کە پیاوێکی ئایینی بوو و لەگەڵ خودا ڕازونیازی دەکرد دەیگوت: «خودایە حەوت کوڕم هەیە، هەموو دەڵێی عورووسن، سووری زەلام سەر بە فەڕزی خودا دانادەن، بۆئەمنت گرتووە، ئەوانت بەرداوە، جا ئەوە کارە بە خودای بە گوریسان لێک نابینەوە.» ٤١ ئاغای دەبیری. ٤٢ ئاغای حوسێنی کوردنەژاد (کوردپوور). ٤٣ قولەی ئیسحاقی. ٤٤ ڕەحمانی شەریفزادە ٤٥ یۆسف ئەنوەری. ٤٦ مەلا عومەری فاروقی. ٤٧ عەلی حەسەنیانی و چەند کەسێکی دیکە کە ناوەکانیانم لە بیر نەماوە.

دیارە ئەو شەبەکەیە لە ژێر ڕێبەرایەتی ح.د.ک.ا لک و پۆپی هاویشتبوو و لە سەرتاسەری شار و دێهاتی کوردستان ڕەگ و ڕیشەی داکوتابوو، بۆیەش لە هەموو مەڵبەندەکان چەند کەسێک گیرابوون. خەڵکی لای شومالی کوردستانمان لەگەڵ نەبوو، پێشتر تایەرخانی سمکۆ و چەند کەسێک گیرابوون کە بە پێی سیاسەتی ڕۆژ ئازاد کرابوون و دووبارە

پێویست نەبوو بگیرێنەوە.

لەم کتێبەدا ناوی دوو مەلا محەممەدی عەبباسیمان هێناوە، یەکیان ئەو کەسەیە کە پارە زۆرەکەی هێنابوو بۆ یارمەتی حیزب و خەڵکی بڕوێش‌خۆران لە ناوچەی خۆیە بوو، کەسانی وەک مەلامحەممەدی لاچینی نەیانناسیبوو کە بیهێنن بۆ زیندان و نەگیرابوو. ئەوی دیکە ئەو مەلامحەممەدی عەبباسییە کە لە دواییدا لە دەفتەری مامۆستا کاری دەکرد کە ئەوەیان گیرا.

لە نێوان ئەم بەندیانەدا پازدە کەسمان دراین بە دادگا و ئەوانی تر لە پاش قۆناغی لێکۆڵینەوە ئازاد کران. ئەوکات قانوون وا بوو کە دەبوو لە ماوەی بیست‌وچوار سەعاتدا هۆی گیرانی بەرشک بۆ زیندانی ڕوون بکرێتەوە و قەراری دەزگیر کردنی بۆ دەردەچوو، ئەگەر کەسێک پێیان وابا بێ‌تاوانە یا تاوانێکی ئەوتۆی نیە ئازاد دەکرا.

کەسانێک کە بە تاوانبار ناسرابان حەواڵەی دادگا و زیندانی قەسر دەکران. پێش ئەوەی بمانێرن بۆ قەسر، زیندانیەکانیان دەنارده جێگایەک بە ناوی قەرەنتینە کە لە ژێر چاوەدێری شارەبانی دا بوو. حەسارێکی دوورودرێژ و چەند وەتاغێک بۆ زیندانیەکان، کە هەموو چەشنە زیندانییەک بە هەموو جۆرە تاوانێک لێبوو. ئەوکات کە ئێمە چووین بەرپرسی ئەو شوێنە ئیستیوارێکی کەتە و ورگن بوو. نەفەرێکی موعتاد بە هێرۆیینی لێبوو کە دەهات بۆ حەسارێ دەستی بە قەدەم لێدان دەکرد، کە دەگەیشتە ئەوسەری زیندان دەیگوت: «جان در عذاب است» واتە گیانم لە عەزاب و جەزرەبە دایە، کە دەگەڕاوە لووتی لە دیوارەکەی دیکە دەکەوت دەیگوت: «تن در عذاب است». تا ئێمە لەوێ بووین ئەو کابرایە ئەو مەشقەی کرد.

دوو نەفەری ژێگۆلیش بە هۆی ئەوە کە چووبـوونە بەر دەرکـی دەبیرسـتانی کچان و قسەیان پێ گوتبـوون لەوێ گیرابـوون. کراسـێکیان لەبەردابـوو کە تەنیا ئێخەکەی پێوە مابوو، هەر کامەی پاکەتە سیغارێکی ئوتوو لێدراویان لە گیرفاندا بوو کە هیچ سـیغارێکی تێـدا نەبـوو. عیشـای خودایـان پێنەبـوو، وەختی نەهار کاک ئەحمەدی قازی ناردی بۆ ساندویج. ئەگەر زانـی ئەوان چیـان پـێ نییـە، دوو دانەشـی بـۆ ئەوان نـارد. ئەو دوو ژێگـۆلە چـوون بە ئیستیواریان گوت: سەری ئێمەتان تاشیوە، ئەدی بۆ سەری ئەوانە ناتاشن؟! ئیستیوار نەیکردە نامەردی سەرەو سێ چوار زللەی چاکی لێدان. پێی گوتن: فـڵان فـڵان شـودەینە، ئەوانە دژ بە زوڵـم و زۆری و لە سـەر بەرهەڵەسـت بوونەوە بەرامبەر بە شا گیراون، بۆ خۆتان لەگەڵ ئەوانە هەڵدەسەنگێنن؟

من هەمیشە عـادەتم وابـوو چ لە قـزڵقەلـعە و چ لە قەسر، پـتر بەتەنـێ قەدەمـم لێـدەدا، پـتر لە نـاو خۆمـدا بـووم، ئێسـتاش ئەو حـاڵەتەم هەر پاراستووە.

## زیندانی قەسر

پاش ماوەیەک مانەوە لە قەرەنتینە گوێزڕاینەوە بۆ زینـدانی قەسر کە لە سـەر یەکێک لە شەقامەکانی باکووری تاران هەڵکەوتبوو. کە دەچی بۆ حەسـاری قەسر وەک لە باغێکی زۆر خۆش وەژوورکەوتایەی وابـوو، بە دەیـان داری سەروی نێوقەد ئەستوور و بڵیندی تێدابوو بە قەولـی مەشـهوور چـاوت لە سەری کردبـا، کـڵاوەکەت لە سـەر دەکەوتەخـوارێ، جـۆەر درخـتچەیەک بەناوی شمشـاد لە دەورەیـان کرابـوو پەرژیـن، نێـوانی ئەوانەش بەچـیمەن داپۆشرابوو. وەکی دەڵێن کاتی خـۆی هـاوینە هەواری بنەمـاڵەی پاشـایانی قاجارە بووە، بەڵام چەند میتر ئەولاتر دیوارێکی بڵیندی ناحەزی لێی بوو کە سامی زیندان و دیلی لـێ دەبـاری. شـوێنێکی گەورە کە بە هـۆی دیـواران بەش‌بەش کراوە یا بە شێوەیەکی باشترە بڵێین بەندبەند کراوە، بەندی یەک و دوو و سێ و...

ئێمە حەواڵەی بەندی سێ کە تایبەت بە زیندانیە سیاسیەکان بوو کـراین، کە بریتی بوو لە حەسارێکی سێ‌گۆشە و دوو ڕاڕەوی پڕ لە دیـوی گەورە و بچـووک. لە زینـدانی قەسر سـاڵۆنێک دروسـت کرابـوو کە کـاتی خـۆی ڕەزم‌ئارا ئەو ساڵۆنەی بـۆ محـاکمەی بنەمـاڵەی سـەڵتەنەتی سـاز کردبـوو، پاشان ڕەزم‌ئارا لە لایەن ئاخوند نەوابی سەفەوییەوە تێرۆر کـرا. بەو شـێوەیە ئاخوندەکان هەمیشە لە کاتی هەستیاریدا بە هانای شاوە هاتبوون. هەروەها لە کاتی میللی کردنی نەوت ئاخوند کاشـانی لەگەڵ موسـەددیق هاوکـاری دەکـرد، بەڵام پاشـان کە تێگەیشـت بەڕاسـتی قـازانجی ئینگلـیس لە لایەن

موسەددیقەوە لە مەترسی کەوتووە، پشتی تێکرد و لەگەڵ مەلەکە عوزەدی و شەعبان بیموخ و زاهیدی پەیمانێکی سێقۆڵیناموبارەکیان بەست. لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ئەو سێ هاوپەیمانە ڕژانە خەیابان و بوون بە هۆی تێکچوونی حکوومەتی موسەددیق.

هەر لە دەرکە وەژوور دەکەوتی هەشتییەکی لێ بوو کە وەتاغی ئەفسەر نیگەهبان لەوێ هەڵکەوتبوو، پاش ئەو هەشتیە داڵانێکی چەندسەد میتری بوو کە بەرێکی وەتاغ وەتاغ بوو و دەرکەی ئەو وەتاغانە بە ڕووی داڵانەکەدا دەکرانەوە، پەنجەرەی تێدابوو کە لەوێرا وەتاغەکان دەیانڕوانییە سەر حەسارەکە. بەرەکەی دیکەی داڵان بە تەختەی باریک شتێکی وەک شکافیان لێ دابڕیبوو و دوونۆهۆم بوون. نۆهۆمی خوارەوە کەلوپەلی خواردنی لێ داندرابوو زیندانییەکان خواردنیان لە سەر ساز دەکرد. ئەمن وەبەر وەتاغێکی چکۆڵە کە لە بنەبانی داڵانەکە هەڵکەوتبوو کەوتم. ئەو کەسانەی لێبوون، محەممەدی ڕەوشنفکر، یۆسفی خوسرەوی، ئەحمەدی قازی، داشاتانی، سەلامی، دوکتور گرخلەری، دوکتور مووسەوی، ئەشرەف مەحالی، میرزا حوسێنی فرووهەر و یەکدوو نەفەری دیکە. دیارە ئاڵ و گۆڕیش هەبوو. جاروبار شوێنی هێندێک کەس دەگۆڕدرا و زۆرجاریش زیندانی کەموزیاد دەبوون. لە نێو حەسارە سێ سوچەکەدا بیمارستانێکی لێبوو لە جیات دیوار میلەی ئاسنی پێوە بوو، بە نێوان ئەو ئاسنانەرا دەکرا بڕوانییە خەیابان، پیاوانی گەورە وەک بەرپرسانی پێشووی حکوومەت و هێندێک لە ڕووحانییەکان وەکوو ئایەتوڵلا میلانی و ئایەتوڵلا تاڵەقانی و سەرلەشکر قەرەنییان لەو بینایەدا ڕادەگرت.

میرزا حوسێنی فرووهەر چون نەخۆشی سیللی هەبوو، لە وێ ڕادەگیرا

و ڕۆژێ کەبابێکی بەرگ و شووشەیەک شیری پاستۆریزە و خۆراکی باشـی دیکەیان دەدایە، هەر ئەوەندە بڕێک دەهاتەوە سـەرەخۆ، پەڵپـی دەگـرت کە دەبێ بمبەنەوە بەندێ. ئەو کە دەهاتەوە بـۆ بەنـد ئەم جـار ئـێمە نـۆبەتێمان دەهاتێ چون دەبوو تەختەکەی لە نێوەڕاستی وەتـاغ دابنـدرێ و شـەووڕۆژ کـۆخەی دەهــات. جاروبــار تەنــانەت خـوێنی لە گەرووی دەهــات و بەو شێوەیە بەجارێک لە ناڕەحەتی هاویشتبووین، مەترسی ئەوەشـی هەبـوو کە لێی بگرینەوە. هەرچەنـدی پێشـمان دەگـوت بۆخـۆت وەزعەکە دەزانـی و لەوانەیە ئێمەش تووش کەی، کەڵکی نەبوو. کاتێـک نەخۆشـییەکەی زۆری بۆ دێنا دەچۆوە بیمارستان، لەگەڵ ئەوەی چاک دەبۆوە تەختی بە سەر کۆڵی کەسێک دادەدا و دەهاتەوە، ئێمەش زەندەقمان دەچوو.

ئەوکات ڕەسم وابوو مانگێ پارەیەکیان لەگەڵ چەنـد قالـب سـابوون و بڕێک شەکر دەداینێ، دەبوو بۆخۆمان خەرجی خۆمان بکێشین. هەڵبەت لە بنــاغەدا مــووچەکە زۆر بــوو، بەڵام پــووڵی نیگەهبــان و ئــاو و بەڕق و تەعمیراتی زیندانیان لێ دەگێڕاینەوە، ڕۆژێ دوازدە قڕان کە مانگێ دەیکـردە سیوشەش تمەن بۆمان دەماوە. لەگەڵ میوە و بڕە پووڵێک کە بنەماڵەکەمان لە مولاقاتەکانـدا دەیانـداینێ. هێنـدێ کەس هەر بۆخـۆی بەتەنیـا دەژیـا و خۆراک و شتی خـۆی لێـدەنا و ڕایـدەبوارد، جاروبـاریش چەنـد کەسـێک ڕێکدەکەوتن و پووڵیان لە سەر یەک دادەنـا و بە نـۆبە ئاشـپەزییان دەکـردو قاپ و کەوچکیان دەشووشت و پاکوخاوێنی دیـوەکەی خۆیـان دەکـرد، بە وەی دواییان دەگوت «کۆمۆن». کۆمۆن ئەو خراپییەی هەبوو ئینسان ئەو بڕە ئازادییەی کە لە زیندان هەیبوو بە هۆی فەرمانبەری لە دەنگدانی کۆمەڵدا لە کیســی دەچــوو. پاســەوانێک هەبــوو بە نــاوی قیاســی، کە لە وەختــی

دیـاریکراودا لە زینـدان وەژوور دەکەوت، هەرکەس هەرچـی پێویسـتی بـا پووڵی دەدایە و ڕایدەسپارد کە بۆی بکڕێ.

هەرکات ترێ دەهات بـۆ زینـدان، هێنـدێک لە زینـدانیەکان بەو تـرێیە ئارەقیان دروست دەکرد، پاسەوانێکی زۆر قەڵس و تووڕەمان هەبوو سمێڵی بە شێوەی سمێڵی هیتلێر دادەنا، ئێواران دەستی لە پشتەوە دەگرت و بۆنی بە شـکافەکانەوە دەکـرد تـا بزانـێ کـێ ئـارەقی دروسـت کـردووە، یۆسـفی خوسرەوی هەر پێی دەگوت هیتلێر.

ڕۆژێک لە وەتاغەکەی ئێمە بەساتی ئارەق خواردنەوە دامەزرا، وردە وردە کە کەللەیان گەرم داهات، یەک لە زیندانییە موعاویدەکان (بەو کەسانەی کە پاش شکانی پیشـەوەری ڕایـان کردبـووە شـۆڕەوی و گەڕابـوونەوە، پێیـان دەگوتن معاوید) مەستی کـرد و هـاواری دەکـرد: «سرکـار بیـا اینهـا دارنـد مشروب می‌خورند، واتە سەرکار وەرە ئەوانە خەریکـن ئـارەق دەخـۆنەوە».

ئەمـن چـون مەشـڕووبم نەدەخـواردەوە بە نیگابـان دایاننـابووم. لە نەکـاو هیتلەری کاک یۆسف پەیدا بوو، بە سەد ئەڵلا و وەڵـلا ڕازیـم کـرد کە ئەوە شۆخی دەکا و لەو دەمەدا حەسـەن ئاغـای جەوانمەردیـش بە دەنگـمانەوە هات، قەناعەتمان پێ هێنا کە مەشڕووب نەخوراوەتەوە و نەمانهێشـت بێـتە نێو ژوورەکە.

## خوێندکارەکانی سۆڤییەت

دوکتور مووسەوی و دوکتور گرخ‌لەری لە شوورەوی دەرسیان خوێندبوو، بەڵام تەنانەت دەرزی لێدانێکیان نەدەزانی. تەنیا دەورەیەکیان پێ تێپەڕاندبوون کە ئەوکات بۆ پەنابەرەکانی شوورەوی دادەندرا و بۆ پرۆپاگەندە ناوی دوکتوریان لەسەر دادەنان. تەختە و پەڕی قومار و شەترەنج ئەوکات لە زیندان زۆر باو بوو، دوکتور گرخ‌لەری بە دۆڕان زۆر قەڵس دەبوو، کەدەیدۆڕاند ئێمەش گاڵتەمان پێدەکرد، یەکمان دەچووین لە پشت سەری ڕادەوەستاین و بە تەرەفەکەی دیکەمان دەگوت کەڵێچە بۆ وینە حەوت لۆی پێیە، ئەو کە مانای ئەم وشەیەی نەدەزانی بۆخۆشی وێڕای ئێمە پێدەکەنی، ماوەیەکی چاک بەم جۆرە بە گرخ‌لەریمان ڕابوارد، پاش ماوەیەکی نازانم کێ حاڵی کردبوو کە مانای کەڵێچە چییە و ئەوە ئێمەش بێ خەبەرین دوکتور لە کەڵێچە حاڵی بووە، بەزمی قوومار دامەزرا و کەسێک لە پشت سەری گوتی کەڵێچە فڵان پەڕی پێیە! دوکتور لێی دەرهەڵبوو، وەرەقەکانی بە عەرزی دادا و ملی لەبەر ملی نا. گوتی: «ئەو کەڵێچە ئەوەی پێیە کەڵێچە ئەوهەی پێیە، عەیبە دەست هەڵگرن.» ئێمە هەموو مردبووین لە بەر پێکەنین.

زیندانییەکی لێبوو بە ناوی بولغانی، بە تاوانی جاسووسی بۆ بولغارستان گیرابوو. کچێکی جوانی زۆرزانی کارمەندی سەفارەت ئیجازەی پێدابوو لێی نیزیک بێتەوە، جاسووسی پێ کردووە. ئێستا ئەوە گیرابوو، ماوەیەک

لەگەڵ کاک ئەحمەدی قازی هاوکۆمۆن بوون، کۆمۆن بریتی بوو لە چەند زیندانی هاوبیر و هاومەرام کە پێکەوە دەژیان و کاروباری ژوورەکەیان بەسەر یەکدیدا دابەش کردبوو. بە هاوکاری یەکتر ژوورەکەیان بەڕێوە دەبرد. ڕۆژێکیان ماسی ئوزوونبروونیان لێنابوو، سەری قابڵەمەم کە هەڵگرت لەبەر بۆگەنی وەختابوو بێهۆش کەوم، هاتم کاک ئەحمەدم وەبەر تەوس و پلاران دا کە چۆن بێزت دێ ئەو شتە بۆگەنیوە بخۆی.

لە زیندانی قەسر عادەت وابوو بەیانان و شەوانە سوبحگا و شامگا هەبوو. ئەویش بەوجۆرە بوو کە ئەو زیندانییانەی کە بەشداریان دەکرد بە سەف ڕادەوەستان و یەکێک دۆعای بەخێری بۆ ماڵ و گیانی شا دەکرد و بەشدارەکان وێکڕا دەیانگوت ئامین، ڕەنگە جارەی چارەگە سەعاتێکی کێشابا، ئەمن بۆخۆم لەو ڕی وڕەسمەدا بەشداریم نەدەکرد، سرنجم پێ نەدەدا. کەسێک هەبوو بە ناوی عیمرانی کەدەرەجەدار یا ئەفسەری هێزی هەوایی بوو، بە هۆی کابرایەکی بێسەوادی پینەچی بە تاوانی مائۆئیستی بەگرتن درابوو ئێمەش بە گاڵتە پێمان دەگوت ڕێبەری شەرق. بە بڕوای من ئەو کابرایە لە مائۆئیسم تەنیا ئەوەندەی پێبڕابوو کە وەک مائۆ ورگن و هەڵپزاو، زەردەڵە و خڕیلە و سەحەت‌گران بوو. ئەو عیمرانییە ڕۆژێک لە حەساری قەسر دەستی لە دەستی نام و داوای لێکردم پێکەوە لە حەسار پیاسە بکەین، باسەکەی هێنا سەر سیاسەت و پێی گوتم لە بەرنامەی سوبحگا و شامگا بەشداری مەکە، دەنا ئەوکارە بە گوێی مستەفاخان دەگاتەوە و لێت تووڕە دەبێ، مەبەستی لە مستەفاخان، مەلامستەفای بارزانی بوو! بۆ ڕۆژی دوایی کە سرنجم دایە ئەو عیمرانییە لە پێش هەموو

کەسدا لە سەر سەفێ سوبحگا حازرە. بۆخۆم بەو ئاکامە گەیشتم کە مەبەستی ئەوە بوو کە من هەڵسەنگێنێ بزانێ دژی حکوومەتی شا دەدوێم یان نا. کوردێکی فەیلی شیووعی (توودەیی)مان دەگەڵ بوو زۆرجار داوای لێدەکردم گازێکی قەندشکێنی دەسکردی شووڕەوی بکڕم، ڕۆژێک لێم پرسی ئەو گازەت بۆ چییە؟ ئەوەنییە گازمان هەیە؟ دەیگوت ئەوە دەسکردی ئەمپریالیستە خۆش نیە! دەمگوت بۆ مەگەر بە گازی شووڕەوی قەندەکە شیرینتر دەبێ؟ بێدەنگ دەبوو و منیش هەر نەمدەکڕی، ڕۆژیک لێی پرسیم بۆ نایکڕی؟ منیش گوتم قەندشکێنمان هەیە و جگە لەوەش دەسکردی شووڕەویی بەکاری ئێمە نایا، یەک دوو ڕۆژان مانی لە چا خواردنەوە گرت، پاشان دیتی بۆی ناگوزەرێ هاتەوە سەر قەندی ئەمپریالیسم، منیش تا لە زینداندا بووم نەمهێشت بەو گازە پشتی ئەمپریالیسم بشکێنێ.

لە زیندانی قەسر کەسێک هەبوو بە ناوی سەددیقە سوور کە سەددیقە کوێریشیان پێدەگوت. ئەوکات ئەو کەسانەی کە لە ڕابردووی خۆیان پەشیمان دەبوونەوە، بە ناوی نادم دەناسران بە زیندانیشیان دەگوت نەدامەتگا. سەددیقەسوور کە لایەنگری لە توودە دەکرد، یەکێک لەو نادمانە بوو. چەند عەڕەبی خووزستانیشی لێبوون کە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ بەعسی ئێراق گیرابوون، ئەوانیش لە نادمە بەناوبانگەکانی زیندان بوون، بەڵام سەوادیان نەبوو بۆخۆیان نامە بنووسن و بیدەن بە دەفتەری زیندان، نێوەبەنێوە دەچوون بۆ کن سەددیق پووڵێکیان دەدایە و نامەیەکیان پێدەنووسی.

ڕۆژێک لێم پرسی بۆ هەر نامەیەک چەندیان لێدەستێنی؟ لە وەڵامدا

گوتی: هەرچی پتریان گوو دەرخوارد دەدەم، پتریان لێ دەدستێنم. هەر ئەو سەددیقە کوێرە ڕۆژێک لە کالیدۆری زیندان پێی گوتم وەرە با نامەیەکت بۆ بنووسم و ئازاد بی، پێم گوت من نامە نانووسم، ئەگەر بیشینووسم بۆخـۆم سەوادم هەیە و حەوجێم بە تۆ نییە.

کاک عومەری بابامیری (عومەرخانی تیکانتەپە) ئینسـانێکی تێکۆشـەر و ئازا و نیشتمانپەروەر بوو، ئەو یەکێک لە زیندانییە هەرەباشەکانی قەسر بـوو کە قەت سـەری تەسـلیمی بـۆ ڕژیـم دانەنوانـد. ڕۆژێـک لەگەڵ یەکدوو نەفەری دیکە بە تاوانی ئەوەی کە سەددیقە سوور قسەیەکی خراپی کردبـوو لە گۆشەیەک دەرفەتی لێ دێنن تا دەتوانن لێیدەدەن، بەڵام چون کارەکەیـان زۆر بە نەهێنـی کردبـوو، سـەددیقە سـوور نەیـدەزانی کە چ کەسـانێک لێیانداوە. تـا لە ئاخرییەکەیـدا دەزانـێ کە یەکێـک لەو کەسـانەی لێیـداوە، عومەری بابامیرییە، بەوبۆنەیەوە لە هەر شوێنێک کە تووشی کاک عـومەری دەبوو، لاتاوێکی پێدادەدا تا عاقیبەت کاک عومەر جاڕز دەبێ و ڕۆژێـک بە هەموو هێزی خۆیەوە زللەیەکی لێدەدا. ئیدی سەددیقەسوور ئەو لاتـاوانەی تەرک کرد. کاک سەددیق پاش بەربوونی هەمیشـە لاتـاوی بە پێشـمەرگە و کەس‌وکاری ئەو جۆرە کەسـانەدا دەدا و ببـوو بە دەلقەکـی حیزبـی تـوودە، پاشان خودای لێ خۆشـبوو و ئەو جەریـانەش بە مردنـی وی کۆتـایی پـێ هات.

لەکـاتی چـوون بـۆ زینـدانی قەسر ئەوەڵ کەسێکی کە بەروەپیرمـانەوە هات، بەخێرهاتنی کـردین و قـانوونی زینـدانی بـۆ شـی کـردینەوە، کـاک عەبدولڕەحیمی جەوانمەردی قازی بوو. ئەو دووازدە سێزدە ساڵ بەر لە ئێمە

لەزیندان گیرابـوو، حـاڵی کـردین کە ئەو کەسـانەی لە سـوبحگا و شـامگا بەشداری دەکەن لە بەر چاوی زیندانییەکان ناحەز دەبن، لەبەر ئەوە پێویستە ئێوە بەشداری نەکەن. کاک ڕەحیم بە تاوانی خەبات و تێکۆشانی ڕزگـاری خوازانەی کورد لە ڕیزەکـانی سـەرەوەی حیزبـی دێمـوکرات و پـێش ئـێمە لەگەڵ مامەغەنی و دوکتور عەلی مەولەوی و چەند کەسێکی دیکە گیرابوو. هەڵبەت شانازی ئەوەشـی هەبـوو کە لە دەورانـی کۆمـاری کوردسـتاندا لە ڕیزی ئەفسەران و بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستاندا بێ. پـاش تێپەڕبـوونی چەند ساڵ بە هۆی بیر و باوەڕ و کۆڵنەدانەوە، هەر لە زیندانـدا مـابۆوە و لە زیندانیش بە خۆڕاگری ناوبانگی دەرکردبوو. تەنانەت ئەو کاتەی کە دایکـی کـۆچی دوایـی کـرد ئەو بەڕێـزە هەر لە زیندانـدا بـوو. بە داخەوە دیـدار بە قیامەت دەبن و کاتێک هەواڵی مردنی دایکی پێگەیشت، بە هاوبەشی بەنـد کراوەکان کۆڕی فاتیحا و سەرەخۆشی بۆ داندرا، مردنی دایکی بوو بە هۆی بەربـوونی کـاک عەبـدولڕەحیمی جەوانمەردی قـازی. زینـدانی بـوونی درێژخایەنی کاک ڕەحیم نووکتەیەکی خۆشی لێکەوتەوە، گێڕانەوەکەی بـێ بەری لە خۆشی نییە: ئاغای سالار باوکی کاک ڕەحیم، زانـا و بەلیمەتێکـی هەڵکەوتە و لە هەمان کاتدا موریدێکی موخلیسـی شـێخی بوورهـان بـوو، جەنابی شێخ کاتی خۆی کراسێکی خـۆی بە دیـاری دەدا بە ئاغـای سـالار دەڵێ: ئەو کراسە لەبەر هەر کەس دا بێ لە بەڵا و مسـیبەتان بەدوور دەبـێ! ئاغای سالار بڕیار دەدا کراسی گۆرین بنێـرێ بـۆ کـاک ڕەحـیم لە زینـدان بەڵکوو دەبەری کـا و فەرحـانەیەک حاسـڵ بـێ دەفەرمـوێ: کـراس بگـاتە دەستی دەستەوبەجێ ئازاد دەبێ. مەلا محەمەد برا چووکەی ئاغـای سـالار

دەڵێ:" الغريق يتشبثوا بكل حشيش" واتا کەسێک لە حاڵی خنکاندا بێ، دەست بۆ هەموو پەلە پووشێک دەبا، ئاغای سالار سەرەڕای ئەوە کە زۆر بەو قسەیە تووڕە دەبێ، کراسەکە دەنێرێ بۆ زیندان. کاک ڕەحیم لەبەر خۆی دەکات، بە لەبەر کردنی کراس هیچ کە کاک ڕەحیم ئازاد ناکرێ بەڵکوو لەو ڕۆژەوە دیدار و ملاقاتیشی لەسەر یاساغ و قەدەغە دەکرێ! ئەوە شەش مانگە کراس هەر دەبەر کاک ڕەحیم دایە و هیچ هەواڵێک لە فەرعانە و ئازادی نییە، ئاخری ڕۆژێک مامە وەهابی بابم بە ئاغای سالار دەڵێ: کاکە ڕەحیم تاوانی کردووە و گیراوە، خۆ کراسی جەنابی شێخ هیچ تاوانێکی نەکردووە ئەوت بۆ زیندانی کردووە؟ خێرت دەگاتێ بنێرە کراسەکە لە زیندان بێننە دەرێ، بەڵکوو خودا دەفریایان بێ و دەرکەی ڕەحمەتیان لێ بکاتەوە! ئاغای سالار هەرچەند دیسان بەو قسەیە تێکدەچێ، بەڵام وەسر خۆی ناهێنێ و کەسێک دەنێرێ کراسەکە لە زیندان ڕزگار دەکات، سەیروسەمەرەی ڕۆژگار سێ ڕۆژ دوای ئازاد بوونی کراس، دیدار و ملاقاتی کاک ڕەحیمیش ئازاد دەبێتەوە و ڕێگەیان دا حەوتوی ڕۆژێک خزم و کەس بێن بۆ ملاقاتی! مەلا محەممەد بە بابم دەڵێ: بریا زووتر ئەو قسەیەت کردبایە تا ئێستا ئازادیش دەبوون.

نازانم لە سەرچی لەگەڵ دوکتور مەولەوی نێوانیان خۆش نەبوو، دوکتور پەیتا پەیتا بەربینگی پێدەگرتم ئەتۆش وەک کاک ڕەحیم لەگەڵ توودەییەکان نێوانت خۆشە، هەرچی پێمدەگوت ئەمن دژی توودەییەکانم، کاک ڕەحیمیش دێموکراتە، کەلکی نەبوو. ئاخری جارێکیان لە حەمام ناچاری کردم بەگژیدا بچم و ئەو بەگژداچوونە بوو بە هۆی وەی کە دەست

لەو قسانە هەڵگرێ. ئەوەندەی من ئەزمـوونم کـردووە، زۆر جـار هێنـدێک زەبروزەنـگ لە دیـالۆگێکی دوورودرێـژی دێمۆکراسـییانەخێروبێری زیـاتر دەبێ.

کەسێکمان لەگەڵ بووبە ناوی عەزیزی فەلاحـی زۆر بـێکەس و فەقیـر بوو. کاتێک زیندانی ملاقاتییان بۆ دەهات، ئاوری دەگرت و زۆر نـاڕەحەت دەبـوو. حەسـەنئاغـای جەوانمەردی ئەم ڕۆژەی ملاقـاتیی بـۆ هاتبـا پێیڕادەسـپارد کە دیـاریەکیش بـۆ عەزیـز بێـنن. ئەگەر ئەو شـتە هاتبـا، بە حەسـەنئاغـای دەگـوت ئاغـای حەسـەنئاغـا، ئەگەر لە بیـری نەمابـا و ڕاینەسپاردبا و شتێک لەگۆڕێدا نەبـا، دەبـوو بە حەسـەنی ڕۆوتـی، بەویڕا دەمانزانی کە لەم مولاقاتەدا عەزیز چی بۆ هاتووە یان نەهاتووە. جارێک پێم گوت کـاک عەزیـز ئەوڕۆ ئاغـای حەسـەنئاغـا بـۆتەوە بە حەسـەن، لـێم دەرهەڵبوو، کوتی بڕۆ ماڵت شێوێ لە کن من هەمیشە حەسەنە، ئەوە هەر بۆ ئێوە حەسەنئاغایە. ڕۆژێک خانمەخانمە هاتبوو بۆ مولاقاتی کاک ئەحمەد، عەزیز کێچی لـێ دە کەوڵـی کەوت و بەربینگـی بە کـاک ئەحـمەد گـرت، زۆرت شت بۆ هاتووە و بە شۆخی زۆری قسـەی نـاخۆش پێگـوت تـا ئەو جێگایە کە ئەحمەد کە قەت لە عومری خۆیدا شەڕی نەکردووە ناچـار بـوو لەگەڵی بەشەڕ بێ و ملی لەبەر ملـی نـا، بە پـێچەوانەی چـاوەڕوانی ئـێمە چاکی لە عەزیز دا.

ڕادیـۆیەکمان بە هەزار چەرمەسـەری و کێشـەکێش وەچنـگ خسـتبوو وەختی خەبەرەکان گوێمان دەدایە دەنگوباسی دونیایە. کـاک یۆسـفەکەی کۆمیتەی ئینقیلاب(ابن قلاب، ئەنوەری) کە ماوەیەک لە باشوور مابۆوە و لە

دواییــدا لە لایەن حکــوومەتی عێــراقەوە تەحویــل درابــۆوە، پێــی وابــوو عەرەبیـــیەکەی زۆر باشـــە، ئەوکـــات هێشـــتا ئاشـــبەتاڵەکە بە تەواوی ڕانەگەیەنــدرابوو، ڕادیۆکــانی ئەرغەوان ســەبارەت بە شۆڕشــی ئێــراق و تێکشکان و پێشکەوتی شۆڕش شتهایەکی ڕادەگەیاند، کــاک یۆســف بــۆی تەرجەمە دەکردینەوە. ڕۆژێک هەواڵێک لەمەڕ کێشــە و پێکــدادانی کــورد و عەرەب دەخوێندرایەوە، هەناســەمان لە ســینگیدا قەتــیس کردبــوو، کــپ و بێدەنگ چاوێکمان لە ڕادیۆ و چــاوێکمان لە کــاک یۆســف بڕیبــوو، چــون پــێمان وابــوو کــاک یۆســف عەرەبیــیەکەی زۆر باشــە و لەوانەیە جــووڵە و هەناسەی ئێمە هۆشی تێکبدا و هەواڵەکانمــان لە کــیس بچــێ! وێــژەرەکە گوتی: «خمس الطیــاران...» تێگــڕا گوتمــان کــاک یۆســف چــی گــوت؟ یۆسفیش گوتی پێنج تەییارە! دەی پێنج تەییــارە چــی؟ کەوتــن، بۆمبارانیــان کرد، فڕین، چ بوو؟ دیاربوو ئەویش هەر بە قەد پێنج تەییارەکەی لــێ حــاڵی ببوو گوتی: هەر پێنج و ئەها! لەوێ ڕۆژێڕا کاک یۆسف پەتەی وەسەر ئاو کەوت و لە دیلمانجیمان خست.

بەباس کردنی ئەو بەسەرهاتە وەبیر بیرەوەرییەکی کاتی کۆماری کوردستان کەوتمەوە، ئەو زەمانی ڕادیۆ زۆر کەم بوو، تاق تــاق لە مــاڵە دەوڵەمنــدەکان وەگیر دەکەوت. یەکیان ماڵی حاجی کەریمــی خەرازی نــاسراو بە حــاجی قاورمە بوو. شەوێک چەند کەیخودا و مەلایەک بە ناوی ئــیمام بــۆ بیســتنی دەنگ‌وباسەکان لە ماڵە حاجی کەریم کۆ دەبنەوە. ئەوکات بێژەری ڕادیۆکان پــتر بە عەرەبــی دەدوان و کەمــتر بەرنــامەی فارســییان هەبــوو، بەدەگــمەن بەرنامەی کــوردیش هەبــوو. دانیشــتووانی کــۆڕەکە داوا لە مامۆســتا دەکەن

حاڵیان بکات بزانن ڕادیۆکە چی گوت؟ مەلا دەڵێ: بە عەڕەبی قسان دەکا! دووبارە لێیدەپرسنەوە بەعەڕەبی دەڵێ چی؟ ئەویش دووبارە دەڵێ: کوڕە عەڕەبییە، عەڕبی! جەماعەت وازی لێ ناهێنن پرسیارەکەیان دووپاتە و سێ پاتە دەکەنەوە، لە ئاخریدا مامۆستا بەتووڕەیی دەڵێ: جا وەرە ئەو جەماعەتە ناحاڵییەی حاڵی کە! ئەمن دەڵێم عەرەبییە، ئەوان هەر دەڵێن چی گوت؟ حاجی کەریمیش چونکوو کۆمار تێکچووبوو، پێی وا بوو هەر ڕادیۆت هەڵکرد ئەوە باسی خراپەی کورد دەکا، ئەگەر لێیان دەپرسی ئەوشۆ ڕادیۆ چی گوت؟ لە وڵامدا دەیگوت شورت‌وشۆی کوردانی دەرهێنا.

## ڕەشکوژەکانی کاخی مەڕمەڕ

لە بیستویەکی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٤٤ تاقمێک دەیانەویست شـای ئێـران تێرۆر کەن. بەڵام تێـرۆرەکە سـەرکەوتوو نەبـوو، هێنـدێک لە بەڕێـوەبەرانی تێرۆرەکە کە بریتی بوون لە موهەندیس خەیرخاە، موهەندیس مەنسـووری، ئاغای ڕەسووڵی، موهەندیس کاشانی و سەربازێک بە ناوی عەلی کامران و چەنـد کەسـێکی دیـکە بەو تـاوانە دەگیـرێن کە بیروبـاوەڕی مائۆئیسـتییان هەبـوو. بەڵام زۆربەیـان لە خوێنـدەوارەکانی زانکۆکـانی لەنـدەن بـوون، هەروەها چەنـد کەسـێکی دیـکە لە توودەییەکـانی کە هەڵاتبـوونە ئێـراق و گەڕابوونەوە. ئەوانە کەوتبوونە زیندانی قەسر و لە یەک وەتاغیان کردبـوون، لەگەڵ ئێمە هاوبەند بوون. داوایان کـرد کە کۆمۆنێـک پێـک بێـنن، بـۆوەی چۆنیەتی ژیانی هەمووان هاوشێوە و وەک یەک بێ. جـگە لەم مـووچەیەی کە دەوڵەت بۆی بڕیبـووینەوە بڕیـار درا لەو پـووڵەی لە دەرەوەشـڕا بۆمـان دەهات بەشـێکی بـۆ کۆمـۆن وەلا نێـین، پـاش مـاوەیەک ڕوانـیمان هـیچ جیاوازی و تایبەتمەندیەکی ئەوتۆ لەم دۆخەدا پێک نەهـات، بڕیـار درا هەر مانگەی نەفەرێک بەرپرسی خەرج و خواردنی کۆمۆن بـێ. ئەو نەهێنییـەش ئاشکرا نەبێ کە هەر کەس مانگێ چەندە پووڵ دادەنێ.

ڕۆژێـک یەک لەو کەسـانە کە لە ئێـراق گەڕابـۆوە ئەو شـتەی گێـڕاوە: «جارێکیـان زێڕۆبەگـی هەرکـی کە ئەوکـات ئەویـش لە ئێـراق بـوو هـاتە مەنزڵەکەی ئێمە گـوتی: دوو کـووپەم پەنیـر بـۆ هـاتووە. ئەگەر بتـانهەوێ کووپەیەکو بۆ دەنێرم (دیارە ڕزیوە) دەنا دەیدەم بە سەگان»

یەکێک لەو گەڕاوەییانە ڕۆژێک لە قساندا باسی سەگێکی زۆر بێحەیای کرد کە گەڕەکی لە ئەمان نابوو گوتی: دەتگوت دایکی کوردییە! دیاربوو ئەو کۆمۆنیستە مەبەستی لە دایکی کوردی، دڕی و بێحەیایی بوو! زۆرم پێناخۆش بوو. نەمتوانی ئەو تەوهینە لە دڵ دەرباوێم. مانگەکەی کە نۆبەی من هات ببم بەرپرسی حیساب و خەرجی، بەتەواوێ حەبەسام! چون دیتم تەنیا ئەمنم مانگێ سەد تمەن لەو پووڵەی کە لە ماڵێڕا بۆم دەهات لە سەر خەرجی کۆمۆنم دادەنا، ئەوانی دیکە تەنیا هەر ئەو مووچەیەیان دادەنا کە لە زیندان دەیاندانێ، ئەوجار زانیم بۆچی ئاڵوگۆڕی لە ژیانماندا پێک نەهاتووە. ئەو لایەنگرانەی چینی چەوساوە لێرەش هەر فێڵیان لە چەوساوەکان دەکرد، هەموو بۆخۆیان بێچووە دەوڵەمەند بوون.

سەرهەنگ زیبا ساواکییەکی بە ناوبانگ بوو. بە کامڕانناوێک (عەلی کەرباسیان) لە هاوبەندییەکانی گوتبوو، ئەگەر چەن کەسی وەک عومەری قازیتان هەبا خودموختاری سەهلە سەربەخۆییشتان وەدەست دێنا، ئەگەر چەند سەربازی وەک ئەوەم هەبا، ملم لەبەر ملی شووڕەوی دەنا و بەسەریدا زاڵیش دەبووم. هەروەها سەرگورد تەیمووری لە ملاقاتێکدا بە کاک محەممەدی برامی گوتبوو: نەسیحەتی عومەربکە کە هێندە کەللەڕەق نەبێ، بەڵکوو بتوانین ئازادی بکەین.

## چەند هەواڵی سەیروسەمەرە

لایەنگرەکانی حکوومەتی چین هەمیشە زۆر بە وردی گوێیان دەدایە ڕادیۆ پێکەن، ڕۆژێک ئەو ڕادیۆیە ڕایگەیاند کە سەرتاشێک دەڵێ: لەوەتا بە شێوەی مائۆ سەران چاک دەکەم، ئەوەندە ئەوەندە خوازیار زۆر بووە. ئەو خەبەرە بوو بە هۆی شادمانی لایەنگرانی مائۆ، منیش هەر گاڵتەم پێدەکردن. ئێمە لە نێو خۆماندا بە مائۆمان دەگوت هەنبانە زەردەچێوە، شێوەی سەر چاک کردنی هەنبانە زەردەچێوە بوو بە قاو. ئەوان دەیانزانی مەبەستمان لە هەنبانە زەردەچێوە کێیە! هەرچەند لە دڵدا زۆریان پێ ناخۆش بوو، بەلام بە ڕواڵەت پێدەکەنین و دەیانکرد بە جەفەنگ.

ڕۆژێکی دی هەر ئەو ڕادیۆیە ڕایگەیاند کە شووتی فرۆشێک بە سەبک و شێوازی مائۆ شووتی فرۆشتووە، ڕۆژێ دە هێندەی پتر فرۆشتووە، دیسان بوو بە هۆی خۆشی و شادمانی مائۆئیستەکان. ئێمەش دووبارە کردمانە دەستمایە بۆ گاڵتە پێکردن و جێژنەکەمان لێ تاڵ کردن. جارێکی تر هەر ئەو ئێزگەیە ڕایگەیاند لە ماوەی چەن مانگدا ئەوەندە دوکتورەمان پێگەیاندووە، دووبارە دەستیان بە ئافەرین و پێداهەڵگوتن بە شێوەی حکوومەتی مائۆ کرد، ئەوەتا حکوومەتی خەلق ئاوا پێشکەوتوویە و تێدەکۆشێ، منیش دوکتور مووسەوی و گرخ لەریم وەک نموونە بۆ هەڵدەدان. مائۆیستەکان پێی دەرهەڵ دەبوون.

کەسێکی دیکە کە پێم وایە نابێ لەبیر بکرێ، ڕەزایی ناوێک بوو لە بەرەی مەزهەبییەکان، بەو تاوانە گیرابوو و پازدە ساڵ زیندانییان بۆ بڕیبۆوە. بە

شێوەی نەهرۆ نـامەی بـۆ کـچەکەی دەنووسـی، بەڵام نەک بە جـوانی و بە ڕێکوپێکی نەهرۆ، هەر شتێک بوو بۆ دڵخۆشی خۆی و بەڕێی دەکـرد بـۆ یەکێک لە چاپەمەنییەکانی ئەوکات. ڕۆژێک پێیـان گـوت ئەو ڕسـتەیە ئـاوا بنووسە کە بۆت چاپ بکرێ، کاتێک نامەکە بۆ چاپخانە دەگەڕێتەوە یەکێک لە کارمەندەکانی چاپخانە یەکڕاست دەینێـرێ بـۆ سـاواک. لە بازپورسـیەوە دەنێرن بە شوێنیدا، شتەکەی نیشان دەدەن پێی دەڵێن ئەگەر پاش پازدە ساڵی دیکە هات و ئازاد بووی، دەبێ خۆت بەو بازپورسـییە بناسـێنی. ڕەزایـی لە وڵامدا دەڵێ: نە ئەمن پازدە ساڵی دیکە دەژیم و نە ئێوە تا پازدە ساڵی دیـکە حکوومەت دەکەن.

قسەکەی وەڕاست گەڕا. ئەوان پازدە ساڵ لە سەر حکوومەت نەمـانەوە، بەڵام نەمزانـی ڕەزایـی مـاوە یـان مـردووە. هەر ئەو ڕەزایـیە ڕۆژێـک پەڕە کاغەزێکی گەورەی لوولە کرد و پێی گوتین میزەکانی پینگ‌پۆنـگ لە سـەر یەک دانێن نوتقم هاتووە، زیندانییەکان بە هەرەمە دوو میزیـان لە سـەر یەک دانـا و دەورەیـان دا. ئاغـای ڕەزایـی چـوو سـەر میـزی پینـگ پۆنـگ و حکوومەتی کۆماریی ڕاگەیانـد، کـابینەی حکـوومەتەکەی پـێ ناسـاندین. بۆخۆی بەرپرسایەتی وەزارەتێکی وەئەستۆ گرتبوو، چەند ئاخوندی دیکەش لە کابینەدا بوون، وەزارەتی بەرگریشی دابـوو بە مەلامسـتەفای بـارزانی. لە کۆتایی نووتقەکەیدا ڕایگەیاند کارتان بەو پاسەوانانە نەبێ، ئەوانە بۆ بەخێـو کردنی خاووخێزانەکەیان ئەو لیباسەیان لەبەر کردووە، دەنا لایەنگری ڕژێـم نین و بە هۆی ئەوە کە شۆڕش سەرکەوتووە ئەوانە لە ئەماندان و کەس نابێ بیـانکوژێ. وێکـڕا چەپڵەیـان بـۆ لێـدا و لە نێـو هەرا و زنازنـای شـادی و جەفەنگی بەندییەکان لە سەر میزەکە هاتە خوارێ. پاش ماوەیەک وادیار بوو

لەو کابینەیە وەڕەز ببوو، دووبارە کاغەزێکی لوولە کردەوە و بە دەنگی بڵێنـد ڕایگەیاند: کابینە دەگۆڕم! زیندانییەکان دەیانزانی چ باسە، بە بـێ پێکـووتن ڕایانکردە حەسـار و میزەکانیـان لە سـەر یەک دانـا. ئاغـای ڕەزائـیش وەک سەرۆک کۆمارێک بە شەقامێکدا کە ئەوبەر ئەوبەری کۆمەڵێـک زینـدانی بە ڕێز و تەکووز ڕاوەستابوون، بە بەردەمیاندا تێپەڕی و چـوو لە سـەر میـزی پینگ‌پۆنگ ڕاوەستا، کاغەزەکەی لێک کردەوە و بەم شێوەیە کـابینەی نـوێی ڕاگەیاندەوە: بەڕێوەبەری شۆڕش هەر سەرۆک کۆمار بـوو، بۆخۆشـی هەر وەک جـاری پێشـوو پۆسـتێکی گرینگـی بە دەسـتەوە بـوو، بەڵام چەنـد ئاخوندێکی گۆڕیبوون، مەلامستەفا لە وەزارەتی بەرگـری کەوتبـوو و هـیچ بەرپرسیارەتیەکی پێ‌نەسپێردرابوو.

یەک لە زیندانیە ناسراوەکان ئاغای داریووشی فرووهەر بـوو، فـرووهەر لە ڕۆژی کۆچی دوایی موسەددیقدا کۆڕی پرسە و سەرەخۆشی بۆ دانابوو، زۆربەی زینـدانییە کوردەکـان لەو پرسـەیەدا بەشـداریان کـرد. کـوڕێکی منداڵکارەی تورکی لێبوو قاپ و کەوچکی فـرووهەری دەشـوت، ئەویـش بەخێوی دەکرد. کەسێکی دیکەمان هەبوو بە ناوی عەببـاس بەخـیە یەکـی چکۆلەی مردەلۆخە و بێ‌سەواد و بەڕەڵلا بوو. ئەوە ئێرەیی بەو کوڕە دەبـرد. بە قەولی خۆی فرووهەر تەمـاحی لەو کـوڕە کـردووە و فریـوی داوە، دەنـا بۆئەوی پتر لە بەخییە خۆش دەوێ، جاروبار دەچوو بۆ لایان و بەربینگی بە کوڕە و بە فرووهەر دەگرت، ئاغای فرووهەر بۆ ڕەچـاو گرتنـی کەسـایەتی خۆی هیچ وڵامێکـی نەدەداوە، وەسـەر خـۆی نەدەهێنـا دەنـا بە یەک زلـلە سەری هەڵدەقەند.

تورکێکی دیکەی لێبوو بە ناوی عەلی پەپـاغ، کـاری ئەوە بـوو لە ڕۆژی

مولاقاتەکاندا ئەگەر میوەیەک یا هەر چەشنە شتێک هاتبا بۆ زیندانیێ، پاش پشکنینەوە لە لایەن ئەفسەر نیگەهبان، تەحویلی وەردەگرت و دەیهێنا بۆ ژووری زیندان. هەر کەسە شتی خۆی دەداییە، هەر بەندییەک جاریێ پێنج قڕانیان دەدایە. بڕێکیش دەستی لە هونەردا هەبوو «ئارشین مەلەلانی» کایە دەکرد کە شانۆیەکی تورکی بوو. ڕۆژێکیان جەڵتەی دڵ لێیدا. هەر ئەوەندە توانی چەند مستێک لە دەرکی نیگەهبانی بدا، بەڵام تا دەرکە کراوە کابرا لە حەوت ساڵان ڕاست ببۆوە. مەجلیسێکی پرسەی گەرمی بۆ داندرا، کە تەماشایان کرد ئەو پێنج قڕانیانەی وەخڕی کردبوون ببوو بە پووڵێکی بەرچاو، بەڵام وەک لە بیرم بێ کەسی نەبوو تەحویلی بدەن، پووڵەکەی لەپاش بەجێ ما و نەمزانی چی بە سەر هات.

## محەممەدعەلی مەنسوور

ئێمە کە لە زیندان بووین، محەممەدعەلی مەنسوور شالیاری یەکەمی شا قانوونێکی لە مەجلیس تێپەڕاند کە کاردانەوەی توندی ئیسلامییەکانی لێ کەوتەوە، بوو بە هۆی ئەوەی تاقمێکی توندئاژۆ پێک بێنن، لە کاتێکی دیاریکراودا مەنسوور تیرۆر بکەن، لە نێو ئەو تاقمەدا دوو برا هەبوون بە ناوی هەمەدانیان کە یەکیان ئێعدام کرا، نەفەرێک بە ناوی عێراقسانی کە بۆخۆشی لە دواییدا لە لایەن تاقمێکی دیکەوە تیرۆر کرا، یەکی دیکە بە ناوی ئاغای لاجوەردی کە لە دواییدا بوو بە دادستانی کۆماری ئیسلامی و یەکی دیکەش بە ناوی ئەسکەرئەولادی.

زۆربەی زیندانیانی ئەوکات کە لە هەموو بەندە سیاسییەکانی زیندانی تاران دەدیتران، کورد بوون. پتریشان ئەندامی ح.د.ک. بوون کە زۆرترین ماوەی زیندانییان بەسەردا سەپابوو.

ئەو کەسانەی کە پێکەوە گیرابووین و لە قزڵقەڵعە بازجوویی کراین، پازدە کەس دران بە دادگا، کە بریتی بوون لە:

١ـ عومەری قازی ٢ـ ئەحمەدی قازی ٣ یۆسفی خوسرەوی٤ـ مەنافی حەقتەڵەب ٥ ـ عەزیزی شاڕوخ ٦ـ حەسەنئاغای جەوانمەرد ٧ـ قادری سوڵتانپەنا ٨ـ مەلا محەممەد ئەمین ٩ـ سەید ڕەحمانی ئابیدەر ١٠ـ سەید سەدیقی ئابیدەر ١١ـ غەریقی ١٢ـ لەهوونی ١٣ـ سەید مستەفا تەهازادە ١٤ـ عەزیزی فەلاحی کە لە کاتی گیراندا هەلاتبووە ئێراق، پاشان حکوومەتی ئێراق گرتبووی و لە مەرزی خوسرەوی تەحویلی ئێرانی دابۆوە ١٥ـ

عەبدوڵلای جەماران.

ئەوکات دادگا بەو شێوەیە بوو. بە پێی هەڵسووڕان و بەرپرسایەتی وچالاکی، تاوانبارەکان ڕەدیف‌بەندی دەکران، من هەر تا ڕەدیفی پێنجەمم لەبیرماوە:

تاوانباری ڕەدریفی ئەووەڵ: عومەری قازی.

تاوانباری ڕەدریفی دووهەم: ئەحمەد قازی.

تاوانباری ڕەدریفی سێهەم: یۆسفی خوسرەوی.

تاوانباری ڕەدریفی چوارەم: مەنافی حەق‌تەڵەب.

تاوانباری ڕەدریفی پێنجەم: عەزیزی شاڕوخ.

زۆربەی ئێواران ڕادیۆ پەیکی ئێران (بە قەولی کاک ئەحمەد تۆفیق ڕادیۆ پەتکی ئێران) کەپێوەندی بە حیزبی خائینی توودە هەبوو، چون هیچ خەبەرێکی ئەوتۆی پێ نەبوو، پەیتاپەیتا بە دەنگە نووساوەکەی کاک کەریمی حیسامی ئەم ناوانەی سەرەوەی دووپات دەکردەوە. بەڵام دوو کەس لەو ناوبردنانە تووڕە بوون:

یەک سەید مستەفای تەهازادە کە لە ڕەدیفەکانی ئاخر بوو و کەمترین زیندانیشی درابوویە، بە بیستنی ئەو ناوانە تێکدەچوو و قسەی زۆر ناحەزی بە کاک کەریم دەگوت. دەگەڵ دەنگی کاک کەریم دەهات دەیگوت شا بەرمان دەدا، بەڵام ئەو دەنگ‌نووساوە لێمان ناگەڕێ. دووهەم کەس عومەری قازی بۆخۆم بووم کە لە لیستی دادگادا ڕەدیفی یەکەم بووم، بەڵام لە سەر پەیکی ئێران ڕەدیفی ئاخر بووم. پێم وابوو ئەوەش وەڵامێک بوو لە لایەن توودەییەکانەوە کە ئەو کات لەدەرەوەی زیندان بەردەوام دژایەتیم دەکردن، بە حیسابی خۆیان ئەو کارەیان بۆیە کردبوو کە لە نێو جەماوەردا

پلەم بێننە خوار و گرینگییەکەم لە ڕەدیفی یەکەم کەم کەنەوە.

هەموو ئێوارن ڕۆژنامەی کەیهان و ئیتلاعات دەهات بۆ زیندان کە بە پێی عادەتی خۆم، بەشی خەبەرەکانی شۆڕشی ئەودیوم لێدەکردەوە و ڕامدەگرتن. ڕەئیسی دادگای ئەوەڵمان بە ناوی ئەحمەدی بهروون لە لایەن چریکە فیدایییەکانەوە تیرۆرکرا و خەبەرەکەی لە یەکێک لەو ڕۆژنامانەدا هاتبوو، بڕیبووم و لە نێو ڕۆژئەژمێرەکەی خۆمدا لە لاپەڕەی ڕۆژی ڕەشەکوژییەکەیدا قایمم کردبوو. هەر لەو ڕۆژنامەدا ئەو هەواڵەش هاتبوو کە جەلال تاڵەبانی پێش ئەوەی ئینشعابەکە بکا، لە لایەن شۆڕشی باشوورەوە وەک نوێنەری بارزانی دەنێردرێت بۆ نیۆیۆرک وڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان تا هاواری کوردەکان بەو سازمانە ڕابگەیەنێ، ئەوەشم لێکردەوە و لە گیرفانم نا و بردم بۆ دادگا. دادگای هەوەڵ پێک هات و پێیان ڕاگەیاندین بە تاوانی دژایەتی لەگەڵ حکوومەتی پاشایەتی و دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیست موحاکمە دەکرێین، ئەگەر ناڕەزایەتیتان هەیە ڕایبگەیەنن. لە دادگای دووهەم ئەمن ڕاست بوومەوە و ناڕەزایەتی خۆم دەربڕی گوتم: ئێمە نابێ بە تاوانی کۆمۆنیست بوون موحاکمە بکرێین، دادستان گوتی بە چ هۆیەک؟ پێم گوت: وڵاتی چین بەو هەموو عەزەمەت و قودرەتەی خۆیەوە چون کۆمۆنیستە، ئامریکا ئیزنی پێنادا کە نوێنەری بڕواتە وڵاتەکەی، بەڵام شۆڕشەکەی ئێمە کە شۆڕشێکی نەتەوایەتییە و پەیوەندی بە کۆمۆنیستەوە نییە، هەرچەند لاوازە، بەڵام نوێنەری هەیە و ئیزنی پێدراوە بچێت بۆ ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی. ڕەئیسی دادگا لێی پرسیم بە چ بەڵگەیەک وا دەڵێی؟ منیش ڕۆژنامەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و پێم نیشان دا. گوێم لێبوو حەسەنئاغای جەوانمەرد بە قادرخانی سوڵتانپەنای گوت: بەو

قسانە سەری خۆی بە فەتەڕات دەدا هیچ، ئێمەش تووشی گێرەوکێشە دەکا. بەڵام بەپێچەوانەی بیروباوەڕی ئەو، دادگا ئەو ئێعترازەی قبـوولْ کـرد و ئەو مادەیەی لە کۆڵ کردینەوە. تەنیا دژایەتی لەگەڵ حکوومەتی پاشایەتیمان بۆ ماوە، بەوجۆرە ماوەی زیندانیمان بۆ بڕایەوە.

من دە ساڵ، کاک ئەحمەدی قازی دە ساڵ، یۆسفی خوسرەوی، شـەش ساڵ، ئەوانی دیش لە چـوار تـا دوو سـاڵ زینـدانییان بـۆ بـڕایەوە، زۆر لەو بەندیانە ورەیان دابەزیبـوو و لە دادگـا زینـدە و جاویـدباد ئەعلاحەزرەتیـان دەگوت. پارێزەرەکەی عەزیزی فەلاحی گـوتی، مـووەکیلی مـن دەڵـێ «در دهات منگور بە سیر و سیاحت نپـرداختە اسـت، واتـا هـاتوچۆی دێهـاتی مەنگوڕانم نەکردووە» عەزیز لە بەرخـۆیەوە گـوتی ئەو سـەگ بـابە ئەوەش وەبیر دادستان دێنێتەوە کە ئەمن لە دێهاتی مەنگوڕان چالاکیم هەبووە.

پاش ماوەیەک چووینە دادگای دووهەم. یەک لە داوەرەکان کەسێک بوو بە ناوی سەرهەنگ زاڵتاش، کە من پێشـتر لە مەهابـاد دیبـووم. دووبـارە لە لایەن زۆربەی تاوانبارەکانەوە دروشـمی جاویدشـا درا، بەڵام مـن لەوێـش سەرم بۆ شا دانەنواند، تەنیا لە ئاخری دادگا گـوتم، بە جـێ بەجـێ کردنـی تەقسیمی ئەرازی مەجالێک بۆ دژایەتی لەگەڵ شا نەماوە.

ئەوکات کۆمۆنیسـتەکان بە چـاولێکەری لە سـتالین سـمێڵی گەورەیـان دەهێشتەوە و بەو سمێڵانەڕا چەپەکان لە غەیرە چەپەکان دەنـاسرانەوە، بەڵام لە دادگـا و لەم جـۆرە شـوێنانەی کە سـەر بە دەوڵەت بـوون، چەپەکـانیش سـمێڵیان دەتاشـی، ئەمـن قەت چەپ نەبـووم، بەڵام هەر بۆخـۆم سـمێڵی قەویـم خۆشدەویسـت، سـمێڵم تـا ڕادەیەک گەورە کردبـۆوە، یەکێـک لە پارێزەرەکـان لە کـاتی دادگاییـدا هـات دەسـتێکی بە سـمێڵمدا هێنـا،

پارێزەرەکەی من بە گاڵتە بە کابرای گوت: یاری بە سمێڵی پارێزراوی من مەکە. لە کاتی گیران کاغەزێکم لە گیرفاندا بوو کە سروودی مارسیەزی شۆڕشی مەزنی فەرانسەم لێ نووسیبوو، لە ژێرەکەی نووسیبووم بریا شۆڕشێکی ئاوهاش لە ئێران هەڵگیرسابا. هەم لە بازجوویی و هەم لە دادگا لێیان پرسیم مەبەستت لە شۆڕشێکی ئاوا چییە؟ لە وەڵامدا گوتم مەبەستم تەقسیمی ئەرازی بوو.

لە دادگای دووهەم بە بۆنەی کوتە ڕۆژنامەکەی نوێنەری ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی، ماوەی زیندانییەکەمان بۆ شکا کە زۆرترین زیندانی بوو بە هەشت ساڵ، کە هی من و کاک ئەحمەدی قازی بوو. پاشان کاک ئەحمەد ساڵێک زووتر لە من ئازاد کرا.

## پارێزەری دیاریکراو

کەسێک بە ناوێ ئاغای دانا گیرابوو، دانا ئیشی خەیاتی دەکرد، یەکێک لە قازییەکانی دادگای ئێمە بە ناوی ئاغای سەییاس خانەنشین ببوو دەبێ بە پارێزەری دیاریکراوی ئاغای دانا. ئاغای دانا دەیگێڕاوە کە پارێزەرەکەم لە دادگادا هەستاوە بەو شێوەیە بەرگری لە من کردووە: قازییە موحتەڕەمەکان، سەرۆکی دادگا، دادستانی بەڕێز، ئەو کابرایە ناوی دانایە، بە هەڵە نەچن، ئەو کەسە زۆر دەبەنگ و نەفامە، ئەوەندە تێنەگەیشتوو و ئەحمەقە لە کاتی دروونی لیباسدا لە باتی میتر بە شووڵک ئەندازەی موشتەرییەکانی دەگرێ. دەبێ ئەوەتان لەبەر چاو بێ ئەوجوورە ئینسانەساویلکانە بە حیسابی تێنەگەیشتوویی زیندانییان بۆ ببڕنەوە! پارێزەری دیاریکراو لە بات هەموو بەرگری کردن لە تاوانبارەکە، ئەوەی نەشایەد و نەبایەد بوو بە کابرای دەکوت. ئەو جۆرە کەسانە بوون ئەو زەمانی بڕیاریان لەسەر چارەنووسی گۆمانلێکراو وبنەماڵەکانیان دەدا.

کاک مونتەقیمی قازی کە لە لایەن مەلامستەفا بارزانییەوە دەسبەسەر کرابوو ڕادەستی حکوومەتی ئێران کرابۆوە. ماوەیەک لە قزڵقەڵعە بۆ بازجوویی ڕاگیر کرابوو، پاش دادگایی کردن سێ ساڵی بۆ بڕایەوە و درا بە زیندانی قەسر. کاک مونتەقیم وەکوو هەموومان لە شاردا ئەندامی حیزب بوو. جارێک کە لە تارانەوە دێتەوە بۆ مەهاباد، هەست بەوە دەکا کە مەئمووری ساواک بەدوویەوەن. خانووبەرەکەی ئێمە دوو دەرکی هەبوو، کە هەست بە مەترسی دەکا بە دەرکەکەی دیکەدا هەڵدێ و مەئموور بە

دوویدا دەچنە ژووریێ نایبیننەوە، وەدوای دەکەون لە ڕێگادا چاو لێـدەکا کە دەرکی مـاڵە مەلامحەمـمەدی دربـکە ئاواڵەیـە، خـۆ لە ماڵەکەیـان ڕادەکـا. مەئموور کە دەگەنێ مونتەقیمی نابینن، پێشیان وا نـابێ کە خـۆی لەو مـاڵە ڕاکردووە، دیارە ئیزنی پشکنینی ئەو ماڵەشـیان نەبـووە، تاوێـک ڕادەمێـنن و دەڕۆن. دوای ئەو دەرچوونە کاک مونتەقیم دەچێت بۆ باشـوور و لە ڕیـزی پێشمەرگەدا لەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیـق وکـاک سـولەیمان موعینی(فـایق) درێژە بە تێکۆشان دەدا. پاش مـاوەیەک چـالاکی لەوێ‌ڕا دەیگەڕێنـنەوە بـۆ ئێران. مەلا مستەفا لەسەر ویسـتی سـاواک مـونتەقیم دەگـرێ و تەحـویلی ساواکی دەداتەوە. کاک مونتەقیم لە زیندان بەسەرهاتی خۆی بۆ گێـڕامەوە، وەک لە پێشتردا باسمان لەسەر کرد، زۆری گلەیـی وگازنـدە لە بەرپرسـانی شۆڕشی ئەودیـو هەبـوو، کە تـا چ ڕادەیەک لە ژێـر هژمـوونی وکـارگەری حکوومەتی ئێران دان.

## ساواک و هەڵاتووەکانی حیزبی شیووعی ئێراق

چەند نەفەرێک لە حیزبی شیووعی ئێراق، پاش کودتای بەعسییەکانی ئێراق وبە کۆمەڵ کوشتنی شیووعییەکان، ویستبوویان بە یارمەتی حیزبی تــوودەی ئێران بڕۆن بۆ شــووڕەوی. یەک لەوانە کەسـێک بــوو بە نــاوی موهەنــدیس عادڵی عەبە کە لە بەرپرسانی سەرەوە بــوو. بەگــوێرەی وتەی خــۆی چەنــد تاقمێک بۆئەوەی لە لایەن بەعســییەکانەوە نەکــووژرێن بە یــارمەتی حیزبــی توودەی ئێران ڕایانکردبوو خۆیان گەیاندبووە شووڕەوی. بەڵام موهەنــدیس عادڵی عەبە و تاقمەکەی لە باتی شووڕەوی سەریان لە زیندانی قەسر وەدەر نابوو. بەو جۆرە باسی چۆنییەتی گیرانەکەی خۆی کرد:

کە دەگەنە مەرزی ئێران، دەبینن چەند کامیۆنێک بە ڕواڵەت پێشوازیکەر ڕاوەستاون. هەڵاتووەکان لە چاکترین ماشێن دەنێن و لە ڕێگادا بە چاکترین لەون پەزیراییان لێ دەکەن. هێلیکۆپتێریش لەسەر سەریان دەسووڕێتەوە و بە چەند ماشێنی پڕچەک ئێسـکۆرتیان دەکەن. موهەنــدیس دەڵــێ: حیزبــی توودەی ئێران هێندە بەهێزە کە خاوەن چەنــد کــامیۆن ئینســانی چەک دار و ئەو ماشێنە پێشکەوتووانە بێ؟ کابرای ڕووبەڕووی لە وەڵامدا دەڵێ حیزبــی تووده فڕۆکەشی لە بەردەست داهەیە، بەڵام بە پێویستمان نەزانــی فــڕۆکە لە حەوا کەین. بەوجۆرە تا سەرحەدی شووڕەوی دەیانبەن. لەو ماوەیەدا ئەوەی پێویست بوو لەژێــر زبــانی موهەنــدیس عــادڵ و هاوکــارانی دەردەکێشــن. کاتێک دەگەنە سنووری شــووڕەوی، مەئمــووری ســازمانی ئەمنیەتیــان لــێ

پەیدا دەبێ، هەمـووان قـۆڵپێچ دەکەن وبە کـامێۆنی لەقولـۆقی ئەرتەشـیی بەرەو زیندان دەیانگێڕنەوە. مەعلووم دەبـێ هەمـووی ئەوانە دەهـۆ بـووە و هێلـیکـۆپتێر و سـەرباز و کـامێۆن هـی ئەرتەشـی ئێـران بـووە. بە وتەی کەیانووری مەئموورێکی ساواک بە ناوی شەهریاری خۆی خزاندبووە نێـو کادرەکانی حیزبی تـوودە و ئەو پـیلانەی گێڕابـوو، چەنـد تـاقم لە ئەنـدامە سادەکانی تـوودە بەڕێـدەکات بـۆ شـووڕەوی و ئەو تـاقمە کە بـۆ دەوڵەت گرینـگ دەبـن بەگرتنیـان دەدا. پەرویـزی حیکمەتجـووش هەر لە لایەن شەهرییارییەوە بە دەهۆیەکی دیکە دەگیر دەکەوێ. لە نێو تاقمی عـادل عەبە دا پیـاوێکی بـاڵابەرزی زلحۆلیـان تێـدا بـوو، ڕۆژێـک بەرپرسـی زینـدان سەرگورد تەیمووری کە مرۆڤێکی زۆر ڕووخۆش و بەئەخـلاق بـوو، هـاتە وەتاغ و ڕووی لە کابرا کرد لێی پرسی ناوت چییە؟ ئەو کە فارسی نەدەزانـی واتێگەیشت کە لێی دەپرسێ تاوانت چییە؟ لە وەڵامدا گوتی: ئەمن زیـددی ئیسـتعمارم. لەو ڕۆژەوە هەر بە زیـددی ئیسـتیعمار بـانگمان دەکـرد. موهەندیس عادڵ لە زیندان شتێکی بە شکڵی کفتە سـاز دەکـرد، دەرەوەی برینج و لە ژوورێدا گۆشت و کشمیشی تێـدابوو و پێیـدەگوت «کوببـە» بە گوتەی خۆی خۆشترین خۆراکی ئێراق بوو، باوەڕت بێ ئەگەر بە دیـوارت دادابا نەدەشکا. بەوجـۆرەی بیسـتمەوە ئەو موهەندیسـە پـاش سـەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە لایەن شیووعییەکانی ئێراقەوە ناردرا بـۆ ئێـران، بە قەولـی خۆیان لە زیندان لەگەڵ بڕێک لە بەرپرسانی تازە، شوناسـی پەیـدا کـردووە نازانم ئاکامی مەئمووریيەتەکەی بە کوێ گەیشتەوە.

پاش ماوەیەکی زۆر کە لە زیندان ئازاد ببووم لە خزمەت کـوڕی ڕەش دا

چووین بۆ لای بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی، شێوەی هەڵاتنی موهەندیس عادڵم بۆ گێڕایەوە. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە هەموو جۆرە خواردنێکیان ساز کردبوو و زۆر بە باشی پەزیراییان لێکردین، لە نێو خۆراکەکاندا کوببەش هەبوو کە ئەمنی وەبیر موهەندیس عەبە خستەوە.

یەکێک لە پیاوە هەڵکەوتووەکانی زیندان کەسێک بوو بە ناوی کاک ڕەحیم بەغدادی کە لە پێش ئێمە دا هەر بە تاوانی ئەندامەتی حیزب گیرابوو، بەر لە گیرانی دەرەجەداری ئەرتەش بوو. ئەوەندەی مشوور و حەوسەلە هەبوو کە لە زیندان دەستی بە خوێندن کرد، لە پێشدا دیپلۆمی وەرگرت و خۆی فێری زمانی ئینگلیسی کرد. پاشان لەگەڵ یەکێک لە زانکۆکانی لەندەن دەستی بە نامە گۆڕینەوە کرد و شەووڕۆژ خەریکی موتاڵا و دەرس خوێندن بوو، تا ئەو جێگایە کە هەر بە نامە گۆڕینەوە بڕوانامەی ئەندازیاری ڕێگا و ساختومانی وەرگرت، پاش بەربوون لە زیندان گەڕاوە نێو ڕیزەکانی حیزب و لە دواییدا بە هۆی تەسادوف کۆچی دوایی کرد. منیش لە لای کاک ئەحمەد و موهەندیس مەنسووری دەستم بە خوێندنی زمانی ئینگلیسی کرد و بە باشی فێری قسەکردن بووم، کاک مەنافی حەق‌تەڵەبیش هەر لە زیندان دیپلۆمی وەرگرت.

پێش ئەوەی کە بگیرێم، لە ڕێکەوتی یەکی سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٠ ی هەتاوی زەماوەندم لەگەڵ کیژێک بە ناوی میناخانمی وەفا کرد کە هەتا کاتی مردن هاوبەشێکی ڕاستەقینەی ژیانی پڕ لەچەرمەسەری و هاوهەنگاوی تێکۆشان و دەربەدەری و زیندانم بوو. مینا خانم کیژۆڵەیەکی ناسک و نازداری خەڵکی شاری و تا ڕادەیەک خوێندەوار، لە بنەماڵەیەکی

دەوڵەمەند و نێوبەدەرەوەی سابڵاغ بوو. کاتێک دەگەڵ مـن ژن ومێردایەتـی پێک هێنا بە بووکی گوێزتمەوە بۆ ئـاوایی قـازی ئـاوا، هێنـدە خـاتوونێکی تێگەیشتوو، خاکەڕا و مرۆڤ دۆست و فیداکار بوو کە زۆر زوو لە نێو دڵـی خەڵکی ئاوایی و خزم و کەسـدا جێـی خـۆی کـردەوە، هەرچـی ناسـیبای خۆشی دەویست و لە نێو خەڵکیدا ڕێزێکـی تـایبەتی هەبـوو. وێـڕای مـن شانی وەبەر باری خەمی کوردایەتی دابوو. ژنێکی چاوکراوە، بوێر و نەترس و چالاک بوو، هیچ کات سەری بۆ زۆڵم و زۆری دانەنواند. شان بە شـانی من بۆ وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کوردی چەوساوە، کوردایەتی کردووە. ماڵەکەی مەکۆی هەژار و لێقەوماوان بـوو تـا ڕادەیەک کە لە زاری خۆی و ئێمەی دەگێڕاوە و دەیدا بە نەدەران. لە کاتی کۆچڕەوەکەی باشـوور خۆبەخشانە دەچوو بـۆ مـزگەوت و نـان و چێشـتی سـاز دەکـرد وبەسـەر جەماوەردا بڵاوی دەکردەوە. تەنـانەت چەنـد کەس لە پیـر و نەخۆشـەکانی دەگەڵ خۆی هێنابۆوە ماڵێ و خزمەتی دەکردن. ئەوەندەی شانازیم بە کورد بوونی خۆم دەکرد دە هێنـدە شـانازیم بە گەورەیـی مینـا خـانم دەکـرد. ئەو خاتوونە بەڕێزە هێندەی چیاکانی کوردوستان سـەری بەرز و هێنـدە داوێـن پاک بوو. بە قەولی کورد دەڵێ بۆ ئەوەی دەبوو لەسەر داوێنی نوێژ بـکەی، بەڵام داخەکەی گرانم ئەوەندەی ژیا نە ژیا و مرد.

کاتێک لە زیندانی قەسر بووم، بەر لەوەی کە بگیرێم کچێکمان هەبـوو بە ناوی هەڵاڵە، کە تەنیا جارێک لەگەڵ دایکی هاتنە چاوپێکەوتنم، هەڵاڵە نەیدەناسیمەوە. لێم نیزیک نەدەبۆوە و زۆرتر خودالێخۆشبوو بـرا گەورەکەم کاک محەممەد دەهاتە مولاقاتم.

ســاڵی ١٣٤٦ لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێــژ بە بــۆنەی ســەرکەوتنی شــا و کۆدەتای سەرلەشکر زاهیدی بەسەر بەرەی نەتەوەیی و حکوومەتی دوکتــور موســەددیق، هێنــدێک لە زینــدانیەکان کەوتــنە بەر لیبــووردنی شــاهانە و لە زیندان ئازاد کران. لە لای ئێمە ئەم کــوردانە وەبەر لێخــۆش بــوون کەوتــن بریتی بــوون لە ئەحــمەدی قــازی، حەســەن ئاغــای جەوان مەرد، یۆســفی خووسرەوی، سەید ســەدیق ڕەحمانــی، عەزیــزی شــاروخ، ســەید مســتەفا تەهازادە و مەنافی حەق تەڵەب.

## ئازادی

دوای ماوەی نیزیک شەش ساڵ لە بەرەبەری بەهاری ١٣٤٧ی هەتاوی لە زیندان ئازاد کرام. لە تاران پاش بەربوون لەگەڵ مامڕسووڵی عەبدولسەمەدی چووینە موسافیرخانە، کەسێک بە ناوی مینەکەڕ ناسیاوی مامڕەسووڵی عەبدولسەمەدی هاتبوو بۆ پێشوازی مامڕەسووڵ. کاک مینە سەرەڕای ئەوە کە ئەمنی نەدەناسی ئەو داستانەی بۆ گێڕامەوە: گوردان یا گورهانێک ژاندارم بە هاوکاری چەن جاشێک و کەرەسە و چەک و چۆڵێکی تەواو و تەیار لە سنووری ئێراق دەپەڕنەوە و دەچنە ئەودیو، چەند پێشمەرگەیەک لە یەکێک لە گوندەکان لە خانوویەکدا نیشتەجێ دەبن. ئەو ژاندارم و جاشانە مەئموورییەتیان هەبوو کە بە گژ ئەو چەند پێشمەرگەیەدا بچن. بە قسەی خۆی بەرگرییەکی زۆر توند و خوێناوی دەکەن و شەڕ درێژ دەبێتەوە، بە تایبەتی تاریفی لە پێشمەرگەیەک بە ناوی عەبدوڵڵا گوێڕەش یا عەولا گوێبڕاو دەکرد دەیگوت: ئەنگێوەیەکی بلیمەت بوو، کەس نەیدەوێرا بە حاڵ ببزوێ یان سەر وەدەرنێ بە یەکەم گولله دەیپێکا. بەو شێوەیە خۆڕاگرییەکی یەکجار زۆر ئازایانە و پیاوانە دەکەن، لەنێو ئەو شەڕە توندەدا بەو ئاکامە دەگەن کە ئەوگوردانە بەم هەمووە جاش و چەک وچۆڵەوە لەوە زیاتر ناتوانن لەئاستیان ڕاوەستن، ناچار پەنا دەبەنە بەر غەزالی خائین، کە ئەوکات بەرپرسی پێشمەرگەکانی ئەو مەڵبەندە و فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی پارتی دەبێ، دەستەیەک پێشمەرگە

هەڵدەگرێ و دێنە سەریان، خانووەکەیان بە سەردا دەڕووخێنن و ئاوریان تێبەردەدەن. بەو شێوەیە لاپەڕەیەکی ڕەشی دی دەخەنە سەر لاپەڕە ڕەشەکانی شەڕی برا کوژی.

گەڕامەوە بۆ مەهاباد. چون ماڵە خۆم لە شاری نەبوو، بۆ یەکەم جار چوومە ماڵە حاجی قاسمی وەفا بابی میناخانمی خێزانم، هەڵاڵە سوورێژەی لێهاتبوو و هێنابوویانە شاری بۆ سەر دوکتور، لەسەر ڕاسپاردەی دوکتور کراسێکی سووریان لەبەر کردبوو. هەرچەند پێشەکی خەبەرم دابوو کە بەو زووانە دێمەوە، بەڵام نەیاندەزانی چ ڕۆژێک دەگەمەوە. هەڵاڵە بە دیتنی من هاواری لێ هەستا و بەغار بەرەوپیرم هات، بە دەنگی هەڵاڵە ماڵێ زانییان هاتوومەوە. هەر ئەوێ ڕۆژێ بە ماشێن ڕۆیشتینەوە بۆقازی ئاوا و جەماعەتێکی زۆر بۆ دیدار و پیرۆزبایی هاتنە قازیاوا. قەدەرێکی باش سەرقاڵی میوان و میوانداری بووین.

ماوەیەک دوای ئەوەی کە لە زیندان ئازاد کرام، ڕۆژێک سەید تەها برای خوالێخۆشبوو سەید ڕەسووڵی بابیگەورە پێی گوتم سەید ڕەسووڵی برای و مەلاعەوڵای حەییاکی کە ئەوکات قاچاغ بوون و بەرگی پێشمەرگایەتییان لەبەردابوو، لە کێوەکانی سەری مەیدان لە نیزیک گوندی سەیدئاوا چاوەڕوانن کە بچم. وەک باسیان دەکرد لە دوای چوار کەسانیان ناردبوو، یەکیان بۆخۆم، دووهەم سەید حەسەنی هاشمی کە ئەوکات هاتبۆوە ئێران، سێهەم سەلاحی ئیلاهی و چوارەم مەلامحەممەدی عەبباسی کە لەم دوایانەدا لە دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدین کاری دەکرد. بەڵام لەو چوارانەدا تەنیا من بە پیر بانگەوازییانەوە چووم، داوام لە کاکە محەممەدم

کرد بۆ کارێکی تایبەت بە جیبەکەی خۆی بمباتە سەری مەیدان. قودوویەکم شیرنی هەڵگرت و چوومە شوێنی دیاریکراو. پێشتر سەید ڕەسووڵم دەناسی، بەڵام هیچ ناسیاوییەکم سەبارەت بە مەلاعەولا نەبوو. لە پاش چاک وخۆشی و ئەحواڵ پرسی دۆست و ئاشنا گوتیان: دەمانەوێ لە شاری ماڵێکمان بۆ پەیدا بکەی ئێمە بێین و لەوێ نیشتەجێ بین. دەسبکەین بەچالاکی سیاسی، من بەرهەڵەستی ئەو پێشنیارەم کرد پێم گوتن ساواک زۆر وشیارە و ئێوەش هەردووکتان ناسراو و قاچاغن. هەڵبەت ئەوکات مەلاعەولا کادرێکی سادەی حیزبی بوو (دەرەجە سێ) تەنانەت کوتیشم ئەگەر بۆن بکەن کەسانی وەک ئێوە لە شوێنێکن، چەند ماڵ ئەوبەرئەوبەر لە مەترسی دەکەون، ئێمە بۆخۆمان لێرە قاچاغ نین و بە ئاشکرا لە ناو جەماعەتدا دەخولێینەوە. تا ئەوڕۆژەی کە ڕاپۆرتمان لێدەدرێ، دەتوانین چالاکیمان هەبێ، بەڵام ئێوە هەر دەبێ لە ژوورێکدا دابنیشن. نازانم ئەو دانیشتنەی ئێوە بەتەنیا چی لێ دەکەوێتەوە؟ ئەگەر ئاشکراش بن تاقمێکی زۆر لە مەترسی دەکەون. من ئەم کارەم پێ باش نییە. منیش چەند پرسیارم لێکردن. ئەوەی لە بیرم مابێ پتر سەبارەت بە کاک حەمەدەمینی سیڕاجی بوو کە ئێستا لە باری بیروڕاوە چۆنە. لە وەڵامدا گوتیان هەروەک خۆیەتی، ماوەیەک توودەییە پاشان دەبێتە مائۆئیست، پاش قەدەرێکی دی دەبێتە نەتەوەیی و بەوجوورە لە هاتوچۆدایە. بەڵام من سەرم لە وە دەرنەدەکرد کە چۆن ئەو چوار کەسەیان هەڵبژێردرابوو بچین چاویان پێمان بکەوێ! مەلامحەممەد بیروباوەڕی مائۆئیستی هەبوو، سەلاحی ئیلاهی قەت خۆی لە سیاسەت نەدەگەیاند، سەید حەسەنیش مەعلووم بوو هەر جێگایەک

خوڕەی ئاوی لێ بهاتایە خۆی لێنەدەدا. پاش ئەوە کە گەڕامەوە ڕووداوەکەم بۆ سەید حەسەن گێڕاوە، گوتی ئەتۆ وەک گورگ وای، گوتم چۆن؟ گوتی هەموو جانەوەرێـک لە خشـپە دەترسـێ و هەڵـدێ، بەڵام گـورگ بە دووی خشپەوە دەچێ. پاشان گوێبیس بوومەوە کە کاک سەلاحی ئیلاهی بە سەید تەهای بـابی گەورەی گوتبـوو کە خـۆ لە عـومەری قـازی مەدە، هاوکـاری ساواکە.

## حیزبی ڕزگاری

تێکۆشانی چەکداری کاک سەلاح موهتەدی وکاک مـحەمەد ئیلخـانی زادە دوو لە سەرانی حیزبی بە ناو ڕزگاری. ئەم دوو بەڕێزە لەودیو دەیانبیسـتەوە کە هەر کـات پێشـمەرگەکانی حیـزب دێـنەوە دیـوی ئێـران زۆر بە باشـی وەردەگیـرێن و ڕێـز و حـورمەتێکی زۆریـان لێـدەنێن، بە گیرفـانی پـڕەوە دەگەڕێنەوە، تا ئەوکاتە کە لە ئێران دەمێننەوە بەچاکی بەخێـو دەکـرێن. جـا بـۆیە ئەوانـیش تەماحیـان ڕێدەنیشـێ بـێن پڕوپاگەنـدەیەک بـۆ حیـزبە داتاشراوەکەی خۆیان بکەن و ماوەیەک لە ئێران بە خۆشـی بیگـوزەرێنن، بە دەستی پڕەوە بگەڕێنەوە. بێخەبەر لە وەی کەس ئەوان بەهێنـد وەرنـاگرێ! ئەوە نێوی باشی حیزبەکەیە کە پێشمەرگە لە نێو جەماوەردا دەکاتە خـاوەنی ڕێـز و ئێحـترام. ئەوان کە دەگەنە ئێـران نەک هەر ئەو ڕێـز و ئیحتـڕامە بە خۆیانەوە نـابینن، تەنـانەت ڕێگـای ماڵێشـیان نـادەن و یارمەتییـان نـادەن. ئەوکات کە لە دێهاتی گەورکایەتی بوون، یەکدوو کەسێک هاتنە لای من و پرسیاریان کرد کە چۆن لەگەڵ ئەوانە هەڵسوکەوت بکەین. پێم گوتن ئەوانە لە ئێمە نین، وەکوو پێشمەرگەی حیزب وەریانمەگرن، بەڵام بۆخۆتـان وەک عەشیرەت چۆنیان دەگەڵ دەجووڵێنەوە کەیفی خۆتانە. دیـارە دەمزانـی هەر ئەوەندە کە بڵێم لە ئـێمە نـین چـاوی خۆیـان دەخـوێننەوە. ڕامئەسـپارد کە تخوون خۆتانیان مەکەن، چـوون ترسـم لە وە هەبـوو ئەگەر زۆر بەتونـدی لەگەڵیان بەرەنگـار ببـنەوە، لە لایەن کەسـانی بـێمەسـئوولییەتەوە بەگـرتن بدرێن و ئەوانیش لە کـاتی گیرانـدا تـاقەتی شـکەنجەیان نەهێنابـا شـوێنی

پێشمەرگەکان یا ناوی ئەو کەسانەی کە یارمەتی پێشمەرگەیان داوە، بزانن و بیدرکێنن. نەبێتە مەسەلەکەی ناردمان بۆ کڵاو سەریان هێنا.

لە ساڵی ١٣٤٢ تەقسیمی ئەرازی دەستی پێکرد، هێنـدێک لەو زەویـانەی کە لە دەســت مالیکــدا بــوون، لە بەرابەر پووڵێکــدا و بە قیســت لە لایەن ئیــدارەی کشــتوکــاڵەوە درا بە وەرزێرەکــان. تاقمێـک هەلپەرەســت لەو هەلومەرجە کەلکی خراپیان وەرگرت. هەرکە زانیبایـان لە نێـوان مالیـک و وەرزێڕ دووبەرەکییەک هەیە، خۆیان دەگەیاندێ و دەستیان بە ئـاژاوە نـانەوە دەکرد. خەڵکیان هان دەدا ئەتۆ زوڵمت لێکراوە و قانوون وا دەڵێ و وابچێ، ئەگەر بێتــوو بــڕە پووڵێــک بــدەی بە مــن لایەحەیەکــت بــۆ دەنووســم و تەڕەفەکەت مەحکووم دەکەم، هێندە هێندەت زەمین بـۆ دەسـتێنم. هەر ئەو جۆرە قسـانەیان بە مـالکیش دەگـوتەوە، لە دووکانـان میـز و سـەندەڵێکیان دادەنا و دەستیان بە لایەحە نووسین دەکرد. بە قەولـی خۆیـان شـارویرانیان هەموو دەدا بەو کەسەی کە لایەحەی پێ دەنووسین و مالیک و وەرزێڕیـان هەڵدەڕشت. بەو جـوورە جـگە لەوە کە ئـاژاوە و دووبەرەکییەکـی زۆریـان دەنایەوە، پووڵێکیشیان لێدەدا و شتێکیان دەدا بە مەئمووری بەرتیـل خـۆری دەوڵەت، ئەو کەسەی کە لایحەی بۆ دەنووسرا، نەتەنیا پووڵەکەی دەچـوو، پیاوخراپی و نێوان ناخۆشی لەگەڵ هاوسێکەشی لە وێ ڕادەوەستێ. بەشی زیاتری ئەو جووره کەسانە ئەوانە بوون کە پێشــتر خۆیـان بە حیزبـی تـوودە هەڵپەساردبوو و لەوێش هەر دزی و تاڵانیان دەکرد و ئاژاوەیان دەنایەوە.

## تێکهەڵچوونی جووتیارانی عەمبار و ئاغاواتی بۆکان

لە کاتیَ تێکچوونی حکوومەتی دوکتور محەممەدی (موسەددیق) ی مەزن کە هێشتا حیزبی توودە کەوڵە شێرەکەی لە خۆی نەکردبۆوە، دەستەیەک لە کادرە گێرەشێوێنەکانیان کە گەورەترین خەباتی سیاسییان داخستنی دووکان و بازاڕ و مەدرەسەی شار بوو، بۆوەی خەیانەتکارییەکانی ئەو حیزبە سەبارەت بە نەتەوەکانی ئێران بەرەنە پێش، لە بەینی ڕەعیەت و ئاغاوەت، تەنانەت هاوسێکان دەستیان بە پڕوپاگەندەی درۆ و دەلەسە دەکرد. بۆ ئەوەی حکوومەتی میللی لاوازتر کەن، حکوومەتی کۆمۆنیستی دابمەزرێنن. تەنانەت خەڵکی دێهاتەکانیشیان تێکبەر دەدا، لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران ئەو گێرەوکێشە بیَسەمەڕە لەبەینی مالک و قەرە، ساماندار و بیَسامان ساز دەکرا، بۆ نموونە یەک لەو ناوچانە ناوچەی بۆکان بوو، چەپەکانی لای خۆمان لە چالاکی و تێکۆشان تەنیا بەکاربردنی وشەی ئیستعمار و ئیستسمار و ئیمپیریالیزم وچەوساوە فێر ببوون، نەلە ناوەرۆکی وشەکە دەگەیشتن و نە دەیانزانی لە کویَ ئەو وشانە بەکار بێنن. ئەو گێرەشێوێنییە کە بە ناوی ئازادیخوازی و ڕزگاری چینی کرێکار ڕازابۆوە، بوو بە دەستمایە کە هەم گیرفانی خۆیانی پیَ پڕ کەن و هەم کەسایەتییەکی درۆزنانە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. بە تێکچوونی حکوومەتی میللی موسەددیق ئەو ئاژاوەگێڕانە وەک بڵقی سەر ئاو پووچانەوە.

بڕێک لە ئاغاوەت و ساماندارەکانی ئەو ناوچەیە کە لە ڕاستیدا ئەوکات

زوڵم و زۆرێکـی زۆریـان سـەبارەت بە ڕەعـیەت دەکـرد، بە بـۆنەی دابەش کردنی موڵک و مەزرا لە نێـو وەرزێـڕان دا لە نـاڕەحەتی هاویشـتن و پـاش تێکچـوونی حکـوومەتی موسـەددیق کە بە دوای ئەودا حیزبـی تـوودەش تێداچوو، لە ترسان خۆیان شاردەوە و لە نێو جەماعەتدا ون بوون. ئاغاکـان بە هاوکاری ئەڕتەش کەوتنە گیانی ڕەعیەتەکان و زۆربەی ئەو خەڵکەیـان لە سەر زەوییەکانی خۆیان دەر کردن. مەڕ و ماڵات و نێوماڵیان بە تاڵان بردن، تەنانەت بێشکەی چەند منداڵێک لە لایەن ئاغایـانی عەلیـار، ئیلخـانی زادە وئاغـاوەتی دێبـوکری دیـکەی ئەو نـاوچەیە بە چـۆمی تەتەهـوو دادران. بەشێکی بەرچـاوی ئەو دەرکـراوانە لە لایەن عەبـدولڕەحمانی جەوانمەردی قازی (ئاغای سالار) مالکی ئاوایی ساروقامیش و (گەوهەرتـاجی سـەدری قازی) خـاوەنی ئـاوایی گـوێگجەلی دەگیرسـێنەوە. ئاغـاوەتی بۆکـان زۆر هەڕەشە و گوڕەشە لەجەنابی سالار دەکەن کە دەبێ ئەوانە بەزووترین کـات وەدەر نێ، دەنا ئێمە ئەو شەڕە ڕادەگوێزینەوە بۆ ئەوێ. برایم لیتان بە جەنابی سالار دەڵی ئاغا تۆ بۆ لەبەر ئێمە ئەو گۆنگەڵە بۆ خۆت ساز دەکەی، خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە. ئیزنی لێ وەردەگرێ دەچێتە یوزباشـکەندی دێـی عەجەمـان، دوا بەدوای ئەو جوتیـاران بـۆ پاراسـتنی گیـان و مـاڵ و منداڵیان دەچنە یوزباشکەندی ولەوێڕا بەناوچەکانی سندووس و دەشتەبێڵدا بڵاو دەبنەوە. بەشێکی زۆریشیان ڕوو دەکەنە میاندوواو هەڵبەت ئەو کارە بە پێی پێوەندی ئاغاوەتی ئەو سەردەم، دژایەتیـیەک لەگەڵ سیسـتمی ئەربـاب ڕەعیەتی و نیزامی فێئـۆدالی بـوو. لەم دوایانەشـدا کەسـانێکی وەک عەلـی جاسووس و لیتانەکان کە خانەوادەی باب و باپیری کاک حەمەدەمین شەشە

بوون لە ساروقامیش گیرسانەوە. حاجی قاسم کە پتر بەڕێوەبەری ئەو جەریانە بوو، هەڵوەدای ئێراق دەبێ و تا ئەو ساڵانەی دوایی وەک من ئاگادار بم هەر لەوێ مابۆوە. کاک کەریمی حیسامی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بە نووسینی ئەو جەریانە وا خۆ نیشان دەدا کە لە هەڵسووڕێنەرانی ئەو جەریانە بووە و زۆریش شانازی بەو کارە دەکا. بەڵام بە پێچەوانەی داوای خۆی ئەم نێوە نەبوو و دایبنێین کە واش بووبێ ئەو کارە نەک جێی شانازی نەبووە بەڵکوو بوو بە هۆی دەربەدەری و ماڵوێرانی تاقمێکی بێتاوان. لە ئاکامیشدا دەرکەوت کە ئەو مەسەلەیە خاوەنی هەستی نەتەوایەتی یا ڕزگاریخوازی کە ویستی سەرەکی خەڵکە نەبووە.

کاک کەریم داوا دەکا کە ماڵاتی بە تاڵانچووی ئەو لێقەوماوانەی لە ئاغاکان ئەستاندۆتەوە و دراوەتەوە بە خاوەنەکانی، ئەوەندەی من بە دوایدا چووم و پرسیارم کرد، ماڵات ئەستێندراوەتەوە، بەڵام نەدراوەتەوە بە خاوەنەکانیان و لە نێو خۆیاندا دابەشیان کردووە و بە نێو قامکاندا چووە. بە بڕوای من ئەگەر هەر بە دەست تاڵانچییەکانی هەوەڵییەوە با، بە تکا و ڕەجا و کەیخودایەتی لەوانە بوو زیاتر وەرگیراباوە تا کوو خاوەن ئەسلەحەکان.

ئەوکات کە لە دیواندەڕە مامۆستای قوتابخانە بووم، هاوشێوەی ئەم ڕووداوە لە وێش ڕوویدا بەو جۆرە کە یەکێک لە کوڕە ئاغاکان کە قوتابی من بوو، بۆی گێڕامەوە لە کاتی موسەددیقدا چەند ماڵ لە وەرزێڕەکان بۆ ماوەی چەن ڕۆژان ئاویان لە ماڵە ئاغا بڕیوە و ئەو کوڕە شەوێک لە تینوان ڕاستەوە دەبێ و بوترێک نەفت کە پێی وادەبێ ئاوە، دەخواتەوە و نەخۆش دەکەوێ. مامی ئەو کوڕە دەیگێڕاوە کە داسێکم دەستدایە و

هەڵمدەسووڕاند دەمگوت هەرکەس بێتە پێش دەیکووژم، بە دەستەکەی دیکەش گۆزەیەکم هەڵگرت و بردم پڕم کرد لە ئاو، بردمەوە و بەمجۆرە قەدەغە و قۆرغم شکاند. پاش شکانی موسەددیق، ماڵە ئاغا چەند کەسێک لەو بنەماڵانە بە دیل دەگرن و بە شیلانکی بای تراکتۆر فوویان دەدەن. ئاغاوات بەو شێوەیە تۆڵەی خۆیان دەستێننەوە. دیارە لەو مەڵبەندەش کەسانێک هەبوون کە قەرە و ئەربابەکانیان بەگژ یەکدا کردوون.

ئەوکات و تەنانەت پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، هێندێک کەس لە هەڵسەنگاندنی بەینی زەحمەتکێش و چەوساوە و چەوسێنەر تووشی زۆر هەڵەی گەورە هاتن. بە هەڵە داچوونی خۆیان زەرەرێکی زۆریان بە شۆڕش و داواکارییەکانی ڕەوای نەتەوەیی گەیاند، بۆ نموونە یەکێکی وەک قادرئاغای چوارگا کە عومرێک لە خزمەت میللەتەکەیدا بوو و لەو ڕێگایەدا جەفایەکی زۆری کێشابوو، لە ماڵی دونیا و زەمین تەنانەت بە ئەندازی بژیوی خۆی نەبوو، بە فێئۆداڵ و دەرەبەگ ناو دەبرا. کەسانی وەک سۆفی ساڵح و حاجی باییزی ئامێدێ کە خاوەنی تراکتۆر و مێگەلە مەڕ و گاوگۆڵێکی زۆر و تەنانەت پووڵی نەغدیش بوون، بە چەوساوە و زەحمەتکێش ناو دەبران، بە دژایەتی کردن دەگەڵ کەسانی وەک قادرئاغا پشتیوانیان لە ساماندار و دەسەڵاتدارەکانی شار و دێهات دەکرد. دیارە کەسانی وەک ئەو ئاغا ڕووتەڵانە، فەرهەنگی ئاغاوەتییان هەر پاراستبوو.

هەڵبەت نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ئاغا و ئەربابی زۆردار هەبوون کە زوڵم و زۆریان لە ڕادە بردبووە دەرێ، بەرەنگار بوونەوەی ڕەعیەت لە بەرامبەر زوڵم و زۆریدا مافی ڕەوای خۆیان بووە. زۆربەی بەڕواڵەت لایەنگرانی چینی

چەوساوە، سوود خۆر و سەلەمچییەکانی شار بوون کە لە ڕێگـای پـووڵ بە سـووددان، چەوسـاوە و دەسـتەنگەکانیان زۆر بە شـێوەیەکی دڕنـدانە پـتر دەچەوساندەوە. ئامانجی ئەوانە نەک بەرگـری کـردن لە چینـی چەوسـاوە، بەڵکوو پاراستنی سامان و مڵک و ماڵی خۆیـان بـوو. مەبەسـتیان بـوو بـۆ مـــاوەیەکی زۆرتـــر لەو ڕێگـــایەوە درێـــژە بە زوڵـــم و زۆری خۆیـــان و چەوسانەوەی خەڵکی بدەن.

## مەلا سەعیدی کامەمی و ڕەدووکەوتنی ژنێکی خزمی

مەلا سەعیدی کامەمی (ڕەسووڵی)، ژنی خزمێکی نیزیکی ڕەدوو دەکەوێ، ئەو کابرایەی ژنەکەی هەڵگرتبوو ئاگای لە وە دەبێ کە مەلا ڕەسووڵ زۆربەی کات لە دوکانی سەید حەسەن دەبێ، بۆ مەسڵەت کردن دەهاتە دووکانی سەید حەسەن. کابرا هەتا دەهات ئەو باسەی دێنا گۆڕێ، مەلا سەعید خێرا پێدەگوت: کارێکی وا مەکە خۆ تێبخەمەوە! ئەویش زۆر ترسی لەو قسەیە هەبوو، بێدەنگەی لێدەکرد و دەڕۆیی. ڕۆژێک مەلا سەعیدم بردە دەرەوەی دوکان، پێم گوت خۆی تێباوێیەوە چ دەبێ؟ ئەویش گوتی: خۆ چ نابێ، بەڵام ئەو کابرایە دەسڕۆیشتوو ودەوڵەمەندە، خزمەکەی منیش نەدار ودەسکورتە، دەمهەوێ بەو قسانە پووڵێکی چاکی لێ بستێنم و مەسڵەتیان پێبکەم.

## داواکاری کاک ئەمیری قازی

تــازە لە زینــدان هــاتبوومە دەرێ ڕۆژێــک پێشــمەرگەیەک لە لایەن کــاک ئەمیرەوە هاتە قازیئاوا، نامەیەکی ناردبوو داوای کردبــوو کە بچــم لە کــاک ئەحمەدی برای پوولێکی بۆ وەرگرم و بۆی بنێرم. نامەم بردە حــاجیئابــاد و مەســەلەکەم بە کــاک ئەحــمەد ڕاگەیانــد. ئەویــش پێگــوتم کە ئەو ڕۆژانە موساعیدەی چەوەندەر وەردەگرم و پوولت بۆ دێنم، ئەگەر ئەویــش نەبــوو، چاڵ دەردێنم و پووڵەکە دێنم. چەند ڕۆژێک پێشمەرگەکەم لە ماڵێ ڕاگــرت تاوەکوو پووڵەکە بگاتێ، بەڵام خەبەرێک لەپووڵ نەبــوو. دووبــارە هەســتام چوومەوە لای کاک ئەحمە، ئەو جار گوتی بە قەبرێکی مامم چۆتێ، جارێ بە دەســتمەوە نییــە، هەر موســاعیدە وەرگــرم دەیهێــنم. چەنــد جــار ئەو پێشمەرگەیە بۆ ئەو پووڵە هــاتوچــۆی کــرد، بەڵام وەڵام هەر نەبــوو. وای لێهات ئەو جار ناچار بووم خودی پێشمەرگەکە هەڵگرم و دەگەڵ خۆم ببەم بۆ حاجیئاباد بەڵکوو بە قسەی ئەو ڕازی بــێ و پــووڵەکە بــۆ کــاک ئەمیــر بنێرێ. بەڵام ئەوەش کاری خۆی نەکرد و سوێندی خــوارد کە بە دەســتییەوە نییە. ئەوهەمــوو هــاتوچــوویە و خــۆ لە مەترســی هاویشــتنی پێشــمەرگە وهەروەها مەترسی ئاشکرا بوون کارتێکەری لەسەر کاک ئەحمەد نەکــرد، لە کۆتاییدا کاک ئەمیر ماندوو بوو و وازی لە پــووڵەکە هێنــا. کەڕەتێکیــان هەر بەو پێشمەرگەیێدا چەند بەرگ کتێبی «تاریک و ڕوون»ی مامۆســتا هــێمن و «بۆ کوردستان»ی مامۆستا هەژاری بــۆ نــاردم کە بیانفرۆشــم و پــووڵەکەش بەڕێکەمەوە بۆ خاوەنەکەیان. ئەوکات کتێبی کوردی، بەتایبەتی هی ئەو دوو

شاعیرە بەناوبانگە بە هۆی هەستی نەتەوایەتی و لایەنی سیاسی زۆر قاچاغ بوون. بۆ ئەوەی تاکوو بڵاو دەکرێنەوە وەگیر ساواک نەکەون، لە عەمباری کادا شاردبوومنەوە و لەو قازی ئاوایەدا تەنیا لە کەسێک بە ناوی عەزیزی حەمەخەسرەوی کوێخاسجیل دەترسام. ڕۆژێک لە ژووریٚ دانیشتبووم لە پڕ بە پێکەنین وەژورکەوت گوتی: کافر ها کتێبەکانت! توورەکە کتێبی لە پێش دەمم بە عەرزی دادا! هەرچی حاشام لێکرد کە ڕووحیشم ئاگاداری ئەو کتێبانە نیە، نەیسەلماند و هەر دەیگوت: کافر بە خودای هی تۆیە! ناچار کتێبم لێوەرگرت و چەند جلْدێکم بەسەر ئەو کەسانەدا کە متمانەم پێیان بوو دابەش کرد. بەڵام چون پێوەندی پسابوو و ماوەیەکیش بەسەریدا تێپەڕیبوو، نەمتوانی پووڵەکەیان بۆ بنێرمەوە و باقی کتێبەکانیش یەکیەک و دوودوو وەگیر ئەموئەو کەوت.

## بۆمبارانی شیمیایی شاری قەڵادزێ

لە گرمەی شۆڕشدا زۆربەی شارە گەورەکانی کوردستان تا ڕادەیەکی بەرچاو چۆڵ کران و خەڵکی پەنایان بۆ شاخ و شارۆچکەکان دەبرد، بەم هۆیەش قەڵادزێ بەجارێک قەرەباڵغ بوو. بەتایبەتی خوێندکارەکان نەیاندەتوانی لە شارە گەورەکان بمێننەوە و بۆ درێژەدان بە خوێندن دەهاتنە ئەو شارۆچکەیە، سەدام بۆئەوەی زەربەتێکی گورچووبڕ لە کوردان بدات لە نەکاو ئەو شارەی بۆمبارانی شیمیایی کرد. ئەو کارەساتە شەهید و نوقستان و نەخۆشێکی یەگجار زۆری لێکەوتەوە. هێندێک لەم جەماعەتە بێ دەرەتانە بۆ پشکنین و چارەسەری نەخۆشیەکەیان دەهاتنە ئێران و بە سەر نەخۆشانەی شارەکاندا بڵاویان دەکەنەوە. لە دوای بەستنی پەیمانی ئەلجەزایر و ڕێک کەوتنی شا وسەدام، حکوومەتی شا دەستی لە یارمەتی شۆڕشی کوردەکانی باشوور هەڵگرت و پشتی بەتاڵ کردن. تەنانەت لە نێو خودی ئێرانیشدا بەدوور لە هەموو ئینساف و مرۆڤایەتییەک هەموو جۆرە یارمەتییەکی لە کوردان بڕی، تەنانەت ئەو نەخۆش و لێقەوماوانەش کە دەبوو لە ژێر دەزگای ئۆکسیژن و پشووگەیاندن دا بان، بەو پەڕی نامەردی و ناجوامێرییەوە لە خەستەخانەکان وەدەریان دەنان و تووشی چارە نووسێکی دڵتەزێن دەبوون. ڕۆژێک کە لە دووکانی کاک سمایلی گوودەرزی دانیشتبووم، دوو نەفەرم دیت کە بە لیباسی سپی نەخۆشخانەوە بە خیاباندا دەهاتن، لە کاک سمایلم پرسی ئەوانە کێن بۆ ئاوان؟ گوتی: ئەوانە لەو کوردانەی باشوورن کە بە هۆی بۆمبارانی شیمیایی نەخۆش کەوتوون، بەڵام ئەلعان کە پەیمانی دۆستایەتی

بەستراوە، لە خەستەخانە وەدەریاننـاون، هەر لەوێ هەریەکەی دەسـتێکم لیباس بۆ کڕین.

لە دوای ئاشبەتاڵەکەی شۆڕشی باشوور، مەلا مستەفا بارزانی کە پێشـتر بێ بەڵێنی و نائینسانییەتی شای ئێرانی بە چـاوی خـۆی دیتبـوو، جـارێکی دیکەش دە داوی شای کەوت وباوەڕی بە بەڵێنی ساواک کـرد، شـا بەڵێنـی پێدەدا کە حەفتاهەزار ماڵی بۆ بەخێو بکـات، ئەویـش لەوپەڕی سـادەیی و خۆشـباوەڕیدا دووبـارە وەدوای شـا دەکەوێ و لە ئێزگەکەیـان دەتـووڕێنن هەرکەس لایەنگری شۆڕش و بارزانییە با بەرەو ئێران وەڕێـکەون. زۆرکەس و زۆر مـاڵ وەدوای ئەو ڕاگەیانـدنە دەکەون و بەرەو ئێـران دێـن. هەرچـی پێشمەرگە و شۆڕشگێڕ بوون ڕوو لە ئێران دەکەن و عێراق بەجێ دێڵن، بەو شێوەیە ڕخنە و نفووزی بارزانی لەو وڵاتەدا دەبڕێتەوە، خەڵک بەجارێک لە بارووددۆخی نـاوخۆی ئێـراق بـێخەبەر دەمێنێـتەوە و لە لایەن جەمـاوەری باشوورەوە هیچ چەشنە یارمەتیەک ناگاتە دەست مەلا مستەفا. بەوجۆرە شـا هەڵمەتێکی گورچـووبڕی لە شۆڕشـی کـوردان دەدا، ئەو خەڵـکە بێکـار و دەستەنگە کە بە جارێک ڕوو لە ئێران دەکەن، لە سەر ئاوارەکانی پێشتر دەبنە بارگرانـاییەکی قـورس، بەڵام بـۆئەوەی هەم زەختێکـی زۆر بـخەنە سـەر ئاوارەکـان و هەمـیش بیـری سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕش لە نێـو کوردەکانـدا خاشەبڕ بکەن، بەرەبەرە لە کوردستانیان دوور دەخستنەوە و بە سـەر شـار و گوندە دوورەکاندا بڵاویان کردنەوە.

ئەمن لە خانووەکەی خۆمدا چەند دیوێکی چـۆلم لەوبەری حەسـارێدا هەبوو، بە نۆبە دەمدا بەو ماڵە ئاوارانە. یەک لەو ماڵانە، ماڵی حەمەغەریـب تاڵەبانی بوو. دەیگوت کە لە جەلال تاڵەبانی نـزیکە و خانمەکەشـی نـاوی

«ویداد»خانم بوو. یەکـی تریـان بە نـاوی ئیـدریس و براچـوکەی عەریـف عوسمان بوو. ژن و مێردێک هەبوون بە ناوی ڕەمـزی و ڕەمـزییە بە قسـەی خۆیان لە شیوعییەکانی ئێراق بوون، ڕۆژێـک لە پیـاوەکەم پرسـی ئێـوە لە بەرەی وەتەنیدان بۆ تکایەک بۆ کووژانەوەی ئەو شەڕە و چارەسەرکردنی ئەو ماڵوێرانییە ناکەن؟ گلەیی و گازەندەیەکی زۆری لە حیزبی بەعس هەبوو کە بە هێندیان وەرناگرن.

## داواکارییەکەی شەهید سمایلی شەریفزادە

کاک قادری مەنسووری قازی ئەوکات کادری حیزب بوو و هاتوچۆی ئەودیوی دەکرد. چەند جار نامەی کاک سمایلی شەریفزادەی هێنا و بە زبانیش دەیگوت، ڕایئەسپاردم بچم بۆ لای براکەی بە ناوی حاجی برایمی شەریفزادە، دەهەزار تمەنی لە ئیرسی بابی بۆ بنێرێ تاکوو پێی بچێتە ئورووپا. تەنانەت بۆخۆشی یەک دوو جار هەر بۆ ئەو کارە هاتە قازیئاوا و تاقە دەمانچەیەکیشی پێ بوو، چەند ڕۆژان خۆی لە نێو مێشەدا حەشار دەدا و وەختی جەمان یان دەهاتەوە ماڵێ، یان ئەمن بۆخۆم خواردنم بۆ دەبرد. منیش هەموو جارێ دەچوومە لای حاجی برایم پێم دەگوت: بێنە بەشی براکەت بدە. ئەویش هەموو جارێ دەیگوت بەشی نیە! ئاخرین جار کە چووم بۆ لای حاجی گوتی پێم بڵێ لە کوێیە تا ڕاپۆرتی لێ بدەم! دیارە پێم نەگوت. ئەو حاڵ و نەقڵەم بۆ مەلاعەولای حەییاکی گێڕاوە، لێم پرسی چۆن بوو بۆخۆتان کاک سمایلتان بەڕێ نەکرد بۆ ئورووپا؟ ئەویش گوتی کاک سمایل قەت داوای ئەو کارەی نەکردووە، کاک سمایل ئینسانێکی دەست و دڵ ئاواڵە بوو، ئەو پووڵەی هەر بۆ پێشمەرگە ویستووە.

پاش ئەو هەموو هاتوچۆیە ئاخرییەکەی حاجی برایم پووڵی لە دەست هەر دەرنەهات، دیارە ئەوەی کاک سمایل داوای دەکرد بەشەماڵی بابی خۆی بوو. زۆر بەداخەوە لە ئاکامدا حاجی برایم بەشەبابی خۆی نەدایە، کاک سمایل خۆی کردە قوربانی ئازادی گەلی کورد ونیشتمان.

دووهەم نەدامەتی گەورە کە هەر لەو سەروبەندەدا بە سەر مەهابادداا

هات، کارەساتی بنەماڵەی شافعی بوو، خودالێخۆشبوو میرزا وەهابی شافعی سێ کوڕی هەبوو بە ناوەکانی یۆسف، سولەیمان و داود. میرزا وەهاب لایەنگری حیزب و ئینسانێکی یەکجار زۆر موحتەڕەم و لە لای خەڵک خۆشەویست و خاوەن ڕێز بوو، کوورەخانەیەکی لە خوارەوەی پردی سوور هەبوو، ئەو سێ کوڕە کاروباری کوورەی قسڵیان بەڕێوە دەبرد، ڕۆژێک بە هۆیەکی نادیار هەرسێکیان لەگەڵ دوو کارگەر بە ناوی مام دەروێش و کاک عەزیز بەهۆی تەقینەوەی عەمباری نەفتی ڕەش گیانیان لەکیس چوو. پاش شەهیدبوونی پێشەوا و کاک سولەیمانی موعینی، ئەوە سێهەمین پەژارەی گەورە بوو کە بە سەر خەڵکی مەهابادا هات و مامۆستا هێمنی خودالێخۆشبوو، دەستە شێعرێکی یەکجار زۆر جوانی لە سەر قەبرەکانیان لە کاتی ناشتنیاندا خوێندەوە کە ئەوەندەی تریش خەڵکەکەی هەژاند:

## گێژەڵووکەی خەزان

گێژەڵووکەی بەسام و توندی خەزان — کە پەلاماری دایە باخ و ڕەزان
دەشکێنێ نەمامی شلک و تەڕ — گوڵی بۆنخۆش و تەڕ دەکا پەڕپەڕ
ئەو گوڵەی باخی پێ دەڕازاوە — داخەکەم ئێستە هەڵپرووکاوە
هەروەها دەستی بێبەزەی تەقدیر — نایەڵێ چووک و گەورە، جوان و پیر
تازەلاوان لە خوێن دەگەوزێنێ — جەرگی دایکی هەژار دەبرژێنێ
زەبری توندی زەمانی بەدکردار — شاری کردینە شاری پڕ ئازار
هەرچی دەیبینی دەسبەئەژنۆیە — لە هەموو لاوە شین و ڕۆڕۆیە
بزە نابینی تۆ لە سەر لێوێ — چاوە فرمێسکی خوێن دەپاڵێوێ
سەربەقوڕ، ملبەکوێنە گەورە و چووک — خەنە شۆرایەوە لە پەنجەی بووک
مەرگی ئەو سێ جەوانە بێمرادە — ماتەمی خستە ئەو مەهابادە

گەرچی «یوسف» ئەسیری بەندی گڵە
ئێستە لەو میسرە هەر عەزیزی دڵە

گەرچی بۆخۆی خرایە چاڵی گۆڕ
شوێنەواری بەنرخی ماوە لە گۆڕ

خزمەتی خەڵکی زۆر بوو ئەو لاوە
جا چلۆن دادەمێنێ لەولاوە؟

گەر «سولەیمان» نەما لە کۆڕی خەبات
نەگەیشتوە بە ئارەزوو و ئاوات

زیندووە تا ئەبەد لە ناو خەڵکی
چونکە بۆ کومەڵێک هەبوو کەڵکی

خزمەتی عیلمی کردە پیشەی خۆی
خوێندەوار کۆڕی شین دەبەستن بۆی

ڕەنگە شاگردی کوردی وریا و ژیر
دەرسی ئەو لاوەیان بمێنێ لە بیر

کاکە «داوود» ئەگەر لە ڕێی ژیانا
گیانی شیرین و پاکی خۆی دانا

فێری کردین دەبێ لە کارکردن
نەبەزین تاکوو سەردەمی مردن

یادی دوو پیاوی چاکی زەحمەتکێش
یانی «کاکە عەزیز» و «مام دەروێش»

خەڵکی ئەم شارە قەت لە بیر ناکەن
خەڵکی ئەم شارە ئۆگری چاکەن

مەهاباد ـ ١٥ی بەفرانباری

## خۆ شیرین‌کردنی چەکدارەکانی شا

پاش شەهیدبوونی پێشەوا، ئەوە سێهەمین ماتەمی گەورە بوو کە مەهاباد و دەوروبەری داگرت. پاش ئەوەی کە کاک سولەیمانی موعینی تەحویل دراوە، دەوڵەت بڕیاری دابوو تەرمەکەی بە نێو شاری مەهاباد دا بگێڕێ، بەڵام حکوومەتی شا لە خۆی ڕانەدی لە مەهاباد ئەو کارەی بکا، لە دوای ئەوە کە خاترجەم بووین ئەو تەرمە تەرمی کاک سولەیمانە، ناشتمان، لەگەڵ کاک یۆسفی خوسرەوی چووینە کن کاک حەمەدەمینی موعەینی بابی کاک سولەیمان، داوامان لێکرد ئیزن بدا سەرەخۆشی بۆ دابندرێ. کاک حەمەدەمین بێ ئەوەی قسەیەکی ناحەزی بە سەر زاریدا بێ، تەنیا ئەوەندەی گوت کە من تەنیا گلەییم لە مەلامستەفا هەیە کە بۆ دەبوو پاش کوشتن تەرمەکەی تەحویل بداتەوە و ئیزن بدا بێ‌حورمەتی پێ‌بکرێ. بە دیتنی خۆڕاگری و هەیبەتی ئەو پیاوە و ئەو ڕووحە گەورەیە، بە خۆم گوت مرۆڤی وا هەیە یەک بە هەزارە، لە کۆتایی قسەکانیدا پێگوتین هەر جەعفەرم بۆ ماوەتەوە پێم خۆش نییە تووشی کێشە بێ، بۆخۆشتان مەیلی خۆتانە. کاک یۆسف قەرار بوو بڕوا لە ساواک ئیزنی دانانی سەرەخۆشی وەربگرێ، بەڵام ساواک ڕازی نەبوو.

ئێمە کاک سولەیمانمان لە دەست دابوو، بەڵام مراد شیرێژ و سەید قەندە و چەند پێشمەرگەیەکی دیکەمان لە ناوخۆدا هەبوون، ژاندارم و ساواک بە وڵات وەرببوون و کون بە کون وە دوای پێ و شوێنیان کەوتبوون.

ڕۆژێک کاک عەلی بەیتاسێ لە تایفەی مەنگوڕان کە ئەو کات چەکدار

بوون، بەدووی پێشمەرگەدا دەگەڕان ڕێگەیان کەوتە ماڵە ئێمە. ئەمنیش تازە ئازاد ببووم لە پەنا ماڵان پەڵەیەکم بامیە کردبوو، مەرحوومی کاکم و بابم چووبوونە شار و من بە تەنیا لە ماڵ بووم. کاک عەلی کە گەورەی چەکدارەکان بوو، لە وەتاغی دەرێ دەستی پێکرد کە فڵان ماڵ نەهار و شامی ئاوا و ئاوایان داوینێ و زۆری بە شام و نەهاری ماڵەکاندا هەڵدەگوت، بەوجۆرە بە گوێی منی هەڵدێنا کە منیش دەبێ چاکیان بەخێو کەم.

بۆوەی بزانم بۆ نەهار چمان هەیە چوومە وەتاغی ژووری، دایکم دوو فڕووجی بەدەستەوە بوو، گوتم ئەوە چییە؟ گوتی دەیانکووژمەوە بۆ نەهاری ئەو میوانانە. گوتم ئەوانە تێرن زۆریان بۆ ناخورێ، شۆرباو بایمێیان بۆ لێنێ. چوومە نێو پەڵە بایمێکە و چەند چنگم بامیە لێکردەوە، بامێە لەبەر پیری هەمووی سپی هەڵگرڕابوون وەک قانگەلاشکیان لێهاتبوو. هێنامەوە بۆم ورد کرد و گوتم ئەویان بۆ لەباڵ باینجانەکە کە. دایکم زۆری فەرموو کە ئی ناسکیان بۆ بێنەوە، گوتم جاش ددانیان تیژە و چاکیان پێدەخورێ. لەو بەینەدا کاک عەلی بە سەروگوێی جاشێکی هەڵدەگوت: وا و وا بەپێیە و کەروێشکی لەبەر دەرناچێ، لە هەر جێگایەک بن دەیانبینێتەوە. کە نەهار هات و جاشان چاویان بەو نەهارە کەوت، لە پشتێنە بەرەو ژێریان مرد، ناچار هەر بڕێکیان دەست لە نان و نمەکدان وەردا و بە نابەدڵی نەهارەکەیان خوارد. پاش ئەوەی زۆریان لە پەنجەرەڕا ڕوانییە ئەوبەری بەردەزەرد کەسیان وەبەر چاو نەهات، لێیاندا ڕۆیشتن. بە هۆی ئەو نەهارە خۆشەوە کە بۆم ساز کردن تا ئەو ڕۆژەی چەکیان لە شاندا بوو، بە قازی ئاوا دا نەهاتنەوە.

## ئاکامی تەمەنێک تێکۆشان چ بوو؟

لێرە مەبەستم ئەوە نییە کە بڵێم بە هـۆی نەزانـی و هەڵەکـاری هێنـدێک لە بەرپرسانی شۆڕش و دەستێوەردانی دەوڵەتەکانی دراوسێ، ئاکامەکە بـوو بە ئاورێـک کە لە جەسـتەی هەموومـان بەربـوو. مەبەسـتم بـاس کردنـی هەڵس‌وکەوتی کەسانێکی هەلپەرەستە کە وەک داڵاش لەسەر خوانی خوێن و ڕەنجی تێکۆشەرانی ئازادیخواز هەڵدەنیشتن و بە قازانجی خۆیـان لێیـان هەڵـدەگرتەوە. دیـارە ئەم جـۆرە کەسـانەش کەم نەبـوون و هەر کامێکیـان ڕێکاری تایبەت بە خۆیان هەبوو. بەڵام ڕێکاری حاجی ڕەحمانی تەدەییـون لە هەمووان بەرچاوتر بوو. ئەوکات ڕانکوچۆغەیەکی جوانی دەکـردە بەر و ئەنگـوچکە سـۆرانییەکەی بەردەداوە و جـووتێکی کەڵاش لە پێـدەکرد. لە جیات ئاغابـانوویەک دوو سـێیەکی لە سـەر دەنـا سـەری وەک قەلاغێکـی زەلامی لێـدەهات کە دە هـیچ دەرکەیەکەوە نەدەچـوو. زمـانێکی لـووس و باشیشی هەبوو، هەر ئەوەنـدە بەسـەر لایەنێکیـدا هەڵگوتبـا دەسـتەوبەجێ ئاوی لە چاوان دەگەڕا و کابراش حاڵەتی گریانی بەسەردادەهات. بە دانستە هێندێک کەسی دەست نیشـان دەکـرد بەکەڵـک وەرگـرتن لە پڕۆپاگەنـدەی دینی و نەتەوایەتی بەربینگی پێـدەگرتن و داوای یـارمەتی لێـدەکردن. بـۆی شی دەکردنەوە کە وەزعی پێشمەرگە چەندە پەرێشانە و ئەو یـارمەتییەی تـۆ ڕەنگە هەم ئەوان سەر بخا و هەم بۆ قیامەتیشت کەلکی هەبـێ و لەم جـۆرە قسانە. زۆرکەس لێی تێیگەیشتبوون و دەیانناسـی خۆیـان لە قەرەی نەدەدا. بەڵام جاڵجـاڵۆکە بـێ ڕاو هەر نـابێ. کەسـانێکیش دەگیـر دەکەوتـن کە

نەیاندەزانی ئەوە مەئمووری ساواکە و شتێکیان دەدایە، ئەویش فەورەن ژمارە و جۆری پووڵەکان و شوێنی وەرگرتنەکەی دەنووسییەوە و تەحویلی ساواکی دەدا. بۆ سبەینێڕا کابرایان بانگ دەکرد، لێیان دەپرسییەوە و ئەویش دیارە حاشای دەکرد. بەڵام کە وردەکاریی کارەکەیان پێدەگوتەوە تووشی سەرەگێژە دەبوو و دەیزانی لە کوێڕا وێیکەوتووە. ئەوە جۆرە ئیشانە زەربەیەکی زۆری لە شۆڕش دەدا، یەکەم پووڵەکە بە فیڕۆ دەڕۆیی و دووهەم یارمەتیدەرەکان ئەگەر کەسێکی باوەڕپێکراویش داوای لێ کردبان ئەوجار ئەوان دەترسان و لە یارمەتیدان خۆیان دەپاراست. سازمانی ساواک بە هۆی ئەم جۆرە کەسانەوە ترس و دڵەڕاوکەیەکی زۆری لە نێو جەماوەر هاویشتبوو. لە بەرامبەردا کەسانێکی وەک ئاغای ئالانی کەفاش و وەستا محەممەدی پینەدووزیش هەبوون کە لە هیچ جۆرە یارمەتیەکدا کۆتاییان نەدەکرد. پیرێژنی بێکەس و بێ دەرەتانی وەهامان هەبوو کە دەهاتن و تاقە جووتێک گۆرەویی یان سەرکڵاوەیەکیان دەهێنا، دەیانگوت چون ئێمە فەقیرین کەس نایەتە لامان تا هاوکاری بکەین، یارمەتێکی بچووک بدەین، بۆیە ناچارین بۆخۆمان بێین بۆ لاتان.

مینا خانمی خێزانم لەو دواییانەدا لە وڵاتی سۆئێد تووشی نەخۆشی کووشەندەی شیرپەنجە هات، لەسەر ویست و داوای خۆی کە نەیدەویست لە وڵاتی غەریبایەتی سەربنیتەوە و لە کوردوستان بینێژین، سەرەڕای کێشە و مەترسیەکان لە سوئێدەوە هاتینەوە مەهاباد. زۆری پێ نەچوو بەداخەوە بە ناکامی سەری نایەوە و دەگەڵ دەرد و خەمی ڕۆژگار بە تەنیا بەجێی هێشتم. پیر و نەخۆش و یەگجار تەنیا مابوومەوە، ڕۆژانە بۆ ئەوەی وەڕەزیم بشکێ دەچووم بۆ پیاسە، ڕۆژێک بە تەنیشت دوکانی کاک ڕەحیمی نانەوا دا

ڕادەبواردم دوو جار گـوێم لێبـوو دەنگێـک دەیگـوت: «پـێم وابـوو ئەگەر قاسملووش بگەڕێتەوە ئەوە ناگەڕێتەوە.» من نەمدەزانی دەنگی کێیـە، بەڵام جاری سێهەم لە بەختی خەراپی حاجی تەدەیوون زانیم ئەوە حاجییە لاتاوم پێدادەدا. بە هەڕەمە بۆ لای چووم پـێم گـوت جاسووسـی خـائین، دەزانـم ئێستا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ڕێک کەوتووی و فسۆسی بۆ ئەو حکوومەتە دەکەی. جەماڵی کوڕیشت کە زەمـانێکی شـکەنجەگەر بـوو، هەر لە لایەن ئیتلاعاتەوە ناردراوەتە دەرەوە تا چاوەدێری کوردەکانی دەرەوە بکـا. خـوێڕی هەڵمەیە با بێم بە شەقان زگت بدڕم. ڕەنگە حاجی لە پێشدا پێـی وا بـووبێ ئێستا کە بۆتە مەئمـووری ئیتلاعـات و لەگەڵ ئەو ڕژیـمەش ڕێککەوتـووە، ئەمنیش پیر و نەخۆشم و هەر دژی ڕژیمیشم، ڕەنـگە نەوێـرم چـی پێبڵـێم. بێخەبەر لەوەی ئەگەر لە باری جسمییەوە بڕێک لاواز بووم، بەڵام لە باری ڕووحییەوە توندوتیژم و لەسـەر بیروبـڕوام سـوورترم. حـاجی بە گـوزەری میوەفرۆشاندا تێیتەقاند خۆی ون کرد، بەڵام چووبوو بە کاک سمایلی فەتاح قازی گوتبوو کە بە کاک عومەری بڵێن دەگەڵم ئاشـت بێـتەوە. لە وەڵامـی کاک سمایلدا گوتم: خو ئەمن بە هیوا نیم لەگەڵ جاسووس و خۆفرۆشـی ئاوا لە شەقاماندا پیاسە بکەم، بەڵام ئەگەر زمانی گرێ دا و لاتاوان نەهاوێ، ئەمنیش کارم بە کاری نییە.

## هەڵوێستی کاک کەریمی حیسامی سەبارەت بە ئەحمەدتۆفیق

کاک کەریم لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێ: کاک ئەحمەد تۆفیق ئەوەندە دژی حیزبی توودە بووە کە دەینارده ئێران کتێبی «سیر کمونیسم در ایران» نووسراوەی سەرهەنگ زیبایی یەکێک لە بەرپرسانی ئەوکاتی ساواکی بۆ بچێ. بەڵام نانووسێ کە گۆڤاری عیبرەت کە لە نووسراوەکانی سەرانی حیزبی توودە بوو، ئەوکات لە زیندان لە لایەن سەرانی حیزبی توودەوە دەردەچوو کە جینایەت و خەیانەتەکانی حیزبی توودەی بۆ پەند وەرگرتن دێنا بەرچاو، داوای ئەو گۆڤارەشی دەکرد و بۆشمان دەنارد. پێم وابێ مەبەستی کاک کەریم داپۆشینی هێندێک لە ڕاستیەکانە کە بە قازانجی حیزبی توودە تەواو دەبێ، دەنا بۆ کتێبی سەیری کۆمۆنیزمی لە بیر ماوە و بۆ گۆڤاری عیبرەتی لەبیر نەماوە. بەڵام من دڵنیام بە هیچ شێوەیەک هیچ کەس و هیچ شتێک ناتوانێ خەیانەتی تاوانباران لە بیر خەڵک بباتەوە. ئەوجوورە سانسۆڕانە بێکەلکە، خەڵکی ئەمڕۆ هەموو خوێندەوار وتێگەیشتوون. یەکێک لەو کتێبانەی دیکە کە کاک ئەحمەد زۆری داوا دەکرد بۆی بچێ «جاسوس چشم آبی» بوو کە بۆم کڕی و پێش ناردن بۆخۆم خوێندمەوە.

موخبیرێک لەگەڵ زێڕۆبەگی هەرکی لە پێوەندی دا بوو، بە گومانی من هەر لەبەر ئەو مەسەلەیە بوو کە پێداگری لە سەر ناردنی ئەو کتێبە دەکرد. ناردنی کاک ئەحمەد بۆ کتێبان ئەو ڕاستییە دەخاتە بەرچاو کە لەو هەلومەرجە نالەبارەدا لە خوێندنەوە غافڵ نەبووە. عەبدوڵا ئیسحاقی یان هەمان کاک ئەحمەد تۆفیق سەرکردەیەکی زانا و لێهاتوو و خاوەن

ڕووحێکی پتەوی نەتەوەیی بـوو، یەگجـار هەڵسـووڕاو و ئـازا بـوو، بیـر و هزری وەپێش زەمان و مەکانی خۆی کەوتبوو. با هێنـدێک لایەنـیش حەول بدەن خەبـات و تێکۆشـانی کـاک ئەحـمەد تۆفیـق بشـێرنەوە، بەڵام ئەوەی ڕاسـتیە پـاش لەسـێداره دانـی پێشـەوای نەمـر ئەحـمەد تۆفیـق ڕێـبەری بزووتنەوەی خەباتی کورد و سکرتێری حیزبـی دێمـوکرات بـوو. لە سـاڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە باشوور و لە ئاوایی سوونێ بە پشتیوانی ژێنێراڵ مسـتەفا بارزانی کۆنگرەی دووهەم بەڕێوە دەچێ و عەبـدوڵا ئیسـحاقی بە نازنـاوی ئەحمەد تۆفیق وەک سکرتێری حیزبـی دیمـۆکڕاتی ئێـران هەڵـدەبژێردرێ. دواتر دەگەڵ شۆڕشـی ئەیلـوول حکـوومەتی شـا و بـارزانی بەشـێوەیەکی تـاکتیکی لێـک نزیـک بـوونەوە، ئەوە مەترسـیەکی گەورە بـوو لەسـەر بزووتنەوەی ڕزگـاری خـوازی چالاکـانی ڕۆژهەڵات. شـا لەبەرامـبەر ئەو یارمەتیانەی کە بە بارزانیەکـانی دەدا، داوای کوشـتن و ڕادەسـت کـرنەوەی ئەندامەکانی حیزبی دێموکراتی هەبوو. زۆر بەداخەوە بارزانی بە شێوەیەکی چاوڕوان نەکراو چوو ژێر باری ئەو مەعامەلەیە. ئەحمەد تۆفیق بۆ نـاوچەی بادینـان دوور خـرایەوە و ئەوانـی تـریش یەک یەک و دوو دوو شـەهید و ڕادەست کـرانەوە. بـۆ نمـوونە سـولەیمانی مـوعینی، عەبـدوڵلا مـوعینی، سمایل شەریفزادە و مراد شیرێژ و مەلا ئـاوارە. چەن کەسـێکیش پەروازەی وڵاتانی دەرەوە بوون، وەکی پێشتریش باسم لێ کردووە، زۆربەی ئەندامانی چالاکی نـاوخۆی وڵاتـیش کە یەکێـک لەوان بۆخـۆم بـووم دەسبەسـەر و زیندانی کراین. بەو شێوەیە زەبرێکی گوڕچووبڕ وە پەیکەرەی حیزب کەوت و لە پەل وپـۆی خسـت. ئەحـمەد تۆفیـق پـاش جیـا بـوونەوە لە پـاڕتی دێموکرات، دوای ماوەیەک بە مەبەستی دووبـارە بووژانـدنەوەی حیـزب لە

ڕێگای ئامێدەوە بەرەو بەغدا وەڕێدەکەوێ، دەوڵەتــی حەســەن ئەلبەکــر بەو مەرجە وەریــدەگرێ و پشــتیوانی لێــدەکا کە شــەڕی بارزانیەکــانی بــۆ بکــا، ئەحمەد تۆفیق بە توندی پێشنیاری ئەو بــرا کــوڕیە ڕەد دەکــاتەوە. هەر بەو هــۆیەش دەوڵەتــی عێــراق دەیگــرێ و لە دوای هەشــت مانــگ زینــدانی و ئەشکەنجە لە ساڵی ١٩٧٣ی زایینی لە زیندانی ئەبووغەریب شەهید دەکرێ.

## کاک عەزیز یۆسفی

کاک عەزیز نووسەر و وەرگێڕ و شۆڕشگێڕی کورد لە سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێراندا لە پاش ٢٥ ساڵ زیندانی ئازاد دەبێ و دەچێتە ماڵە کاک جەلیلی گادانی کە ئەوکات ماڵی لە تاران دەبێ. لە دوای ئازاد بوون زۆری پێ ناچێ لە ڕێکەوتی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٥٧هەتاوی لە بەر کاردانەوەی ئازار و ئەشکەنجەی زۆری زیندان کە لەو ماوەیەدا کاری لێکردبوو، سەکتە دەکا و ژیانی خۆی لە پێناوی نیشتمان، وڵات و ڕێبازی حیزبەکەی بەخت دەکات. بەداخەوە ئەو ماوەیەی کە لە ماڵە کاک جەلیل دەبێ، زۆر حەول دەدا کە بەسەرهاتی خۆی و زیندان بگێڕێتەوە، بەڵام کاک جەلیل مەودای پێ نادا و ئەو ئاواتەی وەکوو ئاواتەکانی تری دەباتە ژێر گڵ.

کاک جەلیل بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە خەبەر بە ئێمە دا کە کاک عەزیز عەمری خودای بەجێهێناوە، پێویستە بۆ ڕێزگرتن لەو مرۆڤە زەحمەتکێشە پێشوازیی و مەڕاسمێک بەڕێوە بچێ کە لە شان و شکۆی ئەودا بێ. ئێمەش بە هەر کەرەسەیەک کە لەبەردەستماندا بوو بە هەموو شار و گوندەکانی کوردستانمان ڕاگەیاند کە ڕووداوێکی وا دڵتەزێن ڕووی داوە، ئەرکی هەموو نیشتمانپەروەرێکە بۆ پێشوازی کردن لە تەرمی پیرۆزی کاک عەزیز خۆی بگەیەنێتە مەهاباد. لە زۆربەی شار و دێهاتەکانی کوردستان خەڵک بە هەر شێوەیەک بوو خۆیان گەیاندنە مەهاباد، لە کاتی دیاریکراودا حەشیمەتێکی بێداد زۆر وەخڕ ببوون، بە پیادە و دووچەرخە، مۆتۆر و ماشێنی گەورە و چووک، تەنانەت تراکتۆر بەرەو میاندواو وەڕێکەوتین. لە

نیزیـک میانـدواو مەئمـووریی شـارەوانی پێشـیان پـێ گـرتین پرسـیان ئەو جەمـاعەتە و بەو شـێوەیە بۆکـوێ وەڕێکەوتـوون!؟ پـێمان ڕاگەیانـدن کە خۆشەویستێکمان عەمـری خـودای کـردووە و جەنـازەکەی بە ڕێـوەیە، بـۆ پێشــوازی لە تەرمــی ئەو خودالێخۆشــبووە بەرەو تەورێــز دەڕۆیــن. مەئموورەکان پێیان گوتین کە دانیشـتووانی میانـدواو ترسیان ڕێنیشـتووە و داوا دەکەن کە ئەو حەشیمەتە نەچنە نێو شار، ئەوان پێیـان وایە هـاتوون بـۆ تالانی میاندواو. پاشان تکایان لێکردین هەر لەو شوێنە بمێنینـەوە. گوتیـان ئێمە بۆخۆمان دەچینە ئەوبەری شار و جەنازەکەتـان بـۆ دێنیـنەوە نەوەکـوو ڕووداوێکی ناخۆش ڕووبدا. پێشنیارەکەیان ژیرانە بوو، لێمان قەبووڵ کردن. ئێمە لە قەراغ شار ڕاوەستاین. مەئموورەکان بە ماشێنی خۆیان تەرمی کـاک عەزیز و ئەو کەسانەی لەگەڵی بوون هێنـا و تەحویلیـان دایـن و بۆخۆیـان گەڕانەوە. ئێمەش بە پەژارە و خەمێکی یەکجار زۆر بەرەو شـار گەڕایـنەوە. تەرمەکەمان برد بۆ مزگەوتی هەباس‌ئاغا، لە پاش بەجێگەیاندنی ڕیوڕەسمی ئایینیی و دۆعا و فاتیحـا و سەرەخۆشـییەکی گەرموگـوڕ بەرەو گۆڕسـتانی بداغ سـووڵتان وەڕێ‌کەوتـین. مامۆسـتا مەلا شـێخ عیـزەددین کە ئەوکـات ئیمامی جومعەی شاری مەهاباد بوو، لە مزگەوت ڕایگەیانـد کە ئەو کەسـە تەواوی عــومر و ژیــانی خــۆی فیــدای نەتەوەکەی کــردووە و جێگــای نێوەڕاستی بەهەشتە. فاتیحا خوێنـدن و دۆعـاکردنی پـێ نـاوێ، بەوجـۆرە لەگەڵمان نەهات بۆ سەر قەبران و خۆی لەو کارە خێرە بوارد.

لە کاتی بەخاک ئەسپاردنی تەرمی کـاک عەزیـز لەسـەر خۆپێشـاندان و پێشکەش کردنی وتاری سیاسی دووبەرەکیمان لێ پەیدا بوو، کـاک جەلیـل جەنازە و بڵیندگۆکەی بە چنگەوە گرتبوو، دژی هەر جۆرە خـۆ پێشـاندان و

جوولانەوەیەک بوو. ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد کە لە قسە و دروشمی توند خۆ بپارێزن. هۆیەکەشی ئەوە بوو دەیگوت خودی مەهابادییەکان چون دەگەڵ بارووده‌ۆخی شار ئاشنان، ئەگەر بێتوو ئەرتەش تەقە بکا ئەوان خۆ لە ماڵان دەهاوێن و پەنا دەگرن، بەڵام خەڵکی شارەکانی دیکە میوان بوون و بە کووچە و کۆڵانی شار بەڵەد نین، سەریان لێ دەشێوێ و لەوانەیە کوشتەیەکی زۆر بدەین. لە دواییدا تاوانەکەی دەخەنە ئەستۆی ئێمە، داوای ئێمەش ئەوە بوو کە ئێستا لە سەرتاسەری ئێران جگە لە کوردوستان خەڵک دژی شا هەستاون و خۆپێشاندان هەیە، بۆ ئەوەی خۆمان لە بەشەکانی دیکەی وڵات جوێ نەکردبێتەوە، لەگەڵ ئەوان هاودەنگ بین. پێویستە دروشم بدەین و تەزاهورات بکەین، خەڵکی ئێمەش نارەزایەتی خۆیان دەربڕن. ئەورۆ لە هەموو ڕۆژئاوای ئێران بەتایبەت کوردستان لەو شوێنە کۆ بووینەتەوە، هەلێکە و پێویستە ئێمەش دەنگ هەڵبڕین. ڕێ ورەسمی بەخاکسپێری کۆتایی هات و حەشیمەت دەهات بڵاوەی بکات، ئەوەندەی لە بیرم بێ، من و کاک سەیدحەسەنی هاشمی و سەید محەممەدی نیزامی و چەند کەسێکی دیکە لایەنی توندڕەو بووین، داوامان لە خەڵک دەکرد کە هاوڕەزمێکی کاک عەزیز بە ناوی کاک سولەیمانی موعەینی شەهیدە و لەو گۆڕستانە نێژراوە و چاوەڕوانی فاتیحایەکە، تکاتان لێدەکەین با لەو ڕۆژە دڵتەزێنەدا پەیمان و بەڵێنی خۆمان دەگەڵ ئەو شەهیدە مەزنە دووپات کەینەوە. پێشتر لە نێو خۆماندا لەسەر ئەوە ساغ ببووینەوە کە سەید محەممەدی نیزامی وتارێکی توند بنووسێ و لە سەر گڵکۆی کاک سولەیمان بیخوێنێتەوە، تاکوو حەشیمەت وەجۆش بێ و خۆپێشاندان دەس پێبکا. بەڵام بەداخەوە وتارەکە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو. سرنجم دایە

حەشیمەت دیتم هەستی ڕاپەڕینی تێدا بوو، چاوەڕێی چەخماخەیەک بوو بڵێسەی لێهەستێنێ و کوڵوکۆی خۆیان دابمرکێنن. چاوێکم بە قەبراندا خشاند، چاوم بە قەبری مەلامەحموودی زەنگەنە کەوت کە لە نیزیک کاک عەزیز بە خاک ئەسپێردرابوو، مەلا مەحموود لە تێکهەڵچوونێکدا لەگەڵ ژاندارمی شا شەهید ببوو، لەو تێکهەڵچوونەدا کاک مونتەقیمی قازیش دەگەڵ بوو. چوومە سەر گڵکۆکەی و پێیەکم بە قەبرەکەی دادا و بە دەنگێکی بەرز گوڕاندم گوتم: ئەی جەماعەت دەزانن ئەوە گڵکۆی کێیە؟ کەس جوابی نەبوو، دووبارە گوڕاندم ئەوە گڵکۆی شەهید مەلامەحموودی زەنگەنەیە کە بە دەستی ژاندارمی چەپەڵی شای تاوانبار شەهید کراوە... جەماعەت هەر کە گوێیان لەو قسە توندانە بوو دەنگیان هەڵبڕی و بە دروشمی بژی دێموکرات، بژی پێشەوا قازی محەممەد، شەهید نامرێ بەرەو شار داگەڕاینەوە. بەو جۆرە بە تەواوی شەقامەکانی شاردا تێپەڕین. ئەوە هەوەڵین خۆپێشاندان لە کوردوستانی ڕۆژهەلات وڕۆژاوای ئێران بوو کە بە دژایەتی لەگەڵ ڕژیمی شا ساز بوو و بە دوای ئەودا هەموو شارەکانی کوردستانی تەنییەوە.

بۆ سبەینێڕا دوکتور بەهمەنی تەلەیفوونی لێکردم کە نەگیراوی؟ پێی گوتم کە چەند نەفەرێک گیراون وشیاربە. پاش ماوەیەکی کورت، پاسەبانێک هاتە بەر دەرگا و پێی ڕاگەیاندم خۆت ئامادەبکە لە شارەوانی کاریان پێتە. دەمزانی چ باسە هەرچەند دەمتوانی خۆ بشارمەوە، ئەو کارەم نەکرد و پاش خۆ حازر کردن لەگەڵیان چووم بۆ شارەوانی، ئەو کەسانەی خوارەوە گیرابوون:

ئەحەدی ئەنجیری، سەید محەممەدی نیزامی، عەزیمی مووەففەقی،

باییزی ئەڵڵا، ئەنوەری یۆسفی، سەیدحەسەنی هاشمی، قادری ماوەڕانی، حەسەن ماوەڕانی، تەهای کەرباسی، تاهیری خەلیلی، قاسم چیڕە، سەید خدر، حەمەدەمین چیڕە، پۆڵا نانەوازادە، قاسم ڕیانی، هووشی ئیمامی، حوسێن بەخشی و چەند کەسێکی دیکە.

کاک جەلیلی گادانی لە تاران گیرابوو، لە کاتی ناشتنی کاک عەزیز کچێک شتێکی خوێندەوە ئەوکات ئێمە نەماندەناسی، لە بازجوویی کاک جەلیلدا ناسیبوویان و گرتیان هێنایانە زیندان، ئەو خانمە حەوسەتی دەباغی بوو.

ئەوکات کە لە زیندانی شارەوانی مەهاباد گیرابووین، سەرگورد پەڕنیان بەرپرسی ساواکی وەختی مەهاباد هاتە زیندان و داوای کردبوو دوو کەس وەک نوێنەر بچن بۆ لای، تاکوو وتووێژی لەگەڵ بکەن. وەک نوێنەر من و یەک لەو چیڕانە هەڵبژێردراین. کە چووینە وەتاغی نیگەهبان، سەرگورد پەڕنیان ڕووی لە چیڕە کرد لێی پرسی ئێمە چەندەمان چاکە بۆ تۆ بووە، فڵان کات ئەتۆ گیرابووی بەڵام بێ ئەوەی سزا بدرێی پاش ماوەیەکی کورت ئازادمان کردی، ناردمانییەوە دانیشگا و درێژەت بە خوێندن دا، ئەویش هەر دەیگوت وایە قوربان. پێی گوت ئەدی بۆوا نمەک نەشناس بووی. هەڵمدایە گوتم: ئەوە توودەییە لەخۆڕایی گرتووتانە، هەر لە بنەڕەتدا نەدەبوو گیرابا و زۆر بە توندی بەگژیدا چووم. بۆ جاری دووهەم ڕایئەسپارد بۆ جارێکی دیکە ئەوەی وەک نوێنەر مەنێرن.

پاش ماوەیەکی کورت من و عەزیمی مووەففەقی، جەلیلی گادانی، چیڕەکان، تاهیری خەلیلی، هووشی ئیمامی و پۆلای نانەوازادە، قاسم ڕیانی، خوسرەو خووسرەوی حەواڵەی زیندانی ورمێ کراین، گیراوەکانی

دی بەربــوون. کــاک ئەحەدی ئەنجیــری تۆزێــک خوڕافــاتی بــوو، هەمــوو شەوێ کۆترێکی دەخەوێ دەهات کە بە دندووک ئەحەدی هەڵدەگرت و لە حەساری زیندان دەیبردە دەرێ و ڕزگاری دەکرد. ئاغای یۆسـفی کە پێشـتر باسمان کرد، بە قەشمەرە ئەو خەونەی دەدیـت: قشـقەڵەیەک تەنـافێکی بـۆ کاک ئەحەدی ڕۆدەهێشت، ئەحەد دەسـتی پێـدەگرت، تـا نیزیـک ئـاخری دیوارەکە دەیبرد. کاک عـومەری قـازی ڕاسـت دەبێـتەوە و بە خەنجەرێـک تەنافەکەی دەبڕێ و کاک ئەحەد بەردەبێتەوە خوارێ و نـاهێڵێ ڕزگـار بـێ. کاک ئەحەد نێوچاوانی تێکدەنا دەیگـوت: لە خەوێشـدا ئەو کـابرایە کـاری چاک نازانێ و تەواو پێی قەڵس بوو. هەرچی پێت دەگـوت خەونە و هـیچ نییە، دەیگوت نا ئێوە نازانن خەون بۆی هەیە.

وردەوردە لە نێــو زینــدان بــوو بە قــاو کە هێنــدێک لە زینــدانییەکان بەڕێدەکرێن بۆ ورمێ و دەدرێن بە دادگا و ئەوانی تریش هەر بێ دادگـایی کردن ئازاد دەبن. کاک تەهای کەرباسیان جحێڵ و بەخۆوە بوو، ئەوەنـدەی شـیرینی بـۆ زینـدانیان دەهـات لە کەفلەیەکوونێکـدا دەیخـوارد. جارێـک کەسـێک لە زینـدانییەکان جــووتێکی دەمپــایی بەجــوانی لە قوتوویەکــدا شاردبۆوە، پێچابوویەوە و لە سەر تاقەیەک دینابوو، تەها ئاگای لە جەریانی دەمپایی نەبـوو، بەخۆشـییەوە قـودووی هێنـایە خـوارێ بە خەیـاڵی خـۆی شـیرینی بخـوا، بەڵام هەر قـودووی هەڵپچـڕی و چـاوی بە نێـو قـودووکە کەوت، وەک لە ئاوی هەڵکێشی چڕوچاوی پڕ بوو لە ئارەقە، زۆر بە قەڵسی گــوتی: بــزانم هەرکەس ئەوەی کــردووە واووای لێــدەکەم، بەڵام کەس وەئەستۆی خۆی نەگرت. ئەو گـاڵتەیە مـاوەیەک لە زینـدان بـوو بە مـایەی پێکەنینی من. یەکدوو ڕۆژ پێش بەڕێکردنمان بۆ ورمێ، بە سەید حەسەنی

هاشمیم گـوت لە کـاتی چـوونە دەرێ لە زینـدان، خەیـاڵی دروشـمدان و شلووقیم هەیە، کاک سەید حەسـەن زۆری ئامۆژگـاری کـردم کە هەلەکەی ناسـکە و وەختـی وەی نییـە. واهـات لەوانەی کە دەبـوو ئـازاد بکـرێن، سەیدحەسـەن وەبەر کەوت، بەڵام ئەمـن بە نەبـوونی کـاک حەسـەنیش لە تەمای خۆم پاشگەز نەبوومەوە. کاتێک لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بڕیـار بـوو بەڕێکرێین بۆ ورمێ و ڕادەستی دادگا بکـرێین، لەبەر دەرکـی ژانـدارمەری تەنیشت سینەما ئاریا، کە ڕوانـیم حەشـیمەتێک لە چـوارچرا ڕاوەسـتاون و چاوەڕوانی بەڕێکردنی ئێمەن. یەکێک لەوانە کـاک برایمـی قـازی کـوڕی کاکە ڕەحـمان و خودالێخۆشـبوو میناخـانمی هـاوژینم بـوون کە دەسـتی منداڵەکانی گرتبـوو وچـاوەڕوان بـوون. ئەمـن بـۆوەی چـاکتر ببینـدرێم و گوێیان لە دروشمەکەم ببێ، چـووم بـۆ لای نێوەڕاسـتی شـەقام، بەرپرسـی شارەوانی کە پێی وابوو تەمای هەڵاتنم هەیە بۆوەی پێشم پێبگرێ لێم هاتە پێش، بەڵام باسکم لە کڵاوەکەی کەوت و لە قانـاوێ کەوت، تـا سـەرگورد داهاتەوە کڵاوی هەڵگرێتەوە، ئەمن خۆم گەیاندە نێوەڕاستی شـەقام و ڕووم لە جەماعەتێ کرد و بە دەنگی بڵێند گوتم: ئەوە ئێمە بەڕێ کراین بۆ ورمێ و بۆ دادگا، ئەگەر هاتوو ئێعدامیشان کردین بۆمان مەپـاڕێنەوە، ئێـوە لە پـاش من کوردایەتی لەبیر مەکەن. بژی کورد و کوردستانی مەزن.

لەوێـڕا بردیـانین بـۆ شـەقامی سـەربازخانە و لەوێ ماشـێنی ئەڕتەشـی ڕاگیرابوون تا حەواڵەی ڕەزاییەمان بکەن.

لە ورمێ بە چەن کەسان حەواڵەی بەندێکی ئاسایی کراین و دەپاڵ دز و قاتڵ و پیاوخراپانیان کردین. لە هەلومەرجێکی یەکجار نالەبـاردا دەژیـاین. ڕۆژێـک پـێکەوە بڕیارمانـدا کە کاغەزێـک بنووسـین و ڕابگەیەنـین ئەگەر

هەموومان کۆ نەکەنەوە بەندێکی تـایبەتی سیاسـیمان بـۆ دیـاری نەکەن، لە خواردن مان دەگرین. نووسینی ئەو نامەیەشیان هەر خستە سەر ملـی مـن. نامەم بۆ بەرپرسـی زینـدان نووسـی و بە مەئموورێکـدا بەڕێـمان کـرد، بـۆ بەندەکانی دیش نامەمان بەڕێ کرد و پێمان ڕاگەیاندن کە ئێوەش مـانگرتنی خۆتان ڕابگەیەنن، ئەوانیش ئەو کارەیان کردبـوو. ئەو ڕۆژە هەرچەنـد نـانی بەرچاییمان خواردبوو، پاش ڕاگەیاندنی مانگرتنیش، چەند لیـوانم شـەکراو خواردبۆوە، هەر بە ناوی مانگرتن تا ئێوارێ وەختابوو لە برسان بمرم. سەید محەممەدی نیزامی و تاهیری خەلیلی برینـی گەدەیـان هەبـوو، بە شـۆخی پێم‌گوتن من بەسڵامەت دەوڕۆژانەدا دەچمە بەندێکی سیاسـی، بەڵام ئێـوە بەو هۆیە کە نەخۆشن، ڕەنگە بمرن. بەڵام بەرپرسی زیندان هێندە بەخێرایـی داواکارییەکەیان جێبەجێ کردین کە نەگەیشتینە ئەوەی کە ئەوان بمرن.

هەر بۆ ئێوارێ هەموومانیان وەخڕ کرد و بردیانینە بەنـدێکی تـایبەتی کە پێش ئێمە چەند نەفەرێکی تێدابوو. دوو برا بە ناوی عەبووبەکر و عـومەری حەمیدی دانیشتووی بۆکان بـوون و کـوڕێکی تـورک کە دەسـتی شـاعیری هەبـوو وە کەسـێک بە نـاوی بـرایم چەکـڵە کە پـێش شـەهیدبوونی کـاک سـوولەیمان چەتەیـی دەکـرد. ژانـدارم زۆری بەدوودا گەڕابـوون بەڵام نەیانوێرابوو خۆ لە قەرەی بدەن، بەڵام کاک سولەیمان کە دژی هەر چەشـنە کارێکی خراپ بوو، وڵامی بـۆ دەنێـرێ کە لەمەو بەدواوە بێتـوو دەسـت لە کاری نالەبار هەڵنەگرێ، لەگەڵ پێشمەرگە تەڕەفە. لە ترسی کاک سولەیمان چەک دادەنێ و بۆوەی وەگیری ژاندارمان نەکەوێ وەک نەناسراوێک دەچێ ماڵێک لە شاری کەرەج دەگرێ و لە وێ جێگیـر دەبـێ. ڕەحـمانسـمێڵێک هەبوو کە ڕەشید سمێڵیشیان پێدەگوت، ماوەیەک پێشمەرگە دەبێ و هاتبۆوە

خۆی ئەمین کردبۆوە و لەگەڵ ساواک هاوکاری دەکرد. ڕۆژێک دەچێ بە خوشکی برایم چەکڵە دەڵێ، کاک برایم لەکوێیە، ئەمن دۆستێکی زۆر نیزیکی ویم ـ ڕەشیدسمێڵ لە دۆستانی مامڕەسووڵی عەبدوسسەمەدی بوو ـ ناونیشانەکەیم پێ بڵێ تا هەر کارێکی هەیبێ بۆی جێبەجێ بکەم. بە زبانان کچەی فریو دەدا و ناونیشانەکەی وەردەگرێ. ڕۆژێک بە دەمانچەوە دەچێ دەسەری دەبێ، گوللەیەکی لە جێیەکی ئەستەم دابوو. بەو شێوەیە گیرابوو و لە کەرەجڕا ناردبوویانەوە بۆ ورمێ.

## دیاریکردنی پارێزەر

دەوڵەت بەو هیوایە بوو وەک پێشوو پارێزەری دیاریکراومان بۆ دابین بکات کە لە نێو ئەرتەشییە خانەنشینەکاندا هەڵدەبژێردران. ڕەئیسی دادگاکەمان کەسێک بوو بە ناوی سەرهەنگ سێپێهری. زۆی حەول دا لەناو ئەو ئەرتەشیانەدا کەسێک وەک پارێزەری خۆمان هەڵبژێرین، قبووڵمان نەکرد. لەوکاتدا بنکەی پارێزەرانی ئێران لە تاران ڕایگەیاندبوو کە ئامادەن بەرگری کردنی ئێمە لە دادگا وەئەستۆ بگرن، بە هۆی ئەوانەی کە دەهاتنە چاوپێکەوتنی ئێمە داوایان لێدەکردین کە لە نێو ئەوانەدا کەسێک وەک پارێزەر دیاری بکەین، ئەمن سەید کەریمی لاهیجی لەگەڵ (بوسلچوو)م هەڵبژارد. کاک جەلیل سەید حەسەنی نەزییە و بوسلچووی دیاری کردبوو.

خۆم ئامادە کردبوو کە بەرگرییەکی زۆر توندوتیژ بکەم و دەنگی گەلەکەم لە تریبوونی دادگاوە بە گوێی هەموو دونیا ڕابگەیەنم. لەو سەروبەندەدا نوێنەری بنەماڵەی زیندانییەکان کە بریتی بوون لە کاک ڕەحمانی قازی، خەلیلی مووەففەقی و یەکدوو نەفەری دیکە، لە لایەن نوێنەری ئەوکاتی شار لە مەجلیس و هەروەها ساواک و ئۆرگانەکانی دەوڵەتی، هاتبوونە ورمێ بۆ وتوویێژ لەگەڵ زیندانییەکان و بەڵێنی ئازادیشیان هێنابوو. من و کاک جەلیل وەک نوێنەری زیندانییەکان هەڵبژێردراین کە لەگەڵ نوێنەرەکانی شار کە چەند ئەفسەریشیان لەگەڵ بوو قسە بکەین. کاک جەلیل بە نەرمەنەرمە زۆری گوت، بەڵام بە ئاکام نەگەیشت. کە نۆرە گەیشتە من زۆر بەتوندی بەگژ دەوڵەتی شادا هاتم و

ڕامگەیاند ئەگەر ئازادییەک و حەقێک لە لایەن دەوڵەتی شاوە بێ نامهەوێ، چونکە لە جەوهر وزاتی دەوڵەتی پاشایەتی بەدوورە کە حەقی میللەتان دابین بکا. بەوجۆرە ئەو وتووێژە بێئاکام مایەوە.

پێش بەربوونمان نامەیەکی گۆڵمەزاوی و دوورودرێژم نووسیبوو کە نیشانی کاک جەلیلیشم دابوو. پێیگوتم ئەگەر ئەو نامەیەت لێ بگرن تووشی مەترسییەکی گەورە دەبی. گوێم نەدایە و بە هۆی ملاقاتیەکی تاهیری خەلیلی بەڕێم کردە دەرێ، چەند فتۆکۆپییان لێ هەڵگرتبوو و لە دیواری شاریان دابوو. بەداخەوە ئەمن ئەو نامەیەم لە بەر دەستدا نییە کە لێرە دەقی تەواوی بخەمە بەر چاوی خوێنەران. هەتا تاهیری خەلیلی ملاقاتی بۆ دەهات بە منیان دەسپارد کە ئاگات لە کاک تاهیر بێ، منیش لە وەڵامدا بە گاڵتە دەمگوت، نیگەران مەبن کردوومە بە گوێلکی خۆم. ئەوانیش زۆریان سپاس دەکردم و دەیانگوت ئەگەر وابێ ئێمە خاترجەمین!

ڕۆژێک خەبەر هات کە بڕیارە پێنج کەسمان ئێعدام بکرێین، بۆ ئەوەی ببین بە دەرسی عیبرەت بۆ کەسانێکی تر و خەڵکی پێ چاوترسێن بکەن، بەندیەکان بەو هەواڵە زۆرنیگەران ببوون. ئەو خەبەرەیان دێنا و دەبرد و منیش بە شۆخی پێمدەگوتن جا بۆ خەڵکی تر ئێعدام ناکەن بۆ ئەوەی ببێتە دەرسی عیبرەت بۆ ئێمە و بترسێین، ئەو قسەیە لە زیندان ببوو بە مایەی شۆخی و پێکەنین. لە کاتێکدا کە لە تەواوی ئێران خۆپێشاندان بە دژی شا هەموو ڕۆژێ هەبوو، ڕۆژنامەکان نووسیبوویان کە بڕیار دراوە پێنج کەس لە زیندانییەکانی مەهاباد بە تاوانی تەجزییەتەڵەبی ئێعدام بکرێن! بنکەی قانوون ناسەکانی ئێران ڕایگەیاندبوو: «با کردها چنین معامله نکنید» واتە لەگەڵ کوردەکان بەم جۆرە هەڵسووکەوت مەکەن. دیارە ڕاپۆڕتی ئەو

ڕۆژنامەیە وەڕاست نەگەڕا و ئێمە ئازاد کراین.

لە زینــدان بــووین بە دوو دەســتە، هێنــدێکمان خودالێخۆشــبوو مەلاکەریمی شاریکەندیمان لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مەلا شێخ‌عیـزەددین پێ باشتر بوو و هێندێکیش بەپێچەوانە ئەوەی تریان پێ باشتر بوو.

ڕۆژێک لەگەڵ حەمەدەمینی چیڕە دمەقاڵەمان لێ پەیدا بوو، ئەو خۆی بە توودەیی و لایەنگری شووڕوی دەزانی و ئەمنیش وەک حیزبی بەرگـریم لە ویستی نەتەوەی کورد دەکرد. چیڕە لە نێو قسـاندا گـوتی: ئەمـن نیـو میترم خاک لە کوردستان پێدەگا و بەشی خـۆم دەدەم بە شـووڕەوی، پـێم گـوت شتی وا نابێ، کەس مافی بەخشینی خاکی کوردستانی نییـە، دەتـبەمە سـەر پـردی ئـاراز و یەک‌دوو جـار پێـت پـێ بە عەرزیـدا دەدەم و دەلینگــی شەڵوارەکەشت دەبێ بە جوانی بتەکێنی کە مەبادا بڕێک لە تۆزی کوردستان بە دەلینگــی شــەڵوارەکەتەوە نووسـابێ و بیـبەیە ئەوبەری، پاشـان پاڵێکـت پێوەدەنێم و فڕێت‌دەدەمە ئەوبەری پردەکە. پاشان ئەو باسە یەک دوو جاری دیکەش لە دوکانی سەید محەممەدی نیزامی دووپات بۆوە.

هەر ئەوجۆرە بیرکردنەوە و دۆزخوازیانە بوون کە لە پێشدا و بەتایبەتی لە دواییدا بوو بە هۆی دووبەرەکی و لایەنگری بیروبـاوەڕی چەپ، بەتـایبەت توودەییەکان بە دژی جووڵانەوەی ئـازادیخوازی کوردسـتان بەرهەڵەسـتیان کرد و لە ئاکامدا دیتمان کە چیان بە سەر هات. بۆخۆتان باشتر دەزانن.

بە هۆی لەقبوونی ڕژیمی شا دەرفەتی ئەوە نەما کە بدرێین بە دادگـا و لە ڕۆژی جومعە کە ڕۆژی پشوودان بوو بە دانانی زامن و بـارمتە پـاش چـوار مانگ زیندانی لە زیندان ئازاد کراین، زامنەکەمان ئاغای بوسلچوو بـوو. لە بەر دەرکی زینـدانڕا تـا دەگەیشـتنە دەروازە مەهابـادی ورمـێ، ماشـێن بـۆ

پێشــوازی لە زینــدانییەکان ڕاوەســتابوون. خەڵکــی ورمــێ بە دیتنــی ئەو حەشیمەتە سەریان سووڕمابوو و دەیانگوت ئاوا دەبێ نەتەوە، تەماشا چۆن زیندانیەکانی خۆیان ئازاد کـرد و هـاتونەتە پێشـوازیان. بە پێشـنیاری کـاک جەلیل گادانی هەوەڵ شـوێن چـووین بـۆ سـەر قەبـران، بە تـایبەتی سـەر گڵکۆی کەسێک بە ناوی فەقێ‌یاقووبی کە لە کـاتی خۆپێشـاندانداندا شـەهید ببوو و لە وێش‌ڕا گەڕاینەوە بۆ سەر گڵکـۆی پێشـەوا و هاوڕێکـانی، پـاش فاتیحا ناردن و دووعا کردن گەڕاینەوە، هەرکەس چۆوە ماڵە خۆی.

پاش ئازاد بوون هەرچەند بە زەمانەت ئـازاد کرابـووین، لەسـەر ویسـتی خۆم سوورتر بووم. نەک لە هەمـوو خۆپێشـاندانەکاندا هاوبەشـیم هەبـوو، بەڵکوو بەڕێوەشم دەبـردن، لە یەکێـک لەو خۆپێشـاندانانەدا لە بەر دەرکـی شـارەداری چـوومە سـەر کامیوونێـک و ئەو دروشـمەم دا: کـاک غەنـی بلووریان، قارەمانی کوردستان دەبێ لەزیندان ڕزگـار بکـرێ. لە یەکێـک لە خۆپێشـاندانەکانی دیـکە کە لەبەر دەرکـی خـانەی پیشـاهەنگی لە نیزیـک گوومرگ دەست پێدەکرا، داوای هەڵوەشانەوەی پەیمانـی ئەلجەزایـر کە لە سـاڵی ١٩٧٥ی زایینـی بە دژی کوردەکـان بەسـترابوو، کـرد و دروشـمی تێکچوونی ئەو پەیمانەم دا.

لە یەکێـک لە ڕێپێوانەکانـدا کە بەرەو سـەربازخانە دەچـووین ، پێشـتر سـەرتیپ پزشـکپوور فەرمانـدەی پادگـان ڕایگەیانـدبوو کە توانـای بەرپەرچدانەوەی هەموو چەشنە خۆپێشاندانێکم هەیە، دەوڵەتی ناوەنـدیش حاڵەتی حکوومەتی نیزامی ڕاگەیاندووە، دەستی مـن بـۆ سـەرکوت‌کردنـی هەر چەشنە بزووتنەوەیەک ئاواڵەیە. بەڵام ئێمە کاری خۆمان هەر کرد.

پزشکپوور مەلا شێخ عیززەددین و مەلاسەعیدی کامەمی وەک نوێنەری

خۆی نـاردە پـێش خۆپێشـاندەرەکان. ئەوان پێیـان ڕاگەیانـدین کە دەوڵەت تەمای وەی هەیە بە توندی بەرگری لە هەموو چەشنە خۆپێشـاندانێک بکـا، بۆ ئەوی هیچ چەشنە ڕووداوێکی دڵتەزێن نەیەتە گۆڕێ، داواتان لێـدەکەین کۆتایی بەو ڕێپێـوانە بێـنن و بە هێمنـی بـڵاوەی بـکەن. کەسـێک بە نـاوی موتەهەری لە ڕێپێوانەکە هاتە دەرێ و ڕووی لە مـن کـرد گـوتی: مامۆسـتا ڕایگەیانـد کۆتـایی بەو ڕێپێـوانە بێـنن، ئـێمە دەڕۆیـنەوە. یەکدوو نەفەر لە هەوادارەکانی کۆمەڵە کە تازە لە حاڵی گۆڕان دا بوو، هـاتنە دەرێ گوتیـان: ئێمە بڵاوەی دەکەین. ئەمنیش بە جەماوەرەکەم ڕاگەیانـد ئەوانەی دەترسـێن بڕۆنەوە، ئێمە درێژە بە کاری خۆمان دەدەین و ڕێپێـوان ئەوڕۆ و لە ڕۆژانـی داهاتووشدا هەر هەیە و درێژەیدەبێ.

پاش ماوەیەک کە هەر دوو داواکارییەکانمان وەدی هاتن(بەردەوام بونی ڕێپێوانەکـان و داوای ئـازادی بـۆ مـامە غەنـی)، مـامە غەنـی ئـازاد کـرا و حەشـــیمەتێکی یەکجـــار زۆر بـــۆ پێشـــوازی لەو زینـــدانییە بەناوبـــانگە هەڵپشکووت و چەند کیلۆمیتر بەرەوپیری چووین. لە گەڕانەوەدا کە چاوی بە من کەوت، ماشێنەکەی خۆی ڕاگرت و منی لە کن خۆی سـوار کـرد، وا دیار بـوو شـتهایەکی لە سـەر مـن سـەبارەت بە خـۆی و خۆپێشـاندانەکان بیستبوو.

## خزمەتی بەرچاوی ڕادیۆ پەیکی ئێران و کاک کەریمی حیسامی

خـزمەتە بەرچـاوەکەی پەیکـی ئێـران و کـاک کەریـم و حیزبـی تـوودە بە زەحمەتکێشان وچەوساوەکانی کوردستان، کابرایەکی زەحمەتکێش هەبـوو بە ناوی هەمزە ناسراو بە قادر سەرکەڵە کە بـۆ بژیـوی ژیـانی خـۆی لە نێـو شاردا سەوزی دەفرۆشت، بۆ تەبلیغاتی خۆی و ئەوە کە بتـوانێ بڕێـک پـتر سەوزی بفرۆشێ بە دەنگێکی خۆش لە کووچاندا هەرای دەکرد: «باقە باقە، بـاقەی دووباقــە، بـاقەی بەقڕانــێ» ژن و منـداڵی گەڕەک تێـدەورووکان و سەوزییەکەیان لێ دەکڕی. بە قازانجی ئەو سـەوزییە ژیـانی خـۆی بەڕێـوە دەبرد. ئەو خەبەرە بە قەولی پەیکی ئێران گرینگە، بە گـوێی هەڵاتووەکـانی کورد لەوڵاتانی کۆمۆنیستی گەیبۆوە، ڕادیۆ پەیکی ئێران وەک شـتێکی زۆر سەیری وەگیرکەوتبێ هەموو ئێواران ئەو خەبەرەی وەک هەواڵێکی یەکجـار زۆر گرینگ لە سەر ڕادیۆ دەڕازاندەوە. کاک کەریم بە دەنگە نووسـاوەکەی خۆی دووپاتی دەکردەوە و ڕایدەگەیاند کە خەڵک ئاوا بێکار و بێ دەرەتانن، ناچارن بۆ دابین کردنی بژیوی ژیانی خۆیان ئاوا تاریف لە سەوزی بـکەن و بەسەریدا هەڵبڵێن! ساواک کە ئەو بەزمەی بیستەوە ناردی لە دووی کـابرای سەوزی فـرۆش، مـاوەیەک ڕایگـرت و لێـدانێکی چاکیشـیان لێـدا. پێیـان ڕاگەیاند کە مافی ئەوەت نییە جارێکی دیکە بەسەر سەوزییەکەتدا هەڵبڵێی، بەو شێوەیە ئەو خزمەتە چاکەیان بە کابرای زەحمەتکێش کرد.

دیارە ئەوکات حیزبی توودە و بەڕێوەبەرانی ڕادیۆ پەیکی ئێـران لەوپەڕی بێخەبەریـدا بـوون، دەنــا ئەو ڕووداوە دەگەڕێـتەوە بـۆ پـاش تێکچـوونی

حکوومەتی دوکتور موسەددیق و بەرز بـوونەوەی نرخـی نەوت و لابردنـی پاوان لەسەر فرۆشی نەوت، کە ئەوکـات ژیـان لە ئێرانـدا لەوپەڕی باشـیدا بوو. بە جۆرێک کە خواردن وخۆراک وشـتومەک زۆر هەرزان بـوو، ئەگەر سەرانی حیزبی توودە خەبەریان لەو شـتانە هەبـا و بیانزانیبـا بـارووودۆخەکە چۆناوچۆنە، دەگەڕانەوە ئێران و ماڵ و داهاتێکی زۆریان وەسەریەک دەنـا، دەبوون بە سەرمایەدار و نەدەگەڕانەوە بۆ وڵاتی بێگانە.

هەرچەند کاک کەریمی حیسامی ئینسانێکی لێهاتوو، ئازا و تێکۆشـەر و مانــدوویینەناســە، بەڵام بــڕێکیش ڕەوشــتی تێکــدەری و ئــاژاوەگێڕی و خۆتێهەڵقوتاندنی تێدایە، وەک بۆخـۆی دەنووسـێ لە ئـاژاوەی جوتیـارانی ناوچەی بۆکاندا دەستێکی هەبووە و زۆر بە شانازییەوە باسی لەسـەر دەکـا. بە بڕوای من ئەو کارە هیچ جێگای شانازی نییە. بـۆ مرۆڤێکـی تێکۆشـەری وەک کاک کەریم ئەو جەریانە هیچ خاڵێکی ئەرینـی تێـدا نیـیە کە شـایانی باس کردن بێ. ڕەنگە باشتر وا بوو ئەو مەسەلەیەی لە ملـی خـۆی داڕنیبـا. نەتەنیا ئەو کارەی حیزبی توودە لە زەمانی حکوومەتی دوکتور موسـەددیق، بەڵکـوو تەواوی کارەکانیـان جـگە لە چەنـد خۆپیشـاندان و ڕاپەڕینـی ٣٠ پوشپەڕی ١٣٣١ی هەتاوی و پشتیوانی لە میللی کردنی نەوت، هەڵەگەلێکی مێژوویـی بـوون کە کردونـی. جووڵانەوەکـانی حیزبـی تـوودە لە پێنـاوی بەرژەوەنـدی حکــوومەتی ســەڵتەنەتی شــا و ئیمپیریــالیزمی ئەمریکــا و ئینگلیسدا بوون. حیزبی توودە بەو ئاکـارانەی کە لە پێشـدا زۆری شـانازی پێدەکرد و پاشان دەرکەوت هەڵە و خەیانەت بوون، حەولی دا ئەو کارەیـان بە نێـوی دەسـتەواژەی (تـوودە نەوتـی) بەسـەر هێنـدێک لە هاوکارەکـانی خۆیانــدا بێــنن و بەو بیــانویەوە پاکــانە بــۆ حیزبەکەیــان بــکەن. بەڵام

ڕووداوەکـانی دوایـی نیشـانیدا نەک تەنیـا چەنـد ئەنـدامی سـادە، بەڵکـوو بەگشتی ڕەوتی سیاسـەتی حیزبـی تـوودە لەو بـارەوە تاوانبـارە، نەک تەنیـا لایەنێک بە ناوی توودە نەوتی. دەگێڕنەوە کە منداڵێک دێـتە سـەر گۆشـەی بانێک، لە خوارێڕا کەس‌وکـارەکەی پێـی دەڵـێن: مەیە سـەر گـوێی بـانی دەکەوی، بکشێوە پشتەوە، منداڵەکە هێندە کشاوە کە لە پشـتەوەڕا بەربـۆوە. ئەو جەریانە دروست لەگەڵ ئاکاری حیزبی توودە یەک دەگرێتەوە. لە کاتی حکوومەتی دوکتور موسەددیقدا حیزبی توودە بە چەپڕەوییەکانی خۆی بوو بە هۆی تێکچوونی حکوومەتی میللی دوکتور کە گەورەترین زەرەریش هەر وە خودی(حیزبی توودە)کەوت.

پـاش شۆڕشـی گەلانـی ئێـران توودەییەکـان بە هەڵە ڕێبەرانـی تـازەی حکوومەتیان لەگەڵ موسەددیق هەڵدەسەنگاند، پێیان وابـوو ئەگەر دەسـت لە خەبات هەڵگرن و تەنانەت جاسووسـیش بـۆ حکـوومەتی تـازە بـکەن، هاوکاری نیزامی ئیسلامی بن، لەوانەیە بتوانن ڕەگ و ڕیشە داکوتنەوە. بەڵام مێژوو نیشانی دا ئەو هەڵس‌وکەوتەی حیزبی توودە وەک جەریاناتی زەمانی موسەددیق، هەڵەیەکی دیکە بە شکڵێکی دیکەیە کە لە کۆتاییـدا هەم لە نێـو نەتەوەکانی ئێراندا ئابڕوویان چوو و تەنانەت ڕژیمیش وەخۆی نەگرتنەوە.

## گەڕانەوەی هەڵاتووەکانی ڕژیمی پەهلەوی

لە دوای ڕاپەڕینـی گشـتی و هەمەلایەنەی خەڵکـی ئێـران بە دژی ڕژیمـی پەهلەوی، شا لە ڕێکەوتی ٢٦ بەفرانباری ١٣٥٧ ئێرانی بەجێهێشت و دوایـن تیـری شـا واتـا دەوڵەتـی بەختیـاریش کە لەبەرەی میلـی و بە ڕواڵەت دژی دەوڵەتی شا بوو، زۆری خۆ نەگرت ئەو دەوڵەتەش لە نێو چوو. بەو بـۆنەوە هەڵاتووەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری ڕژیمی پاشـایەتی بەرەبەرە گەڕانەوە بـۆ ئێـران و کوردسـتان، هەڵاتووەکـان کە گەڕانەوە لە شـوێنێکی مهابـاد پێشـانگایەکیان سـاز کردبـوو کە وێـنەی هەمـوو شـەهیدەکانی حیزبـی دێموکراتی لێ هەڵواسرابوو، دەفتەرێکیان لەسەر میزێک دانابوو بـۆ ئەوی ئەو کەسانەی کە دێن بۆ دیتنی ئەو پێشانگایە، هەر ڕخنە و پێشنیارێکی بیان بایە لەو دەفتەرەدا یادداشتی بکەن. من بۆخۆم لەو دەفتەرە نووسیم بەداخەوە ناوی شەهیدی دامەزرێنەری ئەساسـنامە و مەڕامنـامەی حیـزب لە نێـو ئەو شەهیدانەدا نییە!؟ وێنەی کتێبێکم کێشاوە کە لە دار درابـوو و لـێم نووسـی ئەساسنامە و مەڕامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەو ئەساسـنامەیەدا نووسراوە کە پاڵێوراو لانی کەم دەبێ شەش مانگ ئەندامەتی حیزبی هەبـێ کە بتـوانێ ببـێ بە ئەنـدامی کـومیتەی ناوەنـدی. بە داخەوە چـون ئەودەم حاڵوهەوایەکی ئینقیلابی لە گۆڕێدا بوو زۆر کەسی بێ پێشینە و ئەزمـوون خۆیان کاندید کرد بۆ کۆمیتەناوەندی و هەڵیشبژێردران، پاشان چون خاوەن پێشینە حیزبایەتی و خـاوەن بـڕوا نەبـوون بەرە بە بەرە خۆیـان کشـاندەوە و هێندێکیان خۆیان گەیاندە ئورووپـا. حیـزب بـووژایەوە و جـووڵانەوەی بە

ئاشکرای خۆی لە مەیدانی فوتباڵ(مەیدانی ئابیاری) مەهاباد ڕاگەیانـد. لەو سەروبەندەدا هەست بەوەی دەکرا کە هێزێکی چەکداری لە لایەن حیـزبەوە پێکبـــێ، بەلام ئەســـلەحە نەبـــوو و پادگـــانیش وەک شـــوێنەواری دەستلێنەدراوی دەورانـی پاشـایەتی بەسـڵامەت مـابوو. بـۆوەی هەم ئەو شوێنەوارە تێک بچێ و هێزێکی چەکدار پێک بـێ، پێویسـت بـوو پادگـان دەسـتی بەسـەردا بگیـرێ. بـۆ ئەو مەبەسـتە کـاک جەلیـل کە مەرحـوومی سەرگورد عەبباسی هێنابووە ڕیزی تەشکیلات و بە منی ناسـاند، ڕایگەیانـد بۆ دەست بەسەرداگرتنی پادگان لەگەڵ کـاک سـەرگورد پلانێـک دابڕێـژن. هاوڕێ لەگەڵ سەرگورد کە دووربینێکی پێبوو چـووین لە هەمـوو لایـانەوە سەربازخانەمان تاقی کردەوە، بەڵام هیچ شوێنێکی وامان نەهاتە بەرچـاو کە لەو شوێنەڕا بکرێ هێرش بکەین بۆسەر سەربازخانە. مەرحوومی سەرگورد پێشنیاری کرد چەند ماشێنێکی گەورەی باری بێـنن، دەوروبەرەکەی پـڕکەین لە کیسەخیز و لە نێوەڕاستەکەشی پێشمەرگە دابنیشێ، پاشەوپاش ماشێنەکە بڕواتە نێو حەساری پادگان. ئەو پێشـنیارەی سـەرگوردم وەبەر دڵ نەکەوت، دەنا شیرکەتی سەهامی زەراعی کە ئەوکات بەرپرسەکەی موهەنـدیس ئاریـا بوو، پێم ڕاگەیاندبوو ئەویش موافقەتی کرد و قەولی دا ماشێنی شـیرکەتمان لە ئیختیار بنێ، بەڵام من دژایەتی خـۆم لەسـەر ئەو بەرنـامە ڕاگەیانـد و لە بەڕێـوەبردنی دەسـتمان هەڵگـرت. هەر لەو سـەروبەندەدا چەنـد نەفەر لە هەوادارانـــی ســـازمانی تـــازە پێکهـــاتووی(جەمعیەتی دیفـــاع لە مـــافی زەحمەتکێشان) کۆمەڵـە، بە تەمـا بـوون دەسبەسـەر سـەربازخانەدا بگـرن. سەربازەکان تەقەیـان لـێدەکەن و چەنـد کەسـێک بـێتـاوان کە ئاگـاداری ماجەرا نەبوون دەکووژرێن، یەکێـک لەوانە بـرای کـاک حوسـێنی مەدەنـی

دەبێ کە بە بێ ئەوەی ئاگای لە مەحموودی بێزەواد بێ بە تەقەی هەوایی لە سەربانی خۆیان دەکووژرێ و بەوجوورە کۆمەڵە دەبێتە هۆی کووژرانی چەند کەسێکی بێتاوان.

ئەوکات تیمسار پزیشکپوور برای موحسینی پزیشکپوور بەڕێوەبەری حیزبی پانئیرانیستی ئێران بەرپرسی پادگانی مەهاباد بوو. ڕۆژێک بە بۆنەیەک لە مزگەوتی سوور خەڵک کۆ ببوونەوە و لە لایەن هەموو سازمانەکانەوە کەسانێک بە نوێنەرایەتی قسەیان دەکرد. کەسێک بە ناوی برادەری کوتی لە ناو خودی پادگانیش ئاڵۆزی هەیە، منیش مەسەلەکەم بۆ دوکتور قاسملو گێڕاوە. ئەویش گوتی ئێستا وەختی ئەوەیە کە پادگان بگیرێ. ئەمن و سەرگورد عەباسی بۆ ئەو کارە دیاری کرد. ئەوکات من پەیکانێکی کاهوویی تازەم کڕیبوو بە شازدەهەزار تمەن. لەگەڵ سەرگورد سواری پەیکان بووین و بەرەو پادگان ڕۆیشتین.

تەماشام کرد لە نێو پادگان هەر سەرباز و ئەفسەر و گرووهبانە کە بە سەرلێشێواوی و ئاڵۆزی دێن و دەچن. لە خۆشی دیتنی ئەو دیمەنە بە بێ ئەوەی ماشێنەکە بکووژێنمەوە و سویجەکەی لێ دەرێنم، ماشێنم هەروا بە هەڵکراوی بەجێهێشت و بە تفەنگێکی کارابینەوە چووم بۆ لای جەبهەی پادگان. کە چوومە پێش نیگەهبانێکی لێبوو پێم گوت: دەکرێ بەو کارابینەوە بچم بۆ ژووری پادگان، گوتی ئیرادی نییە. بەوجۆرە چوومە نێو پادگان. لەوێ بیستم کە پزیشکپوور لە لایەن سەربازێک یان دەرەجەدارێکی برووجێردییەوە کە هاوشاری خۆی بوو بە هۆی دیارینەکراو تەقەی لێکراوە و بریندار بووە. جێگرەکەی بە ناوی سەرهەنگ سەرڕشتە ببوو بە فەرماندەی پادگان. کە لێی چوومە ژووری هەر بەو کارابینە هەڕەشەم لێکرد ئەگەر

تەسلیم نەبی دەکووژرێی. ئەویش بە سووک و هاسانی تەسلیم بوو. ئەوکات سەروان ئەفشین ئەفسەرێکی کوردی بۆکانی بوو و پێشتر دەعوەتم کردبوو کە ببێ بە ئەندامی حیزب، لە پادگان بوو. پێم ڕاگەیاند کە سەرهەنگ سەرڕشتە بەرێ تەحویلی زیندانی بدا. ئەویش سەرهەنگی برد زیندانی کرد و پێشتر سەرهەنگ قادری و سەرهەنگ موشیری لە لایەن دەرەجەدار و سەربازەکانەوە گیرابوون و لە زیندان کرابوون. بەوجوورە ئەفسەری ئەرشەدی لایەنگری شا، لە پادگان نەمابوو. سەروان ئەفشین و سەروان ئەحمەدی جاویدفەڕ کە هەردووکیان لە لایەنگرانی زۆر توند و تیژی حیزب بوون، لەگەڵ چەند گرووهبان و دەرەجەدارێکی دیکە کە ئەوانیش لایەنگری حیزب بوون و لە پادگان فەعالییەتیان هەبوو. لە پەنجەرەڕا دیار بوو خەڵک بەرەو پادگان دەهاتن. تەلەیفوونم لە تلویزیۆن کرد کە ڕایبگەیەنن پادگان کەوتۆتە ژێر دەستی خەڵک و تالانچی و شەڕەخۆر بەرەو پادگان نەیەن. بەڵام ئەوکات عەبدوڵلای مەردووخ کە لە هەوادارانی کۆمەڵە و بەرپرسی تلویزیۆن بوو، لە وەڵامدا گوتی دەبێ مەلا شێخعیززەددین کە ئەوکات بەرپرسی شووڕای شار بوو، ئەو مەتڵەبە ڕابگەیەنێ. ئەمن ئەوکات دەستم بە مەلا ڕانەدەگەیشت و بەرەبەرە خەڵک لە دەوروبەری پادگان کۆ دەبوونەوە. پێش ئەوەی پزیشکپوور تەقەی لێبکرێ و بریندار بێ، پێی ڕاگەیاندم کە بۆ وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی بازەرگان، پەیوەندیم لەگەڵ تاران گرتووە و پێم ڕاگەیاندوون کە نوێنەر بۆ وتوویژ دیاری بکرێ و بیانێرن بۆ مەهاباد، تا ئەو کارەی دێتە پێش نەگا بە ناخۆشی ، بە وتوویژ حەل بکرێ. تاران ئەو پێشنیارەی پەسەند کرد و قەرارە ئاغای فرووهەر کە ئەوکات وەزیری کار بوو لە کابینەی موهەندیس بازەرگان

لەگەڵ چەند کەسێکی دی بۆ ئەو مەبەستە بێن بۆ مەهاباد.

چووم لە لایەن پزیشکپوورەوە ئەو مەسەلەیەم بە مـامە غەنـی ڕاگەیانـد. مـامە غەنـی بە عەقـڵە بـۆرەکەی خـۆی بڕێکـی لێکـداوە و گـوتی: ئەو پزیشکپوورە بەو بیانوویە دەیهەوێ هەڵێ! زۆرم گوێ نەدایە قسەکەی مـامە غەنی، بە پزیشکپوورم ڕاگەیاندەوە ئەگەر ئامادەیە ئێمەش دەچین پێشـوازی لەو نوێنەرانە دەکەین. قەبووڵی کرد، هاوڕێ لەگەڵ تیمسـار پزیشـکپوور و سەروان ئەفشین سواری جیبێکـی ئەرتەشـی بـووین و بەرەو شـاری خـانێ وەڕێکەوتین. ئەمن وەک نوێنەری حیزب لەگەڵیان بووم. لە دەروازەی شار وەستا محەممەدئەمین ناوێک کە هەواداری کۆمەڵە بوو، بە تفنگێگی ژ.٣وە پێشی پێگـرتین. ئەوە تیمسـار پزیشـکپوورە دەیـهەوێ دەربـازبێ، هەرچـی پێمگوت کە من مەئمووری پاراسـتنی هێمنـایەتی شـووڕای شـارم نەچـوو بەگوێیـدا. کـۆمەڵە ئەو کـات دژایەتییەکـی زۆری لەگەڵ حیـزب دەسـت پێکردبوو، نەیسەلماند. ئەو لە دەرەوەی ماشێن، ژێسـێکەی خستەسـەرپێ و منیش کە کەلاشینکۆفێکی حیزبم پێبوو ئامـادەم کـرد و لێـک ڕاسـاین. لەو کاتەدا ئاغای خەلیلی مووەففەقی گەیشتێ و ڕایگەیانـد کە ئەوە مـن دەچـم ئیزن لە مامۆستا وەردەگرم، بەگـژ یەکـتردا مەچـن. زۆری پێنەچـوو ئاغـای مووەففەقی بە خۆی و بە نووسراوەیەک لە لایەن مامۆستاوە گەڕاوە. کابرای کۆمەڵە بە دیتنی دەسـتووری گەورەی خۆیـان ڕێگـای بەردا هەر بە ماشـێن چووینە پادگانی خانێ. لەوێڕا تیمسار پزیشکپوور پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت گرت و بڕیار درا هەر بەو زووانە هەیئەتی دەوڵەت بەڕێ بکرێ بۆ خـانێ و لە وێڕا نوێنەرانی شار بڕۆن بەرەوپیریان و بیانهێنن بۆ مەهاباد.

لە گەڕانەوەدا پاش ڕاوتەگبیر، کاک ئەحمەدی قازی کە پێشتر لە زیندان

ئاغای داریووشی فرووهەری دەناسی و دۆستایەتییان هەبوو، بـۆ وتوویـژ دیاری کرا و ئاغای ڕەحیمی خەرازیش کە ماشێنێکی زۆر شـازی هەبـوو و خانووبەرەیەکی شیاوی میوانداری لەو هەیئەتە هەبوو، بۆ ئەو مەبەستە وەک نوێنەر دیاری کرا. بۆ سبەینێڕا سێبەسێ بەرەو خـانێ و نەغەدە ڕۆیشـتین. پـاش مـاوەیەکی کـورت، هێلـیکۆپتێرێـک نیشـت و ئاغـای فـرووهەر و سـەباغیان و ئاغـای محەمـمەدی مـوکری، وەک نـوێنەری دەوڵەت لە هێلیکۆپتێر دابەزین. پاش بەخێرهێنان و ماندوونەبوونی کردن بەرەو نەغەدە وەڕێکەوتین. لە شەقامی سەر ڕێگای مەهاباد و نەغەدە حەشیمەتێکی زۆر کۆ ببوونەوە و پێشوازییان لەو وەفدە کرد، بەعزە داخوازێکیان پێڕاگەیاندن. کومیتەی تورکەکان دەگەڵ گەورەی خۆیان کە ڕووحانیەک بوو بە جیاواز لە شوێنێک ڕاوەستابوون، چەند هەنگاو ئەولاتر کـومیتەی کوردەکـانی نەغەدە بە سەرۆکایەتی مەرحوومی مەلاڕەحیمی ساڵحی خۆیان ئامادە کردبوو. تـا وەفدەکە لەگەڵ نوێنەری تورکەکان قسەی دەکرد، ئەمـن خێـرا خێـرا بە مەلا ڕەحیمم دەکـوت کە گەیشـتینێ، ئەتـۆ وەک نـوێنەری کوردەکـانی نەغەدە، خواستی خەڵک وەک خودموختاری بە وەفدەکە ڕابگەیەنە و داوای چووکە چووکە مەکە. ئەویش بە لارەملی و نابەدڵی وەڵامێکـی دەدامەوە. تـا ئەمـن لێی تێپەڕیم کاک ئەحمەدی قازی دەگاتێ، لە کـاک ئەحـمەد دەپرسـێ ئەو هەتیوە زۆربڵێیە کێ بوو هێندەی گوت؟ ئەویش کە منی پێ دەناسێنێ بڕێک تێکدەچێ، بەڵام تازە قسەکەی کردبوو، کە پاشان نامەیەکی دوورودرێژی بۆ نووسیم و سەبارەت بە نیشتمانپەروەری و تێکۆشـەری و کـوردایەتی خـۆی زۆری قسە کردبـوو، خۆشـمی بە شـاهید هێنـابۆوە کە ئەتـۆ ئاگـاداری لەو ڕێگایەدا چەندم جەفا کێشاوە ! لە جەریـانی شـەڕی نەغەدە مەلا ڕەحیمـی

ساڵحی نیشانی دا کە مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و زۆر ئازا و بەجەرگ بوو، بە داخەوە سەبارەت بە ڕاسپاردەکانی من چی بە وەفدەکە نەگوتبوو . بە هـۆی گرفتارییەکی زۆر دەرفەتی ئەوەم نەبوو وڵامـی نـامەکەی بـدەمەوە و پێشـی ڕابگەیەنم کە لەبەر ئەو شتانەی کە لەوێ پێم گوتی متەقت لەبەر نەهات.

لە سەرەتادا لەبەر ئێحترامی مامۆستا شێخ عیـزەدین، هەیـئەتەکە چـوونە ماڵی ئەو. بەڵام جێگاورێگاکە بۆ ئەو حەشیمەتە نەدەبوو، لەبەر ئەوە پاشان چوونە مـاڵە میـرزا ڕەحیمـی خەرازی، بەڵام لە وێـش تەواوی کـوردەواری وەســەرگەڕان. هەرچەنــد نیگەهبــان دانــدرابوون کە هەمــوو کەس نەیەنە ژووری، بەڵام حەشیمەت جـوابی نیگەهبانەکانیـان نەدەداوە و کەسـانێکی زۆر بێمەسئوولیەت و نەنـاسراو وەژوور دەکەوتـن. دەسـتیان بە مـوزاکەرە دەکرد و پێیـان وابـوو ئەگەر نەیەن لەوانەیە بەشـی ئەوان نەدرێ. لەبەر ئەوە شوێنی موزاکەرە لەوێش باش نەبوو. ئەوجار هەیئەتەکەیان ناردە سـەددێ و کاک کەریمی حیسامی و عەزیزی ماملێ وەکـوو نـوێنەری حیـزب دیـاری کران. ڕۆژێک تووشم بەتووشـی کـاک فەتـاحی کاویـان کەوت، گازنـدەم لێکرد کە زەحمەتی هێنانەکەی بە ڕیشـی ئـێمەوە بـوو، بەڵام بـۆ مـوزاکەرە کەسانێکی دیکە دیاری کران، هەروەها پێمگوت کـاک کەریمـی حیسـامی مرۆڤێکی زەحمەتکێش و سیاسی و زیـرەکە، سـەلاحییەتی ئەوەی هەیە ئەو کـارەی جێبەجـێ بکـا، بەڵام عەزیـزی مـاملێ چـۆن دەتـوانێ لە بەرامـبەر فرووهەر و ئەو هەیئەتەدا خۆ نیشان بدا. لە وەڵامدا گوتی: بە کاک کەریمی حیسـامی دەڵـێم ئەگەر چـوو ئەتـۆش بەرێ. جەلەسـەی ئەوەڵ کە چـووم ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ زۆرجـار باسـەکەیان دەبـردە سـەر ئەوەی کە داهاتووی حیزبی توودە لە ئێران چ دەبێ و پێوەندی نێوان کۆماری ئیسلامی

و شۆڕەوی چۆن دەبێ کە هیچ پەیوەندی بە باسەکەوە نەبـوو. مەرحـوومی فرووهەر جەلەسەی دووهەم گوتی: ماشێنێک دێ کە لێی نووسراوە لاوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڵام بە قازانجی حیزبی توودەی ئێران شوعار دەنووسـێ. ئەوکـات کەسـێک بەرپرسـی یەکێتـی لاوانـی حیزبـی دێموکراتی ئێران بوو بە نـاوی حوسـێنی بەخشـی کە تـوودەیی بـوو، بەڵام خۆی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتـدا مەڵاس کردبـوو و پـتر لە خـومەینی دروشمی مەرگ بۆ ئەمریکای دەدا. پاشان کە کتێبـی نـاوی ٨٠٠٠ سـاواکی بڵاو بۆوە، ناوی ئەو خەباتگێڕەشی تێدا بوو، مەعلووم بوو کە زۆر زیرەکە و حکوومەتی شا و حیزبی توودە و دێموکراتی فریو داوە.

## وتوویژ لەگەڵ تیمسار پزیشکپوور فەرماندەی پادگانی مەهاباد

هێشتا شا هەڵنەهاتبوو، ڕۆژێک پزیشکپوور بە دوویدا ناردم پرسیاری کرد ئەتۆ دەتهەوێ ڕژێم بگۆڕی یا داوایەکی دیکەت هەیە؟ لە وڵامدا پێم گوت: ئەمن نامهەوێ حکوومەت بگۆڕدرێ، تەنانەت دەمهەوێ شا سەڵتەنەت بکا بەڵام حکوومەت نەکا. بەپێی یاسای بنەڕەتی نامهەوێ ڕژێم یەکجاری بگۆڕدرێ. دیارە ویستی ئەو زەمانی من لەبەر خۆشەویستی شا نەبوو، بەڵکوو بە تەجرەبە و ئەزموون بۆم سابیت ببوو کە گۆڕانی حکوومەت لە هەرێمدا جگە لە نارەحەتی و زەرەر بۆ نەتەوەی ئێمە ئاکامێکی دیکەی نەبوو. هەروەک دەزانین سەردەمی مەلیک لە عێراق، نووری سەعید سەرۆک وەزیری ئەوکات و سەعید قەززاز وەزیری پەروەردە کورد بوون، ئازادییەکی تەواویان دابوو بە کوردەکانی باشوور، ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە، گۆڤار و نووسراوە بە زمانی کوردی لە ئێراق دەردەچوو، کوردەکانی دەوروبەریش ئەگەر گوتار و وتارێکیان هەبووە بۆ چاپ وبڵاو بوونەوە بردوویانەتە ئەوێ.

زۆر لە کارمەند و فەرماندەکانی ئەرتەشیش خەڵکی خودی ناوچە کوردنشێنەکان بوون و زمانی کوردی بەتەواوی گەشەی کردبوو. بێ شەڕ و خوێنڕژتن خودموختارییەکەی کە کوردان داوایان دەکرد لەوێ بەدیهاتبوو. نەک تەنیا بارووددۆخی کوردەکان، بەڵکوو هی عەرەب و کەمایەتییەکانی دیکەش لە ئێستا باشتر بوو. لە تورکیا زەمانی عوسمانی ژیانی کوردەکان زۆرزۆر لە دەورانی حکوومەتی ئاتاتورک باشتر بوو. هەر لە زەمانی ئەو

جمهوورییەدا بوو کوردی تورکیا تووشی ئەو چەرمەسەرییە گەورەیە هـاتن. بارووдۆخی نەتەوەکانی شوورەوی پێشوو لە دەورانی تەزارەکاندا زۆر هێمن و ئاسوودەتر بوو تا زەمانی ستالین. ئەلعانیش دەبینن وەزعی ئەفغانسـتان لە زەمـانی زاهیرشـادا زۆر باشـتر بـووە لە ئێسـتا کە تاڵەبـان و ئەوانـی دیـکە حکوومەت دەکەن.

بە وەبەرچـاوگرتنی ئەو جەریـانە وای بـۆ دەچـووم کە حکـوومەتی شـا هەرچەند زۆر خراپ و بێکەلـک بـوو، بەڵام لە حکـوومەتی ئاخونـدەکان باشتر بێ.

تیمسار پزیشکپوور کە ئاوالزاوای مەرحوومی فرووهەر بوو، پـێم وابـێ «لوڕ»ن نیسـبەت بە مەسـەلەی کـورد زۆر گەشـبین و خـۆش‌نیـیەت بـوو. متمانەیەکی تەواویشی بە من هەبـوو، زۆرجـار سـەربازێک یـان کەسێکی بەدوودا دەنـاردم یـان تەلەفـوونی لێـدەکردم. پـتر سـەبارەت بە هەڵوێسـتی حیزبـی دێمـوکرات پرسـیاری لێـدەکردم کە بزانـێ تەجـزیەتەڵەبین یـان پێمانخۆشە کوردستانەکانی دیکەش بێنەوە بـاڵ ئێـران. جارێـک کە چـووم مەرحوومی سەید ڕەحیمی حوسێنیش لەوێ بوو، پرسیاری لێکرد بە بـڕوای تۆ چۆن دەکرێ وڵات ئـارام بێـتەوە. سـەید ڕەحیمـیش وڵامـی داوە ئەگەر دەسـتی خەڵـک بگـرن و بانکەکـان وام بـدەن و ئەو بتـوانێ بینـای هۆتێـل کوێستان کە تازەی دەسـت پێکردبـوو تەواو بکـا، مەهابـاد ئـارام دەبێـتەوە. پزیشکپووریش هەر سەری لێ ڕادەوەشاند. پاش برینـداربوونی پزشـکپوور کە لە نەخۆشـخانەی شێروخورشـید کەوتبـوو، چـووم و سـەردانم کـرد. سەعاتەکەی دامێ گوتی: ئەوەی بـدەوە بە سـەرهەنگ «سەررشـتە» پێشـی ڕابگەیەنە کە ماڵەکەم کۆ بکاتەوە و لەگەڵ خێزانم بەڕێی بکـات بـۆ وڵاتـی

خۆمان. ئەوکات کە لەگەڵ پزیشکپوور قسەمان دەکـرد، دوکتـور سـەعیدی حەبیـبزادە وەژوور کەوت، ئەوکـات هـیچمان یەکترمـان نەدەناسـی. بە پەرەستارەکەی گوت ئەوەتان بۆ ڕێگا داوە بێتە ژووری؟ پەرەستارەکە گـوتی ئەوە فڵانەکەسە و نەدەکرا پێشی لێ بگرین. پاش وەدەرکەوتـن سـەعاتەکەم داوە بە سەرهەنگ سەررشتە و ڕاسپاردەکەشم پێڕاگەیاند.

# ئاڵبۆمی وێنە



میرزا وەهابی قازی و خەدیجە خانمی خێزانی



عومەر قازی ـ شیراز



عەبدوڵڵا سەیفی قازی ـ عومەر قازی



عومەری قازی، ئەمیری قازی، مەلاحەسەن شیوەسەڵی ـ سۆئێد



سەید حەسەنی هاشمی ، کامران قازی ، منداڵی باوەش کۆمار قازی،
عومەری قازی ـ سۆئێد



لە ڕاستەوە سۆران قازی، عومەر قازی، کامڕان قازی



لەڕاستەوە میناخانمی وەفا هاوژینی عومەر قازی، مریم خانمی فەتاح قازی
خێزانی کاک محەمەد، شاسوڵتان خانم قازی خوشکی عومەرقازی، کاک
محەمەد قازی مەشهوور بە کاکە شینە



عومەر قازی



میرزا وەهابی قازی مەشهوور بە مامە وەهاب



عومەر قازی، عەلی قازی (کوڕی ڕەش) ئاڵمان




عومەرقازی، عەلی قازی کوڕی ڕەش، هەڵاڵە قازی کچی کاک عومەر.
ئاڵمان



عومەر قازی،هەڵاڵەقازی سوئێد




مەهاباد ـ ساڵی ١٣١٧

ڕاوەستاو لە ڕاستەوە: محەمەد و فەتاح و عەبدوڕڕەحمان قازی،

دانیشتوو لە ڕاستەوە: میرزا سەعید بابی (حەکیم) ـ منداڵەکەی باوەشی: شاشان

دانیشتووی نێوەڕاست: میرزا وەهاب قازی ـ منداڵەکەی بەردەمی: عومەر قازی



سەیدحەسەن هاشمی، مەلامحەمەد خزری ـ سۆئێد



مونتەقیم قازی




لە ڕاستەوە: مستەفا فەتاح قازی، شاشان قازی، شاسوڵتان خانم قازی، یۆسف فەتاح قازی (لە باوەشیدا)، مینا گەنجعەلی، هەڵاڵە قازی (کچی مینا خانم) دێی قازیاوا، تەنیشت کەنداڵەڕەش ـ ساڵی ١٣٤٢ یان ١٣٤٣



قادر فەتاح قازی، عومەر قازی



میناخانمی وەفا هاوژینی عومەرقازی



سولیمان موعینی، سیامەک موعینی، مریەم عومەری(خێزانی سولیمان موعینی)



هەڵاڵە قازی ، میرزا وەهاب قازی ، عومەری قازی ، منداڵی باوەش کامران قازی ، مریەم خانمی فەتاح قازی ، مینا خانم وەفا



شیرین قازی کچی عومەرقازی، عومەر قازی



عومەر قازی، ئەمیر قازی



گڵکۆی شەهیدانی کۆمار ، وێنەگر ئەمیر حەسەن پوور ، مابەینی ساڵەکانی ١٩٥٩,١٩٥٦ زایینی ، دیاری نادری دێبۆکری



زیندانی ورمێ پاش خۆپیشاندان لەسەر گلکۆی عەزیزیۆسفی

ڕاوەستاو لە ڕاستەوە عومەری قازی، حەسەن ماوەڕانی، قاسم ڕیانی، سەید خدر محەممەدی، ئەحەد ئەنجیری موتڵەق، پۆڵا نانەوازادە، هوشی ئیمامی

دانیشتوو لە ڕاستەوە تاهیر فەرزاد، جەلیل گادانی، خەلیل گادانی، قادر ماوەڕانی

دانیشتوو ڕەدیفی یەکەم لە ڕاستەوە سەید محەممەدی نیزامی ، حوسێن بەخشی ، خوسرەو خوسرەوی ، قاسم چیڕە

زیندانی ورمێ ، ۱۳۵۷/۱۹۷۵



عەبدوڵا ڕەشید قازی ، عومەری قازی ، محەممەدی ماملێ ، یۆسف قازی
، میرزا وەهاب قازی ، مونتەقیم قازی ، حامید کەریمی ، سمایل قازی



قازی فەتاح



شاسوڵتان خانم قازی ، عومەر قازی



سەرهەنگ حوسێن فەتاح قازی



عومەر قازی

# What I saw and heard
# Memoirs of Omar Qazi
## (First Volume)

49books
Publishing